# ئوٚلگا بوٚروٚدينوٚڤا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا

زانا خەلیل

ناوی کتێب: ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا – ڕۆمان
نووسینی: زانا خەلیل
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٠٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : سەنگەر عەبدولقادر
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## ١

خۆشی نەیدەزانی بۆچی پێویستە بۆ هەمیشەیی و بەردەوام هەوەس و ئارەزوویێکی ئاوا شێتانەی سنوورسزی هەبێ بۆ هەڵوەراندنی دڵۆپە فرمێسکە درشتەکانی! هەوەس و ئارەزوویێکی ئاوا شێتانەی بێ سنوور هەبێ بۆ هەڵوەراندنی دڵۆپە فرمێسکە سوورەکانی!

بۆ هەمیشەیی تابلۆکەی دەهاتەوە یاد.. تابلۆکە لە سێ قۆناغدا.. تابلۆکە وەکو سکێچ.. تابلۆکە لە کاتی ڕەنگکردندا.. تابلۆکە دوای تەواوبوون..

لەبەر خۆیەوە گوتی: هەندێ تابلۆ هەن لە ژیانی مرۆڤدا، نەمری خۆیان لە ناو خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەو جۆرە تابلۆیانە گرێبەستێکی تاهەتایییان لەگەڵ ڕۆحدا هەیە.

"ئاوڕەنگ" بەردەوام تابلۆکەی دەدیت، تابلۆکە لەسەر دیواری ژوورەکەیدا چرۆی دەکرد، سەرەتا چوارچێوە ڕەشەکەی دەردەکەوت، دواتر

وێنە و زەمەن و ڕەنگە خەزانییەکەی.. لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە، لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە.. لە نێو وشەی کتێبەکان.. لە نێو قەڵەمەکەی.. لەسەر کاغەزە سپییەکان.. لە نێو پێك و گوڵدانی گوڵەکان.. لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە، ئاوڕەنگ گوتی: مردن سەرەتایێکی ئەزەلییە بۆ لەناوچوون.. کەچی هەندێ شت هەن دوای مردن لە دایك دەبن.

نەختێ بێزار بوو، گوتی: ئەو تابلۆیە دوای مردنی شتەکان هاتە نێو ژیان.

ئۆهـ خوایە لە هەموو شوێنێك هەر ئەو تابلۆیە «فریشتەیەکی سپی پێست، بەڵام هەمیشە ڕەشپۆش، برژانگە ڕەشە درێژەکانی لەسەر دوو گلێنەی کەسك بە نەرمی ئاوێتە دەکا و دەگریێ.. لەگەڵ گریاندا لە ئاوابوونی خۆری زێڕین دەڕوانێ.. لە دۆڵێکدایە و دەست درێژ دەکا کەچی هیچ قەرەجێك، هیچ کاروانچییێك، هیچ ڕێبوارێك، بەوێدا ڕەت نابێ.. هاوار دەکا، دەنگەکە بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە.. فریشتەیەکی سپی پێست لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانێ، خۆر ئاوا دەبێ و چیرۆکەکە تەواو دەبێ».

لە نێو کتێبخانە بچووکەکەدا شاعیرە گەورەکان شیعر دەنووسن، ڕادەچڵەکن و شیعر بۆ ئەو تابلۆیە دەهۆننەوە، تابلۆکانی سەر دیوار تابلۆی تریان لێ لە دایك دەبێ، ئاوڕەنگ ڕادەبوو، وێڵانە شیعرەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵیان دەدوا، لە تابلۆکانی دەڕوانی و ورد دەبۆوە، ژوورە بچووکەکەی دەبووە مەملەکەتێکی گەورەی یادگارییەکان، دەروازەکان دادەخران، چوونە دەرەوە لەو هەرێمە غەمگین و ترسناك و فرمێسك دۆستە کارێك بوو لە کونکردنی چیا دەچوو بە دەرزی.. لە شەقکردنی ئۆقیانۆس دەچوو بە مەلە.. گوێی لە دەنگی کلارنێتێك دەبوو کە لە دوورەوە بۆ ڕەنگ و بۆنی تابلۆ تەواوبووەکە دەینالاند.. هەستی دەکرد لە نێو خەونە قووڵ و سامناکەکانیدا

زەمین دەگریێ.. لافاو هەڵگیرساوە.. خوێن و ئەستێرە و مانگ لە نێو چاوەکانیدا دەدرەوشێنەوە و پێدەکەنن.. پێویستی بە سوکراتییێك نەبوو تا پرسیاری لێ بکا، ئەو خۆی دەیزانی «"بەختەوەری" ئەو خۆرەیە کە بەر لە دەرکەوتنی لە ئاوابوون دایە..».. «"بەختەوەری" جۆرێکی ترە لە بەدبەختی».. ئاوڕەنگ لە خۆی پرسی: ئایە جیاوازییێك هەیە لە نێوانی بەختەوەری و بەدبەختی و گریان و پێکەنین و ڕووناکی و تاریکی؟

تابلۆکەی هاتەوە یاد، لەگەڵ شیعری شاعیرەکان کەوتە دوان و دیالۆگ، گوێی بۆ گریانی کلارنێتەکە ڕادێرا کە لە دوورەوە دەهات، لەو تابلۆیانەی دەڕوانی کە لە تابلۆکەی سەر دیوار لە دایك دەبوون، بە خۆی گوت: بەختەوەری گریانە و بەدبەختیش گریان.

ئاوڕەنگ تابلۆکەی هاتەوە یاد.. لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست جێگیر و هاوولاتییێکی بەردەوامی دنیا کارەساتاوییەکەی ڕابردوو بێ.. کەچی بۆ هەمیشەیی پشیلە ڕەشەکەی دەدیت کە لەسەر ڕێگاکانی دەوەستا و پیاسەی دەکرد، پشیلەیەکی ڕەش کە لە منداڵییەوە بەدوایەوە بوو، پشیلەیەکی ڕەش ڕەش، لە هەموو شوێنێکدا دەردەکەوت، ئاوڕەنگ دەیویست بەربەرەکانێ و ململانێ لەگەڵ هەستەکان و وێنەکانی ڕابردوو بکا و چیتر فرمێسك هەڵنەوەرێنێ، کەچی خۆی بۆ نەدەگیرا و بەدەم گریانەوە دەیگوت: ڕابردوو وەك سێبەر وایە.

دڵۆپە فرمێسکە سپییەکانی لە پارچە کریستاڵی سپی سپی دەچوون..دواتر دەبوونە دەنك دەنکی هەنار و وەکو گەڵای پایزان بەسەر گۆناکانیدا هەڵدەوەران و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ڕابردوو زریانێکە، هەموو چرکەیەك هەڵدەکا و ڕۆح دەتەزێنێ.

ئەو تابلۆیە چی بوو کە ڕۆحی ئاوڕەنگی دەتەزاند؟ بۆچی پێویست بوو بگریێ؟ بۆچی دەیویست حیکایەتەکانی ڕابردوو هەمدیس بخوێنێتەوە؟

پـێ دەچـوو بـۆ ئـەوە بگریـێ "کـە نـاتوانـێ جـارێکی دی بـچێتـەوە هـەمـان ڕووبـار و مەلەی تیا بکا، چونکە ئەو هـەمان کەسی جاران نەبوو لە لایێك و ئـاوەکەش هـەمان ئاوەکە نەبوو لە لایێکی ترەوە".

ئـایە دەیتوانی بچێتەوە بەرامبەر تـابلۆکە و ڕێگا بە خۆر نەدا کە ئـاوابێ؟ یـاخود تـابلۆ نـاکاملْبووەکە بە شێوەیەکی تر ڕەنگرێژ بکا..؟ بێ گومـان نـا.. چـونکـە تـازە کـار لـە کـار تـرازا بـوو، هـەرگیز نـەدەشیـا ڕێگـا لـە بـەردەم ئـاوابوونی خۆر بگرێ.. تـابلۆکە تەواو ڕەنگ کرابوو.. چیرۆکەکە کۆتـایی پێ هـاتبوو..

ئـاوڕەنگ دەڕۆیشت و نەیدەزانی بـەرەو کوێ لە ڕێدایە! گرینگ نەبوو بزانێ مـاڵی دەکەوێتە کوێ، کامە گەڕەك، کامە کۆڵان، کامە ژمـارەی مـاڵ، دەگریـا و مـاڵەکەی خۆی ون کردبوو، ئـایە ئەو مـاڵی هـەبوو؟

لەبەر خۆیەوە گوتی: شەو مـاڵی منە.. ئەو تـابلۆیە مـاڵی منە کە جارێك لە جاران لێیم ڕوانی و نەمتوانی چـارەنووسی ڕەنگەکانی بگۆڕم.. نەمتوانی چـارەنووسی بەدبەختییەکانی بگۆڕم..

لە خۆی پرسی: بۆچی من هێندە عـاشقی ئەو تـابلۆیە بووم؟ ئەو چیرۆکە بۆچی ئەوەندە لەگەڵم هـەنـاسە دەدا و سـات لـە دوای سـات ئـازارەکـانی گەورەتر و گەورەتر دەبێ؟

بەگریـانەوە وەڵامی خۆی ئـاوا دایەوە: جوانی.. جوانی..

دەڕۆیشت و بـەدەم گریـانـەوە دەیگوت: جوانی، پرشنگ و درەوشـانـەوەی بزەکـانی ڕۆحی خوداوەند کەوتۆتـە سەر ڕوخسـاری بـەشێ لـە مرۆڤـەکان.

ئـاوڕەنگ بەدەم ڕۆیشتنەوە بیری کەوتـەوە.. کـاتێ هـەرزەکـار بوو لـە یـەکێ لە ژوورەکانی نهۆمی دووەمی مـاڵەکەیـاندا بـە نهێنی وێسکی دەخواردەوە و لـە دەرگـا دوودەرییـە زەردەکـەی بـەرامبـەریـانی دەڕوانی.. کـات دەهـات و دەچوو، ئەو بـە چەقبەستی لەو دەرگایەی دەڕوانی، کـاتێ "ئـاڤژەن" خۆی و

گـلـێنـه کـەسکـەکـانـی کـە کـەوتـبـوونـە ژێر بـرژانـگـە ڕەشـەکـانـی دەردەکـەوت، هـەنـاسـەیـەکـی گـەرمـی هـەڵدەکێشا، ئـەو هـەنـاسـەیـە زۆری نـەدەخـایـاند کـە پشیـلــە ڕەشەکــە دەردەپــەڕی، ئــاوڕەنگ تــەمــاشای بــەر دەرگــاکــەی دەکرد، "ئاڤژەن" نەمابوو، پیرەژنێکی پیری ڕەشپۆش، گەسك و سۆندەکەی پێ بوو، خەریکی شۆرینی بەر دەرگاکە بوو..ئاوڕەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی: چەندین کاتژمێرم لە بەدبەختی لە پێناو چەند چرکەیەك بەختەوەری دەژمارد.. چەندین کاتژمێرم بە گریانەوە تێدەپەڕاند لە پێناو چرکەیەك پێکەنین.

ئاڤژەن کێ بوو؟ بۆچی دەهات و لە چرکەیەکدا دەردەکەوت و لە هەمان چرکەساتیشدا ون دەبوو؟ پەیوەندی نێوانی ئاوڕەنگ و ئاڤژەن چی بوو؟ ئەی ئەو تابلۆیە لە کوێ هاتبوو کە ببووە سێبەری ژیانی ئاوڕەنگ؟

## ٢

بەهار بوو، گوڵەکان بەجۆرێك ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە بزە و بەختەوەری ببوون دەتگوت خۆیان بۆ مەوسیمێکی نوێی نمایشی مۆدە ئامادە کردووە! بە شێوەیەك سەرنجی نیگاکانیان بەکێش دەکرد وەکو ئەوە وابوو بیانەوێ سیحر لە ناشرینی بکەن و لاف بەسەر بەفردا لێ بدەن..

هەموو شتەکان سەوز سەوز دەبریسکانەوە، ڕۆحی سروشت کامەران بوو، باڵندەکان و گۆرانییەکان ئاوێتە ببوون، دەتگوت بەهار کیمیاگەرێکە و بە ئیکسیری عیشق جوانییەکان تێکەڵ دەکا..

بەڵام جوانی ناتوانێ و هێندە دادوەریش نییە کە بتوانێ بە یەکسانی ڕوو لە هەموو ماڵ و هەموو ڕۆحێك بکا.. ڕەنگە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەهار و جوانیدا شتێکی تر هەبێ کە ناشرینی لە پێناوی مەرامێك یاخود چەند مەرامێك، یانیش هەر بێ مەرام ئاراستەی کەسانێك بکا.. ڕەنگە لە

پۆستی ناشرینی نووسرابێ «ژیان تاقیکردنەوەیە، ئەوەی کە تامی بەدبەختی نەچێژێ، ناتوانێ لەززەت لە بەختەوەری بکا! ئەوەی کە تاریکی نەبینێ، هەرگیز رێز لە ڕووناکی ناگری»

ئاوڕەنگ لەبەر خۆیەوە گوتی: من لە بەهای ڕووناکی و بەختەوەری و گەورەییيان دەزانم.. کەچی بەردەوام پشیلەیەکی ڕەش لەسەر ڕێگاکانمە.. هەمیشە سێبەرێکی تۆخ بەری تیشکی خۆرم لێ دەگرێ.. چی لەوە جوانتر هەیە یەکێك لە ژیاندا دوور لە سێبەر و ڕەسمی پشیلە ڕەشەکان و هێرشی تارماییيەکان، چێژ لە بینینی پێکەنینی پەپوولە سپییەکان و درەوشانەوەی گوڵە نێرگزەکان بکا؟

لە بەرەبەیانێکی تاریك و فێنکدا، لە ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٢١ دا ″ئاڤژەن″ لە دایك بوو.. لەو بەرەبەیانەدا بە تەنیا ئاڤژەن نەبوو لە دایك بوو.. بەڵکو لە زۆر شوێنی تری ئەو ئەستێرەیەدا کەسانێکی تریش لە دایك بوون، بەڵام چارەنووسی ئاڤژەن هەندێ جیاتر بوو لە چارەنووسی زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژەدا لە دایك بوون..

کە ئاڤژەن گەیشتە نێو لەپی مامانێك، دایکی ئاوزینگی دا.. هەتا ئاڤژەن هاواری یەکەمی هاتنە سەر زەمینی لە قوڕگ هاتە دەر، دایکی هاواری دەرچوونی ڕۆحی کرد.. ئیدی نە دایکی ئاڤژەن توانی بۆ جارێك کۆرپەکەی خۆی بخاتە ئامێز و تێر ماچی بکا و بۆنی بکا، نە ئاڤژەنیش توانی چێژ لە ماچەکانی دایکی بکا و نە کەسێکیش مایەوە کە وەکو دایك بتوانێ نازی بکێشێ..

لە ماڵێکی تری هەمان گەڕەك و هەر لە ماڵەکەی بەرامبەری ئەواندا، بە دزی هەلهەلە لێدرا و شیرینی دابەش کرا.. دایکێك تەواو بە حەسانەوە و ئۆقرەگیرییەوە گوتی: کوڕ بێ یا کچ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ناوی بنێن ″ئاوڕەنگ″.

## ٣

پێویستە من چی بکەم؟

چ شتێ پێویستە من بیکەم؟

ئاوڕەنگ تابلۆکەی بیر کەوتەوە، چیرۆکەکەی هاتەوە بیر و لەبەر خۆیەوە گوتی: خودا وشەی بە ئێمە بەخشیوە، ئێمەیش لە نێو وشەدا ڕۆحی گەردوونمان خولقاند، لە ناو وشەدا دەتوانین مردووەکان زیندوو کەینەوە، دەتوانین میهرەبانی و بەخشندەیی "ڕۆحی جیهان" و "جیهانی خودا" بدەینە مرۆڤەکان.

ئاوڕەنگ هەمیشە لەگەڵ شاعیرە ئێستەتیکییەکانی نێو کتێبخانە پڕ لە غەڵبە غەڵب و تێکەڵ و پێکەڵەکەی دەدوا.. تابلۆکەی بیر کەوتەوە، ئاوابوونی خۆر و خەرەندەکەی بیر کەوتەوە، دەستی درێژکراوی ئاڤژەنی هاتەوە یاد.. هاوارە بێ دەنگەکانی ئاڤژەنی هاتەوە بیر و بە نەرمییەوە گوتی: سەیرە مردووەکان دەتوانن وەکو ئێمە بژین.. لەگەڵ ئێمەدا پیاسە بکەن، کافێ بخۆنەوە، پێبکەنن، ناهێڵن خیانەتیان لێ بکەین.. سەیرە مردووەکان دەتوانن وەکو ئێمە بژین!

ئاوڕەنگ دەستی دایە هەڵبژاردەیەکی شیعری و کەوتە خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی ڕۆزا ئاوسلێندە:

من کێم؟

ئەگەر من بێ ئومێد بم
شیعر دەنووسم

من خۆشحاڵم

که شیعرەکان خۆیان
لە ناو مندا دەنووسن

کێم من؟
ئەگەر من نەنووسم؟

ئاوڕەنگ هاتەوە بیری کە جارێ برادەرێکی پێی گوتبوو: «بنووسە، تا توانا لە پەنجەکاندا مابێ بنووسە، هەموو شتێ بنووسە، بیرەوەرییەکانت، یاداشتی ڕۆژانەت، تێڕوانینت بۆ گەردوون، بۆ خۆشەویستی، گرینگ ئەوەیە بنووسیت، چونکە نووسین ڕۆح ئارام دەکا و لە ڕۆحی گەردوونت نزیك دەکاتەوە.. گرینگ نییە تۆ سەبارەت بە بابەتێکی گران بنووسیت».

ئاوڕەنگ پێی وابوو دەبێ ئەو خاوەنی ئەو هێزە بێ کە بتوانێ بنووسێ، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێشەیەك نییە چی دەنووسن، با سەبارەت بە چۆنیەتی چرۆکردنی فرمێسکەکانی عاشقێ بنووسن کە بە خۆشەویستەکەی ناگا.. با سەبارەت بە دەنگی باڵەکانی پەپوولەیەکی سپی بنووسن کە لە گوڵێکی شینەوە بۆ گوڵێکی شین هەڵدەفڕێ و نامەکانی جوانی دەگوازێتەوە، با سەبارەت بە خۆشەویستی بنووسن کە دێ و بە ناویاندا تێدەپەڕێ، با سەبارەت بە خۆیان بنووسن کە بە ناو خۆشەویستیدا تێدەپەڕن، با سەبارەت بە ڕەنگی ئاوابوونی خۆر بنووسن، با سەبارەت بە پێکەنینی پیاوێك بنووسن کە کوڕەکەی خۆی دەکوژێ، با سەبارەت بە مردوویێك بنووسن کە هەمیشە قسە دەکا.. با سەبارەت بە وشەکان بنووسن کە لەسەر لاپەڕەکان سەما دەکەن، با سەبارەت بە ژیان بنووسن کە لە کاتی چڕینی مۆسیقادا نۆتەکان تێکەڵ دەکا، با سەبارەت بە مردن بنووسن کە سێبەرێکی هەمیشەییە بە دوای مرۆڤەکان....

فرێکی بە یەکجار لە پێکە ڤۆدگاکەی بەردەمی دا و دەستی کرد بە نووسینی ئەو بیۆگرافیانامەی کە دەمانێکی درێژە خەریکی نووسینیەتی:

خۆشەویستی هەموو کاتەکانم سڵاو

زاکیرە و بیرکردنەوە دوو وشەن ژیان و مەرگ بە یەکەوە گرێ دەدەن.. ئەو شتەیش کە ناهێڵێ بۆ قۆناغێك مردن بەسەر ژیاندا زاڵ بێ "وشە" یە.. گومان ناکەم کە وشە پردی نێوانی زاکیرە و بیرکردنەوە و ژیان لە لایێك و مردنیش لە لایێکی تر بێ.. من هەمدیس بە وشە، بیرکردنەوەو زاکیرە و ژیان دەگەیەنمەوە مردن، یاخود مردن دەگەیەنمە ژیان و لەگەڵت دەدوێم.

وا لەگەڵ باقوبریق و ڕۆشنایی و ترووسکانەوەی بیرەوەرییە کورتەکانی تۆ، تاریکیی دوور و درێژی ژیانم ڕووناك دەکەمەوە.. دەمەوێ بۆت بنووسم.. تا خۆم لەو تەنیایی و گۆشەگیرییەی ناوەخۆم دەرباز بکەم.. چونکە نووسین بۆ من وەکو قسەکردن وایە لەگەڵ نووری پاك و جیهانی خودا.. نووسین بۆ من وەکو قسەکردن وایە لەگەڵ تۆ..

گوتم: دەمەوێ خۆم لە گۆشەگیرییەکانی ناوەخۆم دەرباز بکەم؟

بەڵام کەی پەپوولەیێ دەتوانێ واز لە پیاسەی نێو گوڵەکان بهێنێ؟ کەی "هیپییێك" دەتوانێ واز لە سەگ و بەرەڵڵایی و بێ شوێنی بهێنێ؟ کەی خۆشەویستیش دەتوانێ واز لە میهرەبانی و بەخشندەیی بهێنێ؟ گوڵە زیندووەکەی خۆم منیش هەروا، کەی و چۆن دەتوانم واز لەو گۆشەگیری و ئەو بێ کەسییەی ناوەوەی خۆم بهێنم؟

هەرگیز ناتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم تا ئەو کاتەی کە تۆ هەم بیرکردنەوە و هەم زاکیرە و هەم ئەو مەراقە درێژکراوە بی لەژیانی مندا.. ڕاستە ئێستا وەکو بوونێکی مەلموس و بەرجەستە لێرە نەماوی، بەڵام تۆ ڕۆحی سروشتی، لە نێو هەموو شتەکان بوونت هەیە، تۆ لەناو مندا دەژیت، بۆ هەمیشەیی وجوودێکی جێگیری لەناو بیرکردنەوە ڕۆحانییەکانی مندا.

ئەستێرە دوور دوور و نزیکەکەی من: گەر مرۆڤایەتی بیەوێ لەسەر ئەو ئەستێرە تاریکەدا بە ئارامی لەسەر قەروێڵەی بەختەوەری و لەناو

ڕۆشنایی خەونەکاندا ڕابکێشێ و تەمەنی کورتی خۆی بەڕێ بکا، دەبێ لە فۆرمولادێك پێشنیارێ بۆ ئاسمان بنووسێ بۆ ئەوەی ئەو دەستوورەی مرۆڤایەتی پێ بەڕێوە چووە و پێی بەڕێوە دەچێ هەڵبوەشێندرێتەوە و سەر لە نوێژەن دابڕێژرێتەوە.. چونکە هەموو ئەو شتانەی ئێمە دەمانەوێ بوونیان هەبێ، بوونیان نییە و هەموو ئەو شتانەیش کە ئێمە نامانەوێ بوونیان هەبێ، بوونیان هەیە و بە زۆری و زۆردارەکیش بەسەرماندا سەپێنراون و چەسپێنراون..

مەبەستمە بڵێم: بۆچی ئەو کاتەی تۆم دەویست بۆ من نەبووی، ئێستایش کە نامەوێ هەمبی کەچی بە تەنیا هی منی؟

بەو خۆر کەوتنە لە یانەی "پلازا" لە شارێکی دوور و لە کیشوەرێکی تر ڕۆنیشتووم، پێك لە دوای پێك هەڵدەدەم.. خەمەکانی بیرەوەرییە تاڵەکە و ڕەنگەکانی تابلۆ تەواو بووەکە وەکو تۆپەڵێ ئاگر غلۆر دەکەمەوە نێو جەستە و ڕۆحم.. تا هەر هیچ نەبێ، فەنتازیا بکەم و پێکگەیشتن و دیالۆگێکی ڕۆحی لە نێوانماندا بێتە ئافەریدە.. کەچی کە بە تەلەسکۆپی عەقڵ لە زەمەن و وردەکارییەکانی ناوەوەی ورد دەبمەوە هەر زوو تێدەگەم هەموو شتەکان بریتین لە بێ ئومێدییێك و هیچی دی.. هەر زوو تێ دەگەم کە شوێن هەر هەمان شوێنە بۆ کەسێك کە خۆری بەختەوەری لێ ئاوا بووبێ، زەمەن هەر هەمان زەمەنە بۆ کەسێك کە شەوی بەدبەختی لێ هەڵاتبێ.. جا لە هەر سووچ و کەلەبەرێك و زەمەنێکی ئەو گەردوونە دابێ.

شوێن و زەمەن هەر هەمان زەمەن و شوێنن بۆ کەسێك کە لە ژێر خێوەتی ڕێککەوت و هەوەسێکی چرکەساتی ئاڵۆزکاو لەناو کۆمێدییەکانی وجوود لە دایك بووبێ.. گریان و پێکەنین و بزە و هەنسکیش هەر هەمان هەنسك و بزە و گریان و پێکەنینن، جا لە هەر شوێنزەمەنێکی ئەو ئەستێرەیە تاریکەدا تەمەن تێپەڕێنی.

ئەستێرەی ڕووناك و بەدبەختی من:

ئایە کەسێك هەیە لەو گەردوونەدا، بەلایەنی کەمەوە جارێك بیری لە "بەختەوەری" نەکردبێتەوە؟ ئەی ئەگەر بیری لەو وشەیە کردۆتەوە، "بەختەوەری" چییە؟ باوکت بیری لە بەختەوەری تۆی تاقانە کردبۆوە؟ ئەی ئەگەر بیری لێ کردبۆوە بۆچی بەو کارەساتەی گەیاندی؟

دوای ١٣ ڕۆژ لە مردنی دایکت ژنی مارە کرد، ئەوەشیان ئاساییە، بەڵام تۆی تەمەن سێزدە ڕۆژیشی لە باوکی کچە مارە کرد.. بەختەوەری باوکت ئەوە بوو کە تۆی هەمیشە ڕەشپۆش جارێ لە جاران خۆر بە تاقی ئاسمانەوە نەبینی؟ تۆ چیت کردبوو؟ بۆچی پێویست بوو خاوەنی ئەو چارەنووسە ناوێزەیە بیت؟

من ئێستاش تابلۆکەم دێتەوە یاد، چیرۆکەکەم دێتەوە یاد، تابلۆیە ڕەشەکە و پشیلە ڕەشەکە و پۆشاکە ڕەشەکانت.. ئەو تابلۆیە ڕەشەم دێتەوە یاد، کە بۆ هەمیشەیی بۆتە بەشێکی دانەپچڕاوی ژیانم و وەکو پشیلە ڕەشەکەش بەردەوام لەسەر ڕێگاکانمە.

ڕۆژانە زۆرم چاوەڕێ دەکردی، تەنیا چرکەیەك بتبینم، کەچی کە لە دەروازە دوودەرییە زەردەکەوتی، لە هەمان چرکەیش ون دەبوویت.. نەنکت لە شوێنی تۆ بەر دەرگاکەی دەماڵی.. منیش بەردەوام وێسکیم دەخواردەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێم دەکرد.. ئایا من نوح بووم و تۆیش کۆترێك کە هەرگیز وشکانیت پێ نەدۆزرایەوە؟

من لە خۆم دەپرسم: بۆچی نەمتوانی چارەنووسی ئەو تابلۆیە بە شێوەیێکی تر بگۆڕم کە گۆڕانی بە من سپێردرا بوو؟ ئایا تاوانباری گەورە من بووم؟ بۆچی نەمتوانی کۆدی کرانەوەی دەرگای ئەشکەوتێك بزانم، کە پڕ بێ لە زێڕ و زیو و ئەڵماسی بەختەوەری؟ بۆچی نەمتوانی لە نێو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەیەك ڕاکێشم و تۆیش بە هێوری تا ئەبەد ماچم بکەی، ماچت بکەم؟ بۆچی نەمتوانی بۆ تاهەتایە دەست بەو پێستە سپییەی

جەستەت دابهێنم کە تا کاتی تەواو بوونی تابلۆکە خۆری پێ نەکەوتبوو؟ بۆچی نەمتوانی بۆنی ئەو پرچە حەریراوییەت بکەم کە لە تاڤگە دەچوو؟

بۆ هەمیشەیی چاوەڕوان بووم تێنوویەتیم بە تۆ و بە ئەفسوون و سیحری جوانییەکانی تۆ بشکێنم.. ئایە چ شتێ بووە بەربەست و لێ نەگەڕا بۆ تا ئەبەد تۆم هەبێ کە دەبووایە هەمبووای؟

دەی بڵێ، کوانێ وڵامت؟ وا خەریکە فرمێسکەکانم دەبنە ئەو پۆلە باڵندەی کە بێ پرس ڕوو لە ئاسمانی زەرد لە شەقەی باڵ دەدەن..

ئێستا تەواو وەکو ئەو چرکەساتەم بەسەر هاتووە کە دارەبازەیێکی زەردم لەبەر دەروازەی دوودەرییە زەردەکەتان دیت.. وەکو ئەو چرکەساتەم بەسەر هاتووە کە کتێبەکانم لە دەست کەوتە خوار و بۆنی تەواو بوونی تابلۆکەم کرد.. بەردەرگاکەتان شوورابوو، ئایە تۆ بووی بەر دەرگا دوودەرییە زەردەکەت شۆریبوو؟

کە هێدی هێدی و بە شەکەتییەوە لەو سەری کۆڵانەوە دەهاتم، پشیلە ڕەشەکانم دیت لەم سەری کۆڵان وەستابوون، ئایە ئەوان کۆنگرەیان هەبوو؟ لە دارەبازە زەردەکە نزیك کەوتمەوە، بۆنی تابلۆیێکی زەردی لێ دەهات کە تا هەتایە ببێتە بەشێکی ژیانم.. بۆنی گوناح و بەرائەت کاسیان کردم.. چاوەکانم زەرد هەڵگەڕابوون، تابلۆکە تەواو ببوو، خۆر بەر لە هەڵاتن ئاوا ببوو.. دەستێکی درێژ لە خەرەندەکەوە دەبینرا، کەچی کەسێك نەبوو ڕوو لە ڕووناکی ڕایکێشێ!

ئەو کاتەی کە گەیشتمە سەر دارەبازە زەردەکە لە بەردەم دەرگا دوودەرییە زەردەکە، منداڵێکی ڕەنگ زەرد، بە خەندەیەکی سیسەوە گوتی: نەتزانیوە چی بووە؟

من بە ڕەنگ زەردی و پەشۆکاوی و سیسەوە گوتم: زوو بڵێ چی بووە؟

ئەو بە قاقاوە گوتی: ئاڤژەن خۆی سووتاند و مرد.

من ئەو کاتە نەمدەزانی مردووەکانیش دەتوانن لەگەڵ عاشقەکانیان بە بەردەوامی بژین، بۆیە کەوتمە سەر چۆك و گریام، هاوارم کرد: ئاڤژەنی ڕۆحی من.. خۆشم دەوێی.

«ئاوڕەنگ لە یانەی "پلازا" ش بەدەم نووسینی ئەو نامەیە هاواری کرد، ئاڤژەن گیان خۆشم دەوێی».. ئاوڕەنگ لە نووسینی نامەکەی بەردەوام بوو..

دە پێم بڵێ ئەی تاقانەترین ئەستێرەی ڕووناك و تاریکی من: کێ بەقەدەر من تا هەتایە ئەو تابلۆیە دەپارێزێ؟ «تابلۆی ئاوابوونی خۆر و دارەبازە زەردەکەی بەر دەرگا دوودەرییە زەردەکە.. تابلۆی تۆ کاتێ لە خەرەندەکە دەست درێژ دەکەیت و کەسێ بەوێدا تێپەڕ نابێ.. تابلۆی دەرکەوتنت لە چرکەیێکدا و ونبوونت لە هەمان چرکەدا..».

من لە کاتی گەیشتنی هەواڵی مردنت هاوارم کرد: ئاسمان خۆشم دەوێی.

«ئاوڕەنگ هەمدیس لە یانەی "پلازا" هاواری کرد: ئاڤژەن خۆشم دەوێی».

باوکت بە سەرسوڕمانییەوە لێمی ڕوانی، بە دوو چاوی زەق و زۆر بە بێ ڕەحمانە لێمی ڕوانی، لەوێوەوە تابلۆکە بە یەکجاری تەواو بوو، منیش وەکو تۆ بەڵام بەشێوەیەکی تر مردم.

## ٤

لە ڕۆژی ١٩٨٩/٣/٢١ ئاوڕەنگ نامەیەکی بۆ ئاڤژەن نووسی..

ئاڤژەن گیان ئەستێرە ڕووناکەکەی من: سەلام...

دەمانێکی درێژ بوو چاوەڕوانی دیتنت بووم.. کەچی تۆ لە چرکەیەکدا دەردەکەوتی و بزر دەبووی، بەڵام دیارە خوا حەزی کرد، بۆیە من تاکە

مرۆڤێك بووم كە تۆ ڕێگات دا، تەئەمول بۆ جوانییەكانت بكەم و خۆشم بوێی..

بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایكبوونت پیرۆزبایت ئاراستە دەكەم، هیوا خوازم تەمەنت هێندەی زەمەن درێژ بێت، هەمیشە لە بەختەوەریدا ژیان بەڕێوە ببەیت..

ئەگەر چی دەزانم ئەوەیان بە تەنیا تەمەننایێكە و هیچی تر، چونكە دەزانم تۆ دەستگیرانی بەرازێكی پیریت و، گرانە ئێمە ئەو كارە هەڵبوەشێنینەوە، بەڵام من دەتوانم تەنیا تاكە شتێكت پێ بڵێم، «لە توانامدایە تا ماوم خۆشم بوێی، چونكە خۆشەویستی وەكو مردن و ژیان وایە، هەمیشە بوونی هەیە».

دیسان ساڵی لەدایكبوونت پیرۆزبێت، خۆشم دەوێی.

ئاڤژەن خەریكی وەڵامدانەوەی ئەو نامەیە بوو.. سەرەتا نووسی:

ئەی ئەو كوڕەی كە دەتەوێ چارەنووسی تابلۆیێ بە شێوەیێكی تر بگۆڕیت، ئەی ئەو كەسەی كە تا درەنگكاتێ لەگەڵتدام، پیرۆزبایی ساڵڕۆژی لەدایكبوون لە خۆتیش، بەڵام تازە هەموو شتەكان ڕوو لە كۆتایین.. چونكە نووسراوی چارەنووس گەورەترە.. تۆ بۆ هەمیشەیی بیر لە من دەكەیتەوە، بۆ هەمیشەیی بۆ من دەگری، بۆ من دەسووتێی، بەڵام ڕۆژێ دادێ من لە شوێنزەمەنێكی تر بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە، كە هەمدیس وەكو ئێستا ناتوانی چارەنووسی تابلۆیێ بگۆڕی كە گۆڕینی بە تۆ سپێردراوە.. تۆ لەسەرت پێویستە بڕیارەكانی سەرووی خۆت جێبەجێ بكەیت.. سەرووی خۆت كێیە؟ بەڕاشكاوییەوە دەیڵێم "خودایە".

ئاڤژەن هێشتا هەر خەریكی نووسینی ئەو نامەیە بوو، كەچی باوكی بەسەر داهات، نامەكەی دیت و كەوتە لێدانی، هەرچەند ئاڤژەن بەرائەت و پاكیزەیی خۆی دووبارە و دووپات دەكردەوە، كەچی بێ ئەنجام بوو..

ڕۆژێك دواتر پیرەمێردێكی حەفتا ساڵان خۆی و جانتایێ جلوبەرگ و چەند مسقاڵێ زێڕ هات و ڕۆژی هەینی دیاری كرد بۆ گواستنەوەی ئاڤژەن.

داپیرەی ئاڤژەن، بە خەزووری كوڕەكەی خۆی گوت: پێیەكانت ماچ دەكەم، چی دەخوازی، بخوازە، پارە، ماڵ، زێڕ، كێشەیەك نییە، بەڵام ئاڤژەن هێشتا بچووكە و جەنابیشت بە تەمەن گەورەیت.. لە ناو خەڵك و دنیا حەیامان دەچێ، واز لەو كارە بێنە.

پیرەمێردەكە گوتی: خوا قبوڵ ناكا، كچەكەی منیش بچووكە، كە بێ هیچ كێشەیەك بە كوڕەكەی تۆم بەخشی... دواتر من چیم لە ژیاندا ماوە؟ ئەوە نەبێ كە دوو پێنج ڕۆژێك لەگەڵ ئاڤژەنەكەی خۆم بەسەر ببەم.. ئەگەر ڕازیش نیت كچەكەی خۆم كە ئێستا خێزانی كوڕەكەی تۆیە و منداڵیان هەیە، دەبەمەوە لای خۆم و تەواو.

ڕۆژی پێنج شەممە بۆ حەوتەم جار لە ژیانیدا ئاڤژەن لە تاریكیدا هاتە بەر دەرگا.. هێشتا خۆری نەدیتبوو.. بە حەماسەتەوە لەو سەر و ئەو سەری كۆڵانی دەڕوانی، ئاڤژەن ڕوانی خۆر ئاوا بووە، فرمێسكە درشتەكانی بێ ژمار هەڵدەوەراند، ئاوڕەنگ لەو سەری كۆڵان دەركەوت، ئاڤژەنی بۆ یەكەمین جار بە پۆشاكێكی زەرد بینی، لای سەیر بوو، سەری سوڕما، كە پشیلە ڕەشەكەشی دیت پیاسەی دەكرد، دڵی كەوتە لەرزە، هەنگاوەكانی خێراتر كرد و گەیشتە لای ئاڤژەن، بە زەردەخەنەیەكەوە كە كەس نەیدەزانی چ ڕەنگێكە گوتی: سڵاو ئەستێرە ڕووناكەكەی خۆم، نامەكەت خوێندەوە؟

ئاڤژەن بە دەم گریانەوە گوتی: خۆری ژیانم، ئەو خۆرەی كە تا ئێستا نەمدیوە، پێش دەركەوتنی ڕوو لە ئاوابوونە، ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێ، تەنیا ئەو شەوەت لە پێشە وەكو دەرفەت، یا ئەوەتەیە ڕزگارم

دەکەیت، یاخود کاتێکی تریش کە لە زەمەنێکی جیاتر و لە شوێنێکی جیاتر بۆت دەردەکەوم ناتوانی ڕزگارم بکەیت و خۆتیش لەو ئاوابوونی هەمیشەیەی خۆر دەرباز بکەیت..

ئاوڕەنگ دەیویست وەڵامی بداتەوە و وەفای خۆی بۆ دووپات بکاتەوە، کەچی ئوتومبێلی باوکی ئاڤژەن لە سەری کۆڵانەوە بە دەرکەوت و ئیدی پشیلە ڕەشەکە لە قاقای دا و، پەپوولەیێکی سپییش گریا.

«ئاوڕەنگ چووە ماڵەوە و دەستی کرد بە نووسینی یەکەمین نامەی ئەو بیۆگرافیانامەیە، کە دواتر هەموو ژیانی کۆڵی و داگیر دەکا»..

«لەو ڕۆژە بوو کە ئاوڕەنگ باوەڕی هات تەنیا وشەیە دەتوانێ دووورەکان نزیك و مردووەکان زیندوو بکا و، جیهانی ڕۆح و مەملەکەتی خودا دروست بکا».

ڕۆژی یەك شەممە تابلۆکە بە تەواوی کۆتایی پێ هات، لە ڕۆژی هەینییەوە، ئاڤژەن بە جلی بووکێنییەوە، دەرگای ژووری نووستنی بە ڕووی پیرەمێرد و کەسەکانی تردا کلۆم دا، لە ڕۆژی یەك شەممە درامای خۆ ونکردنی دەستکرد کۆتایی پێ هات، ئاڤژەن نەوتی نێو لەمپای ژوورەکەی زاوایەتی پیرەمێردی بەسەر جەستەی دەست لێ نەدراوی پەخشان کردو ئیدی پاش چەند چرکەیێك بووە تۆپەڵێ ئاگر و خۆرەکە بەر لە هەڵاتنی ئاوابوو.

کە ئاوڕەنگ دارەبازە زەردەکەی لە پێش دەرگا دوودەرییە زەردەکە دیت، ئیدی خۆری بەختیاری ئەویش بۆ زەمەنێکی دوور و درێژ ئاوا دەبێ.. پاش تێپەڕینی ڕۆژانی پرسە و ماتەمینی کە بە دزییەوە سازیان دابوو، کۆمەڵێ پیاوی چەکدار، لە پێش هەموویانەوە پیرەمێرد و باوکی ئاڤژەن هاتنە لای باوکی ئاوڕەنگ و بە دوو ڕستە کۆتاییيان بە کێشەکە هێنا.. «ئاوڕەنگ ڕۆڵی بینیوە لە کوشتنی ئاڤژەن.. بۆیە جێگای نەماوە لەو وڵاتە، یاخود چاوەڕوانی تەرمەکەی بکەن».

٥

ئاوڕەنگ لە یانەی ″پلازا″ هێشتا هەر خەریکی نووسینی نامەکە بوو بۆ ئاڤژەن..

گیان: حەز دەکەم بۆت بنووسم.. لە ڕێگای وشەوە لەگەڵت بدوێم.. چونکە نووسین تاکە پردێکی ئەمەکدارە لە تاریکییەوە دەمگەیەنێتە ڕووناکی.. نووسین تاکە دەرگای نێوانی ژیان و مەرگە.. نووسین ئەو فیردەوسەیە کە تاوێ هەندێك لە خەمەکانی گۆشەگیریم کەم دەکاتەوە..

ئەستێرە دوورەکەم: ئاگاداری کە چەند غەریبیت دەکەم!؟ تۆ لێرەی لە نێو دڵم، لە نێو ڕۆحمدای، لە نێو تابلۆی ژیاندای، بەردەوام لێت دەڕوانم، بەڵام ترسم هەیە، ترسێکی گەورە، دەترسم تەمەن تەواو بێ و منیش هێشتا لە تەماشاکردنت تێر نەبووبم.. گیانەکەی من، با زیاتر بۆت نە نووسم، چونکە هەموو شەو و ڕۆژەکانی تەمەنم بخەمە سەر یەك هێشتا ناتوانم ئەو شتەت بۆ بنووسم کە دەمەوێ بۆتی بنووسم.. بەڵام ئەوەی کە لە کۆتایی ئەو نامەیەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە:

تابلۆ حەفر کراوەکەی ناو زاکیرەی من، چیرۆکە بێ کۆتاییەکەی ژیانی من، گرینگ نییە من کێم.. لە کوێ هاتووم.. سەر بە کامە ئایینم.. ڕەچەڵەکم چییە.. لە پێڕی چاکانم یا ئەهریمەن..من کوڕی خێرم یاخود شەڕ..

گیانە بە زۆر جیاکراوەکە لە گیانی من: هیچ یەك لەو پرسیارانە گرینگ نین، ئەوەی کە بۆ من گرینگە و هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەیە «من بۆچی ئەوەندە تۆم خۆشدەوێ»

تا نامەیەکی تر، چاوەڕوان بە، خۆشم دەوێی.

## ٦

ئاوڕەنگ لە یانەی پلازا دواترەمین پێکی ڤۆدگای خواردەوەو باوکی خۆی بیر کەوتەوە کە بە چاوی فرمێسکینەوە پێی گوتبوو: کوڕەکەم تۆ ئەمانەتی خودا بووی لای من.. ئێستا من تەسلیمی دەستی ئەوت دەکەمەوە، چونکە ئەو کارەکان باشتر دەزانێ و هەر ئەویشە دەتوانێ باشتر بتپارێزێ.. داوای لێ دەکەم و لەبەری دەپاڕێمەوە کە ئاگادارت بێ.

دایکی بیر کەوتەوە کە بەدەم گریانەوە پێی گوتبوو: بڕۆ کوڕم بڕۆ.. با ئەو پیاو کوژانە نەتکوژن، دەزانم تۆ کاری خراپت نەکردووە، کوانێ گوناح، گەر دوو کەس یەکتریان خۆشبوێ؟ ئەوەیش کە ڕوویدا خودا نووسیبووی.. بڕۆ کوڕەکەم بڕۆ، خودا بتپارێزی.

ئاوڕەنگ یانەی پلازای جێ هێشت و بەمەستی بەرەو ماڵەکەی خۆی لە شەقامی –ئاو– کەوتە ڕێ.. ئەو نامەیەشی خستە سەر نامەکانی تر کە بۆ ئاڤژەنی نووسیبوو.. لە چەقێکی ژوورەکەی خۆی ڕوانی و کەوتە بیر کردنەوە، ″ئاویار″ ی برادەری کەوتەوە یاد کە پێی گوتبوو: ئایە ئاڤژەن تاکە کەشتییێکە کە بتوانێ تۆ بەرەو کەنارەکان ببا؟ بێ گومان نەخێر.. چونکە ژیان دەڕوا و ناوەستێ.. من بۆ خۆم لە هەموو ئاوەکان دەخۆمەوە، سواری دەیان کەشتی جیا جیا دەبم.. بۆیە پێم وایە مرۆڤ دەتوانێ زیاتر لە کەسێکی خۆش بووێ، یان بە لایەنی کەمەوە لە هەر کەسەو شتێکی خۆش بووێ.

ئاوڕەنگ لەبەرە خۆیەوە گوتی: ئاخر من هەموو شتەکانی ئاڤژەنم خۆشدەویست.

ژانەسەر دەستەویەخەی ببوو، بەیانیش دەبوایە بچێتە کار، بۆیە بە هێوری پێڵووەکانی داخست و چووە نێو دنیای تاریکیی و خەونە ڕەشەکانی.

٧

ڕەش ڕەنگێکە گوزارشت لەو چرکەساتە خەفەت ئامێز و کەسەر دۆستە دەکا کە ئاوڕەنگ و کرێکارەکانی لە بەردەم دەروازەی کارگەی "ئۆتۆ" لە ژێر ئاسمانێکی هەورینی و دووکەڵاوی وەستابوون.

ئاوڕەنگ لە خۆی پرسی: ئایە ڕەش ئەو ڕەنگەیە کە لە غیابی سپی دەردەکەوێ، یاخود لە بنەڕەتدا زەمەن لەنێو هەردووکیان بە یەکسانی دابەش کراوە؟

ئەو ڕۆژە پێ دەچوو سپییەتی بیەوێ تاریکی لەق بکا.. ئاوڕەنگ بۆ یەکەمین جارە لە ژیانیدا پەپوولەیەکی سپی دەبینێ پێدەکەنێ..! هەڵدەفڕێ و ڕۆشنایی دەدا.. چاوی بە مارمیلکەیەکی سەوز کەوت لەسەر عەرد هەڵدەخشا و گۆرانی دەگوت.. ئاوڕەنگ چاوی گێڕا پشیلە ڕەشەکەی نەدۆزییەوە.. لە خۆی پرسی: ئایە سرووشت لە یاسا سروشتییەکەی خۆی لایداوە؟ یاخود ئەوەیە یاسای سروشتیی سروشتەکە کە پەپوولەش بتوانێ جێ بە پشیلەی ڕەش لەق بکا.

پەڕەسێلکە خەوتووەکەی گیانی ئاوڕەنگ واگا هاتەوە، لە کاتی کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە و تەواوبوونی تابلۆکە ئەوە جاری یەکەم بوو کە پەڕەسێلکەکە ئاوا بکەوێتە نێو حاڵەتێکی سۆفییانە و بە چاوی خۆی نووری پاك ببینێ و چاویشی بەو هەواڵە خۆشە بکەوێ کە لە لای نوورەوە بۆی هاتبوو.. پەڕەسێلکەکەی گیانی ئاوڕەنگ کەوتە هەڵفڕ هەڵفڕ و لە شەقەی باڵە ناسکەکانی دا و لە ئاسمانی چارەنووسێکی نۆژەندا دەستی کرد بە چڕینی نەوا و دانانی چەند نۆتەیێکی ئەفسوونکار بە دەنووکەکانی چەند چڵە تیشکێکی سەوزی هەڵگرت و گەڕایەوە نێو ڕۆحی ئاوڕەنگ و گوتی: تۆ

خۆت داوەتە دەستی قەدەر، بۆیە تۆ سەرپشك نابیت لە هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە لە ژیانی تۆدا ڕوودەدەن..

کاتێ ئاوڕەنگ هەستی بە هەڵفڕ هەڵفڕ و نا ئۆقرەیی ئەو پەڕەسێلکەی نێو گیانی خۆی کرد، زانی شتێ لە ڕێگا دایە و دەبێ ڕوو بدا.. کاتێ پشیلە ڕەشەکەی دەدیت، دەیزانی تاریکی بەڕێوەیە..

زەمەنێکی درێژ بوو پەڕەسێلکەکەی نەبینیبوو، مارمێلکە سەوزەکە، پەپوولەیێکی سپی پێبکەنێ.. لەبەر خۆیەوە گوتی: خودا تا ئەوپەڕی دادوەرە، چونکە هیچ کەسێ لە بەهرە بێ بەش ناکا، هەرکەسە و بەهرەیەك، یان چەند بەهرەیەکی بەردەکەوێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بزانین و بتوانین ئەو بەهرانە لە شوێن و زەمەنی خۆیاندا بەکاربێنین..

## ٨

ئاوڕەنگ بە سەرسامییەوە لە خۆی پرسی: دەکرێ مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە؟

– بۆچی نا؟

ئەگەر لە هەندێ فیکر و فەلسەفەی ئێستای دنیادا بکۆڵینەوە، کە بانگەشتەی نەمانی سنوور و ئازادی مرۆڤەکان دەکەن، کۆمەڵێ فەیلەسووفی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستامان دێتەوە یاد کە هەمان بانگەشتەیان دەکرد، لەوەش گرینگتر ژیانی قەرەجەکانمان دێتە بەر چاو کە سەرچاوەی هەموو ئەو بیر و فیکر و فەلسەفانەن.

لە ژێر ئاسمانێکی خۆڵەمێشی و لەبەر دەروازەی کارگەی ئۆتۆ، تاووتین و هێزێکی سیحراوی پرسیار دۆست، سەراپای ڕۆحی ئاوڕەنگی داگیر کردبوو.. لەبەر خۆیەوە گوتی: هەست دەکەم من جارێکی تر لەنێو هەمان ئەو چرکە ساتەی ئێستا ژیاوم.

پـەرەسێلـکـەکـەی گـیـانـی ئـاوڕەنـگ هـەڵـفـڕی، ئـەو بـاوەڕی بـە چـاوەکـانـی خـۆی نـەدەکـرد، کـاتـێ کـە ئـەو پـەرەسێلـکـەیـە لـەسـەر سـەری فـریشتـەیـەکـی سپـیـی پـێست بـەڵام ڕەشپـۆش هـەڵـنـیشت، فـریشتـەکـە بـرژانـگـە ڕەش و درێژەکـانـی لـەسـەر گـلـێنـە سـەوزەکـانـی لێکدەدا، ئـەو فـریشتـەیـە هـێنـدە بـە ئـاشکرا تیشك و درەوشانـەوەی دەدا کە یـەکێك نـەیدەتوانی بـە سانـایی خۆی لـە تـەمـاشاکردنی لادا.. ئـاوڕەنـگ چیرۆکـەکـەی هـاتـەوە یـاد، گـلێنـە کـەسك و برژانگە ڕەش و درێژەکانی هـاتـەوە یـاد، پـۆشاکـە ڕەش و پێستـە سپییـەکـەی ئـاڤژەنی هـاتـەوە یـاد و بـەو فریشتـەیـەی بـەراورد کرد، کـە لـەبـەر دەروازەکـەی کـارگەی ئۆتۆ بزەیـەکی غـەمگینی دەکرد.. لـە پـەپوولـە سپییـەکـەی ڕوانـی کـە گـۆرانـی بـۆ گـوڵـە شینـەکـان دەچـڕی، ئـاوڕەنـگ بـێ ئـەوەی ئـاگاداری خـۆی بـێ کـە چـی دەڵـێ، ڕووی لـەو فریشتـەیـە کـرد و بـە دەنـگێکـی نـزم گـوتـی: ئـاڤژەن گـیـان دەمزانـی دێیـەوە، دەمزانـی تـاریکـی لـەنـاو ڕوونـاکیدا حـەشار دەدەیت و ڕۆژێ لــە ڕۆژان دێیــتــەوە. دەمــزانــی ڕۆژێ دادێ دێیــتــەوە، تــاریـکـی تــێ هـەڵدەدەیت و بـەرەو ڕۆشنـاییـیـەکـانـی ڕۆحـی گـەردوونـم دەبـەیت.

هێشتـا ئـاوڕەنـگ قسـەکـانـی تـەواو نـەکـردبـوو کـە فریشتـەکـە لـەبـەر چـاوانـدا ون بـوو.

## ٩

دیداری ڕۆژی دووەم لـەگـەڵ ئـەو فریشتـەیـەی کـە ئـاوڕەنـگ بـاوەڕی وابـوو ئـاڤژەنـە.

هـەور هێنـدە خـۆی لـە زەمـین نزیك کردبـۆوە، دەتگوت شـەڕی ئیرۆتیکی پـێ دەفرۆشێ.. ئـەو دڵـۆپـە بـارانـانـەیش کـە دەکـەوتـنـە سـەر جـەستـەی لـووسـی زەمین وەکـو ئـارەقـەی تـەوێڵـی ئـاسمـان وابـوون.. هێشتـا ئـاسمـان تـاریك بـوو، هـەور و تـەم و دڵـۆپـی بـاران و برووسکـەی خـێرا خـێرا و گـەواڵـە، خـەوی مرۆڤیـان خـۆش دەکرد..

دەمەو بوولێڵێ دوای گوزەراندنی زەمەنێ لەو شارە، ئاورەنگ دەستی دایە قەڵەم و ویستی شتێ سەبارەت بەو شارە بنووسێ، چونکە بیری کەوتەوە کە یەکێك پێی گوتبوو: بنووسە، تا پەنجەکانت لە کار دەکەون بنووسە، گرینگ نییە چی دەنووسیت، حەز دەکەیت دەربارەی خەمەکانی کەروێشکێك بنووسە کە زاوزێ ناکا، دەربارەی وڵاتێك بنووسە کە نووسەر تێیدا بەقەد کەرێك ڕێزی لێ ناگیرێ، دەربارەی ژنێکی سۆزانی بنووسە کە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و ناوی ناوە "سەگێکی ونبوو".. دەربارەی مانگ بنووسە کە خۆی نیشانی شاعیران نادا، دەربارەی پشیلەیەك بنووسە کە خۆشەویستی لەگەڵ ماوسێك دەکا.. حەز دەکەی سەبارەت بە یەکێك بنووسە کە دوای چەند ساڵێکی تر شیعرێکی ئاوا دەنووسێ:

خۆرکەوتن بوو.. خۆرکەوتن بوو
لە ژێر ئەستێرە سوورەکانی ئاسمانی فرانکفۆرتدا
تابلۆیێ کوژایەوە.. دوو–با– داگیرسان
خەونێك لە ئۆقیانۆسی خەوندا نقووم بوو
من مانگێکی شین شینم دابەزاند و گوتم:
ها.. ئەوەیان ئومێدی دیدارە
هەر کاتێ تەماشات کرد
منت بێتەوە یاد.

خۆرکەوتن بوو.. خۆرکەوتن بوو
لە ژێر درەوشانەوەی گڵۆپە شین شینەکانی فرانکفۆرتدا
تۆ ڕوخساری خۆڵەمێشی منت لێ دیار بوو
من ڕوخساری شینی تۆم لێ دیار بوو
باران گۆرانییێکی بێ دەنگی خۆڵەمێشی دەگوت
–با– ڕەنگی هەڵێنا، ڕنگێکی شین شین

تۆ مانگێکی شینت هێنایە خوار و گوتت:
هـا.. ئەوەیان وەفایە
هەر کاتێك لێیت ڕوانی
منت بێتەوە یاد..

هەموو شتێ بنووسە، گرینگ ئەوەیە بنووسیت و ناخی خۆت بەتاڵ بکەیت.

ئاوڕەنگ نووسی: لە نەخشە جوگرافییەکانی ولاّتی ئێمەدا، نەخشەی ئەو شارە نییە کە من ئێستا تێیدا دەژیم.. هیچ یێك لە جوگرافیاناس و مامۆستاکانی جوگرافیا لە ولاّتی ئێمەدا گوێ بیستی ناوی ئەو شارە نەبووینە کە من ئێستا تێیدا دەژیم، ئێرە شارێکە وەکو دڵۆپێك ئاو وایە لەنێو دەریادا، من چۆن ئەو شارەم دۆزییەوە؟ بۆچی هاتووم بۆ ئێرە؟ خۆ دەتوانم بچمە شارێك کە هەموو منداڵەکانی دنیاش بە هۆی یەکێ لە ڕەمزەکانی بیناسن، بەلاّم دیسان دەپرسمەوە، من بۆچی لێرەم؟ ئایە لێرەدا گیرسانەوەی من چ پەیوەندییێکی بە چیرۆکەکەوە و بە تابلۆ تەواوبووکەوە هەیە؟

ئاوڕەنگ ئاهاندی، کاغەزەکەی دڕاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیر و ئاڵۆز و گەمژەیە، هەندێ جار وەکو باڵندە وایە، بە دوای خۆش گوزەراندنێکی خەڵەتێنەردا هەمیشە لە گەڕاندایە.. هەموو گۆشە و کون و کەلەبەرێکی ئەو گەردوونە تەی دەکا و نایدۆزێتەوە، بەڕاستی دۆزینەوەی بەختەوەری لەو بازنە بەرتەسکەی کە پێی دەڵێن: ژیان، کارێکی ئەستەم و پڕ لە ئاستەنگ و موستەحیلە.. دواتر ئەو کاتە خێرایەش کە ناویان ناوە "تەمەن" هەر بەتەنیا لە برووسکەیەك دەچێ و بەشی ئەو گەڕانە هەمیشەییە ناکا.

ئاوڕەنگ تاوێ ڕاما و گوتی: من چی دەکەم لێرە؟ بۆچی لەو شارەم؟

بۆچی لە نۆتە ئاوییەکانی گۆرانی منداڵیم نەدەبوومە بەشێك لە ڕابردوو؟ یان بۆچی لەناو بازنە خەتەرناکەکانی گەمەی زەمەندا بە یەکجارەکی نەدەکوژامەوە؟ ئایە من پشیلەم و بۆنی بەختەوەریم کردووە لەو کیشوەرە؟ کەوایە من بەختەوەریم دۆزیوەتەوە؟ ئەی ئەگەر دەزانم بەختەوەریم نەدۆزیوەتەوە و یەقینیشم لە نەدۆزینەوەی من چکارەم لەو ژیانە واتاسزە؟ ئایە ژیان ئەوە دەهێنێ مرۆڤ وەکو مشکێك لە کونی ناندینی تەمەندا بە دوای دۆزینەوەی بەختەوەریدا بگەڕێت و یەقینیش بێ لە نەدۆزینەوەی؟ من لێم دیارە کە ژیان هەروا دەمێنێتەوە کە لە سەرەتاوە داڕێژراوە، گۆڕینی قەدەری کەسێك لە دەستی قەدەر خۆیەتی، قەدەریش لە دەستی زەمەندایە، زەمەنیش حاڵەتێکە لە دۆگما و لە کۆتاییشدا لە هەموو کەسێك و لە هەموو ئەفسانە و لە هەموو خوداوەندێك دادوەرترە.. زەمەن بۆ هەموو بوونەوەرێ یەکسانە بەبێ جیاوازی، بۆ پادشا و مشکێك، بۆ کرێکارێك و شێرێك، بۆ بزن و پەپوولەیەك، بۆ فیل و زەڕافە و شاعیرێك، زەمەن بە بێ وەستان و گوێ دانە هیچ کەسێك دێت و تێدەپەڕێ.. زۆر جاران دەیبیستین بە یەکێك دەڵێن: "بەختەوەر" .. ئەویدی ناشاد و بەدبەختە.. من لە خۆم دەپرسم دەبێ جیاوازی چی بێ لە نێوانی بەختەوەری و بەدبەختی؟ ئایە ئێمە ئاگادارین کە هەردوو وشەی بەختەوەری و بەدبەختی دەبن بە ڕابردوو؟ هەر شتێکیش کە دەبێ بە ڕابردوو واتە: نەمان، لەناوچوون، وێرانەیی.. کەوابێ خۆشی و ناخۆشی موڵکی کەس نین، ئەمانەتێکی کورتن، دەدرێن و دەسەنرێنەوە..

لەبەردەم دەروازە دوودەرییە زەردەکەی «پێرزونالت سێرڤس کۆمپانیای بەکرێدانی کرێکاران» کە کۆمپانیایێکە، کرێکاران بە پارەیەکی کەم وەردەگرێ و بە پارەیەکی زۆر دەیانفرۆشێتەوە کارگەی گەورە، گۆڵفێکی ڕەش وەستا بوو.. سێ کرێکاری ژنی ڕەشپۆشی تێدا بوو، قسەیان دەکرد.. شوفێرەکە یۆنانی بوو، گوتی: ژیان دەسەڵاتدارە و مرۆڤیش بێ

دەسەڵات.. مردن لە ژیان و لە مرۆڤیش دەسەڵاتدارترە.

ئـەو ژنـەی کـە لـە تـەنیشت شوفێرەکە دانیشتبوو، کوردی تورکیـا بـوو گوتی: ڕاکە ڕاك و غارە غارێکی بەردەوام، تەنیا لە پێناوی تێرکردنی ورگ، کار بکە و کار بکە، ئینجا حەقی ڕەنج و ماندووبوونەکەت پێ نـادەن! جیـاوازی نـێوانـی ئـێمـە و کۆیلـەکـانـی سەردەمـە تـاریکـەکـان لـە کوێدایە؟ تا ژیان لە ڕووی تەکنەلۆژیا و پێویستییە مۆدێرنەکان بەرەو پـێشتـر بـڕوا، هـێنـدەی تـر غـەریـزەی چـەوساندنـەوە و خـۆ قـەڵـەوکردنـی مرۆڤەکان بەرەو زیادبوون دەڕوا.

سێیەمیان لە پشتەوەی گۆڵفەکە دانیشتبوو، برژانگە ڕەش و درێژەکانی لەسەر گلێنە کەسکەکانی لێك دەدا و بەو پێستە سپییەی لەنێو پۆشاکە ڕەشەکـانـی دەتـگـوت پـەری ئـاسمـانـە، لـە کـاتژمـێرەکـەی ڕوانـی و گـوتـی: وابزانم درەنگە، ئەو کورە دێ ، یاخود....؟

یـۆنـانـیـیـەکـە ئـاورێکی پشتـەوەی دایـەوە و گـوتـی: ئـێستـا دێ، گـەر نـا تەلەفۆنی دەکرد... دوێنێ یەکەم ڕۆژی کارکردنت بوو لە کارگەی ئۆتۆ؟

کچە ڕووسییەکە بەسەر ڕاهەژاندنێکەوە گوتی: بەڵێ

کوردەکە: دوێنێ لەگەڵ کێ هاتی بۆ سەر کار؟

ڕووسەکە: بە شەمەندەفەر، بەڵام لێرە بە دواوە لەگەڵ ئێوە دێم.

## ١٠

ئـاوڕەنگ، چونکە دوێنێ شەو بەتەنیا لەبەر سڕینەوەی دڕدۆنگی و کۆتـایی هـێنـان بـە بـیرەوەریـیـە تـاڵـەکـان دیـالـۆگـە ئـاڵـۆسکـاوەکـانـی نـاخـی و ئـەو بـەراوردکـردنـەی نـێوانـی ئـاڤـژەن و ئـەو کـچـەی کـە لـەبـەر دەروازەکـەی کارگەی ئۆتۆدا بینیبووی، خۆی تەواو سەرخۆش کردبوو.. بەو بەیانییە بە زەنگی یەکەمی کاتژمێرەکە واگا نەهات، خەریك بوو چارەنووسی ئەو

کاتژمێرەش باشتر نەبێ لە ئەوانی پێشتر، چونکە زوو زوو کاتژمێرێکی بە دیوارەکە دەدا، بەڵام ئەو جارەیان بە زەنگی دووەمی کاتژمێرەکە خەبەری بۆوە و لە دواترەمین چرکەدا بە چاوی خەواڵووەوە خۆی گەیاندە پاسەکە.

لە ناو پاسەکەدا بیری لە تەواوبوونی چیرۆکەکەی دەکردەوە، بیری لە ئاوابوونی ناکۆتای خۆرەکە دەکردەوە، بەڵام خۆ دەوێنێ بۆ چەند چرکەیەك ئاڤژەنی بە زیندوویی بینیبوو، وەهم و خەیاڵ بوو یاخود ڕاستی؟ لەبەر خۆیەوە گوتی: کێ نالّێ ژیان تەنیا خەونێکە، وەهمێکە و، هیچیتر؟

ئایە ئاوڕەنگ بەڕاستی ئاڤژەنی لەبەردەم کارگەی ئۆتۆدا بینیبوو؟

ئاوڕەنگ لە شەقامی ″سێو″ لە پاسەکەدا دابەزی و سواری ترامی ژمارە ″١″ بوو، بەرەو سەنتەری شار بەڕێکەوت.

لە جامی بەنجەرەی ترامەکەوە لە تاریکی و ڕووناکی بەرەبەیانی دەروانی، لە گەڵاو پژوپۆی درەختەکانی دەڕوانی، جیاوازی نێوانی لق و پۆپە بەردارەکان و بێ بەرەکانی هاتە پێش چاو، «–با– نەیدەتوانی لق و پۆپی درەختە بەردارەکان بە ئاسانی ڕاهەژێنێ، چونکە گران بوو.. بەڵام کاتێ لە درەختە بێ بەرەکانی ڕوانی –با– بە ئارەزووی خۆی ڕایدەهەژاندن»، ژیانی خۆی هاتە بەرچاو و گوتی: منیش درەختێکی بێ بەرم، بەڵام لەجیاتی ئەوەی –با– ڕامهەژێنێ، ژیان بە ئارەزووی خۆی یاری بە گەڵا و پژ و پۆکانی تەمەنم دەکا.

بەردەوام بوو: بەڵام خۆ لە کۆتاییدا هەردوو جۆرە درەخت وشك دەبن و لەنێو دەچن.

ئاوڕەنگ پێی باشتر بوو خۆی لەو بەراورد پێکردنە لەگەڵ درەخت دەرباز بکا و خۆی بە مێروولە بچوێنێ لە بێدەسەڵاتی و بچووکیدا و گوتی: من نامەوێ بزانم من چیم؟ کێم؟ بۆچی هاتووم؟ کێشەی من ئەوەیە چۆن

بگەمە دواترەمین خاڵی ژیان و بەخێرایی ئەو شتە تێپەڕێنم کە پێی دەڵێن: تەمەن.. کێشەی من ئێستا تێپەڕاندنی تەمەنە بەو هەموو مەراقە گەورەیەوە کە هەرگیز هیچ ئومێدێکیشی لێ نابینم.

ئاوڕەنگ لە سەنتەری شار و لەو تونێڵە لە ترامەکە دابەزی، کە خۆی و ئاویاری برادەری ناویان نابوو: تونێڵی خەونی مەست"... چونکە هەستی دەکرد دواکەوتووە، ڕایکرد.. تەنیا ئاوڕەنگ نەبوو کە بەو تونێڵەدا ڕایدەکرد، بەڵکو پیر و گەنج و ژن و منداڵ و پەپوولە و پشیلە ڕەشەکان و سەگ و خاڵخاڵۆکە و هەموو شتەکان وەکو یەك بەو تونێڵەدا ڕایان دەکرد.. هەر یەکەو بەلایێکدا و چەند یەکێك بە یەك لادا.. کەسانی نێو ئەو تونێڵە تێکقژاو بوون، ئەوە یەکەمین جار نییە کە کەسەکانی ئەو تونێڵە ئاگایان لە یەکتری نامێنێ.. ئاوڕەنگ بەدەم ڕاکردنەوە گوتی: وێنەی گەورەی دنیا، لە وێنەی بچووکی ئەو تونێڵەدا چڕکراوەتەوە.. ژیان تەواو وەکو ئەو تونێڵە وایە.

لەو تونێڵەدا کرێکار و قوتابی و عاشق و چاوچنۆك و ئەلکحولیکە و هەموو شتەکانی تریشی لێ بوو، هەبوو پێدەکەنی، ئەویدی دەگریا، هەبوو دەیخواردەوە، لەناویشیاندا هەبوو بەڕۆژوو بوو، هەبوو لە ڕەزیلی بە ترام هاتوچۆی دەکرد و هەشبوو پارەی بلیتی پێ نەبوو، بە ڕەش دەچووە کار.. بەکورتی ئەو تونێڵە دنیا بوو.

ئاوڕەنگ سەر پەیژە ئەلیکترونییەکە کەوت و نەختێ هێور بۆوە، بەڵام هێشتایش هەنگاوی وەکو غاردانی دەهاوێشت و گوتی: تەمەن لە غاردانی ئەو خەڵکە دەچێ، بەڵام بەرەو مەرگ.

کە ئاوڕەنگ لە تونێڵەکە دەرکەوت و هەمان غارە غار و ڕاکە ڕاکەی لە سەر زەویشدا دیت، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێ ناڵێ سەرزەمین و تونێڵەکە، وەکو ژیان و مەرگ وان؟ خۆ ئەگەر مردن ئەو تونێڵە بێ، ئەو کات ئومێدی چیم هەبێ؟

ئاوڕەنگ تابلۆی ئاوابوونی خۆر و دارەبازە زەردەکەی کەوتەوە یاد، بەڵام لەو چرکەیەدا خۆری لێ هەڵهات، پەپوولەیێکی سپی دیت و پەرەسێلکەکەی نێو گیانی دەستی کرد بە ژەنینی نەوا دڵ خۆشکەرەکە و دەستی کرد بە چرینی گۆرانییە ناسراوە مژدەهێنەرەکەی خۆی و لە شەقەی باڵیدا..

ئاوڕەنگ سەری سوڕما بوو، کە گوێی لە شەقە شەق و هەڵفڕ هەڵفڕی باڵندەکەی نێو گیانی خۆی بوو لەو بەیانییەدا.. لەخۆی پرسی: بەو بەرە بەیانییە دەبێ چ شتێکی نوێ ڕوویدابێ؟

بۆیە هێز و چالاکی چێژگە و تاوتینی زانینی نەزانراوەکان لە ڕۆحیدا زیادی کرد و بەخێراتر لە جاران بە نێو باوبۆران و تۆف و کەڵواز و لێڵایی و تەمی ئەو بەرە بەیانە و تیشکی باڵی پەپوولە سپییەکە ڕایکرد و بە پۆشاکێکی سەرتاپا تەڕ و بە نەختێ لەرزین و ڕۆحێکی پرسیار دۆستەوە خۆی گەیاندە ناو گۆڵفەکە و بەیانی باشێکی کرد و داوای بووردنیشی کرد بۆ دواکەوتنەکەی.

## ١١

شوفێرە یۆنانییەکە سولفی لێدا و بەرێکەوتن.. بەرەو کوێ؟ بێ گومان بەرەو ئەو شارەی کە ئاوڕەنگ ناوی نابوو، شاری مردنی شێنەیی.. دوای چەند چرکەیێ ئاوڕەنگ دەستی بەسەر خۆیدا هێنا و هەندێ بەنێو لەپەکانی –ئاو–ی ئاوێتەی بە جەلی نێو پرچی سڕییەوە، پەپوولەیەکی سپیی لەنێو ئوتومبێلەکەدا بینی پێدەکەنی، بۆنێکی خۆش سەرنجی ڕاکێشا..

زۆر هەوڵی دا، بەڵام نەیزانی بۆنی ئاگرە یا بۆنی هەتاو؟ نەیزانی ئایە ئەوە بۆنی ڕەنگەکانی نێو تابلۆیێکی نوێیە یا هەمدیس تابلۆ

تـەواوبـووەکـەیـە هـاتـۆتـەوە نێو ژیـانـی؟ کـە ئـاوڕی تـەنیشتـە خـۆی دایەوە هـەمـان ئـەو فریشتـەیـەی دیت کە دوێنێ بۆ یـەکـەمجـار لـەبـەردەم کـارگـەی ئۆتۆ بۆ جاری یەکەم چاوی پێ کەوتبوو.. ئایە ئەوە ئاڤژەن بوو کە لە تەنیشتی دانیشتبوو؟ هەمان ڕوخسار و هەمان بەژن و هەمان برژانگ هـەمـان ڕەنـگـی چـاو و هـەمـان جوانـی.. ئـایـە ئـەوە ئـاڤـژەن بـوو یـاخـود کـۆپـیـیـێکـی تـەواوی ئـەو؟ ئـاوڕەنـگ بـە هـەمـوو هـێـزیـەوە عـەتـری قـژی ئـەو فریشتەیەی هەڵدەمژی، بەڵام هێشتا نەیدەزانی کە ئەو لە تەنیشت ئاگر یا هەتاو دانیشتووە؟

ئاوڕەنگ ئەو کچە شۆخ و شەنگ و سەنگین و ڕەنگینەی لێ دیار بوو لە تەنیشت خۆی کە دوێنێ گەورەترین پرسیاری لە ناخیا دروست کردبوو، چەند جارێ هەوڵی دا، دەیویست بە ئاڤژەن بانگی بکا.. چونکە ئەو بوو، بەڵام ترپە ترپی دڵۆپەکانی باران کە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەی دەدا سەرنجی ڕاکێشا و لـەو بـیـرکـردنـەوەی پـچـڕاند و لـەبـەر خـۆیـەوە گـوتـی: بـەخـتـەوەری ڕۆژێکـی تـەمـەن کـورتـە و لـە برووسکـە دەچـێ، بـەدبـەخـتـی شەوێکی درێژە و، وەکو مردن وایە.

بۆنێکی خۆش لە تەنیشتیەوە دەهات، وەکو بۆنی هەڵاتنی خۆر وابوو، تاو نا تاوێ گەوارە تووڕە دەبوو، دەیقیژاند، دەتگوت دەیەوێ خۆی لە تـاریـکـی و ئـاوابـوونـی خـۆر تـووڕە بکـا، برووسك دەرۆشنـایـەوە، شاعیرە بـچـووکـەکـەی نـاوەوەی ئـاوڕەنگ دەرۆشنـایـەوە، شەقـامـە تـەڕەکـە دەرۆشنـایـەوە، سەمـای فـڵـچـەی گـۆڵـفـەکـە و بزەی بـاڵـندەکـەی نێو گـیـانـی ئاوڕەنگ ئەتمۆسفیرەکەیان هێندەی تر خۆش کردبوو، هێندەی تر ڕازاوە کردبوو..

ئـاوڕەنگ لـە دڵـەوە گـوتـی: بـەخـتـەوەری وەهـمـە، خـەونـە.. بـەدبـەخـتـیش حەقیقەت.

## ١٢

ئـاوڕەنگ کـتـێبـێکـی گـیـرفـانـی دەرهـێنـا کـە لـە دەزگـای "کـتێب، مـاڵـی بەختەوەرییە" چاپ و بڵاو کرابۆوە، هەڵبژاردەیەك بوو لە شیعری شاعیرە ئێستێتییەکانی جیهان.. کتێبەکە پڕ بوو لە شیعری ئەو شاعیرانەی کە لە چرکەساتی قەڵسی و غەمگینییەکان و دەرکەوتنی تابلۆیە تەواوبووەکە، شیـعـر و ئـیـحساس و دڵـنـەوایـیـیـان بـۆ ئـاوڕەنگ دەهـۆنـیـیـەوە.. زۆربـەی کاتەکان ئەو کتێبەی لا بوو، ئەو کاتانە دەیخوێندەوە کە بەرەو کار دەچوو یا دەگەڕایەوە، لە کاتی سەرمەستی و لە کاتی دڵتەنگیدا دەیخوێندەوە، زۆر جـار هـەسـتـی دەکـرد کـە ئـەو خـۆی بـەشێکـی لـەو شیـعـرانـە نـووسیـوە.. ناوەڕاستی کتێبەکەی کردەوە، بەڕێکەوت شیعرێکی گوینتەر گراس بوو:

من بە ناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە
بەبەغایەکە وای گوت:
من بە ناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە

خودا بورهانە
کاهینەکە وای گوت و سواری پایسکلەکەی بوو و
بەناو بورهاندا تێپەڕی

حوبر گوناح هەڵدەگرێ
دادوەرەکە وای گوت و
ئیمزای کرد

سەرم دێشێ
من وام گوت
پێڵاوەکانم داکەند

ئاورەنگ بە تەواوی هەڵوەستەی لەسەر کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە کرد، «من بەناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە.. بەبەغایەکە وای گوت: من بەناخۆشحاڵییەوە خۆم دووبارە دەکەمەوە..»

لە دڵەوە گوتی: ئەو بەبەغایە گەردوونە کە خۆی بە ناخۆشحاڵییەوە دووبارە دەکاتەوە، گەردوون شێوەیەکی بازنەیی هەیە، ئەو لە پێناوی گۆڕان جوولە ناکا، بەڵکو گەمەی خۆ دووبارە کردنەوە ئەنجام دەدا.. ئەو بەبەغایە منم کە خۆم بە ناخۆشحاڵییەوە دووبارە دەکەمەوە..

بیری کردەوە کە ئەویش ئەورۆ ئەو گەمەیەی خول خواردنەوە سازدەکا، بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی خۆی دەڕوا، هەمدیس لە دڵەوە گوتی: هەموو ڕۆژەکان کۆپی کراوی ئەوی ترن!

ڕەنگە سروشت یا خودا ئاوای داڕشتبێ، کە پێویستە ئێمە تامی بەدبەختی و گریان و ناخۆشییەکان بکەین، تاکو بەهای بەختەوەری و پێکەنین و خۆشییەکان بزانین..

ئاورەنگ دیسان هەستی کرد کە پێ دەچێ ئەورۆ نەختێ جیاتر بێ لە ڕۆژانی تر، هەر نا بە ئومێد و تێهزرین لەو فریشتەیە کات دەگوزەرێنێ.. لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئومێد لە ژیاندا" وەکو ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش وایە لە ڕۆمانێکدا، کە هەمیشە وات لێ بکا دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگریت.

بێ گومان دەبێ تەواوی ڕۆژ ئەو لێکچوونە بەراورد بکەم کە لە نێوانی ئاڤژەن و ئەو کچەی تەنیشتمدایە، ئایە ئەوە ئاڤژەنە کە لە تەنیشتم ڕۆنیشتووە؟ ئایە سەرلەنوێ لە دایك بۆتەوە؟

ئاورەنگ جارێکی دی لەو کچەی تەنیشتی ڕوانییەوە و لە دڵەوە گوتی: گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە و گەیشتن بە تۆ، ڕەنگە دەروازەی دنیایێکی تەواو جیام بۆ ئاوەڵا بکا.

پەنجەی گەورەی دەستی چەپەی تەڕ کردو ئەو لاپەڕەی هەڵدایەوە،

شیعرێکی ئێریش فرید بوو:

وەفا

واتە:

پەیمانێکی شکاو

تاوانێکی بە پەیمانە.

بەڵام ناکرێ

پەیمانێکی نەشکاو

ببێتە

تاوانێکی بێ پەیمان.

ئاورەنگ، ئاڤژەنی بیرکەوتەوە، چیرۆکەکەی هاتەوە یاد و تابلۆی خۆرەکەی بیرکەوتەوە کە بێ پرس ئاوا دەبێ، نامەکەی خۆی کاتێ پەیمانی خۆشەویستییێکی تاهەتایی پێدا بوو، خەرەندەکەی کەوتەوە یاد، لە فریشتەکەی تەك خۆی ڕوانی و لە دڵەوە گوتی: ڕەنگە ڕۆژێ دابێ منیش ببم بە پەیمانێکی شکاو و تاوانێکی بە پەیمان.. ئای خودا چەند حەز دەکەم بێت و لەناو مندا خۆی عاری بکا، بۆ ئەوەی لە هەموو پەنهان و نهێنییەکان تێ بگەم.

چل دەقیقەی ڕێگا بڕایەوە، ئاورەنگ هەر خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە بوو، کەسیان تەنانەت یەك وشەشیان لەگەڵ یەکتر نەگۆڕییەوە، ئەو بابەتە جێگای سەرنجی بوو، جارێکیان "ئاویار" ی برادەری پێی گوتبوو: سروشتی ڕۆحی کرێکار ئاوایە، لە کاتی چوون بۆ سەر کار هەمیشە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدایە، هەمیشە وەکو ئەوەی (تا)ی گرتبێ لە ناوە خۆیدا وڕێنە دەکا، وەکو ئەوەی شێرپەنجەی گرتبێ هەمیشە لە ترس و گوماندا هەڵدەکا، وەکو ئەوەی بووبێتە ئامێرێکی

ئاسنین هەمیشە خۆی دووبارە و ملیۆن بارە دەکاتەوە، بیر لە بە خۆڕایی تێپەڕینی زەمەن و تەمەن دەکاتەوە، من لێرەدا بە تایبەتی ئەو کرێکارانەم مەبەستە کە توانستی بیرکردنەوەیان هەیە.

ئاوڕەنگ بەدەم ڕێگاوە خۆی بە بۆن و بەرامەی قژی ئەو کوکوختیەی تەنیشتی مەست کردبوو، کە نەشیدەزانی بۆنی ئاگرە، یا بۆنی ئومێدێکی کاتی کە لە چرکەساتێکدا تەسلیمی دەستی بێ ئومێدی دەبێ؟ گوێی بۆ تریپە تریپی دڵۆپەکانی باران ڕادێرا بوو، بۆ هەمیشەیش شیعرەکان مەستتریان دەکرد.. لەو کاتەدا بیری بۆ شکاندنی پەیمان چوو لەگەڵ ئاڤژەن و لە دڵەوە گوتی: بەڵام خۆشەویستی یەکەم لە ژیاندا وەکو ئەو پارچە خاکە وایە کە مرۆڤ تێیدا لە دایك دەبێ.

تاو نا تاوێ بە تیغی چاوانی لە کچەکەی تەنیشتی دەڕوانی و بە پەڕەسێلکەکەی نێو گیانی خۆی دەگوت: -با- ی مەراق خەریکە ساباتی سەبرم وێران دەکا.. تەماشا من چەند مەستم بە ڕەنگی چاو و عەتری پرچی؟ بەڵام نازانم بۆنی ئاگرە یا ڕەنگی هەتاو؟ یاخود تامی ئومێدێکە کە هەرگیز زمانم ناتوانێ چێژی لێ بکا؟

چل دەقەی ڕێگا بە بێ دەنگی بڕایەوە، لەبەردەم کارگەی ئۆتۆ دابەزین وەکو ئەوەی فەرز بێ، بەڕیز چوون یەکا و یەك قاوەیان لە ئەوتۆماتیکەکە دەرهێنا و هەر کەس و بە کزی و مەلوولی بەرەو شوێنی دیاریکراوی کارکردنیان بەڕێ کەوتن.

## ١٣

فریشتە سەنگین و نەرم و قەشەنگەکە دەتگوت شەراب فرۆشە کاتێ بە گلێنە کەسکەکانی لە ئاوڕەنگی دەڕوانی، تاو نا تاوێ بزەی دەکرد، خۆشی نەیدەزانی بۆچی نیگاکانی هێندە بە دوای ئاوڕەنگدا دەگەڕان..

تاوێ بە سەرسامی ڕاما و لە دڵەوە گوتی: گومانم نییە لە ناسینی ئەو

کوڕە، بەڵام وەك خەونێك دێتەوە یادم.. ئایە ئەو چڵی زەیتوونە؟ یا کراسێکی خوێنین؟ پەیامی چی بۆ هێناوم؟ کوشتنی ڕووناکی لە ڕۆحدا؟ یاخود دۆزینەوەی وشکانی لە لافاودا؟ پی دەچێ تۆ بەشێکی گرینگی بیۆگرافیای منت لا بێ، دەڵێی تۆ ڕابردوورییێکی لە مێژینەی و هاتووی چارەنووسی ئێستا و ئایندەم بۆ داڕێژی، دە ئاوڕدەوە و لێم بڕوانە بزانم تۆ کێیت و لە کوێدا تۆم بینیوە؟

وزەو هێزی زەینی خۆی لەسەر ئاوڕەنگدا چەقبەس کرد، زۆری نەخایەند کە هزر و هەستی ئاوڕەنگ، ئاوڕەنگیان ئاگادار کردەوە، لە گلێنە سەوزەکانی ئەو کچەی ڕوانی کە کۆپییێکی ئاڤژەن بوو.. تاوێ لەنێو دیالۆگێکی چاوییدا مات دامان و لە یەك کاتدا بزەیەکی سیحراویان "بەڵام پڕ لە پەژارە و مەراقی لێکدووری" بۆ یەك کردن.. کە دەکرێ ئێرە بکەین بە سەرەتای ئەو چیرۆکە..

بە فەرمانێك کە لە نائاگایییەوە دێ، تیشکی گلێنەکانیان لەسەر گلێنەکانی یەکتریدا لاداو هەر یەکەیان لە ئاڕاستەیەکی جیاتری ڕوانی... ئاوڕەنگ ئاڤژەنی کەوتەوە یاد، تابلۆ تەواوبووەکەی کەوتەوە یاد، وای هەست کرد ئێرە سەرەتای کۆتاییە و دەسپێکی سەرەتاییێکە، کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد.

کچە قەشەنگەکە، بەدەم کارکردنەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: ڕەنگە تێگەیشتن لە مرۆڤی بەرامبەرت کارێکی هێندە ئەستەم و سەخت و دژوار نەبێ کاتێ کە مرۆڤ لە خۆی گەیشتبێ.

ئاوڕەنگ بیری لە ئاوابوونی خۆرەکە دەکردەوە، پشیلە ڕەشەکەی هاتەوە یاد، ئاڤژەنی هاتەوە یاد، ئاڤژەنی کەوتەوە یاد کاتێ لە خەرەندەکە هاوار دەکا و بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە، ئاوڕەنگ پێی وابوو هەردەبێ ڕۆژێ بێ ببێتە تاوانێکی بە پەیمان و پەیمانێکی شکاو، لە دڵەوە گوتی: ناوەڕۆکی

مرۆڤ ناگۆڕێ، مرۆڤ لەوەتەی هەیە و هەتا دنیا دنیاش بێ، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

کچەکە بە تیغی چاوانی لە ئاوڕەنگی ڕوانییەوە بە نەرمییەوە لە دڵەوە گوتی: خۆشەویستی وەکو –با– وایە کەس نازانێ بۆچی هەڵدەکا؟ بەرەو کوێ دەڕوا و لە کوێ دادەمرکێتەوە؟

ئاوڕەنگ لە کچەکەی ڕوانی و بە بزەیێکەوە بە ژنە یۆنانییەکەی هاوکاری گوت: ڕەنگە هەموو شتەکانی کە لە دنیادا ڕوو دەدەن بە هۆکارەوە پەیوەست بن، بەڵام پرسیاری ئاوەڵا لێرەدا ئەوەیە هۆکارەکان بە چییەوە پەیوەستن؟ بۆچی هۆکارەکان دروست دەبن؟ چ شتێ دروست دەبن؟ چ شتێ هەیە حوکم دەکا، هۆکار لە پێناوی ئاکام بخولقێ؟

ژنە یۆنانییەکە کە سۆزێکی ئاگرین و دایکانە لە ڕۆحیدا هەڵگیرسا بوو، لە ئاوڕەنگی ڕوانی گوتی: چارەنووس کوڕم چارەنووس.

## ١٤

– چارەنووس چییە؟ باوەڕهێنان چییە؟ ئاوڕەنگ ئەو پرسیارانەی لە خۆی کرد..

هەندێ دەڵێن خۆ لە خۆ شێواندنە، هەستکردنە بە بێ دەسەڵاتی، بێ ئومێدییە، نەتوانینی خەباتکردنە لە پێناوی بەدەستهێنانی خەونەکان، خورافیاتە، بێ عەقڵیە، جاڕدان و بانگەشتەکردنی دۆڕانە، تەسلیم بوونە.. تاد، بەڵام نا، من پێم وایە چارەنووس و باوەڕکردن بە چارەنووس بڕیارێکە لەسەرووی شوێن زەمەنەوە دەردەچێ و بۆ مرۆڤی بێ دەسەڵات نییە و ناشتوانێ ڕەتی بکاتەوە، ئەگەر وا نییە بۆچی ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە بژین کە دەمانەوێ؟ هەموو زەمین تەی بکە و بەراوردی مرۆڤەکان بکە، ڕێژەی ئەو مرۆڤانە چەندە کە چۆنیان دەوێ وا بژین بەو شێوەیە

دەژین؟ ڕێژەیەکی زۆر زۆر بچووکی مرۆڤی بەختەوەر هەیە لەو سەر زەمینەدا، کە ئەوانیش چارەنووس پێی داون نەك خۆیان دروستیان کردبێ، چونکە بەختەوەری مرۆڤ و ژیانێکی خۆش هیچ پەیوەندییێکی بە عەقڵەوە نییە، لە دەرەوەی گەمەی دۆزینەوەی بەختەوەریدایە، تۆ کاتێ ئەو ڕستانەی من دەخوێنیتەوە لە خۆت بپرسە، ئایە من بەختەوەرم لەو تەمەنە؟ بێ گومان پێ ناچێ بەختەوەر بیت لەبەر هەزاران هۆکار، پێش هەموو هۆکارەکان ئەو نادادوەرییەیە کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی داگیرکردووە، (ئێستا) وەکو زەمەن لەناو ئێمەدا دەژیێ، ئێمەش لە ئێستادا هەموو کارەساتەکان دەبینین کە لە دنیادا ڕوو دەدەن، گومانم نییە کە لە داهاتووشدا باشتر نابێ لەوی ئێستا، بۆیە من باوەڕم بەوە هەیە دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە دێتە سەر ڕێگامان.

لەبەر چی بوو کە کەسەکان هەمیشە شوێنێکی گرینگی دڵی خۆیان دەدایە ئاوڕەنگ؟ لەبەر ئەوە بوو کە لە یەکەمین چرکەساتدا کەسەکانی بەرامبەری هەستیان بەوە دەکرد کە ئاوڕەنگ لە ناوەرۆکی حەقیقەتەکان نزیك دەکەوێتەوە؟ یا لەبەر ئەوە بوو کە باوەڕی بە ئازادی باوەڕەکان بوو؟ یا وەکو لەگەڵ باوەڕی ئەویشدا یەکانگیر نەبووایە.. یاخود هەر کەسێ کە دەیدی دەیزانی (جوانیی) خۆشدەوێ و خۆشی بەشێکی لە جوانی دەرەوە و جوانییەکانی ناوەوە بەرکەوتبوو؟

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرینگ نەبێ لە لایێك و لە لایێکی تریش بمانگەیەنێتە بنبەست..!

جارێ ئاویاری برادەری پێی گوتبوو: تۆ زۆر بە قووڵی هەست بە ئازاری مرۆڤەکان و تێپەڕینی زەمەن و پیر بوون و لەناوچوونی مرۆڤ و شەڕ و ئاشتی و خۆشەویستی دەکەی، بۆیە دڵت بۆتە کانییێکی سازگار لە بیانی وجووددا، بۆ هەموو کەسێ، هەموو کاروانچییێك ڕێگا ئاوەڵایە کە لێی بخواتەوە.

لە شەوێکی هاویندا کە ئاویار و ئاوڕەنگ بەتەنیا لە شەقامێکی چۆڵدا پیاسەیان دەکرد، ئاوڕەنگ بەدەم تەماشاکردنی ئەستێرەکانەوە گوتی: تەنیا میهرەبانی و خۆشەویستییە کە مرۆڤ لە بەختەوەری نزیك دەکاتەوە، مەبەستم لە بەختەوەری ئەو گۆڕانییە تەمەن کورتەیە کە دێت و دەبێتە ڕابردوو.. چونکە بەختەوەری ئەزەلی و بەدبەختی ئەزەلی دوو وشەن بوونیان نییە! لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتەی کە من ڕووخۆشی و میهرەبانی و عەشق و بەخشندەیی بەرامبەر کەسانی دی دەنوێنم، مانای ئەوە نییە کە ئەوە وێنەی ڕاستەقینەی خۆمە، بەڵکو وێنەی ڕاستەقینەی من ئەوەیە کە لە ناوەخۆمدا هەمە، من تەنیا لە ناوەخۆمدا و تەنیا لەگەڵ خۆمدا دەگەمە نزیك کەنارەکانی بەختەوەری.

ئاوڕەنگ بەردەوام بوو، بەڵام ئەو جارەیان بە دەنگێکی بەرز و هاوارەوە پرسی: ئاویاری برام، دەتوانی پێم بڵێی بۆچی من هێندە نامۆ و گۆشەگیرم لە ناخی خۆمدا؟

ئاویار گوتی: کێشەی گەورەی مرۆڤەکان کێشە ناوەکییەکانە، نەك دەرەکییەکان، مرۆڤ کاتێ لە ناوەخۆیدا گەیشتە ڕاستییێك کە "مرۆڤەکان کاتین" و هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەن و بەشداری تێدا دەکەین تەنیا لە گەمەیەك دەچێ و چیتر نا، ئیدی مرۆڤەکان بەرەو ڕەشبینییێکی هێندە تاریك دەچن کە بەهیچ شێوەیەك ڕووناکی نێو شتە دەرەکییەکان ناتوانێ ڕۆشەنی بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕەنگ زوو زوو ئاوێتەی مرۆڤەکان دەبوو، لەگەڵ کەسەکاندا هارمۆنییەت و تێکەڵییێکی عەشق ئامێزی دەخولقاند.. جارێکیان ڕۆمان نووسێك پێی گوتبوو: برای ئازیزم، ئاوڕەنگی خۆشەویست، تۆ ڕۆشنایی و تیشکی میهرەبانییەکانی خوداوەندت تێدایە، هەوڵدە ئەو ئەفسوون و سیحر و بەهرەیە بپارێزە.. لە ماوەی کارکردنی لە

کارگەی ئۆتۆدا، لەگەڵ قەیرەژنێکی نەختێ ورگنی کورتە باڵای پرچ کایی ببووە دۆستی نزیك، بە گۆڵفەکەی ئەو هاتوچوونی سەر کاری دەکرد، ئەو قەیرە ژنە ناوی "کریستینا" بوو، بێ گومان بە بێ هۆ نەبوو کە ئاوا عاشقی یەکتری ببوون، زۆربەی کاتەکان باسی فەیلەسووفە گریکەکانیان دەکرد و زیاتریش هەڵوەستەیان لەسەر ئەپیکۆر دەکرد و، زۆر جاریش لە ڕۆمانەکانی نیکۆس کازانتزاکیس دەدوان بەتایبەتی لە ڕۆمانی "زۆربا" چونکە لای هەردووکیان خولقاندنی کەسایەتی زۆربا بەو هەموو نامەئلوفییەتەوە گەورەترین کارێکی ئێستەتیکییە کە کازانتزاکیس هێناویەتە ئافەریدە..

گەر ڕۆژێ ئاوڕەنگ نەهاتبایە کار، بۆ ڕۆژی دواتر ئەو قەیرەیە چەند ماچێکی توند توندی لێ دەکرد و دەیگوت: ئەو دنیایە بە شێوەیەکی نارێك و پێك خولقاوە! بۆچی نەدەبوو تۆ کوڕی من بووایت؟

کریستینا کە ئاوڕەنگی دیت دەیەوێ بە وزە و هێزی زەمینی، سەرنجی ئەو کچە ڕەشپۆش و چاو سەوزەی بۆ لای خۆی بەکێش بکا، گوتی: کوڕە خۆشەویستەکەی خۆم، لە یەکەمین دیداری تۆوە زانیم کە تۆ خەڵکی جیهانی باڵایت، هەموو ئەو مرۆڤانەیش کە زادەی جیهانی باڵا و ڕۆحی گەردوونن، عاشق و شێتی جوانین.. ئەوان کاتێ جوانی دەبینن عەقڵی خۆیان لە دەست دەدەن، ئیدی نە عەقڵ و نە سنوور و نە عورف و نە شەرم و هیچیتر بوونی نامێنێ، لەوە دەچێ جوانی ئەو کچە ڕووسەش عەقڵی تۆی ڕفاندبێ، من دەزانم تۆ لە بەرامبەر جوانییدا پیاوێکی بێ عەقڵی، هەموو شتەکان دەدەیتە دەستی دڵ و ڕۆحت.. تۆ شێتی لە بەرامبەر جوانیدا، هۆشت لە دەست دەدەیت و سەرخۆش دەبیت، چونکە هەمیشە بە دڵ و سۆز و هەست خۆشەویستی دەکەی نەك بە عەقڵ!

ئاوڕەنگ ئاخێکی پڕ بە سییەکانی هەڵکێشا و لەگەڵ ئەوەشدا بێ دەنگ نەبوو، گوتی: هاوڵاتی بوون لە ناو ڕۆحی گەردوون و جیهانی خوداوەندی

فۆرمی هەیە، فۆرمێکی خۆڕسك، زگماکە، ئەوەی هاولاتی ماڵی خودا نەبێ و تیشکی میهرەبانییەکانی ڕۆحی ئەوی بەرنەکەوتبێ، هەرگیز ناتوانێ بە دڵ عاشقی جوانیێکی پڕ لە سەفا بێ.. من باوەڕم وایە ئەو کچە نێردراوێکی جیهانی خوداوەند و ڕۆحی گەردوون بێ، ڕەنگە بۆ ئەوە هاتبێ فێری ئەوەم بکا بە دوای دۆزینەوەی خۆمدا بگەڕێم لەسەر زەمیندا..

کریستینا دەیزانی قسەکانی ئاوڕەنگ لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە بە بزەیەکەوە گوتی: گیانی من، کوڕە خۆشەویستەکەی خۆم، گەر حەز بکەیت من دەتوانم ببم بە کۆترێك و نامە سەفادۆستەکەی تۆ بگەیەنمە دڵی ئەو فریشتەیە؟

ئاوڕەنگ گوتی: من باوەڕم وایە دڵی ئێمە ناتوانێ چارەنووس بگۆڕێ، چارەنووس دەستووری خودایە لەسەر زەمین، بۆیە با ڕێگا بدەین و بزانین چارەنووس چی بۆ تۆمار کردووین!؟

کریستینا گوتی: بێ گومان بڕیار لە دەستی چارەنووسدایە، بەلام هەمیشە ئافەریدە کردنی ئێستەتیك پەیوەندی بە پێك گەیشتنەوە هەیە، مەبەستمە بڵێم ئەو مرۆڤانەی کە تێك دەگەن، ئەو مرۆڤانەی کە دەتوانن پێك لە ڕۆحی یەکتردا هەڵدەن، ئەوان ئەو مرۆڤانەن کە دەتوانن نزیك بنەوە لە کەنارەکانی بەختەوەری.

## ١٥

ئێوارەی ڕۆژی دووەم.

کرێکارەکانی کارگەی ئۆتۆ بەڕیز کارتی تۆمار کردنی دەست هەڵگرتنیان لە کار بەهێڵە باریکەکەی نێو ئەوتۆماتیکەکەدا خشاند.. چوار کرێکارەکەی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران سواری گۆڵفەکە بوون و بە ڕێکەوتن.

هەور و باران وەكو بەیانی هێندە بە چڕی و هێندە بەخەستی ئاسمانیان داگیر نەكردبوو، پەڵە پەڵە هەوری سپی و پاك ئێرە و ئەوێی ئاسمانیان نەخشاند بوو، ئاسمان هەر لە تابلۆیێك دەچوو كە خودا بۆ تەئەمولات دروستی كردبێ.. تاو نا تاوێ تیشكی خۆر بە تیژی پەلاماری ئەو خانووە قرمیت قاوەیی و سوور و نارنجییانەی دەدا، تابلۆ گەورەكەی سروشت هێندەی تر جوانی دەبەخشی.

ئاوڕەنگ بەدەم هەڵمژینی بۆن و بەرامەی قژی فریشتەكەی تەنیشتی كە نەیدەزانی بۆنی ئاگرە یا بۆنی هەتاو، یاخود بۆنی ئومێدێكە لە خەونی برووسكە ئاسا؟ ئاڤژەنی بیر كەوتەوە، چیرۆكە تەواوبووەكەی هاتەوە یاد و تابلۆ كامڵبووەكەی كەوتەوە یاد و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگەر مەزنترین بەختەوەری گۆڕینی فرمێسكی كەسانی تر بێ بۆ بزە و خەندە و قاقا، ئەوا من هەمیشە بەدبەختم، چونكە نەمتوانی ئاوابوونی خۆرەكە بوەستێنم! نەمتوانی ڕەنگەكانی نێو تابلۆكە بگۆڕم كە گۆڕینی بە من سپێردرا بوو! ئایە من دەمتوانی چارەنووسی چیرۆك و تابلۆیێ بگۆڕم كە گۆڕین و نەگۆڕینی بە من سپێردرا بوو؟ ئەنجامی دەم؟ من لە دنیایێ بووم كە تێیدا هەستەكان و عەقڵەكانیشمان ئاوێتەی بكردبووایە، هێشتا ئارەزوویێكی پڕ لە نەزانین تەوژمی دەهێنا و بەسەرماندا زاڵ نەبوو.

ئاوڕەنگ تاو نا تاوێ بە ڕامان و ڕوانینێكی قووڵەوە لە كچەكەی تەنیشتی دەڕوانی، بیری لە نەهامەتی و وەیشوومە و قەیران و خەم و خەون و خەفەتەكانی ناوەوەی خۆی دەكردەوە و پێی وابوو ئازارەكانی ڕۆح ئەگەر پڕ ژانتر نەبن لە ئازارەكانی جەستە ئەوا بێ گومان هاوئاستن.. لە ناخەوە بۆ ئەو چركەساتە فرمێسكی هەڵوەراند كە ئەوی تێدا لە دایك بووە و بە ڕۆژێكی شوومی لە قەڵەم دەدا..

لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگەر بە هەموو بڕیارەكانی چارەنووسیش ڕازیبم،

ئەوا هەرگیز ناتوانم بەو قەدەرە باوەڕ بێنم کە من بۆ کرێکاری خولقابم.. نەخێر من هەرگیز بۆ ئەوە دەستە و ئەژنۆ و بێ دەنگ نابم کە تەمەنی کورتی خۆم، "ئەو تەمەنەی کە کەس نازانێ وەهمە یاخود شتێکی سەیرتر" بدەمە دەستی ئامێرە ئاسنینەکان و ڕۆح لە نێو بۆتەیەکدا هەڵکێشم کە تەنیا خەم و ژان و ئازارە ناکۆتاکان بەرهەم دەهێنێ، نەخێر هەرگیز ناشێ و نابێ بەو قەدەرە ڕازی بم کە تا ئەبەد مرۆڤێکی ئاسنین بم و نائومێد و مەرگ بچێژم.

جارێك ئاویاری برادەری لە بەردەم دەروازەی دیسکۆتێکەکە پێی گوتبوو: نابێ مرۆڤەکان ڕێگا بەخۆیان بدەن بیر لە گۆڕینی چارەنووسە باشەکانیان بکەنەوە، پێم وانییە کەسێکیش هەبێ بیری لێ بکاتەوە، بەڵام "باشە" وەکو وشەیەك هەمیشە لە گۆڕاندایە، لە منەوە بۆ تۆ، لە تۆوە بۆ یەکێکی تر، هەمیشە گۆڕدراوە و پێناسەی جیا جیای بۆ دەکرێ، ئێستا لە خۆت بڕوانە، دەزانی خودا تۆی وا دروست کردیە کە عاشقی جوانی بیت، جوانی ژن، جوانی مرۆڤەکان، جوانی بەردەکان، جوانی ئاو، جوانی ئەو کاتەی کە خۆر هەڵدێ، جوانی ئەو درەختانەی کە گۆرانی بۆ سروشت دەڵێن، جوانی هەموو جوانییەکانی بەبێ جیاوازی، بیر لەوە مەکەرەوە کە تەنیا جوانییەکانی تابلۆ تەواوبووەکە و چیرۆکە کۆتایی هاتووەکە جوانی ڕەهان و ئیدی پێویست نەبێ چێژ لە جوانییەکانی تر بکەیت، بۆیە هەوڵدانت بۆ گۆڕینی چارەنووسی نووسراوت کە دەبێ لەززەت لە هەموو جوانییەکان بکەیت کارەساتێکە و تووشی هەردوو جۆر لە ژانت دەکا، ژانی ڕۆح و ژانی جەستە! بیرکردنەوەت لەوەی کە نابێ تاسەر هەر کرێکار بیت لۆژیکە، لێرەوە ڕۆڵی عەقڵ دەست پێ دەکا، هەوڵدانت بۆ گۆڕینی چارەنووسی خراپ دەبێ لە دەستی خۆت دابێ، بۆیە من پێم وایە کە چارەنووس و گۆڕینی چارەنووسی نووسراوی مرۆڤەکان لە دەستی خودی مرۆڤەکاندایە، نەك هێزێك لەودیو ئیرادە و هێزی مرۆڤەکان.

ئاوڕەنگ هەر لەو دیمانانەی دەڕوانی کە بە خێرایی بەبەر چاوەکانیدا تێپەڕ دەبوون، ژیانی خۆی هاتە بەر چاو کە ئاوا تێپەڕ دەبێ، لە دڵەوە کەوتە قسەکردن و گوتی: ئاوی سوێر و شیرین بە تەکیەکدا تێپەڕ دەبن و تێکەڵ نابن.. من و کرێکاریش ئاواین.

– دوو هێڵی تەریب بە تەك یەکدا دەڕۆن و لەگەڵ یەکتری تێکەڵ نابن، من و ژیانیش ئاواین.

– بۆچی ناتوانم وەکو باڵندەیەك، وەکو کوکوختیێك، لە هەموو شوێنێکدا با کاتێکی کورتیش بێ هێلانەیەك چێ بکەم؟

– ترسێنەرترین و ئەرژەنگترین حاڵەتێك لای مرۆڤەکان لەو گەردوونەدا ئەوەیە نەتوانن هارمۆنیەتێك لەگەڵ ئەو کارە درووستکەن کە دەیکەن جا لەبەر هەر هۆیێك بێ.

– ئەگەر نەتوانم چێژ لە کارەکانمان وەرگرین، هەمیشە ڕووبەڕووی ئازار و ژان دەبینەوە.

دەبێ چیم بەسەر هاتبێ؟ خۆ ناتوانم چێژ لە جوانییەکانی جوانیش وەرگرم، ئایە نەگونجان لەگەڵ کاردا تا ئەو ئاستە کاریگەرە؟

لەوەتەی تابلۆکەم بە تەواوبوویی دیت، لەوەتەی چیرۆکەکە کۆتایی پێ هاتووە و بە زۆر لە نێو ئەو درەختەیان ئاخنیوم، هەمیشە لە بڕانەوەیەکی بەردەوام دام.

ئاوڕەنگ شەوێکی تاریکی بیرکەوتەوە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەیدا وەستا بوو، ئەو کاتە پیاوێکی بەساڵاچووی قەمبووری لێ هاتە پێش، فانۆسێکی بە دەستەوە بوو، بێ ئەوەی لە ئاوڕەنگ بڕوانێ گوتی: نەك هەر بەتەنیا مرۆڤی میهرەبان و عاشق، بەڵکو هەموو ئەو ڕاشیونالیزانەیش کە هەندێ ڕۆحیان تێدایە، بەدڵەوە لەززەت لە جوانی دەکەن، لە سەرووی ئەوانیش شتێك هەیە پێی دەڵێن: ″خوداوەند″ ئەویش لە بەرامبەر جوانیدا

سەری سورِ دەمێنێ.. کورِی خۆم تۆ بەشێکت لەوە بەرکەوتووە، هەمیش ئاسمان لێت دەروانێ، دەبێ ئەوە بزانی کە بەهرەکان دابەشکراون، هەر کەسەو بەشی خۆی بەردەکەوێ، تۆ دەبێ زیاتر وردبیتەوە، کاری تۆ لەو ژیانە بە تەنیا بەخشینی جوانییە، پێویستە تۆ لەناو جوانیدا بژیت و لەناو جوانیشدا بمریت، ئەگەر چی لە کۆتاییدا جوانیش موڵکی کەس نییە.. چونکە رِۆژێ دادێ گوڵەکان پیر دەبن، سیماکان دەژاکێن، مامزەکان لە بازرەقە و راکردن دەکەون، شەقامەکان کۆتاییان پێ دێ و ئێمەیش بە سەرسورِماوییەوە بەرەو خاڵێکی زانراو هەنگاو دەنێین.. جوانیش ئەبەدی نییە، چونکە رِۆژێ دادێ ئەگەر بمێنین و نەمرین ناوێرین لە تابلۆی راستەقینەی خۆمان بروانین، لە کۆتاییەکاندا ئێمە دەبینە دنیایێ ئەتۆمی بچووك و بە گەردووندا پەرش و پەخشان و بڵاو دەبینەوە.

پیرەمێردەکە ئەو قسانەی خۆی کرد و ون بوو، ئێستاش ئاورِەنگ نەیزانی کێیە و بۆچی دەیەوێ ئەو قسانەی بۆ بکا..

ئاورِەنگ دەرەزێکی خستە فەزا و زەمینی بیرکردنەوە و بیرەوەرییەکانی، نیگاکانی لەسەر کەڤاڵە سروشتییەکە لاداو ئاراستەی گلێنەکانی وەرگێرِایە سەر ئەو جانتایەی کە بتڵێکی ڤالای فانتا و سەندەویجێکی نیوە خوراو و دوو کتێبی تێدا بوو.. هەڵبژاردە شیعرییەکەی دایناوە نێو جەنتاکە و ئەو کتێبەشی دەرهێنا کە رِۆمانێکی تەرجەمەکراوی (ریچارد باخ) بوو بۆ سەر زمانی کوردی و کەوتە خوێندنەوەی ئەو پەرِەگرافە «ناگەمە مراد، من نەورەسێکم و هیچی دی، سرووشتم توانامی دیاری کردووە، گەر قەرار بووایە فێری فرِینی زیاتر بوومایە، دەبووایە مێشکم بە جۆرێکی هۆشیارانەتر بخولقابووایە، گەر پێویستم بە تیژ فرِین بووایە دەبووایە باڵەکانم وەکو باڵی باز کورت بوونایە و شکارچی مشکان بوومایە نەك هی ماسی..» لە پرِ دەنگێکی مۆسیقی نەرم کە هیچ ئینسترومێنتێك لە هەموو شوێن زەمەنەکاندا نەیتوانیوە و ناشتوانێ

لاسایی بکاتەوە، ئاورەنگی لە خوێندنەوە داپچڕاند: بەڕێزت چۆن دەتوانی ئەو هەموو هێڵە تێکەڵ و پێکەڵانە بخوێنیتەوە کە لەبەر چاوانی مندا هەر لە زەخرەفە و گەمەیەکی هێڵکاری دەچن، ئایا هیچ واتایەك هەیە لە پشت ئەو شکلانەدا؟ ئایە ئەوەیان نووسینی عەرەبییە؟

ئاورەنگ بێ ئەوەی بواری بیر کردنەوە بە خۆی بدا، گوتی: نەخێر کوردییە.

– باسی چی دەکا؟

ئاورەنگ تاوێ بیری کردەوە و گوتی: ڕۆمانێکی "پاولۆ کۆیلۆیە" یە، باس لە کوڕ و کچێك دەکا، دەیانەوێ بە یەك بگەن، چونکە وا هەست دەکەن لەمێژە یەکتر دەناسن، بەڵام لەبەر هەندێ ڕێسای سەر عەرد کە پەیوەستە بە باری دەروونی و شەرم و ...هتد پەیام و پەیمانی چارەنووس و خودا دەشکێنن و هێشتا بە یەك نەگەیشتوون، جارێ لە نیوەی ڕۆمانەکەم، نازانم دواتر چی بەسەر دێ..

کچەکە چەند جارێك برژانگە ڕەش و درێژەکانی لەسەر گلێنە کەسکەکانی لێکدا و بە نەرمییەوە بزەیەکی کرد، دەیزانی کە هەر پیاوێك بەرامبەر ئەو دوو حەرەکەیە هەراسان و عاشق دەکا.. لەو چرکەیەدا هاتەوە بیری کە هەموو جارێك دایکی پێی دەگوت: بڕوا ناکەم هیچ چاو و برژانگێکی ئاوا جوان لە مێژوودا هەبووبێ و لە ئایندەشدا دروست بێتەوە، بەڵام داخم بۆ ئەو ڕۆژەی کە کز دەبن و لە کۆتاییدا ڕەنگە توانای بینینیشیان نەمێنێ.

ئاورەنگ برژانگ و چاوەکانی ئاڤژەنی هاتەوە یاد کە هەمان چاو و برژانگ بوون، لە دڵەوە گوتی: من باوەڕم نەبوو کە ئاڤژەنێکی تریش هەبێ لەو گەردوونە.

کچەکە هەمیش بۆ جاری چەندەم بە ئانقەست برژانگە ڕەش و

درێژەکانی بەسەر گلێنە سەوزەکانی دادایەوە و دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتی: پاولۆ کۆیلۆ..؟ زەردە خەنەیەکی کرد و، نا.. نا..، باوەڕ ناکەم، چونکە من ئاشقێکی ئەوم، هەموو بەرهەمەکانی ئەوم خوێندۆتەوە.. لە گلێنەکانی ئاوڕەنگ ورد بۆوە، زەردەخەنەیەکی قووڵ لە ناخیدا چرۆی کرد و لە فێڵی ئەهریمەنانەی ئاوڕەنگ تێ گەیشت، بە چاوەکانی هەندێ سەیری کرد و بەردەوام بوو: بەڕێزت دەمێکە لێرە دەژی؟ دەڵێی تۆم لە شوێنێك بینیوە؟

ئاوڕەنگ: بەڵێ.. بەدوای تۆدا هاتووم، ئەی بەڕێزت چەندێکە لێرەی؟

– چەند مانگێك دەبێ.

– ئەی چۆنە بە زمانێکی ئاوا باش قسە دەکەی؟

زمانم باش نییە، ئەوەش کە دەیزانم لە قوتابخانەدا فێری بووم لە ڕووسیا، لێرەش هەر خەریکی خوێندنم و بۆ خوێندن هاتووم.

ئاوڕەنگ بە بێ باکییەکی ئێستەتیکی و بە تیغی چاوانی لە کچەکەی ڕوانی و گوتی: چی دەخوێنی؟

کچەکە بە خۆشحاڵییەکی زیاتر لە جاران: زانستە سیاسییەکان.

ئاوڕەنگ نەختێ برۆکانی بۆ یەك هێنایەوە و بە شیرینییێکەوە پرسی: یەکەمین زمێزتەرتە؟

کچەکە: نەخێر.. خەریکی نووسینی تێزی دکتۆرام لە بارەی "ڕۆڵی ژن لە سەنتەری بڕیار، لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا".

ئاوڕەنگ بە سەرسوڕمانییەوە فیکاندی، فیکەیەکی درێژ درێژ و بە دەنگێکی بەرز.. کچەکە شەرمێکی ڕۆژهەڵاتییانەی کەوتە سەر ڕوخساری و چەند جارێکی دی برژانگە ڕەشەکانی بەسەر گلێنە کەسکەکانی دادایەوە و لە دڵەوە گوتی: چەند بێ باك و سیاسییە؟؟ خودایە چەند بەرز دەنوێنێ؟ چەند بڵند دیارە؟ دەڵێی دەزانێ هەموو ژنەکانی دنیا لە بەرامبەریدا بە

بزماری دەستەمۆ بوون و بێ دەنگی لە خاچ دەدرێن.. دەتگوت دەزانێ لە بەرامبەر ئەودا هەموو ژنێك دەبێ لە پێستی درۆ و لاف و گەزاف بێتە دەر بە تەنیا ژنێکی ڕاستگۆ بمێنێتەوە موچڕك و لەززەت و خۆشی سەراپای جەستەی داگیر کردبوو، لەگەڵ خۆیدا گوتی: لە ژیانی خۆمدا کەسێکم نەدیتییە هێندە بێ باك و بوێر لەگەڵ یەکەم دیالۆگ و یەکتر ناسیندا، ئاوا پەلبەستی ڕۆحم بکا.. ئایە ئەو زنجیرە هاتووە؟ یاخود پەیامی ئاسمان؟ دەڵێی لە ئەفسانەوە هاتووە بۆ ئەوەی ئەفسانەیەکی نوێ لە زەمین بخوڵقێنێ؟

وا پێ دەچوو هێزی نەمابێ هێندە لە ناخی خۆیدا لەگەڵ خۆی بدوێ، بۆیە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: هەندێ جار مرۆڤی وا پێك دەگەن، لە زۆر شت لە یەك دەچن.

ئاوڕەنگ گوتی: باوەڕ ناکەم تۆ لە هیچ کەسێك بچی، یا هیچ کەسێك هەبێ لە تۆ بکا، لە دڵەوەش گوتی: تۆ ئاڤژەنی.. ڕۆح و جەستەی ئەوی..

هەستێکی شیرین وەکو پەلکەزێڕینەیەکی بەهاری لە ئاسمانی ڕۆحی کچە رووسە سەنگین و جوانەکە خۆی نمایش کرد.. لەگەڵ ئەوەشدا ویستی ناز بفرۆشێ و گوتی: هەست ناکەی بەڕێزت زێدەڕۆیی دەکەی لە پێدا هەڵگۆتندا؟

ئاوڕەنگ کە لە گلێنە سەوزەکانی کچەکەی دەڕوانی بە بزەیەکی بێ باکەوە گوتی: "ڕاستی" ئەو بومەلەرزەیە کە دڵم دەلەرزێنێ.. تۆیش ئەو ڕاستییەی کە دڵ و ڕۆح و هەست و عەقڵی منت لەرزاند لە یەکەم دیداردا. بۆچی پێویستە من زێدەڕۆیم لە وەسفکردنی تۆدا؟ ئا بەڕاست تەمەنت چەندە؟

کچەکە بیری کردەوە، بیر کردنەوەیەکی هێندە قووڵ کە ئاسان نییە مرۆڤ لەو جۆرە بیرکردنەوە قووڵەدا تێبگا.. لە دڵەوە گوتی: ئەگەر چی ئەو

پرسیارە بۆ دوو کەس تازە یەکتر بناسن زۆر سەیرە، بەڵام من وا هەست دەکەم لەمێژە دەیناسم، ئەی ئەو هەستە چییە کە تەوژم دەهێنێ و پێم دەڵێ: "تۆ دەیناسیت"؟ هەست دەکەم ساڵانێکە لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەودا ژیان دەگوزەرێنم.. کێ ناڵێ من و ئەو لە دەسپێکەوە بۆ یەك خوڵقاوین!؟

کچەکە نەختێ دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: ١٩٧٤/٣/٢١.

ئاوڕەنگ باوەڕی بە گوێچکەکانی خۆی نەکرد، بۆیە بە پێکەنینێکەوە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.. کچەکە نەختێ سوور هەڵگەڕا و پێکەنینەکەی ئاوڕەنگی لا ئاسایی نەبوو.. بۆیە ئاوڕەنگ هەوڵی دا زوو ئەو ڕێککەوتە نامۆیە و قسە کردن لەبارەیەوە بۆ کاتێکی تر دوا بخا و پرسی: ناوت چییە؟

– ئۆلگا..

– ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا.

لەو چرکەساتەدا پەڕەسێلکەکەی ناخی ئاوڕەنگ کەوتە هەڵفڕ هەڵفڕ و سەما و لە شەقەی باڵەکانی دا.. پەپوولەیەکی سپی دیت پێدەکەنی، گوڵێکی سووری دیت گەشایەوە، تەماشای هەموو لاکانی کرد هیچ پشیلەیەکی ڕەشی نەدیت، خۆشی نەیدەزانی بە ڕۆژێك گەیشتووە! ئایا ئەوە ئاڤژەنە کە لە تەکی ڕۆنیشتووە؟

بیری کردەوە، لە نێو گریمانە و هاوکێشەکاندا پیاسەیەکی کرد و گوتی: پێ دەچێ ژیان لە دەرفەتێك بە بوونەوەرەکان بدا..

ئاوڕەنگ هەندێکی تر بیری کردەوە و گوتی: ژیان هێندە ئاڵۆزە کە عەقڵی ساویلکەی ئێمە ناتوانێ دەرك بە هەموو لاکانی بکا، قسەی فەیلەسووفێکی بیر کەوتەوە کە دەیگوت: ئەگەر ژیان هێندە ساکار بووایە کە ئێمە لێی تێ بگەین، ئەوا ئەو کات ئێمەیش هێندە بێ عەقڵ دەبووین کە نەتوانین لێی تێ بگەین.

ئاوڕەنگ بیری لە مرۆڤ و ژیان دەکردەوە، بیری لە خۆی و ئاڤژەن و ئۆلگا و ئەو ڕێککەوتە دەکردەوە، هەر سێکیان لە ڕۆژێك و بگرە لە یەك کاتژمێر هاتوونەتە دنیاوە، ئاڤژەن و ئۆلگا کۆپی کراوی یەکترین، ئاوڕەنگ هەموو ئەو ڕێککەوتانەی لا سەیر و سەرسوڕهێنەر و نامۆ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو کە: مرۆڤ لە تۆپێك دەچێ کە بەسەر زەویدا غلۆر بکرێتەوە، واتا: مرۆڤ بوونەوەرێکی غلۆر کراوەیە، نەك غلۆرکەرەوە، بۆیە ناتوانین لە شتگەلێك تێ بگەین کە بانسرووشین..

ئاوڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد، نەیدەزانی ئایا دەبێتە پەیمانێکی شکاو یا تاوانێکی بە پەیمان، یاخود ڕووبەڕووی گەمەیەك بۆتەوە کە هەمدیس دەبێ بەشداری تێدا بکا، نەیدەزانی چی ڕووی دەدا، بۆیە هەموو هەستەکانی لە لووتیدا کۆکردەوە و کەوتە هەڵمژینی بۆن و بەرامەی پرچی ئۆلگا، بەڵام هێشتا نەیدەزانی کە بۆنی هەتاوە یاخود بۆنی ئاگر؟ بۆنی تابلۆیەکی ترە کە بەر لە دەرکەوتنی ئاوا دەبێ، یاخود بۆنی ئومێدێکە کە دەکرێ جێ بە سێبەری ڕۆحی ئاڤژەن لەق بکا کە بۆ هەمیشەیی وەکو پەڵە هەورێ بەسەر سەرییەوە بوو؟

## ١٦

چی بکەم باشە؟

من دەبێ چی بکەم؟

ئاوڕەنگ لەسەر مێزی نووسیندا دەفتەرێکی دانابوو، قەڵەمەکەی گرتە دەست و بیری کردەوە، هاتەوە یادی جارێ لە کتێبێکدا فێرببوو پێویستە مرۆڤ بنووسێ، بنوسێ، هەموو شتێ بنووسێ، بیرەوەری ڕۆژانەی، خەمەکەی ژیاننامەی، چۆنییەتی هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانی، خەون و ئومێدەکانی و .. هتد.. مرۆڤ پێویستە بنووسێ.

گرینگ نییە چی دەنووسیٚ، با باسی خۆر بکا لەوکاتەی کە ئاوا دەبیٚ، با باسی دارەبازەیەك بکا کە بتوانیٚ بۆنی وەرینی گوڵەکانی لیٚ بیٚ، با باسی شەو بکا کاتیٚ جیٚ بە ڕووناکی لەق دەکا، با باسی دڵ بکا کە بۆ دڵێکی تر لیٚ دەدا، با باسی بۆنی ڕژانی ئەستێرە بکا، با باسی خەون بکا کاتیٚ دەبێتە حەقیقەت، گرینگ ئەوەیە تا دەستت شل دەبیٚ بنووسیت.. ئاوڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد، ئۆلگای هاتەوە یاد کە هێندە لە ئاڤژەن دەچیٚ. برژانگە درێژ و ڕەشەکانی هەردووکیان لەسەر گلێنە کەسکەکانیان. سپییەتی پێستی جەستەیان، بەژنیان، بزە و جوانی هەردووکیان، بۆیە چیتر نەیتوانی خۆی ڕاگریٚ و بە نووسینی نامەیەکی تر بۆ ئاڤژەن، تا بیخاتە سەر ئەو بیۆگرافیا نامەیەی کە دەمانیٚ خەریکی نووسینی بوو..

ئاڤژەن گیان سێبەری ژیانم سڵاو:

ڕەنگە یاساکانی سروشت و بان سروشت ئاوایان دارشتبیٚ، تا ئێمە لە ژیاندا ماوین پێویستە بە بەردەوامی لەنێو سەرکەوتنێکی بیٚ پەیمان و دۆڕانێکی بە پەیمان و سەرکەوتنێکی بیٚ پەیمان و دۆڕانێکی بە پەیماندا زەمەن بەڕیٚ بکەین.. من دەمزانی نابیٚ بۆ ئەزەل هەر لەنێو ئەو دۆڕانە بەردەوامەدا بژێم، چونکە تاوانێکی هێندە گەورەم نە کردبوو تا خودا سزاییێکی ئەبەدیم بەسەردا بسەپێنیٚ.. من بە درێژایی ژیانم چاوەڕوانم دەکردی، بە درێژایی ژیان لە نێو ئەو دۆڕانە هەمیشەییە دەژیام، بەڵام هەستم دەکرد تۆ نە مردووی، بەڵکو ڕۆژیٚ دیٚ بە جۆرێکی تر خۆت دەردەخەیت ئەوەتا ئێستا تۆم دۆزیوەتەوە، ئەو سەرکەوتنە بیٚ پەیمانەم دۆزیوەتەوە کە زەمەنێکی بەقەد تەمەن درێژە چاوەڕێی دەکەم..

گیان دوێنیٚ زانیم کە تۆ گەڕایتەوە، ئەو کاتەی کە خۆت بە ناوێکی تر نیشانی من دا، ناوێکی سەیر کە هەرگیز نەمبیست بوو..

بۆڕۆدینۆڤا، ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا..

چاوەڕوانی نامەی تر بە، خۆشمدەوێی گیان، تا دیدار.

## ١٧

ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا لە کافتریایێکی پڕ لە ئەنتیك و رازاوە بە مۆبیلی کلاسیکی و لە کەشێکی نیمچە تاریك و لە ژێر درەوشانەوەی مۆمە مۆمدان شینەکان و لەگەڵ گوێگرتن لە گۆرانییەکی سلۆی ئیتالی، لە بەرامبەر «کالکان» رۆنیشتبوو.. گوێی بۆ «فاتح کالکان» شل کردبوو تا سەبارەت بە خوا و زەمین قسەی بۆ بکا.

کالکان لە ئۆلگای دەڕوانی سەری سوڕما بوو، هەندێ لە جوانی ئۆلگا وردبوۆوە و لە دڵەوە گوتی: ڕەنگە لە بنەڕەتدا تاریکی بوونی نەبێ، بەدبەختی بوونی نەبێ، بەڵام هەندێ جار کە ڕووناکی و بەختەوەری ناگەنە ئەو شوێنەی کە بەدبەختی و تاریکی تێدایە، ئەوان دەردەکەون.. ئاهـ خودایە کە بەختیارم بە دیداری ئەو گوڵە ناسکە.. کالکان نەیتوانی درێژە بە بێ دەنگی بدا، بۆیە بە زمانی پیاوێکی ڕۆژهەڵاتییانە ڕووی لە ئۆلگا کرد و کەوتە قسە کردن: بەڕێز بۆرۆدینۆڤا نزیکەی ٤٥ ساڵی تەمەنی خۆم تێ پەڕاندووە.. سی ساڵێك دەبێ لەو شارەم، تاریکیی و ڕووناکییم دیوە لە ژیانی خۆمدا، بەختەوەرییێکی کەم و بەدبەختێکی زۆر، گەلێك شتی ئەو ژیانەم تاقی کردۆتەوە، برسییەتیم چەشتووە، کرێکاریم کردووە، زانکۆم تەواو کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەوڵم دا تا بەو ڕۆژەی ئێستا گەیشتم.. چونکە هەمیشە لە ڕابردوو و ئێستاش دابڕاوم وایە و وابووە کە چارەنووسی مرۆڤ لە دەستی خودی مرۆڤ خۆیدایە.. من خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز بووم، بڕوام وابوو من دەبێ لەسەر زەمیندا کار بکەم نەك لە ئاسماندا.. بۆیە بەهەوڵی خۆم گەیشتم بەو ڕۆژەی کە ئێستا تێیدا دەژیم، ئێستا سێیەمین دەوڵەمەندی ئەو شارەم.. باوەڕ ناکەم پێویست بەناوی ئەو کەسایەتییە گەورانەی وڵات بکا کە دەیانناسم و

هاورێمن.. کاڵکان دەیویست بە جۆرێ قسە بکا دڵی ئۆلگا خۆش بکا، بەردەوام بوو: هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کە هەمە و هەموو ئەو شتانەیش کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەمبێ، هێندە بەختەوەری نەکردووم و هێندەش بەختەوەرم ناکا، وەکو ئەو ڕۆژەی کە تۆ و هاورێ کچەکەت هاتنە بیرۆکەم بۆ کڕینی پلیتی سەفەر بۆ پاریس..!

لەو چرکەیەدا هەستم کرد تۆ کەسێکی خانەدانی و شیاوی هەموو ڕێزێکی برادەرایەتی .. بە ڕاستی ڕۆژێکی خۆش بوو، بێ گومان ئەو ڕۆژە بە زێڕ لە مێژووی بیرەوەرییەکانی خۆمدا تۆمار دەکەم.. کە گەڕانەوە لە پاریس، ژمارەی تەلەفۆنەکەتم دۆزییەوە، لە بەر سەرسامی خۆم بە هێمنی و عاقڵی و ڕەوشتی بەرزت تەلەفۆنم بۆ کردی.. ئاخر نەمدەتوانی لە یادت بکەم، چونکە وام هەست دەکرد و ئێستایش وا هەست دەکەم کە بەڕێزت ئەو کۆمەڵە وشەیەیت کە بۆشایی ڕستەکانی ژیانی منت پێ پڕ دەکرێتەوە.. حەزم دەکرد لە بەر چاوم بیت، بۆیە داوام لێ کردیت کە سەرپشك و ئازاد بیت لە هەڵبژاردنی سەرپەرشتی کردنی هەریەك لەو پرۆژانە کە لە بەر دەستمن، جار جارێك دەتویست ڕازی بیت، بەڵام دواتر بڕیارت دا، نازانم چ هۆکارێ هەبوو کە بڕیار بدەیت و بچیت لە «کارگەی بە کرێدانی کرێکاران –پێرزۆنال سێرڤس–» بە ″١٢″ دۆلار لە کاتژمێرێکدا کاربکەیت، کە بێ گومان من لە کاتژمێرێکدا ″٥٠″ دۆلارم پێ دەدایت..

ئۆلگا بە نەرمییەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان خۆ تۆ ئاگاداری کە من هیچ زانیارییێکم نییە لەسەر ئەو پرۆژانەی تۆ ، چۆن ویژدانم ڕێگا دەدا و ئارام دەبێ ئەگەر بە خۆڕایی ئەو هەموو پارەیەت لێ وەرگرم؟

کاڵکان بە شانازییێکەوە کە نەختێ دڵسۆزیشی پێوە دیار بوو گوتی: ئەو بەختەوەرییەی کە تۆ دەیدەیت بە من، باوەڕ ناکەم بە هەموو سامانی دنیا بکڕدرێ.. دواتر هەوڵم دەدا فێرت بکەم.

ئۆلگا قسەی کاڵکانی بڕی و گوتی: بەڕێز کاڵکان، تۆ دەزانی کە من بە تەنیا چەند مانگێکی کەمم لێرە ماوە، کاتێ دکتۆراکە تەواو دەکەم دەرفەتی نیشتەجێبوونم لێرە پێ نادرێ، مۆڵەت و ئیقامەی یاساییم لێرە نامێنێ و ناچارم بگەڕێمەوە روسیا، ئەگەر چی حەزم لە ژیانە لێرە، بەڵام ئەوەیان یاسایە و یاساش لەسەروی ئێمەیە.. بۆیە بەم نزیکانەش ئەم کارە جێ دێڵم لە کارگەی بەکرێدانی کرێکاران.. کاڵکان تێمەکەی گۆڕی و گوتی: من پەیمانم پێداوی دایك و باوکت بۆ ماوەی مانگێك داوەتی ئێرە بکەم، کارەکانم هەندێك ئەنجامداوە، هەوڵ دەدەم لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو کارەکە تەواو بکەم.

ئۆلگا: وەکو پێشتریش لای تۆ ئاماژم پێ کرد، دایکم و باوکم خزمەتی زۆری منیان کردووە، دوو کەسی ماندوون لە ژیاندا، حەز دەکەم تا لێرەم، چەند هەفتەیەك داوەتیان بکەم و پشووی کاری ئەو ساڵەیان لێرە بگوزەرێنن.. من هیچم نییە بۆ تۆ لەوە زیاتر کە پڕ بە دڵ سوپاست بکەم و رێزیش لەو هەموو دڵسۆزییەی بەڕێزتان بگرم کە بەرامبەر بە من هەتانە.. ئەو کارانەی تۆ بەڕاستی کاری خانەدانان و مرۆڤانی مرۆڤ دۆستن..

دوا بە دوای چەند قسەیەکی تری پەراوێزی و لابەلا هەردووکیان هەستان.. فاتیح کاڵکان ڕێگای نەدا ئۆلگا پارەی مێزەکە بدا.. بە پۆرشەیەکی ڕەش ئۆلگای گەیاندەوە گەڕەکی "بەهەشتی شین" و لە بەر دەروازەی ئەو باڵاخانەیەدا کە کڵێسەی "ئێف ئەنگەلیش" بە خۆڕایی بۆ قوتابییانی بیانی دابین کردبوو ئۆلگای دانا.

## ١٨

کاتژمێر ١٢ی تەواو، لە بەرامبەر کاتژمێرێکی بازنەیی لە هۆڵی پشوودانی کارگەی ئۆتۆدا، ئاوڕەنگ و ئۆلگا و سۆنگۆل و کریستینا بە یەکەوە دانیشتبوون، ئۆلگا بە شەرمەوە خەریکی خواردنی سەندەویچەکەی

دەستی بوو، ئاوڕەنگ وەکو ئەوەی سەد ساڵ بێ جگەرەی نەکێشابێ ئاوا قومی لە جگەرەکە دەدا و دووکەڵەکەی تا ناو سییەکانی هەڵدەمژی و لەو کــوڕە و کــچــە ئــەڵــمــانــەی دەڕوانــی کــە لــەو سەر مــێزە دوور و درێژە لاکێشەییەکەدا خەریکی مژینی لێوەکانی یەکتری بوون و زمانەکانیان دەگۆڕییەوە.. لا ملی بە فرینی یەکتریان هەڵدەمژی و دەیان خواست بوقعەی خوێنین لەسەر ئەو پێستە سپییەی گەردەن و لا ملیان دروست بکەم..

سۆنگول بـە حوکمی ئـەو هـەستـە هـاوخـوێنییـەی کـە لـەگەڵ ئـاوڕەنگی هـەبوو، هـەمیشە لەگەڵ ئاوڕەنگ لە گاڵتەکردن دابوو.. چەند جارێك بە بێ وەستـان لـە ئـاوڕەنگ و ئـۆلـگـای ڕوانـی، تیشکی نیگـاکـانی خستـە سەر کریستینا و گوتی: کە لە ئاوڕەنگ و ئۆلگا ورد دەبمەوە، خودا بە یەك پێوەری جوانیی تابلۆی ئاسمانی ئەو دوو کەسەی نەخشاندووە، بەڵام وا هـەست دەکـەم ئـەوان نـایـانـەوێ بـڕیـاری ئـاسمـان جێبـەجێ بکـەن! دەی ئاوڕەنگ، برا خۆشەویستەکەم پێی بڵێ خۆشمدەوێ.

ئاوڕەنگ و ئۆلگا، بە وردی گوێیان لە قسەکانی سۆنگول بوو، لەگەڵ ئـەوەشدا نـەیـانـدەویست ئـەو چێژ و لـەززەتـەی کـە لـەو قسانـەدا وەریـان گرتبوو، بیخەنە سەر روخساریان..

کـریستـینـا گـوتـی: کوڕە هـۆشمـەند و عـاقڵ و جـوانـەکـەی من شیـاوی جوانترین کچە لەو گەردوونە.. شیاوی کەسێکە کە بتوانێ بەختەوەری بکا، کوڕەکەی خۆم شیاوی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەرییە، من هەست دەکەم ئۆلگا هـەمـان ئەو کەسەیە کە من بە شیاوی کوڕەکەی خۆمی دەزانم

سۆنگول: ئێوە بۆ ئەوە یەکترتان دۆزیوەتەوە. تاکو چیرۆکێکی عەشق ئـامێز لـەو زەمـەنـە جـەنجاڵـەدا تۆمـار بکـەن ئۆلـگـا ئـەگـەر چی پـەروەردەی وڵاتـێکـی کـراوە بـوو، بـەڵام جگـە لـە زەردەخـەنـەیـەکـی شەرمـنـانـە هـیـچ ڕستەیەکی فڕێ نەدا.. هەوڵی دا بە هێوری و وردبینییەوە گوێ بۆ قسەی هـاوکارەکانی قولاغ بکا..

لەولاتر کوڕ و کچە ئەڵمانەکە چاوەکانیان نووقاندبوو، گوێیەکانیان داخستبوو، دەرگای عەقڵ و ئاگایی و هەستیان قەپات کردبوو، شتێ کە تێیدا دەژیان لەززەت و چێژ و نەستی و مەستی بوو، خەریکی لا مل و لێو و لووت و زمان و روخساری یەکتری بوون.. ئاوڕەنگ بە بزەیەکی ساحیرانە و بە بێ باکییەوە ڕووی لە کریستینا کرد و گوتی: ڕۆژی یەکشەممە ئەسپێکی سپی و لیمۆزینێك دەهێنم. من و ئۆلگا بە ئەسپە سپییەکە و ئێوەش بە لیمۆزینەکە، تا بەر دەرگای کلێسە گەورەکەی ″شەقامی ژیان″ ناوەستین، لەوێ دەچینە لای باوکی گەورە..

ئاوڕەنگ هەستایە سەر پێ بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی و قەشەی کلێسەکە بە شێوەیەکی شانۆیی بنوێنێ و بەردەوام بوو: بەڕێز ئاوڕەنگ، تۆ ڕازیت ببیت بە هاوسەری ئەبەدی و بە وەفای خانم بۆرۆدینۆڤا ئۆلگا؟

ئاوڕەنگ دەنگە پیر و گڕەکەی خۆی گۆڕی و بە دەنگێکی ئاسایی خۆی و هەندێ ڕوخساری خۆی بە بزە و دڵخۆشییەوە داپۆشی و گوتی: بەڵێ بەڵێ، بێ گومان من ئامادەم تاهەتایە ببم بە هاوسەرێکی بە ئەمەك بۆ خاتوو ئۆلگا، بەڵێ ئامادەم ڕێگا بە پیری و ناشرینی بگرم کە روو لە ڕۆح و جەستەی جوانی بکەن.

ئاوڕەنگ خۆی خستەوە نێو ڕۆڵی باوکی گەورە و بە دەنگێکی گڕ گوتی: بەڕێز خانم ئۆلگا، ئەی تۆ ڕازیت ببیت بە هاوسەرێکی دڵسۆز و بە وەفا بۆ بەڕێز ئاوڕەنگ؟

کریستینا و سونگول بە قیژەیەکی هەرزەکارانەی تێکەڵ بە قاقاوە گوتیان: دەی ئۆلگا بڵێ بەڵێ.

ئۆلگا جگە لە بزەیەکی پڕ لە ماناو دڵخۆشیێکی مەستکەرانە کە لە ڕوخسارییەوە دەرك پێ دەکرا هیچ وشەیەکی هەڵنەدا و هیچ جوولەیەکی نەکرد.

ئـاوڕەنگ ڕووی قسەکـردنـی ئـاراسـتـەی سونـگـول کرد و گـوتـی: ڕۆژی هـەینی کەرێك و کۆنە ئوتومبێلێك دەهێنین  من و ئۆلگا بە کەرەکە و ئێوەش بە ئوتومبێلەکە دەچینە مزگەوتی تورکەکان لە ″شەقامی عەزاب″ لەویٚ بە پێی ئاین و شەریعەتی خۆمان مارەی دەکەم، چونکە دەمەویٚ بە هەموو ڕێسا و ئاین و مەزهەب و تەقسەکانی کلتوورە لێك جیا جیاکانی دنیا مارەی بکەم.

بـەو قسانـە هـەمـوویـان لـە قـاقـای پـێکـەنـیـنـیـان دا و سۆنـگـول پـرسی: یەکەمین جارە گویٚم لە ناوی شەقامێك بیٚ بە ناوی شەقامی عەزاب.. ئەڵمانەکان هەمیشە ناوی رووناك لە شەقامەکانیان دەنێن..

کریستینا: شەقامی عەزاب ڕێك ئەو شەقامەیە کە لە شەقامی ژیان جیا دەبێتەوە، پێشتر ناوێکی تری هەبوو، ناوی ″شەقامی بەختەوەری″ بوو بـەڵام کـاتـیٚ چـیرۆکـی ئـەو پـیـاوە جـەلـلادە ڕۆژهـەڵاتـیـیـە ئـاشکرا بـوو کـە ژنەکەی لە یەکیٚ لە خانووەکانی ئەو شەقامە عەزاب دەدان و سەری دەبڕین، ناوەکەی گۆڕا لە شەقامی بەختەوەری بۆ شەقامی عەزاب.

ئۆلگا بە ڕوو گەشێکەوە کە هەندیٚ غەمباریشی پێوە دیار بوو گوتی: دەبیٚ چ شتیٚ هەبیٚ لە ژیان دڵڕەقتر؟ زۆر شت هەن کە تۆ پێویستیت پێیانە بەڵام ژیان لە کاتی خۆیدا پێت نادا، بۆ هەمیشەیی ئەو شتانەت هێندە درەنگ پیٚ دەگا، کە دەبووایە زۆر زووتر پێت بگەیشتبووان، ژیان لەو مرۆڤە تەمبەڵە دەچیٚ کە هەرگیز ناتوانیٚ کاری خۆی لە کاتی دیاریکراودا جـێبـەجـیٚ بـکـا و بـۆ کـاتێکی تر هـەڵیدەگریٚ.. ئـاخ و حـەسرەت بـۆ ئـەوە هەڵدەکێشم کە زووتر ئێوەم نەناسیوە! بەڵام ئێستا، باوەڕناکەم ناسینی ئێوە جگە لە بەدبەختی هیچ بەختەوەرییێکی بە دواوە بیٚ، من وام لە کۆتایی ئەو سەفەرەم، دەبیٚ بگەڕێمەوە رووسیا، ڕەنگە تا هەتایی ئێوە نەبینمەوە و ئەو بیرەوەرییە خۆشانەیش تا سەر لەگەڵم بن و ئازارم بدەن..

ڕەنگە خەمەکانی غەریبی کردنی ئێوە ببنە سێبەری ژیانی من و تا هەتایی لەگەڵمدابن.

ڕەنگی ئاسایی روخساری ئاوڕەنگ گۆڕا و سۆنگول کاغەزێك و قەڵەمێکی دەرهێنا و ژمارەی مۆبایلی خۆی و ئۆلگای گۆڕییەوە.. پشوو کۆتایی هات و هەر کەسەو چوونە شوێنی دیاریکراوی خۆیان.

ئەو ڕۆژەی کارکردن بە ئاسایی تێپەڕی "کرێکارەکانی کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکارانی– پێرزۆناڵ سێرڤس" سواری گۆڵفەکە بوون بەرەو شارەکەی خۆیان بەڕێکەوتن..

لە سەنتەری شاردا، ئۆلگا و ئاوڕەنگ دابەزین، ئاوڕەنگ بە هەندێ شەرم و دڕدۆنگییەوە لە ئۆلگای ڕوانی و گوتی: ماڵ بۆ من وەك دۆزەخ وایە، ئەگەر حەزبکەیت، لە یەکێ کافتریاکان بەیەکەوە کافییێك بخۆینەوە؟

ئۆلگا گوتی: کاتم نییە.

لێك دابڕان.

## ١٩

ئۆلگا بە پەیژە ئەلیکترۆنییەکان شۆڕبۆوە نێو ئەو تونێڵەی کە ناویان نابوو «تونێڵی خەونی مەست» لە کاتژمێرەکەی دەڕوانی و چاوەڕوانی هاتنی ترامی ژمارە "٤" بوو تا بڕواتە زانکۆ.

کەڤاڵێکی دڵتەزێن و غەمگین هاتە بەر دیدی ئاوڕەنگ، دنیا لەبەر چاوەکانی لە پیاوێکی مات و مەلوول و پیر و کەنەفتی دەکرد، خەمێکی گرانی پایزی سەراپا جەستەی داگیر کردو کەوتە سەرکۆنەکردن و جنێودان بە خۆیەوە، پەڕەسێلکە نەگریسەکەی ناخی خۆی دایە بەر شاڵاوی نەفرەت و گلەییەکان..

لەبەر خۆیەوە بە بێ هێزییێکەوە گوتی: ژن لە ئاگر دەچێ، ئەگەر زۆر لێی

نزیك بكەویەوە دەتسووتێنێ..

جانتاكەی خستە سەر شانی و بەسەر تونێلی ″خەونی مەست″ پەڕییەوە، نەیدەزانی بە كامە ڕێدا گوزەر بكا و بۆ كوێ بڕوا!

ئۆلگا لە كاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەكەی دەڕوانی و چاوەڕوانی ترامی ژمارە چوار بوو كە بێت و بیگەنێتە زانكۆ.. دوو خولەك بەر لە گەیشتنی ترامی ژمارە چوار، ترامێك گیشت لە سەری نووسرابوو «ئەو ترامەی بەدوای كەسێكی فیردەوسیدا دەگەڕێ.. تكایە كەس سوار نەبێ». لە ژێر ئەو ڕستەیەش نووسرا بوو «بۆرۆدینۆڤا ئۆلگا».

ترامەكە وەستا، لە یەكێ لە دەرگاكان «فاتیح كاڵكان» دەركەوت و بەدەست بانگی ئۆلگای كرد گوتی: خێراكە. ئۆلگا نەیدەزانی چی ڕووی داوە! ئایە كاڵكان چی دەكا لە نێو ترامە تایبەتییەكەی كە تەنها هی ئاهەنگ گێڕان و گەشتی تایبەتییە؟ دەبێ چ بۆنەیەكی تایبەتی هەبێ لای كاڵكان؟

دوای سڵاو ئۆلگا پرسی: بەڕێز كاڵكان، بۆنە چییە كە ئەو ترامە تایبەتییەت گرتووە؟ دواتر بۆچی تەنیای؟

كاڵكان هاڤانەكەی لا لێوی بە شانازییەوە داگیرساند و بە بزەیەكەوە گوتی: بە بۆنەی ئەوەی تۆ دەچیتە زانكۆ، پێشتر ئاگادار بووم كە دەچیتە زانكۆ، دواتر خۆم تەنیا نیم، ئەوە نییە تۆ لەگەڵمدای؟

ئاوڕەنگ سەری بە جامی پەنجەرەی پاسە قەرەباڵغەكە دادابوو، بیری لە گەمژەیی خۆی دەكردەوە، هیلاكی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، بۆچی ئۆلگا داوەتەكەی ڕەت كردەوە؟ ئایە بەڕاستی كاتی نەبوو؟ ئاوڕەنگ ئاڤژەنی بیر كەوتەوە و بەخۆی گوت: خۆشەویستی یەكەم وەكو ئەو بستە خاكە وایە، كە مرۆڤ تێیدا لە دایك دەبێ

## ٢٠

ئۆلگا بە بن كراسێكی نایلۆنی ڕەش و تەسك لەسەر زگ ڕاكشابوو لە ژوورە بچووكەكەی. جەستەیەكی نیوە ڕووت و بریقەدار و سپی وەك بەفر، ڕەنگە شیاویترین لێكچواندن لەگەڵ جەستەی ئۆلگادا جەستەی دۆلفین بێ.. بە گلێنە كەسكەكانی لە ژێر برژانگە ڕەش و درێژەكانی لە كتێبێكی گەورە و قەبەی دەڕوانی، پێ دەچوو نامەی دكتۆراكەی بێ.. لاپەڕەكانی كتێبەكەی هێور هێور هەڵدەدایەوە.

وشەكانی ئەو كتێبە لە بەر چاوەكانی ئەودا لە هێڵە تێكەڵ و پێكەڵەكانی نێو كابینەیەكی تەلەفۆن دەچوو، جگە لە چەند حەرف و وشەیەكی تێكەڵ و ئاوێتە هیچ واتاییێكی تریان پێ نەدەدا.. خەیاڵی زۆر دوور هەڵفڕیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لاپەڕەكانی هەڵدەدایەوە.. دەبێ بیر لە چی بكاتەوە؟ بیری لەو ترامە دەكردەوە كە بە تایبەتی بۆی گیرا بوو، تا بیگەیەنێتە زانكۆ؟

لە پڕ لەبەر خۆیەوە بە دەنگێكی نیو بڵند كەوتە قسە كردن: ئایا ئەوە خۆمانین كە ڕووداوەكانمان بەو شێوەیە دەوێ یاخود چارەنووس؟ ئایا ئەو نەورەسە كێیە كە هێندە زانایانە دێ و لە ناو ئاوی كەنار دەریاییێكی پرسیاراویدا بەرەو ئاسمانێكی پرسیاراوی تردا هەڵم دەكێشێ؟ ئەو بازە تیژڕەوە كێیە كە هێندە بێ ترس و بێ پرس ڕوو لە بیابانی ژیانم دەكا..؟ ئەو چارەنووسە سەرسوڕهێنەرە چییە كە بە لەپەكانی بۆن و بەرامەی قژم كۆ دەكاتەوە نازانێ بۆنی هەتاوی لێ دێ یاخود بۆنی ئاگر یانیش بۆنی ئومێدێك كە هەرگیز لە دایك نابێ؟

من گومان ناكەم ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوم بینیوە، بەڵام كەی و لە كوێ؟ هەست دەكەم بەشێكی گیانمە، بەڵام بۆچی ئەو هەستە؟ دەڵێی ڕۆژگاری

لە نێو سینەی ئەودا دەرپەڕیوم!؟

باشە بۆچی لەگەڵی نەڕۆیشتم؟ ئایا ئەوە سەرەتا نەبوو بۆ لەناوچوونی سەرەتایێك لە ژیانی مندا؟

دەی شەو بڕۆ تا سپێدە بێتەوە، بڕۆ بڕۆ ئەی شەو تا ڕووناکی بێتەوە.. ئینجا خۆم دەزانم چی بە تاریکی و چارەنووس دەڵێم.

لە شەقامی –ئاو– لە ژوورێکی ٢٠ مەتر دووجا. ئاوڕەنگ بە ڕووتی دانیشتبوو، نەیدەزانی چی بکا.. کاسێتە پۆڕنۆکەی لەسەر ڤیدیۆکە هێنایە خوار، نیو بتڵ ڤۆدگای خواردەوە و بیری کردەوە، بیری لە چی کردەوە؟

ئایە بیری لە نەهامەتی و وەیشوومە و بێ ئومێدییەکانی ژیانی خۆی دەکردەوە؟ بە دەنگێکی سەرخۆشانەی بڵند کە لە ژوورە بچووکەکەی دەنگی دەدایەوە گوتی: ئەو ماسییە بچووکە کێیە کە لە کەنار نزیك کەوتۆتەوە و عەزی بە ئاسمانە و دەستەمۆش نابێ..؟ ئەو فریشتە چاو سەوزە کێیە کە هێندە بوێرانە بۆن و بەرامی قژی خۆی دەخاتە نێو لەپەکانم و نازانم بۆنی هەتاوی لێ دێ یاخود بۆنی ئاگر.. یانیش بۆنی ئومێدێك کە هەرگیز بەرجەستە ناکرێ؟ من ئەوم بینیوە یاخود؟ ئایە ئەوە ئاڤژەن نییە کە هاتووە چارەنووسم بەشێوەیەکی تر بگۆڕێ، گومان ناکەم کە دەیناسم، بەڵام کەی و لە کوێ؟ ئەی بۆچی وا هەست دەکەم کە بەشێکی ڕۆحم بووە و لێم دابڕاوە؟

ئاوڕەنگ. ئاڤژنی هاتەوە یاد، بیری ئەو ڕۆژانەی دەکردەوە کە پڕ بوون لە چاوەڕوانییێکی درێژ لە پێناوی بەختەوەری و دیتنی کورت..

ئۆڵگا هێشتایش هەر لە نێو بەلەمەی ڕامانەکانی دابوو، خەریك بوو دەریاچەی بیرەوەری و تێ هزرینەکانی دەبڕی.. لە ناو –ئاو– ی فەنتازیاکانیدا لە وێنەی هاوکێشە عەلنەکراوەکانی دەڕوانی.

دەڕوانی.. هێشتایش هەر بە گەرمی خەیاڵی دەکرد و بە ساردیش

لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکان هیچ گرینگیشی نەبوو.. چونکە تیشکی گلێنەکانی لەسەر تەنیا تاکە خاڵێك چەقی بەستبوو، وشە ئاوێتەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکان و تەواوکردنی دکتۆراکەشی هیچ گرینگییێکی نەبوو.. چونکە پێی وابوو: "بەختەوەری" ئەو شتەیە کە من دەمەوێ، نەك شتێك کە کەسانی دی لە منیان دەوێ.. چاوەکانی هەرگیز تووشی هیچ لەنگییەك نەدەبوون لەو چەق بەستنەدا، بە رووسی بیری دەکردەوە و لەبەر خۆیەوە بە زمانی ئەڵمانی دەدوا.. وشەکانی وەکو پۆلێ کۆتر لە لێوەکانییەوە هەڵدەفڕین و وەکو هەڵم ون دەبوون و دەبوون بە رابردوو..

لەبەر خۆیەوە گوتی: بۆچی ناتوانم بە هێمنی پێڵووەکانم دابخەم و بخەوم، ئایا پێویستە من چی بکەم؟

دەیان و دەیان جار ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکردەوە و وەڵامیشی لا نەبوو.. دەهزری و ڕێگاییێکی نەبوو بۆ چوونە دەرەوە لەو تێفکرینە، تا ئەو کاتەی کتێبەکەی لێ بوو بە سەرین و برژانگە دوور و درێژەکانیشی کە کەوتبوونە سەر گلێنە کەسکەکانی ئاوێتە بوون.. ئاوەرەنگیش هەڵبژاردەیەکی لە شیعری شاعیرە هەمیشە ئامادەکان بەدەستەوە بوو، بەدەم خوێندنەوەوە خەو بردیە دنیای خەون و بێ ئاگایی..

## ٢١

مارێکی ڕەش بە خێرایی بەسەر لمی بیاباندا دەخشی و فیشکەی دەکرد.. کەروێشکێکی لە نێو هەردوو کەڵبەکانیدا زیندانی کردبوو، گەیشتە سەر بیرێك لەو بیابانە، کە لە خوارەوەی ڕوانی، ئۆلگای دیت.. مارەکە هاوارێکی کرد و گوتی: لێم بڕوانە، ئەو کەروێشکە بەختەوەرییە، من ئێستا بەختەوەریم لایە، بەختەوەری تۆ لە نێو کەڵبەکانی مندایە.. من نەبێ هیچ کەسێ لەو گەردوونە ناتوانێ تیشکی زێڕینی خۆرت نیشان بدا.. لێم

بڕوانە، دەبێ تۆ ئاگادار بی کە بەختەوەری ژیانی تۆ لە نێو کەڵبە ئاسنین و خوێناوییەکانی مندایە.

ئۆلگا گومانی هەبوو لەو مارە بەساڵاچووە، ترسا، دەیویست ڕابکا، کەچی مارەکە خۆی لە جەستەی ئالاند، هاواری ئۆلگا بەرزبۆوە، پەپوولەیەکی سپی دیت هەڵدەوەرا، پشیلەکی ڕەشی دیت پێدەکەنی..

ئۆلگا بەرزتر لە جاران هاواری دەکرد، بەرز بەرز تا هەموو ئاسمان گوێی لە هاوارەکانی بوو، لەوسەر بازێکی گەنج هات، زۆر بە تیژڕەوی هات و بە چڕنووکەکانی ئۆلگا و مارە پیرەکەی بەرەو ئاسمان هەڵفڕاند و دوور دوور رووەو بڵندایی تاکۆتایی ئاسمان هەڵفڕی مارەکە وردەوردە هێزی نەما، تا ئەو کاتە نەفەسی تەنگ بوو، بەجارێك تینی لێ بڕاو لە بڵندایییەوە کەوتە سەر عەرد، بازەکە ئۆلگای بە چڕنووکەکانی گرت بوو، هێشتایش بڵنتر هەڵفڕی لە ناکاو چڕنووکەکانی شل کرد، شلتر، تا بە جارێ بەری دا، ئۆلگا خەریك بوو بکەویتەوە سەر عەرد، هاوارێکی کرد و خەبەری بۆوە.. دەستێکی خستە سەر سینەیی و قومێك ئاوی خواردەوە و گوتی: سوپاس بۆ خودا کە خەون بوو، نەك ڕاستی.

## ٢٢

ئاسمان هێشتا تاریك بوو، شتەکانی ئەو مەملەکەتە وردە وردە لەخەو ڕادەبوون، ئۆلگا بە ترس و تاسە و خەم و بیرکردنەوە هێور هێور لە پەیژەکانی باڵەخانەکەی قوتابیان هاتە خوارێ.. نەختێ چاوەکانی هەڵگلۆفی و دەروازەکەی کردەوە.

سندوقی پۆستەکەی سەرنجی ڕاکێشا.. چەپکێك گوڵی ڕەنگاوڕنگی تێدا بوو، کە لێی ڕوانی هیچ پۆستێك کارتێکی بەسەرەوە نەبوو، لەخۆی پرسی: ئایا بەڕاستی ئەو چەپکە گوڵە بۆ من هاتووە؟

کلیلی پۆستەکەی دەرهێنا و سندوقەکەی کردەوە، پاکەتێك کە بە کاغەزی دیاری پێچرابۆوە، کەوتە بەر چاوی، پاکەتەکەی دەرهێنا و خستیە نێو جانتاکەی، گوڵەکانیشی لە شوێنی خۆیدا لە نێو سندوقی پۆستەکە بەجێ هێشت.

چووە وێستگەی پاسەکە و لە کاتی دیاریکراوی هاتنی پاسەکەدا، پاس گەیشت، سەرکەوت و لە کورسییەکانی کۆتاییدا ڕۆنیشت.. بەدەم بیر کردنەوە لە نێردەرەکە پاکەتەکەی کردەوە..«ملوانکەیەکی زێڕین کە لە فۆرمی مارێك دروست کرابوو، لەگەڵ ئەنگوستیلەیەك کە لەسەری دا وێنەی بازێك کرابوو، لەگەڵ جووتێ گوارە یەکێکیان شێوەی حەرفی "o" ئەویتر شێوەی حەرفی "k" دەدا» پۆستکارتێکیش لە ژێر پارچە زێڕەکان دانرا بوو، لەزگەیێکی بچووکیش لە قەپاغی پاکێتەکە درابوو، لەسەری نووسرا بوو ″٥٠٠٠″ دۆلار.. ئۆلگا لە بەرامبەر ئەو دیارییە گران بەهایە سەری سوڕما بوو، ئایا کێیە ئەو دیارییەی بۆ ناردووە؟

بەخێرایی کەوتە خوێندنەوەی پۆستکارتەکە:

هەلۆ: ئۆلگا..

پێرێ شەو خەونێکی سامناك و ترسناك و ئازار بەخشم دیت، بازێکی گەنج هات و هەڵیفڕاندم، تۆشم لەگەڵ دابوو، لە قووڵایی ئاسمانەوە هەڵیدامە خوارەوە، دواتر تۆشی بە هەمان شێوە هەڵدایە خوارەوە، بەو خەونە زۆر دڵتەنگ بووم، بۆیە ویستم بەو دیارییە خۆم و تۆیش دڵخۆش بکەم، تکایە ڕەتی نەکەیتەوە.

فاتیح کاڵکان

ئۆلگا چەند جارێك حەرف بە حەرفی پۆستکارتەکەی خوێندەوە، واقی وڕمابوو، سەراسیمە و ڕۆح پڕ لە پرسیار، سەری لە خەونە هاوشێوەکە و لە دیارییە گرانبەهاکە و لە مەرامی کاڵکان سوڕما بوو.

ئایە زووتریش کاڵکان ئەو خەونەی بۆ ئۆلگا گێڕابۆوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: بێ گومان نەء..

ئەی چۆن هەمان خەون و هەمان چیرۆك؟

وەکو بڵێی باوەڕی بەخۆی نەدەهێنا کە چیتر ناتوانێ هیچ شتێ لەو ڕووداو و ڕێکەوتە سەیرە هەڵکرێنێ، بۆیە وازی لە بیرکردنەوە هێنا..

## ٢٣

ئاوڕەنگ لە تونێلی خەونی مەست، بە پەیژە ئەلەکترۆنییەکە سەرکەوت، ئاوڕێکی لە تونێلەکە دایەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگەر سەرەوەی ئەو تونێلە وەکو ژیان وابێ و خودی تونێلەکەش مەرگ بێ کەوابێ هەمان کێشەمان دووبارە تووش دەبێتەوە..

چووە بەر دەروازە زەردەکەی کۆمپانیای بەکرێدانی کرێکاران و لە پشتەوەی گۆڵفەکە لە تەنیشت ئۆلگا ڕۆنیشت..

لەگەڵ ئەوەشدا کە شەوی ڕابردوو باش خەوتبوو کەچی هێشتا خەواڵوو بوو، ئاوڕەنگ پێی وابوو کاتێ یەکێ حەز بە کارەکەی خۆی نەکا هەمیشە مرۆڤێکی خەودۆست و هیلاکی لێ دەردەچێ و خەڵکیش زوو هەست بەو ماندووبوون و وەستیانەی ئەو دەکەن.. بە ساردییەوە وڵامی ئۆلگای دایەوە و لە پەنجەرەکەوە بۆ شتەکانی دەرەوە تەئەمولی کرد.

ئۆلگا زۆری پێ سەیر بوو کە هێندە بە گەرم و گوڕی و نەرم و درێژی پرسیار لە ئاوڕەنگ دەکات و ئەویش هێندە بە سارد وسڕی و ڕەقی و کورتی وڵامی دەداتەوە! هەمدیس رووی خۆی وەردەگێڕا و لە دەرەوەی دەڕوانییەوە..

خەریك بوو وردە وردە هێمنییە سرووشتییەکەی ئۆلگا کۆنترۆڵی خۆی ون دەکرد، دەیویست بەسەر ئاوڕەنگدا بچریکێنێ و پێی بڵێ: تۆ بۆچی

هێندە لە شەختە دەچیت؟ ئایا تۆ زستانیت؟ ڕۆحت لە سەهۆڵە؟ بۆچی بەو شەختە و سەهۆڵەی زستانی دڵت گڕ لە ناخم بەردەدەیت؟

دەیویست لە باوەشی بکا و ماچی بکا، دەیویست سەری بخاتە سەرشانیی و تاو نا تاوێ ماچێکی شیرین لەو لێوانەی بکا کە قسەی تاڵی لێ دەهاتە دەر.. هێشتایش هەر بە گەرمی پرسیاری دەکرد و ئاوڕەنگیش بە ساردی وڵامی دەدایەوە..

گۆڵفەکە لە بەردەم کارگەی ئۆتۆ وەستا، هەر یەکەو کافیێکی لەو ئەوتوماتیکەکەدا دەرهێنا و بۆ شوێنێکی دیاریکراوی کارکردنیان ڕێگایان گرتە بەر و دەستیان کرد بە کارکردن.

بەر لە پشوودان ڕۆژنامە نووسێك و فۆتۆگرافێك و چەند کەسێکی تر بە نێو هۆڵی کارگەی ئۆتۆ دا پەخشان بوون..

هەواڵ بڵاوبۆوە کە هاتوونە ڕیکلامێك بۆ کارگەی ئۆتۆ بۆ ئەو مەوسیمەی بکەن.

گروپی کاری ڕیکلام پێویستییان بە دوو کرێکار بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان..

لە ناو کرێکارەکان گەڕان، سەرەتا ئاوڕەنگیان لە کوڕەکان دەستنیشان کرد، لەولاتر دوو کارمەندی گروپی ڕیکلامەکە گەڕانەوە و ئۆلگایان لەگەڵ دابوو..

فۆتۆگرافەکە ئۆلگای لە ناو باوەشی ئاوڕەنگ دانا، ئارمی کارگەی ئۆتۆی دایە دەستیان و کەوتە فلاش لێدان و سوپاسی کردن..

ئێوارە لە بەر دەروازەی «پێرزۆناڵ سێرڤس– کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران» ئۆلگا دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی تەوقەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لەگەڵ ئاوڕەنگ و سونگول و کریستینا بکا..

ئۆلگا بە بزەیەکی سارد و ناخۆشحاڵییەوە گوتی: بەداخەوە کە چیتر

ناتانبینمەوە.. ئەورۆ دوا ڕۆژی کار کردنم بوو، هیوای ژیانێکی خۆش و کامەرانتان بۆ دەخوازم، ئێوە مرۆڤانێکی خۆشەویست بوون لەو چەند ڕۆژەدا، رۆحتان پڕ بوو لە عەشق، دیارە ″خۆشەویستی″ لووتکە و ترۆپکی هەرەمی ژیانە..

هەموو وشە پۆزەتیڤەکانی نێو فەرهەنگ و کلتووره جیا جیاکانی مرۆڤایەتی زادەی ئەو وشەیەن کە ناوی عەشقە.

عەشق دایکی وشە ئێستەتیکییەکانی فەرهەنگی جوانییە، هەموو وشەکانی وەکو «میهرەبانی.. ڕاستگۆیی.. دەست پاکی، بەخشندەیی، دڵسۆزی، وەفا، دادوەری، هەرەوەزی، پاکیزەیی، رۆح سووکی و .. تاد» بێچووی وشەی عەشقن.. بێ گومان ئێوەش دەزانن کە عەشق «تاکە زمانێکە کە هەموو مرۆڤایەتی قسەی پێ دەکا، لە هەموو شوێن زەمەنێکدا وەکو ناسنامە وایە، عەشق ئێنتەرناسیونالە، زمانی گەردوونە».

وەکو گوتم: ئەورۆ دوا ڕۆژی کارکردنم بوو، کاتێکی تا بڵێی خۆش بەلاّم کورتم لەگەڵ ئێوەدا بەسەر برد.. ژیانیش هەر وایە، ڕێگاییێکە دەستپێك و کۆتایی هەیە، باوەڕناکەم بەیەکەوە ژیان و بەیەکەوە کارکردن و برادەرایەتیی و بەختەوەری لە دەستی ئێمە دابێ! بۆ هەمیشەیی درێژ کردنەوەی زەمەنە جوانەکان بە دەستی قەڵەمێکە لە سەرووی ئێمە.

وەك بڵێی لافاوێك لە جەستە و ڕۆحی ئاوڕەنگ هەستابێ ئاوا هەڵچوو، بە قسەکانی ئۆلگا مەست ببوو، بێ هەست و خوست و دۆشداماو، سەرسوڕماو، واقی وڕمابوو، هەستی دەکرد لە دارەبازە زەردەکەدا ڕاکشاوە، هەمدیس خۆر ئاوابوو، کتێبەکانی لە دەست کەوتنە خوار، لە خۆی پرسی: چیم بەسەر هاتووە؟ ئایا باخ و باخات و سامانم سوتێنراوە؟

بێ گومان لەوانیش گەورەتر، ئایا ژیانم لە لێوارەکانی مەرگدایە؟

هەستی دەکرد برینێکی قووڵی لە جەستەدا ڕوواوە، بۆنی برینەکەی

مرۆڤ کاس دەکا.. کەس ناوێرێ بەلایەوە تێپەڕبێ.. هەستی دەکرد هەمدیس دەبێ چاوەڕوانی ئومێد و خەونی چیرۆکێکی نۆژەن بکا، بەڵام کوا؟ ئاڤژەن و ئۆلگاییێکی تر لە کوێی ئەو زەمینەدا دەدۆزیتەوە.. هەمدیس بێ ئومێدی خۆی بە پەنجەرەکەدا کرد بە ژوورەوە..

ئاڤژەنی کەوتەوە یاد کە پێی گوتبوو: من لە شوێن زەمەنێکی تردا دەدۆزییەوە، بەڵام هەمدیس ناتوانێ ڕێڕەوی چارەنووسی تابلۆکە بگۆڕی.

لە دڵەوە گوتی: دەمەوێ دیسان دەستە ساردەکانی ئۆلگا توند توند بگوشم و لە نێو دەستەکانی خۆمدا بیتوێنمەوە، بەڵکو پرووشك و ژیلەمۆی رۆحی لەوێوە دێتە نێو دڵی مردووم و هێزم پێ دەدا..

لەبەر خۆیەوە بە چرپەوە گوتی: ئایا من دڵم ماوە؟ شەرم دایگرت، ئۆلگا و کریستینا و سونگول قسەیان دەکرد، ئاوڕەنگ لە دڵەوە گوتی: دڵم پارچەیەکە لە سەهۆڵ، لە ئاقارێکی دوورم.. دوور دوور لە ئاوەدانی، نەخۆشی و بۆنی برین دەمکوژێ.. ئایا تاکەی پێویستە سەبر بگرم؟ لێك دابراین، بۆ ئەبەد لێك ترازاین، ئیدی نە دەبێتە هەتاو و نە ئاگریش، "ئەو" ئومێدێك بوو بەر لە دەستپێك کۆتایی پێ هات.. تازە بەیانیان بۆنی بخووری پرچی کێ بکەم؟

ڕووناکی نێو قژی کێ بە لەپەکانم کۆبکەمەوە؟ ئیدی ناشێم لەززەت لە جوانییەکانی ئەو برژانگە ڕەشانە بکەم کە لەسەر گلێنە کەسکەکانی ئاوێتە دەبوون.. تازە بەیانیان چۆن بپرسم، ئایا ئەوە بۆنی هەتاوە یاخود بۆنی ئاگر؟ ئاوڕەنگ جانتاکەی خستە سەرشانی و بە بێ هێزییێکی لە ڕادەبەدەر وەکو ئەوەی قاچەکانی خۆی لە دەست دابی، هەنگاوەکانی بە شلی دەهاوێشت، هەنگاوەکانی سست و خەمناك و ئاوێتە بە بێ ئومێدی و بیری کردەوە، ئاوڕەنگ بیری لە چی دەکردەوە؟

لەگەڵ خۆیدا کەوتە دوان: هەندێ جار یەقینی لە بەهرەوەری خۆت و خۆ بە زل زانین و لووت بەرزی، تووشی کاڵفامی بچووکیت دەکا.. دەبێ هەر

یەك لە ئێمە بزانێ کە چۆن و کەی و لە کوێ بەهرەکانمان دەخەینە گەڕ و بەکاری دەهێنین..

یاخود بەهرە و زانین و هەوڵ و وردبوونەوەش هیچ ڕۆڵێك نابینێ!؟ چونکە چارەنووس شتەکانی دیاری کردووە..؟

بۆ کوێ بڕۆم؟ ئایا ماڵی من کەوتۆتە کوێ؟

وڵامی خۆی دایەوە و گوتی: ئەی نەمگوت شەو ماڵی منە!

لە خۆی پرسییەوە: بۆچی دیسان لە ئومێدێك ئالآم کە لە دەسپێکدا کۆتایی پێ هات؟ بۆچی لە جیاتی هەتاو ئاگرت پێ دام و لە جیاتی ئومێدیش تاریکیی..؟ لە چ خەرەندێکت هەڵداوم؟ ئیدی ڕەوەندێك، قەرەجێك، دۆم و ڕاوچییێك، هیچ کەسێ بێرەدا گوزەر ناکا تا دەرم بێنێ.. تازە کار لە کار ترازا بوو، هیچ شتێ دادی نەدەدا، هەنگاوە سستەکانی دەهاوێشت و بیری ئاڤژەنی دەکردەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئایا کاری من لە ژیاندا بە تەنیا چەشتنی تامی شکستە؟

لەو چرکەیەدا پیاوێکی لاواز و بنێس و چورچ و دەموچاو مۆینی لێ دەرکەوت، سەری هێنایە بن گوێی ئاوڕەنگ و پرسی:

ئایا حەشیشت ناوێ؟

ئاوڕەنگ بە دەنگێکی بەرز گوتی: جا حەشیش دادی چ شتێ دەدا؟

پیاوە پیرە چورچەکە لە هەموو لاکانی روانی و ئەو جارە نزمتر لە جاران گوتی: منیش سەرەتا وەکو تۆ بیرم دەکردەوە، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە مەستی و سەرخۆشی یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ بەرێکردنی تەمەن و زەمەن..

ئاوڕەنگ وەکو جاران بە دەنگێکی بەرز گوتی: زەمەن بە من و بە تۆ و بە سەرخۆش و بە حەشیش ناوەستێ.. هەرچۆنێك بێ هەر دەڕوا..

پـیـرەمـێردەکـە گـوتـی: مـن نـەمـگـوتـووە زەمـەن سەرخـۆشی زەمـەن دەوەستێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەمەن بە خێرایی بەڕێ دەکا.. دەزانم تۆ مەبەستتە بڵێی بۆچی زەمەن بەو شێوەیە نەڕوا کە ئێمە دەمانەوێ.. بەڵام تـۆ بـاس لـە کـارێکـی مـوستـەحـیـل و ڕەهـا دەکـەی، خـۆ ئـێمـە نین کـە هەڵدەبژێرین چۆن دەژین و چۆن دەمرین.. ئەوەی تۆ باسی دەکەی تەنیا لە خەونەکاندا هەن.. لە خەونی شاعیران و نیگارکێشان.. سرووشتی ژیان و فەلسەفەی ژیان ئاوایە، تۆ کە دێیت هاتنت لە دەستی خۆت دانییە، لە دایکبوونت لە دەستی خۆت نییە، مردنیش لە دەستی تۆدا نییە، ئەی چۆن دەتەوێ ژیان لە دەستی تۆ دابێ؟

ئـــاوڕەنگ هـــەر سەری ڕادەهـــەژانـد و پشتـگـیـری بـۆچـوونـەکـانـی پیرەمێردەکەی دەکرد..

دەمەوێ بە کڕینی هەندێ حەشیش تاوێ ژیان لە بیر بکەی و بیر لە بێ بەهایی ئەو ژیانە بکەیتەوە. تاوێ بۆ خۆت بڕۆ نێو گەمەیەکی واتادار و گاڵتە بە بێ واتایی ژیان و وردەکارییەکانی ناوی بکە.

ئـۆلـگـا چـاوەکـانـی پـڕ بـوو لـە فـرمـێسك و بـیری زۆر شتی دەکردەوە، نەیدەزانی بۆچی پێویستە ئاوا فرمێسکە درشتەکانی هەڵوەرێنێ.. لە خۆی پرسی: بۆچی هەست دەکەم هێندە لەمێژە دەیناسم؟

دەڵـێی ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـە ئـامـێزی ئـەودا لـە ژێر تـریـفـەی مـانگـەشەو گۆرانیم بۆ عەشق و وەفا گوتووە؟

لە لایێکی ترەوە بیری دایك و باوکی دەکردەوە و بە خۆی گوت: بۆچی دەبـێ خـۆم هـێنـدە دڵـتـەنگ بکـەم؟ زۆر بـاش بـوو کـە چـیرۆکـەکـە بـەر لـە دەستپێك کۆتایی هات.. ئەگینا کارەسات بوو، بێ گومان دابڕانی دوو خۆشەویست لە یەکتری وەکو شەقبوونی خاك وایە لە بوومەلەرزەدا.

ئاوڕەنگ نەیدەزانی دەبێ بیر لە چی بکاتەوە؟ بیری لە ئاڤژەن دەکردەوە

یاخود لە نەهامەتییەکانی ژیان و ژیانی خۆی؟ هەستی دەکرد لە چاڵێك دایە، کەسێ بەوێدا تێپەڕ نابێ.. چەرخەکەی دەرهێنا و جگەرە حەشیشاوییەکەی داگیرساند، دووکەڵ دەچووە نێو سییەکانی، بۆن و بەرامی حەشیش بە ژوورەکەدا پەخشان بوو، لە خۆی پرسی: بۆنی ئاگرە یاخود بۆنی پرچی ئۆلگا کە ئاوا مەستم دەکا؟

ئاوڕەنگ لە ژوورە بچووکەکەی لە شەقامی -ئاو-دا، بەدەم مەستی و هەڵکێشانی بەردەوامی دوکەڵەوە ئاڤژەنی هاتەوە یاد و کاغەزێکی سپی دەرهێنا و دەستی دایە قەڵەم:

## ٢٤

چی بنووسم؟

چ پێویستە من بینووسم؟

ئایا پێویست دەکا من بنووسم؟

ئاوڕەنگ ئەو پرسیارانەی بەدەم هەڵکێشانی دووکەڵی جگەرە حەشیشاوییەکە لە خۆی دەکرد و دەستی بە گریان کرد.. دەگریا، بەڵام بە هیچ جۆرێك گوێی لە دەنگی گریانی خۆی نەدەبوو.. لەوەش خراپتر نەیدەزانی بۆچی دەگریێ: قەڵەمێکی خستە سەر کاغەزەکە و گوتی: دەنووسم، چونکە نووسین جۆرێکی ترە لە ژیان.

ویستی بنووسێ بەڵام چی بنووسێ، بۆ کێ بنووسێ؟

ئاڤژەنی کەوتەوە یاد و دەستی کرد بە نووسین:

سڵاو گیانە زیندووەکەم..

ئەوا هەمدیس لە کەناری دەریاییێکم و بەدواوە من، ئایا دەکرێ ئەو دەریایەم بۆ شەق بکەیت؟ لە نێو دار خورمایێکم و بانگت دەکەم کەچی کەسێ نایێ بەلامەوە.. لە دۆڵێکدا کەوتووم، کەچی ڕەوەندێك، قەرەجێك،

شتێك، بێرەدا تێپەڕ نابێ، زۆر دەترسم لە غیابی تۆ پایزی گۆشەگیری هەڵموەرێنێ.

من جارێك بۆم نووسی «هەموو نهێنییەكانمت لە كتێبێكدا بۆ دەنووسم» یان «هەموو بیرەوەرییەكانمت بۆ دەنووسم» وابزانم ئێستا كاتی هاتووە باسی ئەو ڕۆژەت بۆ بكەم لەگەڵ ئاویار دا بەسەرمان برد..

خۆر كەوتبوو، هەستمان بە لێنەدانی دڵی زەمەن كرد، زەمەن مردبوو یاخود ئێمە؟ پێ دەچوو ئێمە و زەمەن بە یەكەوە.. چونكە بە مردنی ئێمە زەمەن دەوەستێ و بە وەستانی زەمەنیش ئێمە دەمرین.. دەمان ویست ڕۆحێ بدەینە خۆمان و زەمەن.. چووین لە ماڵەكەی ئەودا، تا ئاستی مردن ڕاكیمان نۆشی، سەرخۆش بووین، دەمان ویست ئەو جارەیان زەمەن لەو خۆشییەدا بوەستێنین، كەچی ئەو زۆر بێ ڕەحمانە بەخێرایی دەڕۆیشت، بۆیە ئێمەش ڕۆیشتین.. درەنگی شەو بوو، بە نێو كزەباییێكی سارد و بەفرین و جەستە تەزێن تێپەڕین، بە هەنگاوە لەنگەكانمان شەقامە ڕووتەكانی ئەو شارە ڕووتەمان تەی دەكرد.. دنیا یەكجار سارد بوو، كەچی ئێمە گەرمامان بوو.. زەمەن تێ دەپەڕی ئێمەیش شان بەشانی ئەو تێ دەپەڕین، تا گەیشتینە شەقامی سۆزانییە ڕووتەكان، كاتێك هات ئێمە خۆمان لە نێو جیهانێكی سۆرتاریك و بازاڕێكی گەرمدا دۆزییەوە.. كێ بوو ئێمەی گەیاندبووە ئەو شوێنە؟ پێیەكانمان یا شەقامەكان ئێمەیان بەرەو ئەو دنیایە بچووكە ڕاكێشا بوو؟

كە لە جامخانەكە كچێكی ڕووتی فارسم دیت، دڵم لەرزی. سەیرێكی كتێبەكەی دەستیم كرد، ڕەسمی ئیمامی خومەینی لەسەر بەرگەكەی بوو، دراوسێكەی وێنەی هەندێ ژنی بە دیوار هەڵواسی بوو بە جلی كوردی نانیان دەكرد.. لە تەنیشت ئەوانەی كچێكی چاو بچووكی ئاسیایی یوگای دەكرد، چاوەكانی نوقاندبوو، كچە ڕووسەكە سەیری TV دەكرد، ڕیپۆرتاژێك

بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی و ستالین دەدوا.. ئەڵمانەکە کتێبێکی مارکسی پێ بوو، ئەفریقییەکە وەکو شێت لەگەڵ ئیقاعدا سەمای دەکرد، کچێکی جوولەکە ئاڵای ئیسرائیلی لە ژوورەکەی هەڵواسیبوو، عەرەبێکی موحەجەبە بە غەمباری دانیشتبوو گوێی بۆ گۆرانی "ئوم کەلسوم" رادێرا بوو.. بە ئاویارم گوت: ئێرە وێنەیەکی بچووککراوەی دنیای گەورەیە هەموو دنیا لەو سۆزانیخانەیەدا چڕکرابۆوە، ئاویار منی پەلکێش کرد و لە بەردەم جامخانەیەکدا رایگرتم و گوتی: لەو کچە بولگارییە بڕوانە، من مشتەرییێکی بەردەوامی ئەوم.

کە لێم ڕوانی، ئاخ چیت بۆ باس بکەم ئاڤژەن گیان؟ ئەو بە تەنیا جوانێك نەبوو کە لە هەموو دنیا وێنەی نەبێ، بەڵکو پارچەیەکی کریستاڵ بوو، هەر کەس دەیتوانی لە جەستەیەوە دڵ و رۆحیشی ببینێ.. لێوی سوور و چاوانی سەوز و پرچی زەرد و ئێسك و پێستی سپی، ئایە ئەو ئاڵا بوو؟

ئەو کچە نازدارە ڕیزی بۆ گیرا بوو، وەکو یێك پیر و گەنج و ڕەش و سپی و کایی و ئەسمەر.. تاد..

ئاویار لە من زیاتر لە جامی پەنجەرە گەورەکە نزیك ببۆوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی: هەمان کتێب.. هەمان کتێب!

گوتم کتێبی چی؟

گوتی: "یانزە خولەك" ناویشی "ماریا"یە.

کە ماریا ئاویاری دیت، بزەیەکی پڕ لە عەشقی بۆ کرد و کەسەکانی تری بێ باك کرد..

من ئیرەیم بە ئاویار نەدەبرد کە ئەو هێندە بە خۆشەویستییەوە لەگەڵی دەدوا، بەڵام جوانییەکەی دڵی تەنگ کردم.. سەرسام بووم.. بۆیە ویستم جگەرەیەك داگیرسێنم، کەچی جگەرەم نەما بوو، ماریا تێ گەیشت، پەنجەرەکەی تەواو ئاوەڵا کرد و پاکێتە جگەرەکەی بۆ هەڵدام، لەو شەوەدا

جگەرەی ماریامان کێشا، پڕ بوو لە نوور.. ئاویار دەیویست بچێتە ژووریَ، ماریا بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ فەرمووی لیَ کردین، کەچی من دەستم گرت و ڕێگام پیَ نەدا.. ئاویار بە ماریای گوت: تۆ هی ئەوە نیت لێرە کار بکەیت، چۆن دەتوانیت خۆت بفرۆشیتە هەموو کەسێك؟ ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: من جەستەی خۆمیان پیَ دەفرۆشم نەك ڕۆحی خۆم!

من قسەیەکی "پۆلس" م هاتەوە یاد و بە دەنگێکی گەورە گوتم: ڕۆژیَ دادیَ واز دەهێنی، چونکە تۆ وەك پەیکەری پەریت و ڕۆحی پەری لە تۆدایە.

لەگەڵ ئاویار چوینە ئەو شەقامەی کە بەرەو سەنتەری شار لوولی دەدایین.

شەوی شەممە لەسەر یەك شەممە بوو، شەو لە ڕۆژ دەچوو، کاتژمێرە گەورەکەی سەنتەر کە لەسەر بورجێك هەڵواسرا بوو، لێی دا، کات ٢ ی شەو بوو، ئاویار بە واقوڕماوییەوە لە کچە نیوە ڕووتەکانی دەڕوانی، کە بیرەیان فڕ دەکرد و لە قاقایان دەدا، هاواری کرد: شاری فریشتان.. شاری فریشتان..

لێرە زەمەن گویَ بە کەس نادا و دەڕوا..

پیاوێکی پیر و دەموچاو چورچمان لیَ هاتە پێش و گوتی:

حەشیشتان ناویَ؟

ئاویار گوتی: ئێمە حەشیش کێش نین!

پیرەمێردەکە گوتی: گوێم لیَ بوو دەتگوت "شاری فریشتان شاری فریشتان، زەمەن گویَ بە کەس ناداو تێدەپەڕیَ.. بەڵام تۆ ئاگاداری کە لێرە زەمەن بە ڕاکە ڕاکە و هەڵپە هەڵپە دەڕوا، لێرە زەمەن دەیەویَ مرۆڤ بترسێنیَ، دەیەویَ فێری بکا کە بەختەوەری تەمەنی کورتە، زەمەن لێرەدا

دەیەوێ دیکتاتۆرییەتی خۆی ڕابگەیەنێ.. دەیەوێ هاوار بکا ″جێتان دێڵم جێتان دێڵم″ لەسەر ئێمەی مرۆڤیش پێویستە لە زەمەن نەترسین و گوێی پێ نەدەین کە هاوار دەکا، بەڵام چۆن؟ من پرسیار لە ئێوە دەکەم چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی هێزێکی ئاوا گەورە و ترسێنەر ببینەوە؟

بڕۆن ڕۆنیشن و چەند ساتێ تەئەمول بۆ جوانیی ئەو چرکە ساتانە بکەن و بیریش لەوە بکەنەوە کە زەمەن تەواوی دەکا و دەیکا بە ڕابردوو.. کەوابێ دەبێ ئێمەیش لەگەڵی بڕۆین، هەمدیس دەبێ بپرسم چۆن؟

بێ گومان «سەرخۆشی.. سەرخۆشی..».

لە شاری فریشتەکان سەرخۆشەکان تێکڤژاو بوون، تێکئاڵا بوون، ماچە سوورەکانیان دەگۆڕییەوە، یەکتریان لە ئامێز دەگرت، حۆرییێك لە بەر زۆر خواردنەوەی ئەلکحول دەڕشایەوە، ئاویار گوتی: ڕێگام پێ بدە ڕشانەوەکەی دەخۆمەوە.. من بەو ڕستەیە ڕشانەوەم هات، چ هەرا و هەڵایێك بوو لەو شارە ڕووت و قووتە؟

من و تۆم بیر کەوتەوە ئەستێرە دوورەکەی خۆم، دارەبازە زەردەکەم بیر کەوتەوە لە بەر دەروازە دوودەرییە زەردەکە، ئاوا بوونی یەکجارەکی خۆرم بیرکەوتەوە..

گیانە نزیکەکەی خۆم، لەو شەوەدا هەموو شتەکان ئازاد بوون، هەموو کەسەکان بە ئازادی یەکتریان خۆشدەویست، بە ئازادی سەمایان دەکرد، بە ئازادی دەگریان و بە ئازادی پێدەکەنین.. من لە خۆم پرسی: ئایە ئەوە عەقڵە وا دەکا دڵ بەختەوەر بێ، یاخود تەنیا بڕیارێکە لە چارەنووسە و کەسەکان جێبەجێی دەکەن؟

من تۆم بیر کەوتەوە ئەو چەپکە گوڵەم بیر کەوتەوە کە بۆ دواین جار لەسەر گۆڕەکەتم دانا و

گوتم: چاوەڕێم دەتبینمەوە.

من چیرۆکەکەم بیر کەوتەوە هاوارم کرد: ئاڤژەن گیان تۆ زیندووی، تۆ لێرەی لە نێو رۆحم، تاکو من ماوم خۆشمدەوێی، لەگەڵمی.. لە هەموو چرکەکاندا لەگەڵمی.

ئاویاریش ویستی هاوار بکا، بەڵام لێمی ڕوانی گوتی: ئاخر من هیچ کەسێکم هێندە خۆش ناوێ تا هاواری بۆ بکەم.

من بەدەم گریانەوە پێکەنیم، ئاویار هاواری کرد: ژیان ئەی ژیان خۆشمدەوێی، مەرگ ئەی مەرگ ڕکم لێتە.

کە لە "مەکدۆناڵدز" نانمان خوارد من لە دڵەوە گوتم ئاڤژەن گیان تێر بووی؟ باشە گیانە باشە.. کەوابێ سپێدەت باش، شەوت شاد.

ئاخر من نەمدەزانی لە چ زەمەنێکدام، چونکە زەمەن لەو بێ زەمەنییەدا ون بوو..

کاتژمێر "٧"ی بەیانی لە خەو ڕابووم، دوای دووشێك چەند لاپەڕەیێکم سەبارەت بە جەستەی مرۆڤ دوای مەرگ ڕەشنووس کرد، باسی بێ بەهایی مرۆڤم کرد و دواتر هەموویم دڕاند، دەستم کرد بە نووسینی ورێنەکانم، خەونەکانم، ئەوانیشم دڕاند، جگەرەم دەکێشا و کافێم دەخواردەوە، پڕم دایە مەسحەفی شەریف و ئایەتێکم خوێندەوە، کتێبەکەم لە شوێنی خۆی دانایەوە، ژیاننامەی سادقی هیدایەتیم خوێندەوە، زگم بۆی سووتا، کە لە هیچ جێیێکی ئەو دنیایەدا ئۆقرەی نەدەگرت، تا لە داخان خۆی کوشت.. هەندێ گوێم بۆ گۆرانی ڕادێرا، خۆم گۆڕی و چوومە دەرێ.. ڕاستە "دەرێ" کراوە بوو، بەڵام من لە ناخەوە داخرابووم، پلەی گەرما "٢٥" بوو، چی تاوس و نەورەس و کار ئاسکی ئەو شارە هەبوو بە نیوە ڕووتی لە شەقامەکاندا، دڵخۆش دڵخۆشانە پیاسەیان دەکرد.. من کە لەو کەشەم ڕوانی بیرۆکەی شیعرێکم بۆ هات، پێم وابوو لەو ڕۆژە زستانییەدا خۆر بۆ ئەوە دابەزییە کە قیاسی مەمك و ڕەنگی ستیانی ژنەکانی ئەو شارە ببینێ.. خۆر بۆ ئەوە دابەزییە کە ناوکی فریشتەکان

ببینیّ و لەززەت لە پۆشاك و پێستیان بكا نەك لە بەر كارێكی فیزیكی..

لەو یەك شەممە كوكوختیەكانی سروشت بە یەكەوە لە شەقەی باڵیان دەدا و تاووسەكان كلكیان دەكردە باوەشێنە و لاسایی كردە ئیرۆتیكییەكانی دوێنیّ شەویان دەكردەوە.

مامزەكانیش باسی هونەری ڕاكردنیان لە دەست سەرخۆش و سەر ڕەش و بیّ تامەكانی دوێنیّ شەو بۆ شار دەگێڕایەوە..

گیان من بە خێرایی دەڕۆیشتم، لەو تێكقژان و تێكچڕژنەدا هیچم نەدەدیت، نیگاكانم تیشكی ستوونی بوون.. دەڕۆیشتم و نیگاكانم چەقیان بەستبوو.. ئایە من لە چیم دەڕوانی؟

بیرم لە چی دەكردەوە؟ لە تەنیا خاڵێكم دەڕوانی و نەشمدەزانی بە دوای چیدا دەگەڕێم.. بەدوای دۆزینەوەی شتێكی بزردا دەگەڕام و نەشمدەدۆزییەوە؟ ئایە ئەو شتە چی بوو كە من بەدوایدا دەگەڕام و نەشمدەدۆزییەوە؟ بە خۆمم گوت: گۆشەگیری وای ڕاهێناوم هەمیشە بە دوای سەرابدا سەرگەردان بم.

بە دوای وڵامێكی ونبوودا دەگەڕام، بەدوای یەكێك دەگەڕام، كە دەشمزانی نایدۆزمەوە، بە دوای بەرسقی سیحر و نهێنی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕام، ئۆهـ خودا چەند بیّ هوودە بووم..؟ بە شەقامێكی ڕووناكدا تیّ دەپەڕیم كەچی نیگاكانم تاریك داهاتبوون.. بیرم دەكردەوە، هەر بیرم كردەوە و قسەیەكی ئەڵمانەكانم هاتەوە یاد «"خۆشەویستی" مرۆڤ كوێر دەكا».. چیرۆكێكم هاتەوە یاد

«خۆشەوستی و شێتییەتی كۆنە برادەر بوون، جەنگ لە نێوانیان ڕووی دا، لەو شەڕەدا خۆشەویستی چاوەكانی لە دەستدا كوێر بوو، لە دادگادا بڕیار درا كە شێتییەتی سزا بدەن لەسەر ئەو تاوانە، بڕیاریان دا تا ژیان ژیانە شێتییەتی بەردەوام لەگەڵ خۆشەویستی دابیّ»

گیـان: خۆشەویستـی مـن شێتـییـەتـی لـەگـەڵ دابـوو، مـن ببـومـە هـەڵم و نەمدەزانی بەرەو کامە لای ئاسمان لە ڕێدام! گرینگ نەبوو بەرەو کوێ لە ڕێدام! من تەنیا دەمویست ڕێگایەك بدۆزمەوە کە بەرەو تۆ لوولم دەدا، تۆ لە کوێ بووی کە بە دواتدا دەگەڕام!؟ گیان تۆش حەزناکەی ببی بە هەڵم و ڕوو لە ئاسمان هەڵکشێیت و بەرەو من بێیت؟

ئۆهـ.. گەر دەزانی چەندە غەریبیت دەکەم!؟ چەندە شەپۆلە ئەرژەنگەکانی بـێ تـۆیـی شالاوم بـۆ دەهـێنـێ و خـەریکـە نـوقـمـی دەریـای سڕانـەوەیـەکـی ئەبەدیم دەکا، گیان گوێت لێیە کە پێت دەڵێم: خۆشمدەوێی گوێت لێیە ئاوزینگ دەدەم؟ هەست بە مردنی بەردەوامی من دەکەیت..

تا نامەیەکی تر.. چاوەڕێ بە.. خۆشمدەوێی گوڵە زیندووەکەی خۆم.

حەشیش تەواو کاری لە عەقڵی ئاوڕەنگ کردبوو، هەستی بە لە دەستدانی کۆنترۆڵکردنی خۆی دەکرد.. ئەو نامەیەشی خستە سەر نامەکانی تر، ئێستا بیرۆگرافیانامەکە کتێبێکی گەورەی لێ دەرچوو، ئەگەر بیدابووایە چاپ..

ئاوڕەنگ بە سەرخۆشی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا و ئۆلگای بیر کەوتەوە، تابلۆی برژانگە ڕەشەکانی هاتە بەر چاو کە لەسەر گلێنە سەوزەکان ئاوێتە دەبوون، بۆنی پرچی ئۆلگای هاتەوە یاد، ئێستا بە تەنیا بۆنی بێ ئومێدیێکی تاریکی لێ دەهات، خۆرەکە ئاوابوو، دەستی خستە سەر چاوەکانی و سەری هێشا، گۆرییەکانی داکەند و نووست.

## ٢٥

لە کارگەی ئۆتۆ، ئاوڕەنگ نسکافییێکی گەرمی بە دەستەوە بوو، لەو وێنەیە گەورەی دەڕوانی کە ئۆلگای لە باوەش گەرتووە و، بە هەردووکیان ئارمی کارگەی ئۆتۆیان بەدەستەوە گرتووە و بە زەردەخەنەیەکەوە ڕێکلام بۆ ئەو کارگەیە دەکەن.

دوای ڕامانێکی زۆر و هەڵوەراندنی چەند تنۆکە فرمێسکێکی درشت ئاوڕەنگ بە وێنەکەی گوت: هەموو شتێك لەو گردوونەدا دەبێتە ڕابردوو.. ڕابردووش واتە: لە ناو چوونێکی بە بەڵێن.

دیسان گوتی: تاکە پردی نێوان ئێستا و ڕابردوو زاکیرەیە، خۆزگە بمتوانیبووایە بە پردی واقیعەوە گەڕابوومایەوە نێو چرکەساتەکانی کە ئەو وێنەیەی لێ گیرا.

لەخۆی پرسی: "خۆزگە" چییە؟ ئایە شەڕێك نییە کە ئێمە بە دڵ و ڕۆحی دەفرۆشین؟

ئۆلگا لە نێو ترام دانیشتبوو، لە گۆڤارێکی تایبەت بە ڕێکلامی دەروانی، وێنەکەی خۆی و ئاوڕەنگی دیت کە ڕێکلام بۆ کارگەی ئۆتۆ دەکەن، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئایە دووبارە کردنەوەی ڕابردوو لە دەستی ئێمەدایە، ئاخ، خۆزگەم بەو چرکەساتەی کە ئەو وێنەیەی لێ گیرا.

سۆنگول دەستێکی لە پشتی ئاوڕەنگ دا و گوتی: ئایە برایە عاشق و شێتەکەم زۆر غەریبی ئۆلگا دەکا؟ ئایە دەزانیٚ کە خۆشەویستی و غەریبی کردن جمکن؟ لە یەك چرکەساتدا لە دایك بوون و بۆ هەمیشەیش بە یەکەوەن.. تکایە سڵاوی منی پێ ڕابگەیەنە.

ئاوڕەنگ گوتی: مەگەر کۆترێکی شین لە دڵی من تێبگا و نامەی زەینی منی بۆ ببا.. ئۆلگا بوو بە ڕابردوو، ئەو ڕۆیشت و ئیدی نایبینمەوە.

سۆنگول بە سەرسوڕماوییەوە گوتی: من پێم وابوو ئێوە لە مێژە عاشقی یەکترن..

لە نێو مۆبایلەکەی گەڕا و گوتی: بۆڕۆ دی نۆڤا.. بنووسە ئاوڕەنگ ژمارەی مۆبایلەکەی ئۆلگای نووسی.

## ٢٦

ئاوڕەنگ مۆبایلەکەی دەرهێنا و ویستی ژمارەی ئۆلگا هەڵبژێرێ، کەچی مۆبایلەکەی داخست.. ئەو جارەیان هەوڵی دا، دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی ئۆلگای لێدا تا ژمارەی کۆتایی، بەڵام بەر لەوەی ژمارەی کۆتایی لێدا کە ژمارەی "٧" بوو، دایخستەوە.

دڕدۆنگ بوو، نەیدەزانی دەبێ چی بکا.. غەریبی برژانگە ڕەشەکانی ئۆلگای دەکرد کە لەسەر گلێنە کەسکەکانی تێکەڵ دەبوون، دەستی دایە گۆڤارێك کە لەسەر مێزەکەی بەردەمی کەوتبوو، ژیانی "ئێدگار ئالان پۆ"ی خوێندەوە، نەختێ خۆشحاڵ بوو کە کەسێکی تریش هەبووە لەو غەمبارتر و سەرخۆشتر، هاتە پێش چاوی کە ڕۆژێ دادێ ئەویش ئاوا دوای چەند ڕۆژێك بە مردوویەتی لە نێو چەند بتڵێکی شەراب و عەرەق لە نێو ژووره بچووکەکەی لە شەقامی -ئاو- دا دەدۆزنەوە.. لەبەر خۆیەوە گوتی: چی دەبێ با ببێ، خۆ لە کۆتاییدا هەموومان خاوەنی یەك ئەنجامین.

تەماشایێکی بەرگی گۆڤارەکەی کرد و بە نەرمییەوە گوتی: بەڵام بەر لەوەی ببمە تەرمێکی سارد و سڕی ترسناك، حەز دەکەم جارێکی تریش گەشانەوەی چاوەکانی ئۆلگا و جوانییەکانی ببینمەوە، حەز دەکەم گوێم لە دەنگە مۆسیقییەکەی ببێتەوە، جارێکی تریش بۆنی پرچی بکەم و ئەگەر بکرێ ماچیشی بکەم.

دیسان گوتی: من پێم وانییە ئێمە بەرپرس بین لە هەڵبژاردنی ئاسوودەیی و بەدبەختی خۆمان، جا چۆن دەتوانین بەرپرس بین لە هێنانەدی حەزەکانمان..؟ بەردەوامی دایە قسەکانی و گوتی: من تووشی

سەرەتـانـی گـۆشەگـیـری هـاتووم، ترس دایگرتووم، تـاو لـەرزی عـەشقـم گرتووە، ئەهـا لـە چ دۆڵێکدا بـانگ دەکەم، هـاوار دەکەم، کەچی نە قەرەجێك نـە ڕێبـوارێك نـە سەگـێك بـێرەدا تـێپـەڕ نـابـێ.. کـەسێ نییـە لـەو لافـاوی بێزارییەدا دەربـازم بکا..؟

جارێك ئاویار پێی گوتبوو: کێشەی تۆ ئەوەیە ناتوانی وێنەی ئاڤژەن لە زاکیرەی خۆتدا ڕەش بکەیتەوە، تۆ پێت وایە تەنیا کەسێك کە جوان بوو بێت ئاڤژەنە.. ڕەنگە تۆ ڕاست بیت لە لایەك کە تۆ وادەبینی، "جوانیی لە خودی شتەکەدا نییە، بەڵکو لە تێگەیشتن دایە بۆ شتەکە" بەلام هەوڵ بدە هەندێ جار بە دوای واتای شتەکەدا بگەڕێ، بە نموونە: خۆشویستن و جوانیی لە مردووویەکدا چ واتایێکی هەیە و..؟

ئاوڕەنگ هێندە دڵتەنگ بوو نەیدەزانی چی بکا..! قسەیەکی سارتەری هاتەوە یاد «یاداشت نووسین مۆسیقایە، هەر کەسە و بە شێوەیەکی جیا دەیخوێنێتەوە..» دەستی دایە قەڵەم و ویستی یاداشتی ڕۆژانەی خۆی بنووسێتەوە، جار جارێ کە یاداشتی خۆی دەنووسییەوە وەکو ئەوە وابوو ئامێرێکی مۆسیقی بژەنێ کە کەسی تر بەر لەو ئەو ئامێرەی لە خەیاڵیشدا وێنە نەکردبێ، ئاوا دەینووسی، حەزی دەکرد شێوازی تایبەتی خۆی هەبێ لە نووسینەوەی یاداشتدا، حەزی نەدەکرد شوێن پێی هیچ کەسێك بکەوێ.. دەستی کرد بە نووسین، چەند لاپەڕەیەکی ڕەشنووس کرد، هێزی نەما و هەمووی دڕاند.. دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی ئۆلگای هەڵبژارد، بەلام بەر لە ژمارەی کۆتایی کە ژمارە "٧" بوو، ئۆلگای بیر کەوتەوە کە پێی گوتبوو: ببوورە کاتم نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا کافییێك بخۆمەوە.. تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

ئۆلگا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ سۆنگول کرد و داوای ژمارەی ئاوڕەنگی کرد و سوپاسی کرد.. ژمارەی تەلەفۆنی ئاوڕەنگی

هەڵبژارد، بەڵام بەر لە ژمارەی کۆتایی کە ″٧″ بوو، ئاوڕەنگی هاتەوە یاد کە لە ناو گۆڵفەکە هێندە بە ساردی و بە ڕەقی و بە کورتی وڵامی دەدایەوە.. ئۆلگا دەترسا و گومانی هەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری کۆتایی داو گوتی: چی دەبێ با ببێ، جا من چیم یا کێم تا بتوانم پرسیاری چارەنووس رەتبکەمەوە؟ من چیم یا کێم کە چارەنووس نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی یاری بە ژیانم بکا..؟

ئۆلگا دوور لە گومان و دوودڵی دەستی دایە تەلەفۆنەکە و ژمارەی ئاوڕەنگی لێدا، بەڵام بەر لە ژمارەی کۆتایی کە ژمارە ″٧″ بوو، تەلەفۆنەکەی داخست و غاری دایە سەر تەختە خەوەکە و لە پڕمەی گریانێکی ناکۆتایی دا.

## ٢٧

ڕۆژی هەینی، ئاوڕەنگ لەدەرگای کۆمپانیای بە کرێدانی کرێکاران بە ماندوویی و هیلاکییێکی زۆرەوە، لە باڵەخانەی ژمارە ″٧″ لە شەقامی ″بانهۆف″ چووە ژوورێ.. سەیرێکی کرێکارەکانی کرد و لە دڵەوە گوتی: هەموومان ڕەنگی ئاسن و کەر و جوانەگامان هەڵێناوە.

″تۆماری کاتی کارکردن″ی بە ئیمزاییێکی سەرکاری کارگەی ئۆتۆ بردە بەر دەستی بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە، تا پێی ڕابگەیەنێ کە ئەو هەفتەیەش وەکو هەفتەکانی ڕابردوو ″٦٠″ کاتژمێر کاری کردووە..

کە ئۆلگا ئاوڕەنگی بەو هەموو خەفەت و هیلاکی و مەرگدۆستییەوە دیت، گەیشتە ئاستی ڕوخان و داڕمان، ئیدی ئۆقرەی نەما، موچڕك و تەزین سەراپا جەستەی داگیر کرد.. ڕەنگی رووخساری گۆڕا و چەند جارێك برژانگە رەشەکانی لەسەر گلێنە سەوزەکانی ئاوێتە کرد و لە دڵەوە گوتی: ڕێکەوتێکی سەیرە!

خۆی بۆ نەگیرا و چووە لای ئاوڕەنگ، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە قەلەقی و شەرم و مەراقەوە گوتی: ژیان وشەیەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو وشەی لێکدابڕان و بە یەکگەیشتن.

ئاوڕەنگ ئاوڕی دایەوە و ڕەنگی –ئاو–ی هەڵهێنا، بزەیەکی کورتی کرد و گوتی: من پێم وایە ژیان وشەیەکە دەکەوێتە نێوانی وەفاو بێوەفایی... چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە ژیان بەپۆشاکی وەفاوە ببینم!

ئۆلگا هەستی کرد ئاوڕەنگ ڕەنگی–ئاو–ی هەڵهێناوە، هەستی بەو کاتژمێرە گەورەیە کرد کە بەڕوخساریەوە نووسابوو، کاتژمێرە گەورەکە لێی دەدا، ئایا ئەوە کاتژمێری سفر بوو؟ (دەکرێ بەخوێنەر بڵێین کە ئێرە سەرەتای ڕۆمانەکەیە)... کاتژمێرەکەی سەر ڕوخساری ئاوڕەنگ لێی دەدا و لە ئۆلگای دەڕوانی ... ئۆلگا ورد بۆوەو لەبەر خۆیەوە گوتی: لە گلێنە کەسك و برژانگە ڕەشەکانم دەڕوانێ، تەماشای پێڵاوەکانم دەکا، هێدی هێدی نیگاکانی بەڕان و بەلەك و زگ و سینەم هەڵدەزەنێ، ئەو بازە دامیارە چی بەسەر هاتووە؟ ئایا ئەو شەهێنە دامیارێکی هەمیشە چاو مەستە؟

ئاوڕەنگ بەشەرمەوە پرسی: چاوەڕێم نەدەکرد بتبینمەوە، بۆچی لێرەی؟
ئۆلگا بەخۆشحاڵیێکەوە گوتی: هاتووم دوا حیسابم لەگەڵ ئێرە بکەم.

هێشتا سەرسوڕماوی بەڕوخساری ئاوڕەنگەوە دیاربوو، بەڵام کاتژمێرەکە بەردەوام لێی دەدا، سەدای زەنگی کاتژمێرەکە هێندە کاریگەربوو، کە زاکیرەی هەر کەسێکی داگیر دەکرد... ئایە ئەوە کاتژمێری سفر بوو؟ سەرەتای ئەو ڕۆمانەیە کە من دەمەوێ بۆ ئێوەی بگێڕمەوە؟

ئاوڕەنگ لە دڵەوە گوتی: ئیدی بۆنی برین و خوێنم کەس کاس ناکا، خۆرم لێ دیارە کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ، پەپوولەیەکی سپی پێدەکەنێ...

بەدەنگێکی نیو بڵند بەئۆڵگای گوت: وەکو پێم ڕاگەیاندبووی، ڕۆژی ئاهەنگەکە کوردیەکە نزیك کەوتۆتەوە، تۆ پەیمانت دابوو لەگەڵم بێی، ئایە هێشتاش لەسەر پەیمانەکەت ماوی؟

وەکو بڵێی ئۆڵگا چاوەڕێی ئەو پرسیارەی کردبێ، بێ دوودڵی گوتی: بەڵێ... بەڵێ... بەختەوەر دەبم گەر ئەتمۆسفێری ئاهەنگی کوردان ببینم.

ئۆڵگا ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی دایە ئاوڕەنگ... ئەگەر چی ئاوڕەنگ ئەو ژمارەیەی لابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەخۆشحاڵییەوە لێی وەرگرت...

کە لێك دابڕان، پەڕەسێلکەی ناخی ئاوڕەنگ لە قاقای دا، هەڵفڕی و بەهێورییەوە گوتی: ڕەنگە بەختەوەری مرۆڤ لەنێو گەمەی ژیاندا، بەشێکی بە سەبرەوە پەیوەست بێ.

## ٢٨

ئاوڕەنگ گەڕایەوە ماڵ و خۆی مەست کرد... باران بە خەستی دەباری... بە خۆشحاڵییەوە پەنجەرەکەی قەپات کردەوە، خەریك بوو لە بەختەوەریدا هەڵدەفڕی... وەکو ئەوەی –با– بەپەنجەرەکەیدا کۆترێکی سپی یا ئۆڵگای بۆ هەڵدابێتە ژوورەوە ئاوا هەستی بەئاوەدانی دەکرد... کۆترە سپییەکە، یاخود ئۆڵگای گرتە ئامێز و دەستی کرد بەسەما...

سەمایێکی شێتانەی لەگەڵ کۆترە سپییەکە و دەنگی بڵندی موزیك دەکرد... لەو دیو پەنجەرەکەدا پیاوێکی پیر بەنێو باوبۆران و تاریکیدا بەقەمبووری هەنگاوی دەنا، فانۆسێکی بەدەستەوە گرتبوو، بەدەستەکەی تریشی چەترێك...

هاتە نزیك پەنجەرەکەی ژووری ئاوڕەنگ و بەدەنگێکی بەرز گوتی: بەپێچەوانەی هەموو گڵۆپە کوژاوەکانی شار، تەنها گڵۆپ و ڕووناکی لە ماڵی تۆ داگیرساوە، بەپێچەوانەی هەموو پەنجەرە داخراوەکانی شار،

تەنها پەنجەرەکەی تۆ ئاوەڵا کراوە، بەپێچەوانەی ئەو گۆشە گیرییانەی شار کە لە گۆشەگیریدا گەیشتوونەتە بەدبەختی، تۆ لەنێو بەختەوەریدا سەما دەکەی، بقیژێنە، سەمابکە ، بشکێنە، هاواربکە و گۆرانی بەدەنگی بەرز بچڕە، چونکە قیژەو هاوارو شکاندن و سەما، دەروون و ڕۆحی مرۆڤ بەختەوەرتر دەکەن... پیاوە پیرو قەمبورەکە ئەوەی گوت و لەنێو با و بۆراندا ونبوو، ئایا ئەو پیرەمێردە کێ بوو کە بەو نیوە شەوە هات و تێپەڕی؟ کەس نەیدەزانی سەعات چەندە! ئاوڕەنگ دەیخواردەوە و سەمای دەکرد، دەنگی موزیکی بەرز بەرز کردبوو، پەنجەرەکەی کرابۆوە و هاواری دەکرد، بارانیش بەلێژە دەباری. لەو کاتە دەرگای ژوورەکەی ئاوڕەنگ لێدرا، لەخۆی پرسی کێیە هاتووە: دەیەوێ بەشداری خۆشبەختی و ئاهەنگی من بکات..؟

فاتیح کاڵکان لە خانووە گەورەکەی خۆیدا... ئەو ژوورەی نیشانی ئۆڵگا دا کە بۆ پشووی دایك و باوکی ئۆڵگا تەرخانی کردبوو، دواتر چوونە سالۆنەکەو لەسەر ئەو دوو قەنەفەیە یەك کەسییە دانیشتن کە بەرامبەر بەیەك دانرابوون... باسیان لەو خەوە ناخۆش و لێکچووە کرد کە هەردووکیانی تووشی سەرسامی کردبوو، ئۆڵگا زۆر سوپاسی کاڵکانی کرد بۆ دیاریە گرانبەهاکە و گوتی: نەدەبوایە دیارییێك بەو گرانبەهاییە پێشکەش بە من بکەیت.

کاڵکان لە دڵەوە گوتی: یەك دیداری تۆ، بەهەموو سامانی دنیا ناکڕدرێ.

کاڵکان و ئۆلگا چوونە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێل بوون، بۆ ئەوەی بچنە گەڕەکی بەهەشت... دەرگای ئۆتۆمبێلەکەیان داخست... ئاوڕەنگ دەرگای ژوورەکەی کردەوە، دوو پۆلیس و دوو کەسی سپیپۆش بەژوور کەوتن، لە ژوورەکەی بەرامبەر بەژووری ئاوڕەنگ پیرەژنە خانەنشینەکە

بەخەواڵووی چاوی مۆنەوە لەو دیمەنەیەی دەڕوانی...

پۆلیسە ژنەکە پرسی: کوانێ ئەو کەسەی کە شێت بووە و عەقڵی خۆی لەدەست داوە؟ ئاوڕەنگ بەسەرسوڕماویـیەوە گوتی: ڕەنگە ئێوە بۆ ئەدرێسێکی هەڵە هاتبن، من بەتەنیا لەو ژوورەدا دەژیم. پۆلیسە پیاوەکە: هەواڵمان بۆ هاتووە کە یەکێك لەو ژوورەی تۆدا دەژی و بەداخەوە عەقڵی خۆی لەدەست داوە. ئاوڕەنگ گوتی: کە وابێ ئەو شێتە منم.

دکتۆرە ئافرەتەکە گوتی: هیچ خاسیەتێکی شێتبوون بەڕوخسارتەوە نابینم!

ئاوڕەنگ: پێدەچێ لە دەستووری ژیاندا دۆزینەوەی بەختەوەری بۆ یەکێك کە هەرگیز بەختیاری نەدیبێ بە شێتبوون لە قەڵەم بدرێ.

پۆلیسە پیاوەکە گوتی: تۆ کەسێکی ئانارشیی و گێرەشێوێنی، دراوسێکانت ئازار دەدەی.

پۆلیسە ژنەکە قسەی پێ بڕیو بەئاوڕەنگی گوت: دیارە تۆ خۆت ون کردووە؟

ئاوڕەنگ ڕستەیەکی فەیلەسووفێکی ئەڵمانی هاتەوە یاد، کە هەمان پرسیاری ئاراستە کرابوو، بۆیە قسەی فەیلەسووفەکەی دەقاودەق دووبارە کردەوە و گوتی: کەواتە، تۆ باشترین یارمەتیم دەدەیت گەر بتوانیت ڕێگای دۆزینەوەی خۆمم نیشان بدەی.

پۆلیسە پیاوەکە گوتی: فەرموو...

ئاوڕەنگ: بەرەو کوێ؟

پۆلیسە پیاوەکە: با شکنینێکت بۆ بکەن، ئەگەر تەواو دەرچوو کە ئەقڵی خۆت لە دەست داوە یەکڕاست بەرەو نەخۆشخانەی دەروونی.

ئاوڕەنگ بەپێکەنینەوە گوتی: جا من چی بکەم لە شێتخانەیەك کە

بەدیواری بەرز بەرز سنووردرابێ؟ دەرگاکانی بە قوفڵی گەورە گەورە کڵۆم درابێ؟ وازبێنن با لەو شێتخانە گەورەیەدا ژیان بەسەر ببەم کە پێی دەڵێن: دنیا... دنیا ئەو شێتخانەیە مەزنەی خوا، نەك هی مرۆڤ.

دکتۆرەکان داوایان لە پۆلیس کرد وازی لێ بێنن. لەگەڵ ئەوەشدا پۆلیسە ژنەکە گوتی: بۆ ئازادیش سنوور هەیە... تۆ تا ئەو خاڵە ئازادی تا ئازادی کەسانی تر نەشێوێنی.

پۆلیسە پیاوەکە داوای کرد کە جارێکی دی دەنگی موزیك هێندە بڵند نەکاو نەشکێنێ و هاوار نەکاو وەکو شێت نەقیرێنێ...

فاتیح کاڵکان، ئۆڵگای لەبەر دەروازەی بالاخانەی قوتابیان دانا لە (گەڕەکی بەهەشت، شەقامی ڕووبار، ژمارە ٧٤) گوتی: تۆ شایەنی گرانبەهاترین دیاری لەو گەردوونەدا لە دڵەوەش ئەو ڕستەی تەواو کردو گووتی: کە ڕۆحمە. ئاوڕەنگ گلۆپەکانی کوژاندبۆوە، بەڵام لە ناخی ڕووناکییەکی بێ وێنە بەدی دەکرا... بەدیار چەند مۆمێکدا ڕۆمانێکی (بەلزاك)ی دەخوێندەوە و گوێی بۆ موزیکی کلاسیکی ئیتاڵی ڕادێرابوو، کە بەو حاڵە لە خۆی ڕووانی، لەبەر خۆیەوە بەپێکەنینەوە گوتی: جیاوازی چییە لە نێوانی من و خوێنەرێکی سەدەی نۆزدەیەم؟

بیری لە ڕۆژی ئاهەنگەکە و بیری لە ئۆڵگا کردەوە، ئۆلگا لە ژوورەکەی بەسەر تەختە خەوە یەك کەسییەکەی ڕاکشابوو، بیری لە ڕۆژی ئاهەنگ و لە ئاوڕەنگ کردەوە... ئاوڕەنگ چیرۆکەکەی هاتەوە یاد، دەرگا دوو دەرییە زەردەکە و دارە بازە زەردەکە و ئاڤژەنی هاتەوە یاد و گەیشتە باوەڕێك کە ڕۆژێك دادێ، دەبێ دان بەوە دابنێ کە ژیان دەڕوا و ناوەستێ، بۆیە لەبەر خۆیەوە گوتی: بێ گومان ڕۆژێ دێ دەبمە پەیمانێکی شکاو و تاوانێکی بە پەیمان.

## ٢٩

ڕۆژی شەممە.. ڕۆژی ئاهەنگ.

ئۆڵگاو فاتیح کاڵکان بەیەکەوە لە سووچێکی کافتریای "پێکەنینی شین" دانیشتبوون... کاڵکان بانگی گارسۆنەکەی کرد و گوتی: من ناوم کاڵکانە... فاتیح کاڵکان... بەختەوەرترین پیاوی سەر ئەو ئەستێرەیەم، تکا دەکەم بەهێنانی دوو پێك ڤۆدگا بەختەوەرترمان بکەیت.

گارسۆنەکە هێشتا نەگەڕابۆوە... کاڵکان لەو ماوەیەدا باسی لە بەختەوەری دەکرد، پێی وابوو: بەختەوەری و بەدەستهێنانی بەختەوەری کارێکی عەقڵانییە.. گەر عەقڵ هەبێ، بەختەوەری دەبێت... عەقڵ سەنتەرە، سەنتەری خۆشی و ناخۆشییەکان، سەنتەری بەدبەختی و بەختەوەری، سەنتەری ئاشتی و جەنگ، بۆیە دەبێ بۆ هەمیشەیی باڵا دەستی عەقڵمان لەبەر چاودا بێ.

لەبەر دەروازە گەورەکەی بانهۆف ئاوڕەنگ بەئامۆزاکەی خۆی دەگوت: ئەوڕۆ ڕۆژی یەکلابوونەوەیە. چارەنووس بڕیار دەدات، ئایا بەختەوەر دەبم یان بەدبەختم، خۆشحاڵ دەبم یان غەمگین، چارەنووس سەنتەرە، سەنتەری هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیاندا دێنە ڕێگامان...

کاڵکان بۆ ئۆڵگا، باسی ئەو برادەرایەتییە پاك و بێگەرد و ئەو عیشقە پڕ لە برادەرایەتییە و باسی لە پاکییەتی نییەتی خۆیی و باسی لە سەفایی برادەرایەتی دەکرد و گوتی: بەر لەوەی تۆ بناسم ژیانم تاریك بوو، بەڵام کاتێ کە تۆ هاتی، لە هەموو لاکان ڕووناکی خۆی کرد بەنێو ژیانی مندا، ئێستا کە بەگارسۆنەکەم گوت بەختەوەرم، زێدەڕۆییم نەکرد، ڕاستم گوت، چونکە بەڕاستی بەتۆ بەختەوەرم.

گارسۆنەکە گەڕایەوە، لەسەر سینییێکی زیوین، دوو پێك ڤۆدگا دانرابوو، لەنێو هەردوو گڵاسە بچووکە کریستاڵییەکە، پاکەتێکی قەدیفەی جوانی شین دانرابوو، کە گارسۆنەکە بەسەر دانەواندنێکەوە ڕۆیشت، کاڵکان دەستی دایە پاکەتەکە و بەڕووی ئۆلگادا ئاوەڵای کرد و گوتی: تەنیا تاکە تەمەنایێکم ئەوەیە، بێ دیالۆگ و مشتومڕ و بەئاسانی ئەو دیارییە بچووکەم لێ قبووڵ بکەیت...

ئۆلگا کە لەنێو پاکەتەکەی ڕوانی "سویچێکی ئۆتۆمبێل"ی تێدابوو، ڕەنگی تێکچوو، شەرم دایگرت و گوتی: بە هیچ شێوەیەك قبوڵی ناکەم. کاڵکان بەنیمچە شانازییێکەوە گوتی: دیارییێکی بچووکە لە بەرامبەر تۆی گەورەدا، ئۆتۆمبێلێکی شایستە بە بەڕێزتە، بۆیە ناچارم کە گوێ بەقسەکانت نەدەم!

پێکە ڤۆدگاکانیان بڵند کرد و بەیەك فڕ تەواویان کرد...

ئاوڕەنگ لەبەر دەروازەی وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر لەنێو کابینەیەك بوو، ژمارەی مۆبایلی ئۆلگای هەڵبژارد... دوای چاك و چۆنی گوتی: لە ئێستاوە بۆ کاتژمێر "١٥" دوو شەمەندەفەر لێرەوە دەڕوا، ئەگەر بۆ سەعات "١٥" لێرە نەبیت، ناتوانین بەشداربین لەو ئاهەنگە، خۆ ئەگەر زووتریش بێیت، ئەوا دەتوانین لە کاتژمێر"١٤" بەڕێکەوین. ئۆلگا دوای سوپاسکردنێکی بێ پایان بۆ دیارییەکە بەکاڵکانی گوت: دەبێ ڕێگام بدەی بڕۆم، چونکە لە ئاهەنگێك داوەت کراوم.

– ئەگەر ئاهەنگی گشتی بێت منیش لەگەڵت دێم.

– بەداخەوە داوەتکردنێکی تایبەتە.

– دەکرێ بزانم چ ئاهەنگێکی تایبەتیە؟

– ئاهەنگی کوردانە... هاوکارێکی کورد کە بەیەکەوە لەکارگەی ئۆتۆ کارمان دەکرد، داوەتی کردووم. ڕەنگی ڕووخساری کاڵکان گۆڕاو

بەسەرسورماویەوە پرسی: کورد؟

ئۆلگا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بەڵێ کورد، هاوکارەکەم لە بانهۆف چاوەڕێم دەکا...

کاڵکان لە ناخەوە تەواو قەهریبوو، تووڕە ببوو، بەڵام بەپێکەنینێکەوە گوتی: تۆ ئەو جۆرە هاوکارو برادەرەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟ تۆ شارەزایت هەیە لەسەر کورد و مێژووی کورد و نەفسیەت و عەقڵیەت و دواکەوتوویییان...؟ حەزناکەم زۆر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم بەڵام بەکورتی دەمەوێ چەند شتێ باس بکەم، ئەوان کۆمەڵێ قەرەج و خێڵەکی بوون و بەدنیادا دەخولانەوە، دواتر هاتنە لای ئێمە و ئێمەیش لێگەڕاین لە شاخ و پێدەشتەکانمان وەکو کێوی ژیان بەسەرببەن... کەسانێکی تیرۆرست و دواکەوتوون، دەمانێکە لە ئەوروپا هەوڵی ئەوە دەدەن سەرنجی کچە ئەوروپییەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن و بۆ مەبەستی سیاسی بەکاریان بهێنن، دەبێ ئاگاداری خۆت بیت، چونکە ئەوان دەیانەوێ قوماری بە کچە ئەوروپییەکان بکەن کە لە کۆتاییدا تێیدا دۆڕاون، دەیانەوێ بەختەوەری هێور و دوور لە ژاوە ژاوی ئێوە بەدنیایێ کێشمە کێشم و تاریکی بگۆڕن و هەرگیز لە ناوی دەرنێن... کچان فێری مادەی سڕکەر و بێهۆشکەر دەکەن، بۆ پارە وەکو سۆزانی لە کارخانەکان بەکاریان دەخەن، دواتر ئەو سنووری ئازادییەی ئافرەت کە لای ئەوان هەیە کەسی مۆدێرن سەرسام دەکا، سەرسام دەبێ کە ببینێ لەو دنیایە پێشکەوتووە تا ئێستا ئافرەت لای ئەوان وەکو مەڕ و کەر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ ... بۆچی دەتەوێ خۆت لە سنووری کێشەیەکدا نزیك بکەیتەوە کە پێویست و پەیوەندی بە خۆ نزیککردنەوەی تۆ نییە؟ تۆ چۆن دەتوانی تێکەڵی کەسانێك بیت کە سەرلێشێواون و لە کاری تێکدەرانە بەولاوە شتێکی تر نازانن؟ بەکورتی ئەوان کۆمەڵێ کەسی شاخاوی و گوندین و بەهیچ شێوەیەك وێنەی ژیانێکی ژیار و مۆدێرنیان پێ هەزم ناکرێ.

پێشتر ″سیمۆنا″ی تاکە دەستە خوشکی ئۆلگاش شتێکی نزیکی لەو بۆچوونەی کاڵکانی سەبارەت بە کورد باس کردبوو چونکە کاتێکی درێژبوو لەو شارە دەژیا و هەمیشە دیموستراتسیۆنی کورد و هات و هاواری کوردانی لەسەر شەقامەکان دەبیست و هەرگیزیش نەیپرسیبوو ئەو کوردانە بۆچی وا دەکەن. ئۆلگا وێنەیەکی هاوجۆری بۆ دروست بوو بەگوێرەی ئەو دوو بۆچوونەی کاڵکان و سیمۆنا سەبارەت بە کورد... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بیری لە ئاوڕەنگ و هەڵسوکەوت و جوانی و دانایی ئەو کردەوە، بەنەرمییەوە بەکاڵکانی گوت: بەڕێز، من هیچ یەك لەو خاسیەتە نێگەتیف و بەدانەی کە سەبارەت بەکوردت باس کرد لەو هاوکارەمی نادۆزمەوە، بۆیە من دەبێ پەیمانەکەم بەجێ بهێنم، خۆ ئەگەر ئەو شتانەم دیت لەو ئاهەنگە ئەوا بەیەکجاری خۆم دوور دەخەمەوە. کاڵکان خەونە ناخۆشەکەی هاتەوە یاد، ئەو خەونەی کە کاڵکان ببووە مارێك و بەجەستەی ئۆلگاوە نووسابوو بازێکی گەنج دێ و هەردووکیان هەڵدەفرێنێ و بەعەردیان دادەدا، وازی لە بیرکردنەوە لەو خەونە هێنا و بەهێورییەوە گوتی: من تۆ بەهەرە نزیکترین و ئازیزترین کەسی ژیانی خۆم دەزانم، بۆیە ئەو ڕێنماییانەت دەکەم کە پێویستیان بەکردنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتگەینمە وێستگە، بەڵام دەبێ تۆ خۆت لەو ئاگرە بپارێزی کە خەریکە بەرەو کەنارەکانی سووتان ڕاتدەکێشن...

بەهەر شێوەیەك بێ کاڵکان، ئۆلگای ڕازی کرد بیگەیەنێتە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئۆلگا بگەیەنێتە بانهۆف، بەبیانۆی ئەوەی کارێکی پێویستی هەیە، ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم بیرۆی (گەشتوگوزار)ەکەی خۆی ڕاگرت و چوونە نێو بیرۆیەکە.

ئاوڕەنگ لە چاوەڕوانیدا ئۆقرەی نەمابوو، خەریك بوو سەری لێ دەشێوا، شەمەندەفەری کاتژمێر ″١٤″ بەڕێ کەوت... کەچی ئۆلگا نەهات، دەستی بۆ یەکێك لە گیرفانەکانی برد و ویستی چارێگێ وێسکی دەرکا و

بـەیـەك فـڕ هـەمـووی بـخـواتـەوە، كـەچـی ئـامـۆزاكـەی لـێی نـەگـەڕا و بەپێكەنینەوە گوتی: سەرخۆشی تۆ، مانای هاتنی "ئەو" ناگەیەنێ. چووە كابینەكە و زەنگێكی بۆ ئۆلگا لێ دا، كەچی هیچ وەڵامێك نەبوو، زەنگێكی تری لێ دا كەچی هیچ كەس وەڵامی نەدایەوە...

كاڵكان لە ناو بیرۆكەی خۆیدا هەوڵی دا خۆی بەلێك جیاكردنەوەی چـەنـد كـاغـەزێك خـەریك و سەرقـاڵ كـرد، ئـۆلـگـا كـەوتـەوە بـیـری كـە مۆبـایلـەكەی لەنێو ئۆتۆمبێلـەكەی كاڵكان لە یاد كردووە... ئاوڕەنگ چەند جارێكی تر ژمارەی مۆبـایلـەكەی ئۆلگای لێ دایەوە كەچی هیچ وەڵامێكی وەرنـەگـرت، بـەرق و قـیـنـە و هـەڵـچـوونـێكـەوە كـە نـەختـێ ئـەو هـەستـی فریوخواردوویشیی پێوە دیار بوو تەلەفۆنەكەی بەجامی كابینەكە دادا و گـەڕایـەوە لای ئـامـۆزایـەكـەی. سەربـەست بـەپـێكـەنـیـنـەوە گـوتـی: هـەندێ ئافرەت هەن پێیان عەیبە بەرامبەر و ڕووبەڕوو بەپیاوان بڵێن واز بێنە كاكە... وابزانم ئەوەی جەنابیشت لەو بابەتە ئافرەتانەیە، خۆت گێل مەكە، ئـەگـەر بـەئـومـێدی هـاتـنـی ئـەو بـیت دەبـێ هـەمـوو ژیـانـی خـۆت لـەبـەر دەروازەی ئەو وێستگەیەدا تەواو بكەیت.

ئۆلگاو كاڵكان سواری ئۆتۆمبێلەكە بوون و كاڵكان بێ ئەوەی پرسێك بكا بەرەو گەڕەكی بەهەشت لێیخوڕی و لە شەقامی ڕووبار ڕایگرت و دوای وردبوونەوەیەكی قووڵ لە چاوە كەسكەكانی ئۆلگا گوتی: ڕێگات پێ نادەم بچیتە نێو قومارێك كە كۆتاییەكەی دۆڕانە، باشترە لێ نەگەڕێم بڕۆیت لەوەی زەمەنێكت پێ بدەم بۆ ئەوەی تۆ لە ژەهری تاڵی ئەو ئەزموونە بنۆشیت و پەشیمان ببیتەوە... من ویستم بەتەنیا لەو كێشەیەت دەرباز بكەم كە پێویست بوو لێی دەرباز بیت، دووبارەی دەكەمەوە، ئەوان بۆ مەرامی سیاسی و ناسیونالیستی خۆیان هەموو شتێ دەكەن، نازانم حەقی خۆیانە یـان نـا، بـەڵام ئـەوە بـەكـاری تـۆ نـازانم، بـا كـوردی عیراقیش بـن، بـەڵام بەهەمان چاوێلكە لە شتەكان دەڕوانن و هەمان عەقڵیەتیان هەیە، ئەوان

بیری ئانارشی و تیرۆر هەموو ژیان و تەمەنی تەنیون، تازە ناتوانن خۆیان لەو زنجیرە ڕزگار بکەن کە ڕۆح  و هەست و دەروونیانی بەستۆتەوە...

کاڵکان هەستی کرد کە تا ڕادەیەك باوەڕی بەئۆلگا هێناوە، بۆیە بزەیەکی کەوتە سەر لێوە ئەستوورەکانی و گوتی: دیارییەکەت (بی ئێم)ێکی تازە مۆدێلە و لە گەراجەکەی خۆتان ڕاگیراوە...

ئۆلگا کە وردە وردە بەسەر پەیژەکانی بالاخانەی قوتابیاندا سەرکەوت، باوەڕێکی تەواوی بەقسەکانی کاڵکان هێنا بوو، بۆچی پێویست بوو بچێتە شەڕێکەوە کە هی ئەو نییە؟ ئەی بۆچی ئاوڕەنگ پێداگری کرد تا لەو ئاهەنگە بەشداری بکەم؟ بۆچی باسی سیاسەت سەرنجی ئەوی ڕادەکێشا و کە گوتم: لە زانستە سیاسییەکان دەخوێنم، هێندە بەدرێژی فیکاندی، کە هێشتا لە هەموو تەمەنم فیکەی هێندە درێژم نەبیستووە؟

کاڵکان بۆچی ڕێگای چوونم پێ نادا؟ لەبەر خۆیەوە کەوتبووە وڕێنە و پرسیاری لە خۆی دەکرد و هەر خۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە...

ئولگا تەواو باوەڕی بەقسەکانی کاڵکان هێنا، چونکە پێشتر هێندە دڵسۆزی و کرداری باشەی بێ بەرامبەری لێ دیتبوو، کە دایك و باوك ئەوە بۆ منداڵەکانیان ناکەن... ئۆلگا لەبەر خۆیەوە گوتی: ڕاست دەکەی پێویست نییە من تەنیا لە پێناوی ئەزموونێکی تاڵ شیرینی ژیانی خۆم بەلاوە بنێم.

## ٣٠

ئاوڕەنگ وەکو سەگی هاری بەسەر هاتبوو، لەبەر دەروازەی وێستگەکەدا پەلاماری هەموو شتێکی دەدا، دەهات و دەچوو، لە دڵەوە بەهەموو شتێ دەحەپی، لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی بەرز کە سەربەستی هاوڕێشی توانی گوێی لێبێ، گوتی: ئەگەر ژن نەختێ عاقڵ و خۆڕاگربێ و بتوانێ دڵی خۆی

ڕەق بکاو هەندێ سیاسەت بکا لە خۆشەویستی، ئەوا دەتوانی بەسانایی پیاو وەکو سەگێکی هار لێ بکا.

سەربەست بەپێکەنینەوە گوتی: باشە ژنان بەگشتی ئەوەندە عەقڵ و خۆڕاگری و سیاسەتیان نییە، ئەگەر نا گەردوون وێران دەبوو.

ئاوڕەنگ دارەبازە زەردەکەی هاتەوە یاد و قسەیەکی شۆپنهاوەری لە دڵەوە بۆ خۆی گوتەوە: (تەنها من هەم، ئەو شتانەی کە لەو دنیایەدا ڕوودەدەن شتی هیچ و پووچن، جگە لە من هیچ شتێکی تر بوونی نییە لەو گەردوونەدا)... دوو دڵۆپە فرمێسکی لە چاوەکانیدا قەتیس مان و لەبەرە خۆیەوە گوتی: لە کۆتاییدا بەتەنیا دەمێنێتەوە و دەبێ بەتەنیایی کۆچ بکەین... ″شەممەیەکی وەکو ئەو شەممەیە ئێوەم لێ دیارە کەچی ڕێگای گەڕانەوەم پێ نادەن″.

ئۆلگا خۆی هەڵدایە سەر قەرویڵەکە و بەدڵ توندییەکی زۆرەوە گوتی: ئاوڕەنگ تۆ لە تواناتدایە شێتم بکەی...

ڕووخساری لە سەرینە سپییە تەمیزەکە قایم کردو زۆری نەمابوو بگریێ... هێدی هێدی خۆی هێور کردەوە و نەیتوانی، بۆیە بەدەم هەنسکی گریانەوە گوتی: کاڵکان تەواو باوەڕم بەقسەکانتە، دەگریاو دووبارەی دەکردەوە... تەواو باوەڕم بەقسەکانتە.

لە کاتژمێرەکەی بەرامبەری ڕوانی کە چرکە چرکی لێوە دەهات، کات لە ″١٤″ تێپەڕیبوو، لە مۆبایلەکەی ڕوانی، چەند پەیوەندییەکی پێوەکرابوو، کەچی ئێستا مۆبایلێکی بێدەنگ، لەپڕ ئاوڕەنگی بیرکەوتەوە کە هەر لەو مۆبایلە پێی گوتبوو: ڕۆژی ئاهەنگ ڕۆژی بڕیاردانە، ئەگەر لەو ڕۆژەدا هەمدیس کاتت نەبێ، کەوابێ بۆ هەرگیز و تا هەتایە پێویستت پێ نییە کاتت هەبێ، نەمنیش کاتم دەبێ نە ڕێگاش دەدەم تۆ کاتت هەبێ بۆ من، کەوابێ ڕۆژێ تاقیکردنەوەی یەکجاری ڕۆژی ئاهەنگە...

ئۆلگا لە مۆبایلەکەی دەڕوانی و فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتنە خوار، لەپڕ زەنگ لێدرا... بەشەرم و پەشۆکاوی و موشتاقییەوە، تێکەڵ بەدەنگێك پڕ بوو لەگریان و هەناسەی مەڕاق، سەرەتا بەرووسی گوتی: دا.

دواتر: هەلۆ.

پاش کەمێ بەخێراییەوە گوتی: من ئۆلگام بەڵێ ئاوڕەنگ.

کاڵکان بوو لە کابینەیەك تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی: لە ماڵی؟

ئۆلگا بە بەڵێ وەڵامی دایەوە... کاڵکان دایخست و زەنگ لێدرایەوە، ئاوڕەنگ بوو:

– هێشتا نەهاتی؟ کاتژمێر "١٥"ی تەواو بەڕێ دەکەوم، لە یادت نەچێ، ئەوڕۆ ڕۆژی تاقیکردنەوەی کۆتاییە.

تەلەفۆنەکە پچرا...

ئۆلگا بیری کەوتەوە کە پاس لە کاتژمێرێکدا تەنیا جارێك هەیە، کاتژمێر ١٤,٢٥ دەقیقە پاس لە وێستگەی شەقامی ڕووبار بەڕێ دەکەوێ و لە ١٤,٥٥ دەقیقە دەگاتە بانهۆف (وێستگەی شەمەندەفەر)... ئێستا ئۆلگا"٥" خولەکی مابوو، تا خۆی بگەیەنێتە وێستگەی شەقامی ڕووبار، بۆیە بەهەڵپە هەڵپ و خێراییێکەوە، بەغارە غار خۆی گەیاندە وێستگەکە، پاس وەستابوو، ئۆلگا بەهەناسە بڕکێوە گەیشتە لای پاسەکە، بەڵام دەرگای پاسەکە داخرا و ئیدی شوفێرەکە کە پیاوێکی ئەڵمان بوو دەرگاکەی بۆ نەکردەوە و ئۆلگا لە وێستگەکە تەنیا مایەوە... قوڕگی پڕی گریان ببوو، بەدەم هەنسکەوە گوتی: مرۆڤی بەدبەخت هەمیشە لە وێستگەیەك بەتەنیا دەمێنێتەوە...

ئایا بەتاکسی پێ ڕادەگەیشت؟ تەلەفۆنی بۆ تاکسی کردو گوتی: گەڕەکی بەهەشت، شەقامی ڕووبار، باڵەخانەی ژمارە ٧٤، بەڵام بەپەلە.

ئاوڕەنگ بەبێزاری و هیلاکییەوە لەو کوردانەی دەڕوانی کە پۆل پۆل

دەروازە گەورەکەی وێستگە سەرەکی شەمەندەفەریان دەکردەوە و بەرەو ئەو شەمەندەفەرە دەچوون کە لە کاتژمێر ″١٥″ی تەواو بەرەو ئەو شارە بەڕێ دەکەوت کە ئاهەنگەکەی تێدا سازدەکرا... لەو ژن و مێردانەی دەروانی کە قۆڵەکانیان تێك هەڵکێشابوو، بەدەم قسەی بەخەندەوە بەرەو ئاهەنگ دەچوون بەبێ ئەوەی لەنێو ئەو ژان و ئازارەی چاوەڕوانی و مەراقەدا بتلێنەوە، لەخۆی پرسی: بۆچی دەڵێن کاتێ عەشق بە کەشتی سەرکەوتن دەگاتە کەنارەکانی ئارامی، کۆتایی پێ دێ؟ عەشق هەمیشە بەنائارامیەوە زیندووە.

بەڵام دەریا هەمیشە بە ئارامییەوە جوانترە، ئەگەر چی لە قووڵایی ناوەوەیدا پڕە لە نائارامی. ئایا پێکهێنانی خێزان و ژیانێکی ئارام، لەو هەموو هەڵبەزین و دابەزین و عەزابە خۆشتر نییە؟

″ئاویار″ی بیر کەوتەوە کە ڕۆژێ گوتبووی: سروشتی هەندێ مرۆڤ ئاوایە، ناتوانن ژن بهێنن بەسانایی، چونکە حەزیانە چێژ لە ئازاری عەشق وەرگرن... کاتێ ژیانێکی هێور و ئارامیان دەبێ لەگەڵ خێزان و منداڵ ئیدی هەموو سەرکێشی چێرۆکە جوانەکانی ژیانی خۆیان لە دەست دەدەن... کاتێك ژن دەهێنن کە هەموو قۆناغەکانی عەشق و چەند جۆرێك لە عەشق تاقی دەکەنەوە.

نیگاکانی لەسەر پۆل پۆلی کوردان لادا و سەیرێکی کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی سەر دەروازەی بانهۆفی کرد و بۆ تاوێ چرکەکانی ژمارد، بیری لە ژماردنی ئەو چرکانە کردەوە کە مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا بەسەریان دەبا، لەبەر خۆیەوە گوتی: چاوەڕوانی مردنە و پێکگەیشتنیش ژیان.

ڕووی وەرگێڕا سەر ئامۆزاکەی، چەند خۆشحاڵ و بێ خەمە؟ بۆیە هەمدیس لە کاتژمێرەکەی ڕوانی و سەیرێکی کەسە تێکقژقژاوەکانی کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: هەندێ دێن و هەندێ دەڕۆن، ژیانیش هەروایە.

بەدوای ئەو فریشتەیەدا گەڕا کەوا تاوێکە یاخود تەمەنێکە لە چاوەڕوانیدا ژیان و تەمەنی بەڕێ دەکا، پەرەسێلکەکەی ببوو بەدوو لەت، لەتێ تاریکیی و لەتێ بەدبەختی، هەوڵی دا وشەیەك لە نێوانی تاریکی و بەدبەختیدا بدۆزێتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ژیان... ژیان.

بۆیە سەری چارێگی وێسکی ئاوەڵاکردو بەیەك فڕ تا حەددی سفر هەڵیلووش و ئینجا وەکو هەڵۆیێ سەری بەرز کردەوە و بەچاوە تیژەکانی لە کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی ڕوانییەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی: ٥ خولەك... تەنیا ٥ خولەك ماوە، یا ئەوەتە دەبیت بە هەتاو، دەبیت بەڕۆمان و دەبیت بەمێژوو، یاخود هەر ئاگرێك دەمێنیتەوە لە نێو ڕۆحی مندا وەکو دارەبازە زەردەکە و ئێوارە زەردەکە و چیرۆکە زەردەکە تا ئەبەد بەسووتانەوە زەمەنم پێ بەڕێ دەکەیت.

ئۆلگا لەناو تاکسیەکەدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەخەفەتێکەوە لە دڵەوە گوتی: بۆچی پێویستە من خۆم لە ئاگرێکدا بسووتێنم کە پێویست نییە تێیدا بسووتێم؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕەنگی هاتەوە یاد... مەراقەکانی وەکو بورکان وابوون... لە شوفێری تاکسیەکەی ڕوانی، دەتگوت دەیەوێ بڵێ، خێراتر بڕۆ، لە ترافیکە سوورەکان مەوەستە، هەرچی دەیکەی بیکە، بەڵام با بەو شەمەندەفەرە ڕابگەم.

ئاوڕەنگ و ئامۆزاکەی سواری شەمەندەفەر بوون، ئاوڕەنگ لەسەر کورسیێك دانیشت ڕێك بەرامبەر بەو تونێڵەی کە خەڵك لێی بەسەر دەکەوتن بەرەو شۆستەی شەمەندەفەر... بەڵام کەسی نەدیت، بێ هودە بوو. دەنگێك لە بڵندگۆکەوە هات: بەڕێزان لە شۆستەی ژمارە ٧ ئاگاداربن، شەمەندەفەرەکە بەڕێدەکەوێ.

لەکاتژمێر ١٥ی تەواو شەمەندەفەرەکە بزوا، ئاوڕەنگ نیگاکانی لەسەر پەیژەی تونێلەکە لاداو بەبێ ئومێدییەوە تفێکی لە پەرەسێلکەکە ناخی خۆی کرد و بەقومێك شووشەی چارێگێ وێسکی خاڵی کرد و گوتی:

بەدبەختی مرۆڤ سێوێکە خوا حەزی لێدەکا.

ئاڤژەنی هاتەوە یاد، داربازە زەردەکە و ئاوابوونی خۆری هاتەوە یاد و شەمەندەفەرەکە لە ڕێدا بوو.

## ٣١

ئاوڕەنگ چارێگی دووەمی خاڵی کردبوو، بەنەختێ مەستی بیری لە ژیان کردەوە و لە شووشە خاڵییەکەی نێودەستی ڕوانی و گوتی: ژیان وەکو ئەو شووشەیە بەتاڵە...

ئاڤژەنی بیرکەوتەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: خۆشەویستی یەکەم وەکو ئەو بستە خاکە وایە کە مرۆڤ تێیدا لەدایك دەبێ.

– لە عەشقدا ئازار و ئەندێشەو خەفەت و حەسرەت زیاترن لە خۆشی و هێوری و ئارامی... بەدبەختی زیاترە لە بەختەوەری، بەڵام نازانم بۆچی وشەیەکی ئاوا تەمەنی هێندە درێژەو مردنی بۆ نییە؟

– ئایا ئەوە ئێمەین کە بڕیار دەدەین عاشق بین، یاخود لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەدا هێزێك هەیە بەرەو ئەو ڕێگایەمان دەبا؟

ئەلکحول هێدی هێدی کاریگەری خۆی زیاتر دەکرد، ئاوڕەنگ مەستتر ببوو، بڕیاری خۆی دابوو، ئیدی تا هەتایە هەوڵی دیتنی ئۆلگا نەدا... ئۆلگاش وەکو تابلۆکە کۆتایی پێهات.

یەکێك بەهانکە هانك و هەناسە بڕکێوە لەسەر کورسیەکەی بەرامبەر ئاوڕەنگ ڕۆنیشت، تەنوورەیەکی کورتی لەبەر دابوو، ڕانەکانی بەیەکەوە نووساندبوو، بەسانایی دەیتوانی عەقڵی پیاو تووشی ڕاوەستان بکا، زگێکی ڕاست و ڕووت، بەدیێکی تەسکی تا پێش ناوکی لەبەر دابوو، لەسەر ئەویشدا چاکێتێکی جلدی ڕەشی پۆشیبوو، بە نەرمییەوە گوتی: باش بوو لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا سەرکەوتم...

ئاوڕەنگ باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەکرد و هەڵیگلۆفین. گوێی بۆ دڵی خۆی ڕادێرا، نەیدەزانی دەبێ هەڵوێستی چی بێ، لە خۆشیدا پێبکەنێ یاخود فرمێسك هەڵوەرێنێ، چارەنووسێکی سەیرە...!

دەستی درێژ کرد و تەوقەیەکی پڕ لە زەردەخەنەی کرد و چاوێکی لە پەرەسێلکەکەی گیانی خۆی داگرت و گوتی: پێك گەیشتنی ئەو کەسانەی کە بۆ یەك خوڵقاون، ئاوازێکە، خودا حەز بە بیستنی دەکا.

لە کورسییەکەی تەنیشت ئاوڕەنگ، ئامۆزاکەی دانیشتبوو، بەچاوانی ئەبڵەق و سەرسوڕماوییەوە لە ئۆلگای ڕوانی و بەدەنگێکی نزم گوتی: کائینات ئەوە جوانێکی ئاسایی نییە! خۆ حەقی خۆت بوو وەکو سەگی هار پەلاماری هەموو شتێکت دەدا... ئاوڕەنگ بەشانازییێکەوە گوتی: سۆنگول پێی وابوو خودا ئێمەی لە پێناوی یەکتریەوە خولقاندووە...

لە ڕێگا وردە وردە چارێکە وێسکییەکانی خاڵی دەکرد، ئۆلگاش یەکێکیانی خواردەوە... ئاوڕەنگ تەواو مەست ببوو، لە برژانگە ڕەش و درێژەکانی ئۆلگای دەڕوانی کە لە سەر گلێنە سەوزەکانی ساحیرانە پێك دەکەوتن و ئاوێتە دەبوون... لە دڵەوە هەستی بەهەڵاتنی خۆر دەکرد، بەنزمییەوە لەگەڵ خۆیدا گوتی: عەشق لە شەڕی نێوانی بەدبەختی و بەختەوەری دەچێ... تا شەڕەکە کۆتایی نەیەت کەس نازانێ کامەیان براوەن!

## ٣٢

لە دوا وێستگە، لە بانهۆفی هانۆڤەر لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، ئەگەر چی ئاوڕەنگ تەواویش مەست بوو، بەڵام هێشتایش لەمە دەترسا کە کوردەکان بەشێوەیەکی دواکەوتووانە هەڵسوکەوت بکەن یاخود لەنێو ئاهەنگەکە بکەنە شەڕ، چونکە کەم ئاهەنگی کوردان هەیە بەشەڕ کۆتایی پێ نێ.

ئاوڕەنگ لەوە دەترسا بەشی زۆری ئافرەتان موحەجەبە بن، کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکان لەناو فارگۆنە جیاجیاکانی شەمەندەفەرەکە بەپەرش و بڵاوی هاتنە خوار، گروپ گروپ بەڕێکەوتن تا لە کۆتاییدا لەسەر ئەو شەقامە گشتییە یەکیان گرتەوە کە بەرەو هۆڵی ئاهەنگەکەی دەبردن... کوردەکان وەکو کاروانی مێروولان ڕێچکەیەکی ڕێکپۆشیان گرتووە، دەتگوت ئەو شوێنە پڕە لە چاودێر و ڕێکیان دەخا، دوو دوو لەسەر شۆستەکە بەدەمی بە زەردەخەنە و گفتوگۆی دڵ خۆشکەرانە دەڕۆیشتن، لە هەر سەرە کۆلانێك تیشکێك کرابوو، بەئەڵمانی لەسەری نووسرابوو (بەرەو شەقامی ئاگر، هۆڵی ئاهەنگی عەشق)...

کە گەیشتنە هۆڵی عەشق، قەرەباڵغییەکی زۆر، بەلام ئۆرگانیزە کراو دەبینرا... بەشێکی زۆر لە بەتەمەنەکان بەجلی کوردی ڕێکپۆشی ڕەنگاو ڕەنگەوە هاتبوون... ئەو گەنجانەیش کە جلی کوردییان نەپۆشیبوو، بەنیمچە رووتی و پۆشاکی مۆدێرن و شیاو بەئەتمۆسفێری دنیای ئێستای ئەوروپا خۆیان پۆشتە کردبوو... ئەو دیمەنە ئاوڕەنگ و ئۆلگای دڵخۆش کرد، چونك کەوتەوە یادی کە کاڵکان گوتبووی: کەسانێکی چیایی و وەحشین، مافی ئافرەت لایان وەکو مافی مەڕ و کەر وایە...

دوای چەند کورتە گوتار و شیعرێك، گۆرانی و ئاهەنگ دەستی پێکرد، بەلام سەرەتا حەیرانێك گوترا، نەختێ تەنگی بەئاوڕەنگ هەڵچنی، بۆیە ئۆلگای بەرەو دەرەوەی هوڵەکە بەکێش کردو لای باڕ مەنەکە دوو بیرەی داواکرد و خواردیانەوە... کە گەڕانەوە هۆڵەکە ڕیتمی سلۆی گۆرانییەکەن بۆ ڕیتمی خێرای زەماوەندی گۆڕابوو... دیلان و زەماوەند و ئاهەنگ بەتەواوی دەستی پێ کرد، ئۆلگا داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە فێری ئەو سەمایە سەیرەی بکا...

ئەوانیش خۆیان خستە ڕیزی سەماکاران و تا حاڵەتی بێهۆشی ڕەها

هەڵپەڕین... کاڵکان خەریك بوو بۆ چەندەمین جار ژمارەی مۆبایلی ئۆلگا لێدایەوە، کەچی هیچ وەڵامێك نەبوو، ڕادەی تووڕەبوون و قەهرینی گەیشتبووە ترۆپك، چاوەکانی سوور سوور هەڵگڕابوون و بیری بەپەرش و بڵاوی بۆ هەزاران شت دەڕۆیشت، لەبەر خۆیەوە گوتی: کێ نالێ بیری گۆڕاوەو چووە بۆ ئاهەنگەکە؟ ئاخ کە ئەو کێوییانە سەرەتانێکی بێ دیماهین لە جەستەی خۆمان و مێژوومان...

ئۆلگا لە ڕۆحەوە پێدەکەنێ و هەڵدەپەڕی، دەیقیژاند، دەتگوت بلبلێکی تەواو ئازادەو بۆ بەختەوەری خۆی بەسەر چڵی درەختی ژیان دەخوێنێ!

لەبەر دەنگی بەرزی موزیك و هات و هاواری سەماکاران، ئاوڕەنگ دەوی بردە نزیك گوێچکەی ئۆلگا و بەهاوارێکەوە گوتی: شادمانی؟

ئۆلگا بەقیژاندنێکەوە گوتی: تێنەگەیشتم...

ئاوڕەنگ لێوەکانی نزیکتر کردەوە، لەبەر قەڵەبالغی و پڕیی هۆڵەکە ئاوڕەنگ پاڵپێوەنراو لێوەکانی بەنەرمایی گوێچکەی ئۆلگاوە نووسێنران... لەو چرکەیەدا لای هەر دووکیان زەمەن وەستا، شتێ ڕووی دا کە ڕەنگە ئەو شتە بەهەند هەڵنەگیرێ لای کەسانی تر، بەڵام لەو چرکەیەدا سەیرترین حاڵەتی ژیانی ئاوڕەنگ و ئۆلگا و ئاڤژەنیش ڕووی دا، "ڕەنگە لێرەوە ئەو ڕۆمانە دەست پێبکا، هەر لێرەشە کە ژیانی ئاوڕەنگ و حاڵەتە دەروونییەکانی ئاوڕەنگ بەشێوەیەك دەگۆڕێ کە خۆی چاوەڕوانی ئەو گۆڕانەی نەدەکرد."

ئاوڕەنگ چەند چرکەیێ بەلاڵی مایەوە و دواتر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: ئایا بەختەوەری بەو کەشە؟

ئۆلگا بەقیژەیەکی ناسکەوە کە هەر لە جریوە جریوی چۆلەکە دەچوو، گوتی: هەست دەکەم ئەوڕۆ لە دایك بوویمە!

کاڵکان هەر خەریك بوو، بەڵکو جارێ ئۆلگا وەڵامی بداتەوە، کەچی بێ

سوود بـوو... ئـاهـەنـگـەکـە بـەرەو کـۆتـایـی چـوو، کـەچـی تـازە خـۆشی و خۆشەویستی لە شوێنێکی تری ئەو دنیایە دەستی پێ دەکرد... ئـاویـار کچە کـوردێکـی هـەژدە ساڵـی لـە پـەنـای پـەیـژەیـەك ڕاگـرتـبوو، مـاچـی دەکـرد... کچەکە پێی گوت: نـا، بەسە مـاچم مەکە بەدرۆ... دەزانم کەسانی تریش مـاچ دەکەی.

ئـاویـار بـە بێباکی و شانازییەوە گوتی: هـەزار ساڵە مـاچم نەکردووی، دەی کـاتی زۆرم نـەمـاوە.

کچەکە گوتی: بۆچی بەتەنیا منت خۆشناوێ؟

ئـاویـار گـوتـی: ئـەی نـەمگـوت لـەهـەر کـچێکـدا شتێکم خـۆشـدەوێ، بـەڵام لـە تۆدا هـەموو شتـەکـانم خۆشدەوێ، چـاوەکانت، بـاڵات، تـەمـەنت، سینـەت، شیرینیت، سەرکێشیت، ئەو هـەموو خـاسیەتە لەکوێ دەدۆزمەوە، لـە تۆ نـەبێ؟

کچەکە بـاوەڕشی بەقسەکانی ئـاویـار نـەهـات، بـەڵام لـەگـەڵ ئـەوەشدا وەکو کەروێشکێکی دەستەمۆ خۆی لە ئامێزی ئـاویـاردا مـات و مـەست کرد و دەستـیـان کـردەوە بـەمـاچ و مـووچ... ئـاوڕەنگ بـەدوای ئـاویـاردا دەگـەڕا، چونکە بڕیار بوو بەیەکەوە بەئۆتۆمبێلێك بگەڕێنەوە، کە ئـاویـارو ئـاوڕەنگ گـەڕانـەوە، ئـۆڵـگـا دەسـتـی لـەسـەر شـانـی مـەرزیـە فـەریـقـی دانـابـوو، وێنـەی دەگرت... ئـۆڵـگـا بـەئـاوڕەنگی گـوت: بـەو هـونـەرمـەنـدە بـڵـێ، زۆرم حـەز لـە گۆرانی یەکەمی کرد... ئـایـا گۆرانی یەکەمی مەرزیە فەریقی چی بوو؟

ئـاوڕەنگ زۆری لا سەیربوو، بۆچی ئەو گۆرانییە؟ (بـەڵێن بدە کە تـاریکیم بۆ ڕانەخـەیت... بەڵێن بدە کە شەختەبەند نـاخـەیتە بـەر پێم... منیش بـەڵێنت پێ دەدەم، دان بـەڕابـردوومـا بنێم...)

ئـاوڕەنگ بیری کردەوە و لـە دڵەوە گوتی: ئـەوەنـدەی گـۆرانـی بـە هـەستـەوە پـەیـوەسـتـە، ئـەوەنـدە بـەتـێـگـەیـشـتـنـێـکـی ئـەکـادیـمـیـیـەوە پـەیـوەست نییە... لـەو

هەموو گۆرانییەی کە گوترابوو، بۆچی ئۆلگا ئەو گۆرانییەی بەجوانترین گۆرانی هەڵبژاردبوو کە باسی لە وەفا و بەڵێن و نەشکاندنی بەڵێن دەکرد؟ ئاوڕەنگ چاوە کەسکەکانی ئاڤژەنی بیرکەوتەوە، کە لە بەرامبەریدا دەبێتە بەڵێنێکی شکاو و تاوانێکی بە بەڵێن... ئاویار و ڕێنوێ چاوەڕوانی ئاوڕەنگ و ئۆلگایان دەکرد لە نێو ئۆتۆمبێلەکە، ئۆلگا بەپێکەنین و دڵخۆشییەك و گەرمییێکەوە کەشە ساردەکەی بەر دەروازەی هۆڵی ئاهەنگی عەشقی جێهێشت و لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە کە مارسێدسێکی ڕەش بوو ڕۆنیشت، تا بگەڕێنەوە.

فاتیح کاڵکان هیلاك بوو لە هاتوچۆی گەرمی نێو ماڵە ساردوسڕەکەی، دوای چەندین و چەندین هەوڵ هێشتا نەیتوانیبوو لەگەڵ ئۆلگا بدوێ، بۆیە بەساردی دانیشت و دەستی کرد بەداگیرساندنی یەك لەدوای یەکی جگەرەکان...

پەنجا کیلۆمەتر ڕێگایان بڕیبوو، کەچی هێشتا ئاوڕەنگ و ئۆلگا لە چاوەکانی یەکتریان دەڕوانی، تامی گەرمیی و چێژی ناکۆتایان لە دەستەکانی یەکتری وەردەگرت... دەستەکانی یەکتریان دەگوشت، چۆك و ڕانەکانیان بەیەکەوە نووساندبوو، پێیەکانیان تێکئالاندبوو، ئۆلگا لە دڵەوە گوتی: ئایا ئێمە تەڕیەتی و –ئاو–ین؟

نەختێ دەنگی بەرز کردەوەو گوتی: بەڕێز ئاویار دەکرێ ئەو گۆرانییە بگێڕێتەوە؟

ئاوڕەنگ سەری سوڕمابوو لە دڵەوە گوتی: بۆچی دەبێ ″هەست″ زمانێك بێ لە هەموو زمانەکانی تری گەردوون تێبگا؟ ئایا ئەوە ئیحساسە کە سنووری زمان دەبڕێ و لەودیو وشەکانەوە کاری خۆی ئەنجام دەدا؟

ئاوڕەنگ پێی سەیربوو کە ئۆلگا حەزی لە گێڕانەوەی ئەو گۆرانییە دەکرد کە باسی لە بەڵێن و نەشکاندنی بەڵێن دەکرد، کە باسی لە وەفا و

عیشقی نافریودەرانە دەکرد...

ڕێنویّ ئیشارەتی ئۆتۆمبێلەکەی پێکرد و لایدایە بەنزینخانەیەك تا جگەرەو بیرە بێنیّ... کاڵکان ئیشارەتی ئۆتۆمبێلەکەی پیّ کرد و لە بەردەم بالآخانەی قوتابیاندا ئۆتۆمبێلەکەی پارك کرد، لە بالآخانەی قوتابیاندا بەپەیژە دارینەکە سەرکەوت و لە دەرگای ژوورە بچووکەکەی ئۆلگای دا، سەرەتا بەدەست و بەهێوری و دواتر بەشاپ کەوتە لێدانی دەرگاکە، دراوسێکەی ئۆلگا کە کچێکی چینی بوو هاتە دەریّ، کاڵکان شەرمی کرد و گەڕایەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەی.

کە نزیکی شارەکەی خۆیان کەوتنەوە ئۆلگا تەواو شەکەت ببوو، ئایە بۆچی هێندە ماندوو ببوو؟ ئەلکحول و سەما و ڕێگا هیلاکی کردبوو یاخود مەراقێك کە خۆشی نەیدەزانی چییە! ئۆلگا سەری خستبووە سەر شانی ئاوڕەنگ و دەست و قاچەکانیشیان هەر تێك ئالآبوون... دەم نادەمیّ سەری بەرز دەکردەوەو بەگلێنە سەوزەکانی لەنێو ئەو گەمەی تاریکی و مەستییەدا لە گلێنەی برۆنزی و مەستەکانی ئاوڕەنگی دەڕوانی، دەتگوت دەیەویّ سیحری لێبکا، ئینجا سەری بەهێوریکەوە دەخستەوە سەر شانی ئاوڕەنگ و لە دڵەوە دەیگوت هەموو ژیانی مرۆڤ بریتییە لە گەڕانێك بەدوای تەنیا کەسێك کە بتوانیّ بەختەوەری لیّ وەرگریّ... مرۆڤ لە ژیاندا بەدوای کەسێکدا دەگەڕیّ بیدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەختەوەری بەرجەستە بکات... زۆر جار دۆزینەوەی ئەو جۆرە کەسانە کاتێکی هێندە درێژی پێویستە، لای کەسانی ئاسایی تەحەمول ناکریّ...

ئاوڕەنگ بەتیغی چاوانی لە ئۆڵگای دەڕوانی و باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەدەکرد، لە دڵەوە گوتی: کە لەگەڵم نەهاتیە کافتریاکە، ئیدی ئاوابوونی خۆر و ئاڤژەنم بیرکەوتەوە، ئەو ژیانە هێندە سەیرە، هیچ عەقڵێك لەو ئاستەدا نییە تەنانەت سادەترین کۆدیشی کەشف بکات ئێستا

هـەست دەكـەم زۆر زۆر كـەمـن ئـەو كـەسانـەی لـە گـەنجايـەتيدا بـتـوانـن كەسانێ بدۆزنەوە كە لە ڕۆح و دنيابينی و هەست و خەوەكاندا لێك نزيك بن، خۆ لەيەكتر دۆزينەوەش گرنگتر ئەوەيە كە مرۆڤ بتوانێ تێگەيشتن و ئەو پێگەيشتنە تەرجەمەی عيشقێكی پڕ لە سەفا بكا، لە خۆشەويستی و سەفـاش گرنگتر ئـەوەيـە كـە مـرۆڤـەكـان بـتـوانـن بـەردەوام بـۆ هـەميشەيی درێژە بەو خۆشەويستييە بدەن و نەيكوژن، چونكە كوشتنی خۆشەويستی وەكو كوشتنی هەموو مەخلوقی خودا وايە... چونكە خودا خۆشەويستە. كاڵكان نيو پاكەتە جگەرەی تەواو كردبوو سولفێكی لە ئۆتۆمبێلەكەی دا و لـەبـەر خـۆيـەوە بـەدەنگێكی بـەرز گـوتـی: ئـەگـەر چـی بـاوەڕم بـەوە نـيـيـە جارێكی دی هەڵاتنی خۆر بەو دوو چاوانەی خۆم ببينمەوە ڕەنگە ئێستا بـەڕێ بـكـەوم و بـەڕووداوی سەيـارە گـيـانم لـە دەست بـدەم، بـەڵام لـە چاوەڕوانيتدا خەبات دەكەم، ناهێڵم درندەكان لە مەرامی گڵاوی خۆيانت بئاخنن، من دژی مەرگ خەبات دەكەم تەنيا لەبەرئەوەی سپێدەيەكی تر بەچاوەكانمەوە ببينمەوە بۆ ئەوەی چاوانی پڕ لە بەرائەتی تۆ ببينمەوە.

ڕۆيشت و بـەر دەگـای بـاڵاخـانـەی قـوتـابـيـانـی لـە گـەڕەكـی بـەهـەشت جێهێشت و گەڕايەوە ماڵ.

ڕێنوێ ئۆتۆمبێلەكەی لە شوێنی ئۆتۆمبيلەكەی كاڵكان پارك كرد، ئۆڵگا دابەزی دەستی بۆ تەوقەی ماڵئاوايی درێژ كرد و سوپاسی ئاوياری و ڕێنوێی كرد و ڕۆيشت و، ئاوڕەنگ لەگەڵی دابەزيبوو، چەند هەنگاوێكی لەگەڵ هاوێشت و بەدەنگێك كە پاڕانەوەی پێوە ديار بوو گوتی: ئێستا تۆ وەكو ئەو خۆرە وای كە نيوەی زەوی بەجێ دێڵێ، تەماشای گلێنەكانم بكە، لە تاريكی زياتر شتێكی ترت لێ ديارە؟

ئۆڵگا زەردەخەنەيەكی كرد و گەڕايەوە، هەندێ لە گلێنەكانی ئاوڕەنگی ڕوانی و گوتی: ڕووناكترين ڕۆژی ژيانم لە ناو گلێنەكانی تۆدا بەڕێ كرد...

دوو ماچی لە گۆناكانی ئاوڕەنگ كرد و بێ ئەوەی هيچ شتێكی تر بڵێ

بەخێراییێکەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی چۆوە.

* ئـاوڕەنگ بـەدیـار مـۆمـێکـەوە دانـیشتـبـوو، ژیـانـنـامـەی نـیـتـچشەی دەخوێندەوە، زۆر خەمی لە ژیانی ئەو پیاوە خوارد کە هێندە ئازاری بەدەست ″بڵاونەبوونەوەی کتێبەکانی″ خواردبوو، بیری لە تەنیایی نیتچشە کردەوە و ژیانی خۆی هاتە بەرچاو کە ئەوڕۆ چەندە بەختەوەر ببوو، بۆیە کتێبەکەی هەڵدا و لەسەر کاغەزێك نووسی: بیرەوەری ڕۆژی ئاهەنگەکە لە شەقامی ئاگر، هۆڵی خۆشەویستی لە شاری هانۆڤەر...

لەو ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت کە چارەنووس سەنتەرە، لە عەقڵ و لە هەموو شتەکانی تری ئەو گەردوونەدا باڵادەستترە، گەیشتن بەدۆزینەوەی ڕێگای بەختەوەری لە دەستی ڕۆحی گەردووندایە نەك مرۆڤ چونکە کەسانێکی زۆر عەقڵانی هەن لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا، کەچی تا ئاستی ئێسقان بەدبەختن، لەو ڕۆژەوە هەزار جار بەنهێنی لە بێ ئاگایی مندا، باسکەکانم بەمەمکی فریشتەیەك داخشاند، لەو ئێوارەیەدا، هەزار جار نەرمایی مەمکەکانی لە بێ ئاگایی خۆیدا بەباسکەکانم داخشاند، یا بۆچی نەدەبوو بەئاشکرا و لە ئاگاییدا نەرمایی مەمکەکانی بە باسکمدا بخشاندبووا؟ هەست دەکەم ئەو ڕۆژەی ڕابرد، خۆشترین ڕۆژی ژیانی من بوو، چونکە سەرەتای ڕێگای چیرۆکێکی نوێی پڕ لە جیاوازیم دۆزییەوە، هەست دەکەم ئیدی بۆ تاوێکیش بێ لەسەر ڕێگایێك هەنگاو دەنێم کە لە ڕێگاکانی تر ناچێ... بۆیە دڵخۆشم چونکە خۆم لە جەنگی ناکۆتایی دووبارەبوونەوە دەرباز دەکەم... لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە هەمیشە بتوانم لەو گەمەی دووبارە نەبوونەوەیەدا بەشداربم.

* ئۆلگا لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو، بیری لە ڕووداوە خێراکەی ئەو ڕۆژ دەکردەوە، بزەی دەکرد و دەم نا دەمیش برۆکانی گرژ دەکرد و خۆی بەدیار ئاگری بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژەدا گەرم دەکردەوەو لە

بەرەخۆیدا گوتی: من هەمیشە گوتوومە، دۆزینەوەی دەستپێکی ڕێگای بەختەوەری گرانترین کارێکە کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بەڵام ئێستا پێم وایە لەوەش گرانتر ئەوەیە، مرۆڤ چۆن بەو ڕێگایەدا هەنگاوە ڕاستەکانی بهاوێژێ؟ چونکە هەمیشە دەرفەتێك دەمینێ بۆ هەنگاوی خوار و لادان لەو ڕێگایە و ونکردنی ڕێگای ڕاستەقینەی ئەو وشەیەی کە پێی دەڵێن: بەختەوەری.

* کاڵکان پاکەتێکی نوێی جگەرەی دەرهێنا، جگەرەی دوای جگەرە دەکێشا، دەیویست بخەوێ و هەموو ڕووداوە نوێیەکانی ئەو ڕۆژە ڕەشە لە بیرو هزرو ڕۆحی خۆیدا بسڕێتەوە، کەچی نەیدەتوانی، بۆیە گوتی: مرۆڤ لەو چرکەساتانەدا بووونەوەرێکی بێ دەسەڵاتە، ئایە دەبێ کەسێك هەبێ یا هەبووبێ، یا ببێ لەو گەردوونەدا کە بتوانێ ڕووبەڕووی دڵی ببێتەوە لەو کاتانەی تەوژم و هێرش و شاڵاوی ژان بۆ عەقڵ و ڕۆح و جەستە دەهێنێ...؟ ئاخ خودای گەورە لەو چرکە ساتانەدا ″دڵ″ چ سەنتەرێکی دووفاقی مەرگدۆستە؟

دڵ دەتوانێ ڕۆح و جەستە وێران بکا... بەڵام لە کۆتاییدا من باوەڕم بەعەقڵ بەهێزە، هێزی عەقڵ دەبێ باڵادەستتربێ، هێزی عەقڵی مرۆڤ دەبێ سەر دەستەی هەموو هێزەکانی تری وجوود بێ. کاڵکان ڕاکشا، خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد دواتر هەڵسایەوە و جگەرەیەکی داگیرساند چەند پێکێکی ڕاکی نۆشی و خەو بردیەوە.

## ٣٣

تیشکی خۆر لە پەنجەرەکانی یانەی ″ئاشتی بێسنوور″ بە ستوونی دەچوونە ژووری... ئەو یانەیەی هەر لە تابلۆ دەچوو بەڵام تابلۆیێ بەبۆیەی کەسك ڕەنگ کرابێ لەبەر ئەو ڕووەکە سەوزانەی کە بەدیواری یانەکە هەڵگەڕابوون...

کاڵکان بیرەی دەخواردەوە ئۆلگاش ئایس کافی... دوای فرێکی دوور و درێژ و پڕ لە حەسرەت لە بیرەکە، کاڵکان گوتی: ئاهەنگێکی خۆش بوو؟ هیوادارم بۆت دەرکەوتبێ کە چ کەسانێکن.

ئۆلگا: ئاهـ... بەڕێز کاڵکان، بریا لەوێ زەمەن بوەستایە، نازانم چۆن لە شتە جوانەکانی ئەو ئێوارەیە بدوێم، من دەمێکی درێژە لە ژیانمدا، خۆشم نازانم لەبەر چییە بەڵام ڕۆژی ئاوا خۆشم نەدیوە...

دەمێکی درێژ بەقەد ئەو ڕۆژ سەفام نەکردووە، بەڕاستی ئەو کوردانە کەسانی بەڕێز و بەڕەوشت بوون، هەستم دەکرد من میوانێکی هەرە ئازیزی ئەوانم، کە لە بزەو دڵی پاکیان ورد دەبوومەوە پێم سەیربوو هێشتا کەسانی وا خوێن گەرم بۆ دۆستایەتی لە ژیاندا مابن!

کاڵکان گوتی: ئەو کردار و هەڵسوکەوتەی ئەوان ڕاستی قسەکانی من دەسەلمێنێ... من زانیم دەیانەوێ بۆ مەرامی سیاسی بەکارت بێنن، بۆیە بەڕووخۆشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووی... تکایە خۆت لەو مارانە بپارێزە کە فریوت دەدەن و سێوت پێدەخۆن.

ئۆلگا: ئاخر خواردنی سێو و دەرکردنیش لە بەهەشت لەگەڵ ئاوڕەنگ چێژی تایبەتی خۆی تێدایە...

هێشتا ئۆلگا قسەی خۆی تەواو نەکردبوو کە کاڵکان هەڵیدایە و گوتی: دەزانی فاڵچی چییە؟

ئۆلگا لە وشەی ئەڵمانییەکە تێنەگەیشت، گوتی: نەخێر.

کاڵکان گوتی: ئەوانەی دەست دەخوێننەوە، فنجانی قاوە دەخوێننەوە و سیحر دەکەن.

ئۆلگا تێگەیشت.

کاڵکان بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: من ئێستا تێگەیشتم کە تۆ قوربانیت، قوربانی سیحرێکی کە خۆشت لێی تێناگەی، لای ئێمەی ئیسلام، یان لە

کۆمەڵگا ئیسلامییەکان گرینگیێکی تایبەتی دەدەن بەفاڵ... کاتێ کە پیاوێك فاڵ لە ئافرەت دەکا گڕ لە دڵی بەردەدا و ئەو ئاگرەش بەسانایی دانامرکێ... خەوی لێ تاڵ دەکا...

کاتێك ژن سیحری لێ دەکرێ، ژیانی خۆی بەلاوە دەنێ و ڕەدووی بیرکردنەوە لەو پیاوە دەکەوێ کە سیحری لێ کردووە... کچەکە هەمیشە هەست دەکا کە ڕێگای بەختەوەری دۆزیوەتەوە... بیر لەوە دەکاتەوە چۆن هەنگاوە ڕاستەکانی لەسەر ئەو ڕێگایە بهاوێژێ و، لەسەر ئەو ڕێگایە کە فاڵچی بەسەریدا سەپاندووە ناوی بەختەوەری لێنێ چۆن بەردەوام بێ... من کە لە تۆ و ئەو ڕووداوانەی دواییدا ورد دەبمەوە، بەتەواوی بۆم ڕوون بۆتەوە کە تۆ سیحرت لێ کراوە، بڕوات بێ بەڕێز "بۆڕۆ دی نۆڤا" کە شتێك مەرامی من بێ لە ئاشکراکردنی فڕوفێڵەکانی ئەو ئاوڕەنگ ناوە، پاراستنی تۆو بەرژەوەندییەکانی تۆیە... داوات لێ دەکەم بەهیچ جۆرێك ڕێگا نەدەی چارەنووسی خۆت بدەیتە دەستی کەسێك کە نایناسی... چونکە لە خۆشەویستیدا نابێ بەتەنیا "دڵ"ێکی سیحر لێکراو بڕیار بدا، بەڵکو شتێکی تر هەیە پێی دەڵێن: عەقڵ.

دەبێ هەمیشە عەقڵ بڕیاربدا نەك پارچە گۆشتێك کە دەتوانرێ بەسیحر و فێڵ و فاڵ و هەزاران شتی تر فریو بدرێ و لە خشتە ببردرێ... وەکو پێشتریش باسمان کرد، سەنتەری هەموو شتەکان دەبێ عەقڵ بێ نەك دڵێك کە هەموو چرکەساتێك ئامادەباشی وەرگرتنی کاریگەرییەکانی هەیە. ئۆلگا بە سەر سوڕماوییەوە لە قسەکانی کاڵکان ورد بۆوە، باوەڕی بە بەشێك لە قسەکانی کاڵکان هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی کاڵکانی هاتەوە یاد کە سەبارەت بەکوردەکان کردبووی، لەخۆی پرسی: ئەگەر سیحری لێ نەکردووم، بۆچی هێندە ئاوێزانی بوویمە؟

من بەهیچ شێوەیەك گرنگیم بەپیاو نەدەدا، کەچی "ئەو" هات و لە چەند

ڕۆژێکی کەم دڵ و عەقڵی داگیرکردم.

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد، فرمێسك لە چاوەکانی پەنگیان خواردبوو، نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە!؟ لەبەر خۆیەوە گوتی: کاتێ خودا دیارییێك پێشکەش بەمرۆڤ دەکا، هێندەی لەپێناو تاقیکردنەوەدایە، ئەوەندە لە پێناوی بەختەوەریدا نییە!

کاڵکان لە یانەی "ئاشتی بێ سنوور" دا گوتی: بەڕێز بۆڕۆ دی نۆڤا من پێشنیار دەکەم خۆت لەو ئاوڕەنگ ناوە نزیك نەکەیتەوە باشترە... چونکە لە توانایدا هەیە بەسیحر ئایندەت بشێوێنێ و چارەنووست بەرەو هەڵدێر ببا... دەتوانی ڕێگا لە خۆر بگرێ و نەهێڵێ هەڵبێ، ئا... باش بوو هاتەوە یادم، بۆ مەسەلەی داوەتکردنی دایك و باوکت، من لە کۆتای کارەکانم، دوێنێ تەختە خەوێکی دوو کەسیشم لە ژوورەکە دانا.

ئۆلگا گوتی: سوپاس بۆ هەموو شتەکان، بەڕاستی هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەوەفای، نازانم چۆن چاکەی ئەو هەموو خەمخۆرییەت بدەمەوە؟

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و هێشتایش هەر لەو شوێنەی دەڕوانی کە ئۆلگا تێیدا کاری دەکرد، خەریك بوو بگریێ، لەکار تەواو بوو، لەبەرامبەر ئەو وێنە گەورەیەدا وەستا کە خۆی و ئۆلگا ڕێکلامیان بۆ کارگەی ئۆتۆ کردبوو، فرمێسك لە چاوەکانیدا هاتنە خوار و گوتی: زۆر خۆشحاڵم ئەو گریانەم لە گریانی دوێنێ ناچێ، ئەو فرمێسکانەم جۆرێکی جیاترن لە فرمێسکەکانی دوێنێ...

مۆبایلەکەی دەرهێناو دەستی کرد بەنووسین...

ئۆلگا گیان: تۆ خۆراکی خوداوەندیت، ڕۆژ نییە جارێ خوداوەند بەجوانییەکانی تۆ خۆی تێر نەکات.

(کاتێ خوداوەند ویستی بەشی خۆت جوانیت پێ بدا، هەواڵێکی خۆشی پێگەیشت کە پەیوەندی بەخراپی باری دەروونی ئەهریمەنەوە هەبوو، بۆیە

لە خۆشییانا ئاگای لە خۆی نەما و هەموو جوانییەکانی جیهانی دا بە تۆ)... (خۆشەویستی حەدی ئێسقان پڕ لە ئازارە، بەڵام لە خۆشەویستی بەئازارتر ئەوەیە کە مرۆڤ عاشق نەبێ).

(هەموو شتەکان ڕوو لە مەرگ هەنگاو دەنێن عیشق نەبێ).

ئۆلگا لەسەر تەختە خەوەکەی، بەڕاشکاوی ئەو "س.م.س"انەی خوێندەوە و زەردەخەنەیەکی کرد.

## ٣٤

لە "باخچەی تاووسان"... ئەو باخچەیەی کە دەکەوێتە بەشی باشووری شار، لەنێو گوڵە شینەکاندا ئۆلگا و ئاوڕەنگ بەرامبەر یەك دانیشتبوون و لە گلێنەکانی یەکتریان دەڕوانی، ئاوڕەنگ بە نەرمییەکەوە گوتی: گلێنەو مۆسیقا وەکو یەك وان، هەردووکیان زمانی جیهانین.

ئۆلگا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

ئاوڕەنگ بەردەوام بوو: وا هەست دەکەم گلێنەکان ئاوێنەی دڵن، یان ڕۆژنامەن، هەواڵی ڕۆح و دڵ بۆ وەرگر دەگوازنەوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، هەواڵی ناخۆش لەو ڕۆژنامەیەدا دەخوێنمەوە.

ئۆلگا بەردەوام لە گلێنەکانی ئاوڕەنگی دەڕوانی و گوتی: بۆن و تامی سیحر لە قسەکانتەوە دێ، خۆ ئەگەر خۆشت ساحیرو فاڵچی نەبی ئەوا بێگومان هەڵسوکەوتی باشت لەگەڵ جادووگەر و ساحیراندا هەیە.

ئاوڕەنگ: ڕەنگە من ساحیربم لەو کاتانەی کە دەتوانم کۆدی گلێنەکان ئاشکرا بکەم...

ئۆلگا بەدەنگێکی بەرزی پڕ لە گلەییەوە گوتی: تۆ ساحیرێکی ڕاستەقینەی، بۆچی سیحرت لێم کردووە، من چیم کردووە؟

ئاوڕەنگ هێندەی لە گوتاری گلێنەکانی ئۆلگا جددیەت و ڕاستی ئەو

گوزارشتەی دەرك پێكرد، ئەوەندە لە خودی ڕستەكەدا و لە بەرزكردنەوەی دەنگدا هەستی پێ نەكرد... بۆیە بەبزەییێكەوە گوتی: من جددیەتی تەواو لە زمانی گلێنەكانتەوە دەبینم، من گلەیی گلێنەكانتم تەواو لێ دیارە... نەك ئەو ڕستە ئاساییيانەی كە دێت و لەو چركەیەدا دەبێتە ڕابردوو، دەكرێ كۆدی دیالۆكی گلێنەكانتم بۆ شی بكەیتەوە؟

ئۆلگا بە یەقینییەوە گوتی: تۆ سیحرت لێم كردووە... گەرنا بۆچی لەنێو بیركردنەوەكانم دای؟ تۆ كێی؟ بۆچی هاتی؟ كە هاتی بۆچی وا زوو خۆشمویستی؟ حەز دەكەم ئێستا ڕاستییەكانم بۆ بدركێنی؟ ئایا چ مەرامێك هەیە دوا بەدوای دەست بەسەرداگرتنی دڵ و عەقڵ و ڕۆحم؟ من زانیومە لەنێو ئێوەدا سیحر و فاڵ باوە، پیاوان بەسیحر ژن دەخەنە ژێر ڕكێف و كۆنترۆڵی خۆیان و دواتر بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆیان بەكاری دەهێنن.

كاڵكان "٥٠٠٠" دۆلاری لەناو دەستی مەلاییێكی تورك دانا و گوتی: ئەوەیان تاكە ئومێدی ژیانمە... ڕووناكی تەمەنمە، بەهەر شێوەیەك بێ وابكە ڕازی بێ شوم پێبكا... خۆ ئەو كاتەی دەركم كرد خۆشی دەوێم "٥٠٠٠" دۆلاری ترت دەدەمێ...

كە لە مزگەوتەكە هاتە دەرێ، زەنگێكی بۆ ئۆلگا لێدا، ئۆلگا ژمارەی تەلەفۆنی كاڵكانی دیت، مۆبایلەكەی داخست و چاوەڕوانی ئاوڕەنگی كرد بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، ئایە سیحری لێ كردووە یاخود نا؟ ئاوڕەنگ بەپێكەنینەوە گوتی: بەڵێ تۆ سیحرت لێ كراوە.

ئۆلگا سەری سوڕماو گوتی: دەزانم تۆ ساحیری.

ئاوڕەنگ قسەی پێ بڕی و گوتی: نەخێر من نا، بەڵكو هیچ مرۆڤێكی تریش نا... چونكە تۆ لەلایەن مرۆڤەوە سیحرت لێ نەكراوە، بەڵكو یەكێكی تر ئەو سیحرەی لێ كردووی، كە كەسمان نازانین كەی و چۆن و لە كوێ سیحرمان لێ دەكا و شەیدا و دێوانە و عاشقمان دەكا... ئاوڕەنگ ڕێگای

نەدا ئۆلگا قسە بکا و بەردەوام بوو: هێزێکی تاق و تەنیا کە بتوانێ خۆشەویستی حەقیقی بخولقێنێ تەنها زاتی ناوە خوداوەند، ئەو بۆ هەمیشەیی لەنێو خۆشەویستی پاك و سەفا ئامێزدا بوونی هەیە، ئەو دەنگێکی ڕۆح ڕفێنی هەیە و گۆرانی بۆ ئاشقان دەڵێ، لەگەڵ عاشقاندا سەما دەکا، پێدەکەنێ و لەگەڵ عاشقاندا لە توانای دایە بشگریێ، بەڵام هەر کاتێ کە دەزانێ عاشقەکان بوونی ئەو لەناو عەشق دا نادۆزنەوە خۆی دەکێشێتەوە و شتەکان دەداتەوە دەستی کەسەکان خۆیان، ئێستا من لە ڕێگای گوتاری گلێنەکانتەوە گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە تۆ هەست بەبوونی خوداوەند ناکەی لەو پەیوەندییەی نێوانی ئێمە، ڕەنگە بپرسی ئێمە چۆن هەست بەبوونی خوداوەند دەکەین لەناو عەشقدا؟

حەقی خۆتە، بپرسە... بێگومان (نەهێشتنی گومان و گەیشتن بە یەقین) لەناو عەشقدا ڕۆلی خوداوەند دەگێرن، هەمیشە یەقینە و دەبێ بۆ هەمیشەیش عاشق یەقین بێ لە عەشقدا، چونکە عەشق خوداوەندە و، خوداوەندیش خۆشەویستییە.

ڕەنگە من هەر شتێ بڵێم سەبارەت بەدروستکردنی یەقین لە عەشقدا هەر بێ سوودە، چونکە شتێ کە بتوانێ یەقین لە عەشقدا دروست بکا (ئەزموونەکانی ڕۆحە)... لە کۆتایی هەر شتێکدا ئێمە دەگەینە ئاکام، خۆ تەنیا لەناو ئاکامیشدایە کە دەتوانین قسە لەسەر بوونی خوداوەند بکەین لەنێو عەشقدا.

ئاوڕەنگ هێشتاش قسەی دەکرد کە کاڵکان هەندێ ئایەتی بەپیتی لاتینی نووسراوی بەدەستەوە بوو، بەحەماسەتەوە لێی دەڕوانی و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: وەکو بازێك دێم و هەڵتدەفڕێنم.

دەستی دایە مۆبایلەکە و زەنگێکی بۆ ئۆلگا لێدایەوە.

ئۆلگا لە شاشەی مۆبایلەکەی خۆی ڕوانی و مۆبایلەکەی کوژاندەوە... برژانگە ڕەشەکانی کەوتبوونە سەر گلێنە سەوزەکانی... خۆشی نەیدەزانی بۆ ئاوا مەست بووە؟

ئایا سیحری لێ کرابوو کە ئاوا بێ ئەلکحول مەست ببوو؟

ئاوەڕەنگ لێوەکانی نزیك کردەوە، زۆری نەخایاند کە بۆ یەکەمین جار تامی ئاگری لێوەکانی یەکتریان کرد، پێڵووەکانیان داخستبوو، کەچی گوڵە شینەکانیان دەدیت کە دەگەشانەوە، تاوسەکانیان دەدیت کە کلکە ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەکردە تابلۆ بۆ خۆشەویستی، ئەستێرەکانیان دەدیت بەدەم بزەوە دەڕۆشنانەوە، قازە مل درێژ و سپییەکانی نێو دەریاچە بچووکەکەیان لێ دیاربوو، مراوی و گۆرانی بلبلەکانیان لێ دیاربوو، ئەوان پێڵووەکانیشیان داخستبوو کەچی هەموو شتەکانیان لێ دیاربوو، پەپوولەکانیان دەدیت کە لە گوڵێکی شینەوە بۆ گوڵێکی شین هەڵدەفڕین و نامەی گوڵەکانیان دەگۆڕییەوە، هێشتا پێڵووەکانیان هەر داخرابوو، تامی ئاگری لێوەکانی یەکترییان دەکرد کە ئاوەڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد، زانی ئێستا بۆتە بەڵێنێکی شکاو و تاوانێکی بە بەڵێن، لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵەوە گوتی: ئێمە کەسمان موڵکی عەقڵ و دەسەڵاتی عەقڵ و دڵ و ڕۆح و جەستەمان موڵکی چیژە ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەکانیشن، ئێمە لەوە بچووکترین کە بتوانین عاشقی نەگۆڕ بین، چونکە چێژ و لەززەت و ژیان لە مرۆڤ و مەرگ گەورەترن، ئێمە هەموومان دیلی ئێستەتیك و جوانییە گۆڕدراوەکانین.

ئۆلگا پێڵووەکانی هێشتا هەر داخرابوو، لە دڵەوە گوتی: بۆچی نەدەبوو بمانتوانیبووایە زەمەن لە جوانیدا ڕابگرین؟

## ٣٥

ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا ئەو کچەی کە باوەڕی هێنابوو خوداوەند سیحری لێ کردووە نەك مرۆڤ، چەند مۆمێکی شینی لەنێو مۆمدانە شینەکان داگیرساندبوو، دوو کورسی شینی لە ژێر مێزە شینەکەدا بەرامبەر بەیەکتری دانابوو، لەسەر مێزەکەدا بتڵێك شەڕابی ئیتاڵی دانابوو کە

کاڵکان بەتایبەتی لە ئیتاڵیاوە بۆی هێنابوو، دوو گلاسی کریستاڵی شین و هەندێ خواردنی جۆراوجۆریشی لەسەر مێزەکەدا دانابوو، هەندێ گولاوی بەنێو ژوورەکەدا پرژاند و تابلۆی (کێڵگەی گوڵەگەنم و قەلەڕەشەکە)ی ڤان کۆگی پاك کردەوە کە ڕێك کەوتبووە کورسی بەرامبەر مێوانەکەی... بەدەم گوێگرتنەوە لە (موزیکی کلاسیکی ئیتاڵییەوە) لە کاتژمێرەکەی ڕوانی و لە دڵەوە گوتی: بۆچی دواکەت؟

زۆرجار بیرکردنەوە لە شتە نامۆکانی ژیان کاتەکانی چاوەڕوانکردن زووتر تێدەپەڕێنێ، بۆیە ڕووداوێکی سەیری بیرکەوتەوە.

بەر لە چەند ڕۆژێ "سیمۆنا"ی دەستە خوشکی داوەتی کردبوو بۆ ئەوەی بەهرەمەندی خۆی نیشان بدا لە کاتی کارکردنیدا وەکو پارێزەرێك.

ئۆلگا لەنێو چەند کەسێکی تر لە نێو هۆڵی دادگاکە دانیشتبوو، بەوردی لە ڕووداوەکانی دەڕوانی، سیمۆنا پارێزەری "ئانکە" بوو، کە کچێکی تەمەن بیست و دوو ساڵان بوو، لە تەنیشت ئەودا "ئەندریاس"ی خۆشەویستی دانیشتبوو، سیمۆناش لە لای دەستە ڕاستیان... ئانکە سکاڵای دژی باوکی بەرز کردبۆوە، لەولاتر لەسەر مێزێك "ڤۆلف گەنگ" کە باوکی ئانکە بوو لەگەڵ دایکی ئانکە دانیشتبوون، لە مێزەکەی ناوەڕاستیشدا دادوەرێك و دوو یاریدەدەری...

لەبەرامبەر مێزی دادوەریش کورسی مێزێك بۆ شاهیدەکان دانرابوو، لە پشت ئەو مێزەش چەند کورسییەك بۆ مێوانەکان.

ڤۆلف گەنگ بە هەڵچوونێکەوە گوتی: با گەردوون وێران بێ، بەلام من هەرگیز ڕازی نابم ئانکەی کچم شوو بەو کوڕەی تەنیشتی بکا.

دادوەرەکە بەهێمنی گوتی: بۆچی؟

ڤۆلف گەنگ بەتوڕەبوونێکی زیاتر لە جارانەوە گوتی: من ئەزموونم لە کچەکەی خۆم زیاترە و بەرپرسم لەوەی ڕێگای ڕاستەقینە نیشانی

کچەکەی خۆم بدەم... بۆیە بەهیچ جۆرێك قبوڵم نییە و ڕێگاش نادەم ئەو کچەی من شوو بەو کوڕە بکا.

ئەندریاس ویستی وەڵام بداتەوە، کەچی دادوەرەکە ڕێگای نەداو گوتی: بەڕێز ڤۆلف گەنگ، کچەکەی تۆ تەمەنی لە سەرووی هەژدە ساڵیدایە، ئێمە لێرەدا باسی یاسا دەکەین، هەمو کەسێك لەو وڵاتەدا دوای ئەو تەمەنە حەقی خۆیەتی ئاینی خۆی هەڵبژێرێ، حەقی خۆیەتی هاوسەر و خودای خۆی هەڵبژێرێ و هەروەها حەقی خۆشیەتی چۆن دەیەوێ بژیێ ئاوا ژیانی چۆنییەتی گوزەراندنی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ، بۆیە تۆ تەنیا لە ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنت بەقسەی خۆش لە کچەکەی خۆت بەرپرسی، جگە لەوە هەموو توندڕەییێك و زۆر لێکردنێك تۆ دەگەیەنێتە تاوان و سزا.

ڤۆلف گەنگ سوورهەڵگەڕابوو، بە بێزارییێکەوە شەقێکی لە مێزەکەی بەردەمیداو گوتی: ئاخر هیچ یاسا و ڕێسا و عورف و ئاین و کولتور و خودایەکیش ڕێگا نادا ئەو کچەی من شوو بەو کوڕە بکا.

ئانکە دەستی لە نێو دەستی ئەندریاس نابوو، بەگلەیی و تووڕەبوونێکەوە گوتی: من ئەندریاسم خۆشدەوێ، ژیانی من بەبێ ئەندریاس هیچ واتایەکی نامێنێ، سێ ساڵە بەیەکەوەین تاکو ئێستا لە عەشق زیاتر بەو لاوە شتێکی تر لە نێوانی ئێمەدا نییە، بۆیە هەموو گەردوون هەوڵ بدا ناتوانێ ئێمە لە یەکتری جیابکاتەوە، ئەو منم و منیش ئەو.

ڤۆلف گەنگ دەستی بەسەرییەوە گرتبوو، نەیدەزانی چی بکا...! چی بڵێم؟ تنۆکی فرمێسکی درشت لە چاوەکانیدا دەهاتنە خوار، دایکی ئانکە بەڤۆلف گەنگی گوت: کەواتە بۆچی دڵتەنگی؟ ئایا هیچ خراپەکارییەك لە ئەندریاس دەبینی کە من نایبینم؟

ڤۆلف گەنگ بەهاوارێکەوە کە هەر لە نەڕەی شێرێکی بریندار دەچوو

گوتی: سێ ساڵە بەیەکەوەن؟ کەواتە سێکسیشیان لەنێواندا هەبووە، نا نا من ئەو تاوانە بەتەنیا دەخەمە ئەستۆی ژیان، کارەساتە کارەسات...

لەو چرکەیەدا دەرگای دادگاکە کرایەوە، ژنێك بەڕاکە ڕاکە و خۆ ڕاپڕووسکان و هانکە هانك و هەڵپە هەڵپەوە هاتە ژوورەوە، دوو پۆلیس دەستەکانیان گرتبوو، دەیانویست فرێیدەنە دەرەوە، ئەندریاس بەسەرسووڕمانییەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی و گوتی: دایە بۆچی لێرەی؟ کێ بانگی کردووی؟ دایکی ئەندریاس کە خۆی لەنێو دەستی پۆلیسەکان ڕاتەکاند و هاتە پێش و بانگی کرد: جەنابی دادوەر ڕێگا دەدەی شاهێدی بدەم، من شتێکی گرنگ دەزانم.

دوای سوێند خواردن کە درۆ نەکا لە شاهێدییەکەی، دادوەر ڕێگای دا ئەو پیرەژنە قسە بکا...

دایکی ئەندریاس کە ژنێکی لە تەمەنی ڤۆلف گەنگ بوو، بەلەرزین و نائومێدیێکی زۆرەوە وەستابوو، گوتی: جەنابی دادوەر منیش بەهیچ شێوەیەك ڕازی نیم کە ئەندریاسی کوڕم ئانکە بکا بەهاوسەری خۆی، نەخێر بەهیچ شێوەیەك ڕازی نیم.

ئەندریاس قسەی بەدایکی بڕی و گوتی: دایە پێم بڵێ تۆ چیت بەسەر هاتووە؟ هەتا بەر لە سێ هەفتە هەمیشە لە نامەکانتدا سۆز و خۆشەویستی و ڕێزی خۆت بۆ ئانکە دووپات دەکردەوە، بەڵام لەو کاتەی کە ئەو بەرازە، (مەبەستی ڤۆلف گەنگ بوو) هاتۆتە نێو ژیانی ئێمە و تۆی ناسیوە، هەموو شتەکان گۆڕان، تۆیش بوویت بەیەکێ لەو شتانەی کە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

دایکی ئەندریاس گەرووی وشك ببوو، ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، دەتگوت چیدی خوێن بەنێو جەستەیدا هاتوچۆ ناکا... بەزمانێکی پڕ لە خەفەت و داخ و کەسەرەوە گوتی: چیدی ناتوانم بێدەنگ بم، جەنابی دادوەر گوناحی

هەر یەکێك بێ من نهێنییەکە وەکو خۆی دەگێڕمەوە، بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر من ژنی ڤۆلف گەنگ بووم، لە ساڵی یەکەمدا خودا ئەندریاسی پێ داین، بەڵام دوای دوو ساڵ ڕۆیشت و من و ئەندریاسی جێهێشت، تا بەر لە سێ هەفتە لە ڕێگای ئانکە و ئەندریاسەوە چاومان بەیەکتری کەوتەوە.

ناو دادگاکە غەڵبە غەڵبێکی زۆری لێدروست بوو، دوو دوو سەریان خستبووە بناگوێی یەکتری و دەدوان، دایکی ئەندریاس گوتی: ئەندریاس و ئانکە خوشك و بران لە ڤۆلف گەنگ...

دادوەرەکە لە هەموویان زیاتر پەشۆکابوو، نەیدەزانی چی بڵێ، شۆك و سەرسوڕمان باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو، بەڵام ئانکە هەوڵی دا کۆنترۆڵی ژاوە ژاو و غەڵبە غەڵبی نێو هۆڵەکە بکا، بۆیە بەدەنگێکی بەرز گوتی: جەنابی دادوەر تازە کار لە کار ترازاوە، ئەی چی لە منداڵەکانمان بکەین؟

ئەندریاس قسەی ئانکەی بڕی و بەهێورییەوە گوتی: هەڵەکانی نەوەی بەر لە ئێمە نابێ لەسەر حیسابی ژیانی ئێمە ڕاست بکرێتەوە، ئێستا ئێمە ژیانێکی ئاسوودە و شادمان و خۆشمان هەیە.

ئەندریاس ڕووی قسەکردنی ئاراستەی ئانکە کرد و گوتی: خۆشەویستەکەی من، باوەڕ ناکەم هیچ شتێ هەبێ لەو دنیایەدا بتوانێ بەختەوەری من و تۆ و خێزانە بچووکەکەمان تێك بدا، ئێمە هەرگیز ئامادە نابین بەختەوەری خۆمان لەپێناوی بەدبەختەکانی نەوەی بەر لە خۆمان تێکبدەین، دەڕۆین، گرنگ نییە بەرەو کوێ، ڕوو لە دوورگەیەك دەکەین، دەچینە وڵاتێکی تر، گرنگ ئەوەیە بەختەوەری خۆمان بپارێزین. ئەندریاس و ئانکە لەبەر چاوی هەمووان و بەبێ ڕازیبوونی هیچ کەسێك ماچی مارە بڕینیان بەلێوەکانیان گۆڕییەوە، پیاوێکی (میسری نەژاد) کە لە تەنیشت ئۆلگادا ڕۆنیشتبوو بەچەپڵە ڕێزانەوە هەستایەوە سەر پێ و لە

نێو ئەو بێدەنگییەدا گوتی: دوو هەزار ساڵێك بەر لە زایین ئەوە حاڵەتێکی ئاسایی بوو لای ئێمە، کەوابێ مێژوو حەز دەکا خۆی دووبارە بکاتەوە... لەوەش گرنگتر ئیرادەی عەشقە کە لە هەموو شتێکی تری ئەو گەردوونە بەهێزترە، عەشق لە دەستووری وڵاتان گەورەترە، لە دادگا و دادوەران بەهێزترە، عەشق لە ترادتسیۆن و هەموو یاساکانی دنیا گەورەترە.

ئەندریاس و ئانکە ڕۆیشتن و هۆڵەکەیان بەجێهێشت.

ئۆلگا خەریك بوو دەگریا، بەڵام نەیدەزانی بۆچی هێندە دڵی تەنگە! لە کاتژمێرەکەی ڕوانییەوە و گوتی: بۆچی هێندە دواکەوت.

## ٣٦

ئۆلگا لەنێو مۆمدانە شینەکان چەند مۆمێکی داگیرساندبوو، بیری کردەوە کە خودا سیحری لێکردووە نەك مرۆڤ... هەندێ ڕاماو تێگیشت کە لە نێو چاوەڕوانیدا دانیشتووە... لەبەر خۆیەوە گوتی: باشترین بیرمەندێك ئەو مرۆڤەیە کە زیاتر لە شتەکان ورد دەبێتەوە، ڕادەمێنێ و بیری لێ دەکاتەوە، باشە بۆچی من بیر لە وشەی چاوەڕوانی نەکەمەوە؟ ئۆلگا لەسەر ئەو کورسییە دانیشتبوو کە ڕێك کەوتبووە بەرامبەر تابلۆکەی ڤان کۆك و لە قەلە ڕەشەکان ورد بۆوە، کە لە چاوەڕوانی مردنی مرۆڤەکان بەئاسماندا دەخولێنەوە، سەیرێکی ئەو سێ ڕێگایە لێك جیایەی کرد کە دەچنە نێو کێڵگەکە، خۆرە تێکەڵاوەکە بەهیچ جۆرێ ڕووناکی بەخش و ئومێد بەخش نییە... لەبەر خۆیەوە گوتی: باشتر وابوو ڤان کۆگ ناوی تابلۆکەی نابووا (لە چاوەڕوانی مەرگێکی چاوەڕوان نەکراودا) نەك (کێڵگەی گوڵەگەنم و قەلە ڕەشەکان).

لە خۆی پرسی: چاوەڕوانی چییە؟ ڕەنگە ئەو وشەیە بێ کە دەکەوێتە نێوانی دۆزەخ و فیردەوس...

لەبەر خۆیەوە گوتی: بۆچی نەهات؟ ئایە ″ئەو″ نازانێ چاوەڕوانی لە مردنێکی شێنەیی بەعەزاب دەچێ؟

زەنگی مۆبایلەکەی لێدرا، خێرا پڕی دایە مۆبایلەکەی وەڵامی دایەوە:

– بەڕێز بۆرۆدینۆڤا سەلام.

ئایا ئەوە دەنگی کێ بوو؟ ئۆلگا سوور هەڵگەڕاو بەزمانێکی گیراوی پڕ لە تەتەڵەوە گوتی: سەلام بەڕێز کاڵکان...

– وا لەبەر دەرگام، دیارییێکی بەنرخم بۆ هێناوی حەزدەکەم پێشکەشتی بکەم...

– ئاخ بەڕێز من لەماڵەوەنیم.

– حەزم دەکرد بتبینم، چونکە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەرانەم سەبارەت بە داوەتکردنی دایك و باوکت پێیە، بڕوا ناکەم لە تەلەفۆن بتوانین باسی بکەین.

– باشە بەڕێز لەگەڵ سوپاسی بێ پایان، من بەیانی خۆم پەیوەندیت پێدەکەمەوە.

– ئۆکەی تا بەیانی

کاڵکان دوو خرخاڵی زیوینی گرانبەهای سەردەمی عوسمانییەکان (کە هەندێ ئایەت و نووسینی جادووگەری لەسەر نووسرابوو) خستە نێو سندووقی پۆستی ئۆلگا، لەگەڵ پۆست کارتێ، کە ئەویش لای جادووکەرێك دوعای لەسەر خوێندرابوو... بەڕێکەوت.

ئۆلگا مۆبایلەکەی داخست و دەستی خستە سەر سینەیی و هەناسەیەکی فێنکی هەڵکێشا و گوتی: نابێ هەندێ جار لەو درۆیانە پەشیمان ببینەوە کە لەپێناوی بەختەوەری خۆماندا دەیانکەین.

لە مۆمەکانی ڕوانی کە وردە وردە دەتوێنەوە... ژیانی خۆی هاتە بەر چاو، پێناسەی چاوەڕوانی دیت، لە پڕ زەنگی مۆبایلەکەی زنجیرەی

بیرکردنەوەکانی پێ پچڕاند و پرسی: دەبێ هەمدیس کاڵکان بێ؟

وەڵامی دایەوە:

– چۆنی ئۆلگا... زۆر چاوەڕێم کرد، کوانێ تۆ لە کوێی؟

– دەبێ بمبووری، لە شارێکی تر بووم، ئێستایش هیلاکم ناتوانم بێم، دیسان داوای بوردن دەکەم.

وەکو ئەوەی ڕۆحی لە جەستەدا نەمابێ، ئاوا سپی و سارد هەڵگەڕا ئۆلگا، لەگەڵ ئەوەشدا بەسارد و سڕیەکەوە کە بەزۆر دەنگ لە قوڕگیەوە دەهاتە دەر گوتی: ئاوڕەنگ گیان هەموو شتێکم ئامادە کردییە، ناکرێ چیتر ئازاری چاوەڕوانیم پێ نەچێژی و بێی؟

ئەو پرسیارەی تەواو کرد و لە دەرگای ژوورەکەی درا، ئۆلگا نەیدەویست دەرگاکە بکاتەوە، چونکە پێی وابوو کاڵکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای کردەوە، ئایە کێ بوو بەو کاتە هاتبووە لای ئۆلگا؟

کاڵکان یاخود یەکێك لە دراوسێکانی؟

ئۆلگا لە دەستی خۆیدا نەبوو لە قاقای پێکەنینی دا و خۆی هاوێشتە نێو ئامێزی ئاوڕەنگ و کەوتنە ماچ و مووچ... ئۆلگا فرمێسکی خۆشی لە چاوەکانیدا سڕییەوە و لەسەر دوو کورسییەکە بەرامبەر بەیەك دانیشتن و تاوێ بەبێدەنگی لە گلێنەکانی یەکتریان ڕوانی و ئاوڕەنگ ئەو بێدەنگییەی بە ڕستەیەك شکاند و گوتی: بەپێچەوانەی ئەو ڕەشبینییە گەورەیەی کە لەو تابلۆیەی ڤان کۆگدا هەیە، گەشبینی ژیانێکی کامەران و درەوشانەوە لە گلێنەکانی تۆدا دەبینم.

## ٣٧

ئاوڕەنگ سەری لە ڕێکپۆشی و پاك و خاوێنی و جوانیی ژوورەکەی ئۆلگا سوڕمابوو، بۆیە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بەهەشتی گەورە لە ژوورە بچووکەکەی تۆدا چڕکراوەتەوە... تۆیش حۆرییێکی تێیدا.

ئۆلگا شانازی و شەرمی کرد و گوتی: بۆچی دواکەوتی؟

– لای هاوڕێیەکم بووم لە شارێکی دی.

– ئەویش کوردە؟

– دەتوانین بڵێین ئینتەرناسیونالە

– چۆن ؟

– دایکی عەرەبە و باوکی کوردە، بەخۆشی نیوەی کورد و عەرەبە و نیوەشی ئەڵمانە.

– هاوکێشەیەکی گرانە، زەحمەتە کەسێك هەبێ لەو ڕستەیەی تۆ تێبگا!؟

ئاوڕەنگ گوتی: چیرۆکێکی دوور و درێژە.

– حەزدەکەم بیزانم... باشە، با لەسەرەتاوە دەست پێ بکەین... کوڕێکە ناوی "زەمەند" ە، لە موسڵ لە دایکێکی عەرەب و باوکێکی کورد لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە بۆتە میکانیك "فیتەر" و نەدراوەتە بەر خوێندن... منداڵێکی سەرەڕۆ و بێ پەروەردە، ئەزموونی ژیانی خۆی فێری دەکا پیاوێکی دڵڕەقی لێ دەرچێ، بەڵام گەنجێکی تا بڵێی جوانە... بەری چەند ساڵێ ڕوودەکاتە ئێرە، لە یەکێ لە سۆزانیخانەکاندا سۆزانییێکی خۆشدەوێ، بەڵام چ جۆرێك لە خۆشەویستی؟ خۆشەویستییێك وەکو ئەوەی کە سەگێك بۆ خاوەنەکەی هەیەتی، وەکو ئەوەی دەروێشێکی ڕاستگۆ بۆ خودا هەیەتی و عەشقی خودا وای لێ دەکا سەرخۆش بێ و هەموو جەستەی خۆی بداتە بەر زەرگ و چەقۆ و خوێنیشی لێ نێ، ئەو کچە خەڵکی ڕووسیایە، ناوی "ئێلێنا"یە، شەوانە چەند کار دەکا، هەموو داهاتەکەی دەداتە زەمەند، لەگەڵ ئەوەشدا زەمەند چونکە پیاوێکی دەمدەمییە و جێگای ئەوە نییە کە خۆشەویستییەکەی نەگۆڕێ هەندێ جار وەکو سەگێك لە ئێلێنا دەڕوانی، لێی دەدا، تێی هەڵدەدا و داهاتەکەی لێ وەردەگرێ و لە قومار دەیدۆڕێنێ... ئەو داهاتەیش کە لە حکومەت

وەری دەگریّ و ئەوەیش کە لە کاری میکانیك دەستی دەکەویّ و ئەوەیش کە لە ڕێگای کڕین و فرۆشتنی حەشیش و کۆکاین دەستی دەکەویّ، هەمووی لە قومار دەدۆڕێنیّ... بەکورتی کوڕێکی جوانە بەڵام خاوەنی دڵێکی ڕەقە... ڕۆژیّ لە ڕۆژان ئەڵمانیّ کە ناوی "هۆرست" دەبیّ، ڕێی دەکەوێتە ئەو سۆزانیخانەیەی کە ئێلێنا تێیدا کار دەکا... وەك چۆن ئێلێنا عاشقی زەمەند دەبیّ، هەر ئاواش هۆست عاشقی ئێلێنا دەبیّ، بەڵام ئێلێنا وەکو چۆن زەمەند هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا، ئەویش بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هۆرست دەکا... هۆرست کوڕێکی میهرەبانە و خاوەن دڵ و ڕۆحێکی جوان و میهرەبانیی و بەخشندەیێکی جوانە، بەڵام لە ڕووی جوانی دەرەوە پیاوێکی تا بڵێی ناشرینە کورتە باڵاو قەڵەو دەموچاو پڕ لە زیبکەو نەختیّ قەمبوریشە... کەوابیّ پیاوێکە خاوەن دڵێکی باش و عاشق و بەڵام ناشرین...

ڕۆژیّ زەمەند لە یەکێك لە برادەرەکانی خۆی تووڕە دەبیّ و دەقەهری و داوا لە برادەرەکەی دەکا دەستی بکاتەوە و لەگەڵی بەشەڕ بیّ، بەڵام برادەرەکەی دەزانیّ کە زەمەند شەڕکەر نییە بەڵکو گەردەلوولێکە بۆ خۆی، پیاو لوولدەدا، بۆیە دەستی ناکاتەوە و بەزەمەند دەڵیّ: بمکوژە.

زەمەند لە داخان و لە رکاندا هەموو جەستەی خۆی دەداتە بەر چەقۆ، یەکیّ لەو چەقۆیانە بەر دڵی دەکەویّ و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکریّ... دکتۆرەکان دوای پشکنین و ئۆپەراتسیۆن بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ژیانی زەمەند بەدۆزینەوە و پەیاکردنی دڵێکەوە پەیوەستە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا گەر دڵێك دەست نەکەویّ تەواو... دکتۆرەکان پەلە دەکەن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە ئینتەرنێت کە لەو ماوەیەدا پێویستیان بەدڵێکە، تەواوی نەخۆشخانەکانی وڵات ئاگادار دەکەنەوە، ئێلێنا لەبەر دەرگای ژووری ئۆپراتسیۆنەکە وەستاوە و بیّ وچان دەگری، ڕێککەوت وا دەبیّ کە "هۆرست" لەو چرکەیەوە تەلەفۆن بۆ ئێلێنا دەکا... لەو چرکەساتەی کە

گوێبیستی ئێلێنا دەبێ هۆن هۆن دەگریێ، ئۆقرەی نامێنێ، هۆرست جگە لەوەی کە شاعیرە، ڕۆژنامەنووسێکی بەتواناشە و لەگەڵ یەکێك لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وڵاتدا کار دەکا، داوا لە ئێلێنا دەکا کە بۆ هاریکاری و دڵدانەوە دێتە لای، بەڵام ئێلێنا قبوڵی نییە، چونکە هێشتا لە زەمەند و دڵپیسی زەمەند دەترسێ... بەهەر هۆیێك بوو توانی ئێلێنا ڕازی بکا کە بچێتە لای، هۆرست سەر شێتانە و مەستانە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی، لە ڕێگادا وەردەگەرێ و دەهێنرێتە ژوورێکی تەنیشت ژوورەکەی زەمەند، لە هەمان نەخۆشخانە... کە دایك و باوکی هۆرست دەگەن دکتۆرێك بەبێ پێچ و پەناپێیان دەڵێ: بەداخەوە کوڕەکەتان تەواو، کۆچی دوایی کرد، عەقڵی وەستاوە و کارناکا.

دایك و باوکی هۆرست بەگریانەوە داوایان لە دکتۆر کرد کە کارێك بکا لە پێناوی کوڕەکەیان... دکتۆر و لێژنەیەك کە لە گەڵیدابوون گوتیان: ئێمە دەتوانین نەهێڵین بەشێکی کوڕەکەتان بمرێ.

دایك و باوکی هۆرست تێگەیشتن نەخۆشێکی تر لەوێ بەپێچەوانەی کوڕەکەی خۆیان عەقڵی تەواو کار دەکا، کەچی دڵی لە لێدان کەوتووە، بەلێژنەکەیان گوت: ئێمە نیو مردنمان پێ لە مردنێکی یەکجارەکی باشترە.

دوای ئۆپەراتسیۆنێکی دوور و درێژ دڵی هۆرستیان لە نێو جەستەی زەمەند دانا و دڵی زەمەند و جەستەی هۆرستیشیان هەڵدایە نێو پاشماوەکان...

ئۆلگا بە سەرسوڕماوییەوە لە ئاوڕەنگی دەروانی، پێی وابوو باسی فەنتازیا و خەیاڵ و چیرۆکی بۆ دەکا... لەگەڵ ئەوەشدا، پرسی: ئەی ئێستا؟

ئێستا زەمەند و ئێلێنا ژن و مێردن، خێزانێکی بەختەوەرن، زەمەند تەنیا

میکانیکە و ئێلێنا لەگەڵ ئەودا کاردەکا و ئیدی سۆزانی نییە...

ئاوڕەنگ بەبزەیەکەوە گوتی: من بۆ ئەوە چووبەمە لای تا هەندێ بنەماو خاسیەتی نووسینەوەی یاداشتی فێرکەم، چونکە خۆی فێری خوێندەواری کردووە و ئێواران دوای کار یاداشتی خۆی دەنووسێتەوە.

ئاوڕەنگ بەردەوام بوو، دایك و باوکی هۆرستیش بەردەوام سەردانیان دەکەن و داوای لێدەکەن کە منداڵێك بێننە دنیا، تا چاویان بە نەوەی خۆیان بکەوێ.

ئۆلگا گوتی: کەوابێ بەدەستهێنانی بەختەوەری کارێکی موستەحیل نییە؟

ئاوڕەنگ پێکە شەڕابێکی سووری لەنێو گڵاسە کریستاڵاوییەکە خاڵی کرد و پێکێکی تری دروست کرد و گوتی: نازانم ئەو چێرۆکە وامان پێ دەڵێ، بەڵام گەلێ چیرۆکی تر هەن پێچەوانەی ئەو چیرۆکەمان بۆ دەسەلمێنن، ئەوەی من لەو چیرۆکەدا هەڵیدەکرێنم ئەوەیە کە خوا و چارەنووس و ژیان و ڕووداوەکانیش جوانییان خۆشتر دەوێ... وەك دیتمان لە ململانێی نێوانی جوانییە دەرەکییەکان و جوانییە ناوەکییەکانیشدا لەگەڵ ناشرینی هەمیشە جوانی جوانترە و تەمەنی درێژترە...

ئۆلگا بیری لە قسەکانی ئاوڕەنگ کردەوە تاگەیشتە باوەڕێك و پرسی: ڕاستە جەستەی ناشرینی هۆرست و دڵی ناشرینی زەمەند چوونە ناو پاشماوەکان و بوون بەڕابردوو، تەمەنیان کورت بوو جەستەی جوانی زەمەند و دڵی جوانی هۆرستیش مانەوە و تەمەنیان درێژتر بوو، کەوابێ لێرەدا تەمەنی جوانی لە تەمەنی ناشرینی درێژتربوو، بەڵام پێت وانییە کە ئەوە تەنیا تاکە حاڵەتێکی ناوێزەیە لە ژیاندا؟ چونکە من هەمیشە لێم دیارە کە دڵی ناشرین و ڕوحی ناشرین لە گەمەی ژیاندا براوەن و دڵی جوان و ڕۆحی جوانیش هەمیشە گۆشەگیرو پەراوێزن لەنێو کۆمەڵگەدا؟

ئاوڕەنگ قومێکی تری لە شەڕابە سوورەکە دا و گوتی: من پێم وایە هەمیشە تەمەنی جوانی درێژترە لە تەمەنی ناشرینی، چونکە هەموو جوانییێك بەشێکی لە ڕۆحی خوداوەند تێدایە، بۆیە کرداری باشە و جوانی دەبێ تەمەنیان درێژبێ و ئەزەلی بن، چونکە خودا ئەزەلییە. ئۆلگا ئەگەرچی لەگەڵ هەموو گوزارشت و بۆچوونەکانی ئاوڕەنگ هاوڕا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکی شەڕابە سووورەکەی بەرز کردەوە و گوتی: خۆشەویستەکەم، ″جیاوازییەکان″ تەمەن و ژیان و مێژوو بەرێوە دەبەن.

## ٣٨

لەسەر سینییێك کە ڕازاوەبوو بەجۆرەها خواردنی بەیانییان فنجانێك قاوە و گوڵێکی شینیش دانرابوو، ئۆلگا چەند ماچێکی لە ئاوڕەنگ کرد و گوتی: پادشای من، پادشا ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆم... بەیانیت باش...

سینییەکەی لەبەردەم ئاوڕەنگ دانا لەسەر قەروێڵە یەك کەسییەکە... ئاوڕەنگ هێشتا تێر خەو نەببوو، چونکە تا بەرە بەیان لەگەڵ ئۆلگادا لە ئامێزی یەکتریدا بوون و خەویان نەدەهات، هەمیشە شەو شادیان لە یەکتری دەکرد، کەچی دوای چەند چرکەیەك هەردووکیان پێڵووەکانیان ئاوەڵا دەکرد و لەززەتیان لە جوانی ڕوخساری یەکتری دەکرد و وایان هەست دەکرد لەنێو وەهمدان نەك ڕاستییێك کە بەڕاستی تێیدابوون...

کە ئاوڕەنگ ڕۆیشت، زەنگی مۆبایلەکەی ئۆلگا لێی دا، کاڵکان بوو داوای کرد کە دوای کاتژمێرێکی تر لە کافتریای (هێرمێرس پاریس) چاوەڕێی بکا...

کاڵکان داوای دوو بیرەی کرد لە کافتریاکە، لە ئۆلگا ورد دەبۆوە، بۆ ئەوەی بزانێ کە فاڵ و سیحرەکە کاری لێ کردووە یاخود؟

ئۆلگا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان زۆر سوپاست دەکەم بۆ

ئەو خرخاڵە جوانانە و پۆست کارتەکەشت، بەڕاستی دڵم پێی خۆش بوو.

کاڵکان هەستی بەشانازییێکی بێسنوور کرد و لە دڵەوە گوتی: کێ وەکو من بەختەوەرە، سامان و کەسایەتی و بەختەوەری و ژنێکی جوان کە وێنەی نییە لە هەموو دنیا... باوەڕناکەم پێویستیم بەدەسەڵاتی سیاسیش بێ، چونکە دەسەڵات موڵك نییە وەکو سامان و ژن و بەختەوەری. ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و لە دڵەوە گوتی: سەیرە بۆچی هیچ شتێ موڵکی مرۆڤ نییە لەو گەردوونە؟ ئۆلگا کە دواترەمین فڕی بیرەکەی لێدا بەکاڵکانی گوت: بەڕێز کاڵکان... کاڵکان قسەکەی پێ بڕی و گوتی: حەزناکەم ئیدی بەو ڕەسمیاتە لەگەڵم بدوێی، پێم بڵێ کاڵکان، یان هەر شتێکی تری پێم دەڵێی بیڵێ، تکا دەکەم ئەو "بەڕێزە" فڕێ بدە. ئۆلگا بەردەوام بوو: من نازانم چۆن سوپاست بکەم بۆ ئەو هەموو شتەی کە پێشکەشی منی دەکەی، لەوەش گرنگتر لایەنە مەعنەوییەکەیە، تۆ هەمیشە لەگەڵمدای...

کاڵکان تۆ مرۆڤێکی شایەن و شایستەی زیاتری.

ئۆلگا دوای ئەوەی پێکێ تێکیلەشی خواردەوە بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی لە کاڵکان کرد و گوتی: حەز دەکەم ڕاستییێکت بۆ بدرکێنم... کاڵکان بە پێکەنینەوە: ڕاستی؟ جا کەی بووە تۆ ڕاستییەکان بشاریتەوە؟ تۆ هەمیشە ڕاستییەکانت لای من درکاندووە...

ئۆلگا بەکورتی گوتی: من کەوتوومەتە داوی عیشقەوە، عیشقێکی نامۆ کە هەرگیز باوەڕم پێی نەبووە، عیشقێك کە لە عیشقی هیچ عاشقێکی تر ناچێ...

ڕوخساری کاڵکان وەکو گوڵێك گەشایەوە، بزەی کەوتە سەر لێوان... چاوەڕەشە بچووکەکانی نەختێ ترووکاند و خرخاڵ و پۆست کارتە دوعا لەسەر خوێندراوەکەی هاتە پێش چاو، مەلای مزگەوتی تورکان و "٥٠٠٠"

دۆلاری تری هاتە خەیاڵ و لەسەرخۆ گوتی: حەزناکەم وا زوو بیدرکێنی... چونکە دەبێ عاشقەکەت شتی یەکجار مەزنت بۆ بکا...

ئۆلگا گوتی: خۆت دەزانی ژیانی من تا ئێستا گرێدراوی کتێب و قەڵەم و مامۆستا و کۆمپیوتەر و ئەو جۆرە شتانە بووە، زۆر لە وڵاتانی دنیا گەڕاوم، ئەمەریکا، ڕووسیا، ئیسپانیا، تورکیا، چین، میسر، تونس، فەرەنسا و... تاد... بەڵام هیچ کاتێك هەستم بە بوونی پیاو نەکردووە، مەبەستم لە بوونی پیاو بوونی عەشقە بۆ پیاو... هەمیشە هەستم دەکرد بەدوای یەکێکدا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە، بۆیە بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری کچەکانی سەر ئەو ئەستێرەیە خۆشەویستیم نەدیوە لە سەردەمی هەرزەکاریدا... خەفەتێك ئازاری دەدام، دەمزانی بەدوای یەکێکدا وێڵم و دەبێ بیدۆزمەوە، ئێستا لێرە دۆزیمەوە... من خۆشحاڵم کە پێی گەیشتم...

کاڵکان لە خۆشیدا خەریك بوو باڵی لێ دەرِوا... بۆیە بەشانازییێکەوە گوتی: دەکرێ پیتی یەکەمی ناوەکەیم پێ بڵێی؟

ئۆلگا ئەو پرسیارەی پیاوێکی بەتەمەنی وەکو کاڵکانی زۆر هەرزەکارانە هاتە بەر گوێ، بۆیە گوتی: بۆچی پیتی یەکەم، ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕام ناوی ئاوڕەنگە... ئاوڕەنگ.

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکرد و لە دڵەوە گوتی: کاتێ مرۆڤی عاشق لەو جیهانە ناشیرنە مەست دەبێ تەنیا شتێك کە بیری لێ دەکاتەوە، خۆشەویستی و جوانییە. تووڕەیی و بومەلەرزەی ناخی کاڵکان گەیشتە حاڵەتی تەقینەوە، لە دڵەوە گوتی: دنیاییێکی پیسە، تەنیا شتێك کە پێویست بێ مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە لەو ژیانە ناشرینە... بورکانی ناخی کاڵکان دەستی پێ کرد و هەڵچوو، بەهەموو هێزی مستێکی لە مێزەکەی بەردەمی دا، هەموو گڵاس و تەبڵە و مۆمدان و مۆمەکان بەسەر یەکدا کەوتن... مۆمەکان کوژانەوە، گوڵە شینەکانی نێو مەرکانە شینەکە کەوتنە

سەر عـارد و گـلاسی تـێکـیلـەکـە شکـا... ئـۆلـگـا بـە سەرسوڕمـانـییـەوە لـە چواردەورەی ڕوانی، خەڵکەکە بەقسەکانی یەکتر پێدەکەنین.

کاڵکان پرسی: ئۆلگا تۆ عەقڵی خۆتت لە دەست داوە؟

هـەوڵـی دا کـەمـێ هـێور ببـێتـەوە، بـەردەوام بـوو: دەمزانـی ئـەو کوردە فریودەرە دەتوانێ تۆ بکاتە کارتێك و بەکارت بێنێ... تۆ سیحرت لێ کراوە، بڕوا بکە هەر یەکێکی ترت خۆش بویستایە ئاسایی بوو، نەك هەر بەتەنیا ئاسایی، بەڵکو یارمەتیشم دەدای... تۆ ئەگەر بەئارەزووی خۆت یەکێکت هەڵبژاردبوایە ئاسایی بوو، بەلام من هەرگیز ڕازی نیم بەفێڵ و سیحر و فاڵ تۆ فریو بدەن... ئەو ئاوڕەنگ ناوە چی بۆ کردووی؟ چیت بۆ دەکا؟ ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ لە وێنەکەی خۆی و ئۆلگای ڕوانی و لەبەر خۆیەوە گوتی: من دەتوانم چی بۆ ئۆلگا بکەم؟ چیم بۆ کردووە؟ ئاخ پارە چەند لە سۆزانییێکی بەدبەخت دەچی دەچیتە ژێر هەموو کەسێ، بەلام من بـاوەڕم وایـە ئـەو شتـە تـاقـانـەی کـە لـە عـەشقـی پـاکدا وجوودی نـەبـێ (پارەیە)... (هەموو شتێ لە دونیادا بەپارە بکڕدرێ و بفرۆشرێ، عەشق بەپارە ناکڕدرێ و نافرۆشرێ) چونکە کاتێ مرۆڤ تەواو عاشق دەبێ، لە شوێن زەمەنێکی سەرووی ئەو شوێن زەمەنەی ئێمە دەژیێ کە لەوێ پارە بـوونـی نـیـیـە، مـرۆڤـی عـاشق مـرۆڤـی بـان سروشتین و لـە مـرۆڤـی ئـەو زەمینەی ئێمە ناچن. کاڵکان لە گلێنەکانی ئۆلگای ڕوانی و گوتی: من بـاوەڕ نـاکـەم کرێکـارێکی تێهـەڵدراوی کۆمپـانیـای بەکرێدانی کرێکاران بـتـوانـێ ژیـانـی مـاددی تۆ خـۆش بـکـا، ئـەو نـاتـوانـێ لـە هـیـچ ڕوویـێکـەوە بـەختـەوەرت بـکـا، چونکـە تـەنیـا پـارەیـە دەتوانـێ بەختەوەری مرۆڤەکان بەرجەستە بکا... کوردێکی پەناهەندەی تێهەڵدراو کە کەس نازانێ لە چ گوند و دارستان و شاخێك هاتووە، چۆن دەتوانێ بەختەوەرت بکا...؟ کوردێك کە تاکو ئێستا ژیان لە ئەشکەوتەکان بەسەر دەبەن چۆن دەتوانێ ژیانی مرۆڤێکی مەدەنی وەکو تۆ دابین بکا، ئەوە قسەی من نییە بڕۆ

ڕۆمـانـی یـەشار کـەمـال بـخـوێـنـەوە کـە بـاسیـان دەکـا چـۆن ژیـان بـەسـەر دەبەن.

ئۆلگا قسەی کاڵکانی بڕی و گوتی: بەڕێز کاڵکان من ئیهانەکردنی خۆمم قبوڵ بێ، ئیهانەکردنی ئاوڕەنگ قبوڵ ناکەم، دواتر تۆ نەبینیوتە، نەدەیناسی چۆن دەتوانی ئەو قسانەی لەسەر بکەی؟

کاڵکان هێندەی تر دەمارگیرو تووڕەبوو: ئاخر من ئەزموونی زۆرم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە دواکەوتووە هەیە، دوو ڕووی یەك دراون، یەك عەقڵن بەسیمای جیا جیا... یەك بەدبەختین لە جەستەی جیا جیا و ڕوو لە بەختەوەری کەسانی تر دەکەن...

ئۆلگا: بەڕێز تۆ چۆن دەتوانی نەتەوەیەك بەیەك پێوەر بپێوی کە ئەو پێوەرەیش عەقڵ و هەستی تۆیە...؟ لە نێو ماڵێکدا کەسی باش و کەسی خراپ هەیە، لە کۆڵانێکدا کەسی ڕۆشنبیر و کەسی نەخوێندەوار هەیە، لە شارێکدا هەموو جۆرە کەسانێك هەن... چۆن دەتوانی چل ملیۆن کەس بەیەك تەرازوو هەڵسەنگێنی؟

خـەریك بـوو ڕێگـاکـان وردە وردە لـەبـەر دەم کـاڵکـان دادەخـران، تـاکـە ڕێگایەك کە لەبەر دەمیدا مابۆوە ئەو ڕستەیە بوو. بیبینم دەیکوژم.

بەو قسەیە دەرگای قسەکردن و گفتوگۆییێکی تری بۆ خۆی ئاوەڵاکرد و هەوڵی دا بەشێوازێکی نەرمتر بدوێ: چۆن دەبێ مرۆڤانێك هەبن لەو زەمینەی ئێمەدا هێندە ئیگۆئیست و بەرژەوەندی پەرست بن و کەسێکی بەڕێزی وەکو تۆ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەڵخەڵەتێنن؟

– کوڕێکی گەنج و جوانە؟

– ئۆلگا بەترسەوە: زۆر گەنج و زۆریش جوانە؟

– عاقڵ و ڕۆشەنبیرە؟

– نووسەرە.

– دەوڵەمەندە؟

گرینگ ئەوەیە خۆشی بووێم، چونکە بەهای خۆشەویستی لە هەموو بەهاییێکی تر گەورەتر و گرانترە... خۆشەویستی ئاوە، هەناسەیە نان و ژیانە.

ئاوڕەنگ لە کارگەی ئۆتۆ کاری دەکردو لە دڵەوە گوتی: ئەو شتەی کە عاشقێکی ڕاستەقینە دەتوانێ بە مەعشوقەکەی بدا، دایك ناتوانێ بەمنداڵەکانی بدا.

## ٣٩

کاڵکان لەبەر دەروازەی مزگەوتی تورکان ئۆتۆمبێلەکەی پارك کرد، بەخێرایی و تووڕەیییەوە دابەزی، هەستی کرد شتێکی نائاسایی ڕووی داوە، بانگی یەکێکی کردو داوای کرد خەتیبی مزگەوتەکە ببینێ کە فاڵی بۆ کردبوو... کاڵکان لە گەنجەکەی پرسی: ئەو شێخە درۆزنە لە کوێیە؟

– بۆچی نەتزانیوە چی ڕووی داوە؟

– نەخێر... دەمەوێ بیبینم و شەرەفی ببەم، چونکە بێ نامووسە.

– مەگەر سەردانی گۆڕستان بکەیت و لەوێ بیبینی.

– چۆن؟ چی ڕووی داوە؟

– شێخ سێ ژنـی هــەبـوو، دەرسی قـوتـابـیـانـی دەدا بـۆ ئـەوەی فـێری خوێندنەوەی قورئانیان بکات، بەر لە شەش مانگ عەشقی کچێکی پانزە ساڵی لە عەقڵی دەدا، دەرسی بەو کچە دەگوت لە مزگەوت، کچەکەش رازی بوو شووی پێ بکا، بەڵام خانەوادەی کچە رازی نەبوون، دوێنێ دەچێتە ماڵی کچە و خێزانەکە بەکاملی گوللەباران دەکا و خۆشی دەکوژێ... ڕۆژنامە ماوە لە ئەڵمانیا باسی نەکات؟

کاڵکان بەتووڕەییێکەوە لە خۆی ڕوانی و گوتی: ئەوە خۆ شێخ نەبووە،

شێخ کەی ئاوا دەبێ؟ باش بوو تووشی من نەهات.

کاڵکان دەگەڕێتەوە ماڵ، کتێبێك دەخوێنێتەوە (یاساکانی سزادان لە ئەڵمانیا) یەك یەك تاوانی و سزاکانی دەخوێنێتەوە، تا دەگاتە سەر تاوانی کوشتن... هیلاك دەبێ و خەو دەیباتەوە.

٤٠

لە ژوورە بچووکەکەی ئۆلگا، دوای مەستییێکی زۆر و بێ سنوور، ئۆلگا داوا لە ئاوڕەنگ دەکا چاوەکانی دابخا... پاش چەند خولەکێك ئۆلگا دوو ماچ لە لێوەکانی ئاوڕەنگ دەکا و داوا دەکا کە پێڵووەکانی بکاتەوە، کاتێ ئاوڕەنگ لە ئۆلگا دەڕوانێ هێندەی تر مەست دەبێ، ئۆلگا فانۆسێکی سیحری بەدەستەوەیە و جلێکی عەرەبی پۆشیوە کە هی سەماکەرانە، ڕیکۆردەرەکە کاسێتێکی ئیقاعی میسری لەسەرە پێی دەکا و سەما دەکا... بەڵام سەمایێك کە لەگەڵیدا گوڵە شینەکان و مۆم و ڕەنگ و بتڵە خاڵییەکەی ڤۆدگا و گلاس و هەموو ژوورەکە لەگەڵی دەکەونە سەما... سەمایێکی عەرەبی ڕێك، بەوپەڕی ئازادی سەما دەکا و بەئاوڕەنگ دەڵێ: من چیرۆکی هەزار و یەك شەوەت بۆ دووبارە دەکەمەوە، بەڵام بە سەما، چونکە سەما جوانترین جۆری ڕەوانبێژی و زمانە.

ئاوڕەنگ پرسی: کێ فێری کردی کە ئاوا بە سەما ڕۆحی گەردوون و دار و بەرد بێنیتە سەما.

ئۆلگا بەدەم سەماوە گوتی: قاهیرە و کۆرس... ئاوڕەنگ و ئۆلگا لە ئامێزی یەکتردا ڕاکشان و دەیانویست دووەمین شەوی تێکئالآن لە لاپەڕەی بیرەوەرییەکانیدا بنووسنەوە، لە بەهەشت دابوون، کەچی زەنگی مۆبایلەکە ئۆلگای هێنایەوە جیهانی واقیع، کێ بوو لەو کاتە ناسکە بیری ئۆلگای کردبۆوە؟

ئۆلگا لەگەڵ ئەوەش کە زانی کاڵکانە، وەڵامی دایەوە، کاڵکان بەشەرمێکەوە گوتی: بەیانی دەبێ بێی ئیمزاییێك بکەی، بۆ بەڕێوە چوونی کاروباری دەعوەتکردنی دایك و باوکت...

ئۆلگا بە خۆشحاڵییێکەوە پەیمانی پێ دا کە لە شوێنکاتی دیاریکراودا ئامادە دەبێ...

درەنگانێ، ئاوڕەنگ و ئۆلگا عاری عاری لە ئامێزی یەکتریدا ڕاکشابوون و خەوتبوون، کاڵکان جگەرەی دەکێشاو خەوی نەدەهات بۆیە لە دڵەوە گوتی: مرۆڤ بمرێ باشترە نەك

عاشقێکی فاشل بێ بەڵام هەر ڕۆژێ دێ ئەو دۆڕاوییە تەرجەمەی بردنەوە بکەم!

## ٤١

کاڵکان و ئۆلگا لای فەرمانبەرێك لە یەکێ لە ژوورەکانی پارێزگا هاتنە دەرەوە، لە تەنیشت پارێزگاکە کافتریاییێکی بچووکی لێ بوو، کاڵکان بێ پرسێکی ئەوەی ئۆلگا بکا، ڕووگەی ڕۆیشتنەکەی خۆی گۆڕی و لەیەکێ لە گۆشەکانی ئەو کافتریایە دانیشت...

وەکو ئەوەی کە بلبلێك –ئاو– دەخواتەوە، هەر ئاواش ئۆلگا فرێکی بچووکی لە کەپەچینۆیەکەدا، کاڵکانیش چەند فرێکی بەدەنگی وەکو ئاغاکانی ڕۆژهەڵات لە کافێیە ڕەش و بێ شەکر و شیرەکەدا، لەنێو جەنتاکەی شەدەیەك دۆلاری دەرهێنا کە هیچ کەسێك نەیدەزانی چەندە، فرێیدایە بەردەمی ئۆلگا و گوتی: ئاوڕەنگیش قبوڵ دەکەم، تەنیا قبوڵ نەکردنی تۆ بۆ ئەو دیارییەم قبوڵ ناکەم.

بەزۆر دیارییەکەی خۆی پێشکەش بەئۆلگا کرد، بەبیانۆی ئەوەی دەبێ لە دایك و باوکی خەرج بکا لە کاتی هاتنیاندا، هەندێ لە چاوە

کەسکەکانی ئۆلگای ڕوانی و گوتی: هەواڵی ئاوڕەنگ چییە؟ دەکرێ ژمارەی تەلەفۆنی یاخود ئەدرێسەکەیم بدەیتێ؟

– بەداخەوە ناتوانم، ئایا بەڕێزت هەمان بوچوونی پێشترت هەیە، بەهەمان باوەڕ لە ئاوڕەنگ دەڕوانی؟

کاڵکان خۆی وا نیشان دا گاڵتەی بە گەنجێکی کەم ئەزموونی ئاوا دێ کە تاکو ئێستا هێشتا هەر لە "کارگەی بەکرێدانی کرێکاران" وەکو عەبد کاردەکا، خۆ حەقیشی بوو، چونکە کاڵکان سەدان کەسی وەکو ئاوڕەنگی خستبووە کار، بەئارەزووی خۆی دەیتوانی چارەنووسیان بگۆڕێ، بۆیە بەیەقینی و شانازییێکەوە گوتی: دەمەوێ لەگەڵی بدوێم دەمەوێ پێی بڵێم کە دەست لەو فڕوفێڵ و سیحربازییە هەڵگرێ کە بۆ فریودانی تۆ ئەنجامی دەدا.

– ئەی ئەگەر لەگەڵی دوایی و گوتی: ناتوانم واز لە ئۆلگا بێنم؟

کاڵکان بەنەختێ تووڕەیی و کەمێ پێکەنینەوە گوتی: ئەو کات هەڵیدەدەمە ناو پاشماوەکان، با ڕەوانەی ئەو کارگەیەم بکرێ کە کلێنسی ئاودەستی لێ دروست دەکرێ.

کاڵکان لەسەرخۆ دەمانچەکەی دانایە سەر مێزەکە و بەتووڕەییێکەوە کە ڕاستیی پێوە دیاربوو گوتی: ئەگەر بە خۆشی واز نەهێنی ئەوا بۆ هەتایی چاوی بەو برژانگە ڕەشانەی تۆ ناکەوێتەوە کە لەسەر گلێنە سەوزەکانت ئاوێتە دەبن.

ئەو چرکەساتە لە هەموو چرکەساتەکانی تر زیاتر ئۆلگای ترساند، ترسێك هێرشی بۆ هێنا خۆ ترس نەبوو، مردن بوو، بۆیە بەنارەزاییێکەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان حەز ناکەم من هۆکاری لە ناوبردن و شەڕو ئاژاوەی تەنانەت نێوانی دوو مێشوولەش بم، نەك دوو مرۆڤ بۆیە لێرەدا پەیمانت پێ دەدەم کە واز لە ئاوڕەنگ بێنم.

ئۆلگا گەیشتەوە ماڵ، چاوە کەسکەکانی پڕ ببوون لە فرمێسک، دایك، باوکی خۆی بیرکەوتەوە، سەردەمی منداڵی خۆی هاتە پێش چاو و گوتی: کە منداڵ بووم هەمیشە کەسانێك هەبوون داڵدەو پشت و پەنام بوون، لەناو بیرو خەرەندی کێشەکان دەریان دەهێنام، ئازارەکانیان دەرمان دەکردم، کەچی ئێستا گەورەم و تەنیام، هەست بەتەنیایی دەکەم، کەسێ نییە زامەکانم سارێژ بکا.

مۆبایلەکەی ئۆلگا لێیدا، کێ بوو؟

بێ گومان لەو کاتەدا تەنیا ئاوڕەنگ زەنگ لێدەدا، جارێك و دووان و دەیان جار، ئۆلگا دەگریا و وەڵامی نەدەدایەوە، لە دڵەوە گوتی: ماڵئاوا ئەی هەمیشەییترین و سەوزترین بیرەوەری و لە پڕمەی گریانی دا.

نیو کاتژمێر دواتر (س. م. س)ێك گەیشتە مۆبایلەکەی ئۆلگا، کێ بوو ئەو ئێس ئێم ئێسەی ناردبوو؟

بێ گومان ئاوڕەنگ بوو، نووسیبووی: پێویستە لەسەر مرۆڤی عاشق بۆ هەمیشە گوێ بۆ گوتاری دڵی رادێرێ، چونکە تەنیا دڵە کە دەتوانێ ڕاستی بەمرۆڤەکان بڵێ.

(س. م. س)ێکی تر گەیشت و لێی نووسرابوو: حەقیقەت وەکو شەوێکی هەورین تاریکە تەنیا چاوێك کە دەتوانێ ئەستێرەی حەقیقەت لەپشت هەورەکانەوە ببینێ، چاوی ڕۆحە.

(س. م. س)ێکی تر گەیشت ئەویش ئاوا نووسرابوو: ئێمە نابێ بەدوای گۆڕینی چارەنووسی خۆماندا بگەڕێین، ژیان و تەمەنی مرۆڤەکان وەکو گوڵێك وایە لە دایك دەبین و

لە گەنجایەتیدا دەگەشێینەوە و لە کۆتاییشدا سیس دەبین و هەڵدەوەرین... با گەشانەوەی سەردەمی گەنجیمان هەورا زوو لە دەست نەدەین.

(س. م. س)انەی دەخوێندەوەو دەگریا، نیو کاتژمێر چاوەڕوانی کرد و (س. م. س)ێکی تری پێ گەیشت کە لێی نووسرابوو: باوەڕ ناکەم پێویست بێ مرۆڤ وا لە یەکێکیتر بکا کە بە زۆر پێویستی پێیبێ، ماڵئاوا گوڵە سەوزەکە.

ئۆلگا نەیتوانی بەرگەی گریانی زیاتر بگرێ، فرمێسکە درشتەکانی سڕیەوەو لە خۆی پرسی: ئایا دەتوانم ئاوڕەنگ لە دڵ و ڕۆحدا ڕەش بکەمەوە؟ بۆچی دەبێ یەکێکی وەکو کاڵکان بەئارەزووی خۆی ژیانی من بگۆڕێ؟

دەستی دایە مۆبایلەکەی و بەدەم پێکەنینێك کە گریانیشی تێکەڵ ببوو گوتی: ئاوڕەنگی من، غەریبیت دەکەم، غەریبیت دەکەم، خۆ ئەوە غەریبی کردن نییە، بەڵکو بەڵایێکە بۆ خۆی کە من بەرامبەر بەتۆ هەمە، بەقەدەر ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانی وڵاتەکەت لە شەوانی سامالّدا خۆشم دەوێی، هێندەی خۆم، نا زیاتر لە ڕۆحی خۆم دەتپەرستم و خۆشم دەوێی، ئێوارە کە لە کار دەگەڕێیتەوە نان نەخۆی، شەرابی سوورم بۆ هێناوی، ڤۆدگای گۆرباتچۆف و ڕاکیم بۆ هێناوی، ″لەزانیات″ بۆ ئامادە دەکەم. چاوەڕێتم چاوەڕوانییێکی ئەبەدی، چاوەڕوانم پادشا ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆم.

کاڵکان لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابوو، تنۆك تنۆك فرمێسکی خوێنینی هەڵدەوەراند، حەزی دەکرد ئۆلگای لە بەرامبەر بووایە لەو کاتە کارەساتاوییەدا، هەستی بەنامۆبوون و تەنیایی دەکرد لەو سەرزەمینەدا، قاچەکانی تا سەر مێزەکە بەردەمی درێژ کردبوو، پێڵاوو چاکەت و پانتۆڵەکەی دانەکەنادبوو، بەپێیەکانی یاری بەدەمانچەکەی سەر مێزەکە دەکرد، بەدەم گریانەوە بیری دەکردەوە و کتێبی یاساکانی سزادانی لە ئەڵمانیا دەخوێندەوە، گەیشتە سەر سزای تاوانی کوشتن و لە

دڵەوە گوتی: دەبێ شتێ هەبێ لە عەشق بەئازارتر و زاڵمتر؟

دڵۆپە فرمێسکەکانی دەکەوتنە سەر کتێبەکەی نێو دەستیی و خەو پێڵووەکانی پێ داخست.. کەچی زۆری نەخایاند خەبەری بۆوە.

## ٤٢

ئۆلگا سەری نابوو بەسینەی ئاوڕەنگەوە لەسەر قەرویڵە یەك کەسییەکە، ئاوڕەنگ بەبزەیەکەوە گوتی: دێتەوە یادت گیان کە جارێ بۆم نووسیبووی "تەنیا شتێك کە لە عەشق بەئازارتر بێ ئەوەیە کە مرۆڤ عاشق نەبێ"؟

ئۆلگا لاپەڕەکانی گۆڤارێکی کوردی هەڵدەدایەوە، لە وێنەیەکی ئاوڕەنگی دەڕوانی لەنێو ئەو گۆڤارەدا، کە لە نزیك وێنەیەکی نیتچشە و کیرگەگۆر دانرابوو، ماچێکی لە لێوەکانی ئاوڕەنگ کرد و گوتی: خۆشەویستی دڵەکەم، وێنەی تۆ چی دەکا بەتەنیشت وێنەی ئەو پیاوە شێتانەوە؟

کاڵکان لە یەکێ لە گۆڤارەکانەوە لە وێنەی تاوانبارێکی دەڕوانی کە دوو عاشقی کوشتبوو، هەر لە لاپەڕەکەی بەرامبەر ئەویشدا سێ وێنەی هیتلەر و ستالین و ئەتاتۆرك دانرابوو.

کاڵکان بەدەم خوێندنەوە خەوی لێکەوت و خەونی دیت، (یەکێك نیوەی مرۆڤە و نیوەکەی تریشی مەیموونە، دەستی ناوەتە قوڕگی تاووسێك و دەیەوێ بیخنکێنی)... لە پڕ خەبەری بۆوە و هاواری کرد: ئاوڕەنگی مەیموون شەرت بێ بتکوژم.

ئاوڕەنگ دەستی لە ملی ئۆلگا گرێدابوو، لاملی هەڵدەمژی، ئۆلگا دەستی لەنێو عەلاگە ڕەشەکە نا و بتڵە ڤۆدگاکەی دەرهێنا و دەستیان کرد بە نۆشینی ڤۆدگا.

که ئۆلگا مەست بوو، هەوڵی دا بویَربیَ بۆ ئەوەی هەوڵ بدا باسی گرِوگیڤ و تووڕەیی کاڵکانی بۆ بکا بەڵام زوو پەشیمان بۆوە.

ئاوڕەنگ لە پڕ هەستایەوە سەرپیَ و ئۆلگای خستە ئامیَزیی و کەوتنە سەما، سەمایێکی هێور هێور، هێندە بەئالۆزی تێکالابوون، کە وا پیَ دەچوو هەرگیزاو هەرگیز لە یەکتری جیا نەبنەوە، ئەوە خۆ تێکالان نەبوو، کەی تێکئالان ئاوایە؟ ئەوان چووبوونە نێو ڕۆحی یەکترەوە، ئۆلگا سەری نابوو بەسینەی ئاوڕەنگەوە، بەنەرمی سەری بەرزکردەوە و پرسی: ئەگەر لێکدابراین؟

ئاوڕەنگ توندتر لە ئامێزی خۆیدا گرێی دا و گوتی: مەگەر مەرگ هێندە دەستەڵاتداربیَ؟ گەر نا هیچ شتێکی تر لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا بوونی نییە بتوانیَ لە یەکمان دابـڕێنی... دیارە ئێمە پووش و پەڵاشمان خواردووە، هێشتا لە دایك نەبووە ئەوەی کە دەیەویَ ئێمە لە یەکتری دابڕێنیَ.

ئایا ئاوڕەنگ بۆچی هێندە یەقین بوو؟ عەشق یاخود هێزێکی خودایی کە لە نێو ڕۆحیدا وەکو ئاگر هەڵگیرسابوو؟

ئـۆڵگا بزەیەکی کردو گوتی: گیان بۆ هەموو شوێنیَ لەگەڵتدام لەو گەردوونەدا، حەز دەکەی بمبە دوورگەیەك با مرۆڤی لیَ نەبیَ، بمبە نێو بەهەشتێك با پڕبیَ لە شەیتان، یاخود با لێرە بین لەنێو ئەو کێڵگەیەی کە ئاسمانی پڕە لە قەلەڕەش، بەئارەزووی خۆت، من دێم حەز دەکەی بەرەو نێو دۆزەخێکی ڕاستەقینەش بێت...

ئاوڕەنگ پێکەنی و گوتی: کەوابیَ با بڕۆین...

– بەرەو کویَ بەو درەنگکاتە؟

– بەرەو بەهەشتێکی ڕاستەقینە.

ئایا ئەوان بەڕاستی خوازیار بوون بچنە نێو بەهەشتێکی ڕاستەقینە؟

ئاخر خۆ دۆزینەوەی بەهەشتی ڕاستەقینە گاڵتە نییە.

بەرەو نێو دارستانی سپی بەڕێ کەوتن، چل و پژوپۆی درەختەکان لەگەڵ خاك تێکەڵ ببوو، ئۆلگا بەشێکی جەستەی خۆی خستبووە ئامێزی ئاورەنگ، ناوە ناوەیش لە تاریکایی نێو ئەو دارستانەی دەڕوانی، بەیاڵی چیاییدا هەڵشاخان کە خۆیان ناویان نابوو، ″چیای نزای عاشقان″ لەوێ باران دایکرد، ئاورەنگ هێندەی تر بەختەوەر بوو بەو بارانە، ئەوە خۆ باران نەبوو، ″باران کەی وا دەبێ″؟ یەك پارچە ئاو لە ئاسمانەوە دەهاتە خوار، ئاورەنگ چاکێتەکەی خۆی داکەناند و لەبەر ئۆلگای کرد، قۆپچەکانی کراسە سپی و تەنکەکەی ئاوەڵا کرد و سینەی خۆی دایە بەر دڵۆپە درشتەکانی باران... لە ئۆلگای ڕوانی کە قاقا پێدەکەنێ و هاواری کرد: ئەی باران بمانشۆرەوە لە گوناهەکانمان... بمشۆرەوە لەو بەڵێنەی کە بێ پرسی بەڵێن شکاندم...

ئۆلگا دەیقیژاند و پێدەکەنی و وەکو پارچەیێ ئەڵماس دەبریسکایەوە، هاواری کرد: خودای شتە جوانەکانی گەردوون تەمەنی جوانی درێژتر بکە، نەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتایی بەو ڕێگایە بێنی کە خەریکە بەرەو بەختیاریمان دەبا... ئاورەنگ تەماشایێکی ئۆلگای کردو لە ئاسمانی ڕوانییەوە و گوتی: ئەی ئاسمان بۆچی ژنەکان هەمیشە لە ئایندە دەڕوانن و پیاوانیش دەیانەوێ لە ئێستادا بژین؟

ئۆلگا وەکو منداڵێك بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە، بەختەوەری نەبێ لە بارانی ڕوانی و گوتی: خودا ئەی ڕۆحی عاشقان، تۆ ئاگاداری کە عەشق بەقەد ئاگر گەرمە، هەوڵ مەدە بیتەزێنیی و ساردییەتی ڕۆحی شەیتانی بەسەردا پەرش و پەخشان بکەی... دە کەوابێ ئەو ئاگری عەشقە بپارێزە کە بۆ هەمیشەیی هەڵت گیرساندووە و کوژاندنەوەی بۆ نییە، ئەی ئاسمان عاشقان تۆ بەعەشق دەزانن، خۆشیان دەوێی، تۆیش ئاوا ئەوان بەعەشق بزانە و خۆشت بوێن و بیانپارێزە.

ئاوڕەنگ بەسینەی ئاوەڵاوە کەوتە سەر چۆك و دەستەکانی بۆ پاڕانەوە ڕوو لە ئاسمان کردەوەو دڵۆپەکانی بارانیش بەخەستی لە سینەیان دەدا و هاواری کرد: خودای عاشقان، وا نەکەی ڕۆژێ دابێ عاشقەکان یەکتری نەناسنەوە، زۆرن ئەو عاشقانەی وەکو ئێمە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ یەکتری دەمردن و بەیەکەوە لەناو بەهەشتدا ژیاون کەچی چارەنووس ڕێگای پێ گۆڕیوون... (کچێك دەبێتە هی کوڕێك کە هەرگیز نەیدیوە، کوڕێك دەبێتە هی ژنێك کە هەرگیز نەیناسیوە، دە بڕیارێ بدە با هەموو عاشقەکانی سەر ئەو ئەستێرەیە بەیەکتری بگەن و بۆ ئەبەد بەیەکەوە بژین).

حەقی خۆیان بوو ئەو دوعایانە بکەن، چونکە کەسانێکی زۆر هەن بۆ یەك دەگرین و بۆ یەك دەمرن، عەشقی ڕاستەقینەیان بەرامبەر بەیەکتری هەیە کەچی ڕۆژێ دادێ لێك دەترازێن و کە یەکتریش دەبیننەوە مەرحەبایەکیش لە یەکتری ناکەن، کەی عەشق ئاوایە؟

وا پێ دەچوو گەشتەکەیان بەو نیوە شەوە بەنێو دارستانی سپی و چیای نزای عاشقان هەر بۆ مەبەستی ئەو پاڕانەوەیە بووبێ لە خواوەندی عەشق... لە چیاکە دابەزین و دارستانەکەیان بڕی و گەیشتنە سەر شەقامی گشتی، قۆڵیان لە قۆڵی یەکتری هەڵکێشابوو، بە شەقامەکەدا غلۆربوونەوە، دەنگی موزیك لە یەکێ لە هۆڵەکانی سەر شەقامە گشتییەکەدا ئاوڕەنگی وەستاند، نزیکتر کەوتنەوە، ئایا چ جۆرێ موزیك بوو کە ئاوا سەرنجی ئاوڕەنگی ڕاکێشابوو؟

بێ گومان دەنگی موزیکی کوردی بوو، کە لە پەنجەرەی هۆڵەکە لە ژوورەوەیان ڕوانی، هەر وابوو، ئاهەنگی بووك گواستنەوەی کوردان بوو...

ڕێککەوت زۆر سەیرە لە ژیاندا، بۆچی دەبێ ئاویار لەو ئاهەنگەدابێ؟

کاتێ ئاویار، ئاوڕەنگ و ئۆلگای دیت، داوەتی ژوورەوەی کردن، پاش کەمێ داوای لێ کردن کە دەبێ بچنە نێو ریزی سەماکارانیش، ئەوانیش

دەبێ بچن چونکە سەرخۆشەکان ئاهەنگ و بەختەوەری کەسانی دی بە هی خۆیان دەزانن، ناچاریشن بەشداری لە زەماوەندی یەکتری بکەن، کاڵکان لەبەر دەرگای ژوورەکەی ئۆلگا وەستابوو، نەیدەزانی لە دەرگا بدا یاخود نا! لە دڵەوە گوتی: بۆچی بەو دەرنگکاتە لە خەوی هەستێنم؟ دوای نەختێ بیرکردنەوە بڕوای بەخۆی هێنا کە ئەو بۆ کارێکی گرینگ هاتییە کە پەیوەستە بەداوەتکردنی دایك و باوکی ئۆلگا، بۆیە وێرا پەنجە بنێ بەزەنگی ژوورەکە ئۆلگا... جارێك... دووان... سی... کەسێ نەبوو دەرگاکە بکاتەوە... کاڵکان بەهەموو ڕەنگ و جۆرێ بیری کردەوە... هیچ شتێ تێنەگەیشت، بۆیە بەبێ ئومێدی گەڕایەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و بەڕێ کەوت... بەرەو کوێ؟ خۆشی نەیدەزانی!

ئۆلگا و ئاوڕەنگ دوای زەماوەندێکی زۆر، لە ئاویار و ئاهەنگەکە دابڕان و گەیشتنەوە نێو دارستانی سپی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵ، لەنێو دارستانەکە ئاوڕەنگ پشتی نا بە درەختێك و وەستا، ئۆلگا کەوتە مژینی چاو و لێو و لووت و گۆناکانی ئاوڕەنگ و پرسی: چییە ئەلکحول تەندروستی پادشاکەی منی تێکداوە؟

ئاوڕەنگ پێڵووە داخراوەکانی ئاوەڵا کردو گوتی: حەزم لە بەهەشتە.

ئۆلگا گوتی: دەزانم دەتوانین بەهەشت لە هەموو شوێنێ دروست بکەین، بەڵام بەهەشتی گەورە و ڕاستەقینە، لە ژوورە بچووکەکەمان دایە.

ئاوڕەنگ پرسی: عاشقان هەمیشە کە دەگەنە بەهەشت ڕوو بەڕووی لێکدابڕان دەبنەوە...

ئۆلگا: باوەڕ ناکەم ئێمە تا مردن لەیەك جیابینەوە.

ئاوڕەنگ بەبزەیەکەوە گوتی: کەوابێ ئێمە عاشقی ڕاستەقینە نین چونکە عاشقی ڕاستەقینە نابێ بگەن بەیەك، گەیشتنی تا هەتایی دوو عاشق بەیەکتری واتە: مردنی خەونەکان، واتە: وێران بوونی ئومێد و مەراق...

واتە: لەناو چوونی گریانی ڕاستەقینە...

کاڵکان ئۆتۆمبێلەکەی بەخێرایی لێدەخوڕی و نەیدەزانی بەرەو کوێ لە ڕێدایە! لە دڵەوە گوتی: کارەساتی مرۆڤ لێرەدایە کە نەگاتە دلبەرەکەی.

ئاوڕەنگ دەستی ئۆلگای گرت و لەسەر خاکدا ئاوێتەی ئاوی گڵبووی باران بوون، بەنێو ئاوەکەدا بەڕاکشاوی غلۆر دەبوونەوە، ئاهاندنیان لە دارستانەکەدا دەنگی دەدایەوە، لەگەڵ خاکدا و لەگەڵ قوڕدا ئاوێتە ببوون، هەردووکیان بەیەك دەنگ و لەیەك کاتدا هاواریان کرد: بەهەشت... بەهەشت.

کاڵکان پێشی لەسەر ئیستاب داگرت، بەڵام هێشتا ئۆتۆمبێلەکەی دەڕۆیشت، تا کەوتە ژێر شاحینەیەك سەری بەجامەکە کەوت و ئیدی ئاگای نە لەخۆی و نە لەو دنیایە ما...

ئۆلگا و ئاوڕەنگ جلەکانیان پۆشییەوە و گەیشتنەوە ماڵ، دوای دووشێك لەسەر یەك کەسییەکە لە ئامێزی یەکتریدا ڕاکشان و پێڵووەکانیان داخست و ئاگایان لە هیچ شتێ نەما. کاڵکان دوای ئۆپەڕاتسیۆن، لەسەر قەروێڵەیەکی دوو کەسی بەچاوی بەستراوەوە ڕاکشابوو، دەیویست پێڵووەکانی ئاوەڵا بکا، بەڵام نەیدەتوانی، لەبەر ئێش و ئازاری جەستەی هۆن هۆن دەگریا، هاواری کرد، سستەرێك هات، حەبێکی ئازارشکێنی پێ داو بۆ تاوێ خەو بردیەوە، بەڵام زۆری نەخایاند، خەبەری بۆوە.

## ٤٣

بەیانی زوو ئۆلگا دەبووایە بچێتە زانکۆ، بەڵام گوتی : ناچم...

ئاوڕەنگ خۆی گۆڕی و داوای لێ کرد کە کارەکەی جێبەجێ بکا و نامەکەی تەواو بکا...

ئۆلگا گوتی: زۆر سەیرە کە بەختەوەری هەندێ کەس لەو دنیایەدا

بەیەکەوە گرێدراون... جگە لەو کاتانەی لەگەڵ تۆدام، من هەمیشە لەنێو ئازار و ژانەکانی بیرکردنەوە دەتوێمەوە. لەو کاتەی تۆم ناسیوە، ئیدی نە دکتۆراو نە خوێندن و نە هیچ شتێکی تریش لای من گرینگی نەماوە، دیسان دەپرسمەوە: بۆچی پێویستە بەختەوەری هەندێ لە مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێدرابن؟

کاڵکان پێڵووەکانی کردەوە، ئازاری زۆری هەبوو، یەکەمین دووشت کە لەو زووەدا کردی، هەڵوەراندنی فرمێسك بوو لەگەڵ بیرکردنەوە لە ئۆلگا... بەدەنگێکی پڕ لە ئازار و ژانەوە گوتی: سەیرە کە بەختەوەری من بەتۆ گرێدراوە! هەموو پارەو سەروەت و سامانی دنیا ناکاتە ئەوەی مرۆڤ بە لەش ساغییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بێ... سەیرە بۆچی پێویست بوو بەختەوەری من بەتۆوە گرێبدرێ!؟

ئۆلگا و ئاوڕەنگ بەڕێ کەوتن، لە وێستگەی ترامی (گوڵە شینەکان) لە یەکتری دابڕان...

کاتی نیوەڕۆ

* ئاوڕەنگ لە ژوورەکەی خۆیدا بزەیەکی کرد، لە ئاوێنەکە لە خۆی ڕوانی و لەبەر خۆیەوە گوتی: هەموو ئەو چێژ و لەززەت و خۆشییانەی کە دەیبینن، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تێیدا ژیاین و تێیدا دەژین و دەبنە ڕابردوو، هەر ئاواش من و تۆ دەبین بەڕابردوو، ئەی ئۆلگای خۆشەویستم...

* ئۆلگا لە زانکۆ گەڕایەوە، گەیشتە بەر دەرگای ژوورەکەیی و ئاوڕەنگی هاتەوە یاد، بەدەم کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی بەخۆی گوت: بۆچی نەدەبوو کلیلی دەرگای ژیان و بەختەوەریش ئاوا لە دەستی ئێمەدا بووایە، ئاوڕەنگی خۆشەویست دەبێ ڕۆژێ دابێ ئێمە بۆ ئەبەد بەختەوەرانە لە ئامێزی یەکتردا ژیان بەسەر ببەین؟

* کاڵکان هەر لەسەر قەرویڵەکەی نەخۆشخانەدا ڕاکشابوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: نەك ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل بەڵکو مردنیش ناتوانێ تۆ لە من جیا بکاتەوە! ئەگەرچی جارو باریش ژیان دەبێتە قەرویڵەیەکی نەخۆشخانە و عاشقەکانیش بەبرینداری لەسەری ڕادەکشێن، بەڵام واز هێنان واتە مردن.

## ٤٤

کاڵکان: زۆرم حەز دەکرد لە تەنیشتم بووای، بەڵام لەبەر خوێندن نەمویست لەو هەواڵە ئاگادارت بکەمەوە.

– ئاخر بەڕێز کاڵکان ئەگەر من لە کارەساتێکی ئاوا لەگەڵت نەوەستم و یارمەتیت نەدەم، ویژدانم ئازارم دەدا.

کاڵکان بەدەم هەناسەیەکی قووڵ و دەربڕینی ئاخ و ئۆف و ناڵە ناڵێکەوە هەستایە سەرپێ و ئۆلگاش دەستی گرت، ڕووی لە ژووری نووستن کرد، دیاربوو ئەو ڕووداوە زاکیرەشی بێ هێز کردبوو، بۆیە دیسان ژووری نووستنی نیشانی ئۆلگا دایەوە، ژوورێکی پاك و تەمیز، قەرویڵەیەکی دوو کەسی و تەلەفزیۆن و هەموو پێداویستییەکانی تر بەشێوەیەکی ئەندازیاری لە شوێنی خۆیان دانرابوون، لە ئۆلگای ڕوانی و بەبزەیەکەوە گوتی: ئەوە شوێنی حەسانەوەی دایك و باوکتن لە کاتی هاتنیاندا بۆ ئێرە... ئەو ژوورە ماڵی ئەوانە، دەعوەتکردنەکەش بەهۆی ئەو ڕووداوە دواکەوت، گەرنا ئێستا لێرە بوون.

ئۆلگا سوپاسی بێ پایانی کردو داوای لێ کرد کە سەری خۆی بەو شتانە قاڵ نەکا، ئێستا گرینگترین شت ئەوەیە تۆ سەلامەت بیت.

ئاوڕەنگ لە تونێلی خەونی مەست چاوەڕوانی ئۆلگای دەکرد، نزیکەی کاتژمێرێك بوو چاوەڕوان بوو، بێ ئومێد بوو لە هاتنی ئۆلگا، زەنگێکی بۆ لێدا، کەچی مۆبایلەکەشی داخرابوو، بۆیە سەر پەیژەکەی ئەو تونێڵە کەوت

و ئەوێی جێهێشت، لە دەرگای تونێڵەکەوە ئۆلگا بەهانکە هانك و هەناسە بڕکێوە دەرکەوت و خۆی هاوێشتە ئامێزی ئاوڕەنگ... دوای پیاسەیەکی کورت ئۆلگا لە کاتژمێرە گەورە هەڵواسراوەکەی سەنتەری شاری ڕوانی و گوتی: پادشاکەی خۆم، کاتی ئەوە هاتووە بچمە لای دکتۆرە کارۆلین یۆرگن، پیرەژنێکە بەتەنیا لە ڤێلەیەکدا ژیان بەسەر دەبا، ساڵ نا ساڵێك پێویستی بەکەسێك دەبێ ماڵەکەی لەگەڵ خاوێن بکاتەوە، کە لە زانکۆدا چاومان بەیەکتری کەوت و یەکترمان ناسی بۆ ئەو ساڵە داوای لە من کردووە یارمەتی بدەم... حەز دەکەم گەر کاتت هەبێ بەپیاسە بمگەینە ئەوێ.

دوای چەند جارێ زەنگ لێدان، کەس دەرگای ئەو ڤێلەیەی نەکردەوە، ئۆلگا و ئاوڕەنگ لە باوەشی یەکتریدا بوون و یەکتریان ماچ دەکرد کە د.کارۆلین خۆیی و سەگێکی بچووك دەرکەوتن، لە ئۆلگا و ئاوڕەنگی ڕوانی و گوتی: ببوورن کە تەنافی ماچەکانم لێ بڕین...

ئاوڕەنگ ڕۆیشت و ئۆلگا و د. کارۆلینی بەتەنیایی بەجێهێشت.

کە ئاوڕەنگ گەیشتەوە ماڵەوە، لە سندوقی پۆستەکەیدا نامەیەکی لە یەکێ لە برادەرەکانییەوە لە فەرەنساوە بۆ هاتبوو کە شیعر و ئەدەب بەیەکەوەی کۆکردبوونەوە، زۆربەی جارەکان لەو نامانەیاندا ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونی خۆیانیان سەبارەت بە ئەدەب بۆ یەکتری دەنووسی و هەندێ جاریش تێکستی نوێشی لەو برادەرەیەوە پێ دەگەیشت، ئاوڕەنگ لەسەر قەنەفەکەی ڕاکشا و دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئەو نامەیە.

## ٤٥

برای بەڕێزم کاکە ئاوڕەنگ سلاو و خۆشەویستیم قبوڵ بفەرموون...

لەو ڕۆژانە لە یەکێ لە گۆڤارەکاندا، شتێکی سەیرم خوێندەوە، نووسەرێك باسی لە بێ دەسەلاتی شیعر و زەمەنی نەمانی شیعر و ئەو جۆرە شتانە

دەکرد، بەڵام من ئەو جۆرە کەسانەم زۆر پێ سەیرە، چونکە لەڕ و لاواز و بنێس و چەلاك کردنی شیعر لە لایەن کەسانێکی بێ دەسەڵات کە خودی ئەوان لە ململانێ لەگەڵ شیعردا بەدۆڕاوی لەسەر مێزەکەدا هەستاون و هەڵیشدەستن، گەرموگوڕی و تاو وتینی ڕۆحی عاشقانی شیعر نەك هەر بەتەنیا کەم ناکاتەوە بەڵکو درەوشانەوەی ئەو ئاگرەیش زیاتر دەکا و ئیشراقی بەهەموو دنیا و گەردووندا پەرش و پەخشان دەکا.

دەبێ لامان سەیربێ کە یەکێك سنووری پەیوەندییەکانی خۆی بەشیعرەوە نەزانێ و نەتوانێ لەوە تێبگا کە شیعر (ئەو)ی ناوێ، نەك (ئەو) هێندە بالادەست و دەستەڵاتدارە کە کەی بیەوێ و چۆنی بووێ و لە چ شوێنزەمەنێکدا بیەوێ ئاوا دەتوانێ شیعر بنووسێ... هەزاران کەسمان دیت دەستیان دایە قەڵەم و ئێستایش هەزاران کەس هەن لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکانیان دانیشتوونە و خەریکن کارتەکانیان فڕێ دەدەن و پێڕ دروست دەکەن، بەڵام کێ دەیباتەوە؟

ئەوەندەی من ئاگادار بم شیعر ژنێکی خانەدانی ئۆرستوکراتییە، لە ژنە خانەدانەکانی لای خۆمان (لیۆن) دەچێت، بۆ هەمیشەیی ڕوو لە ئاسمانە و لە دیالۆگ و نامە گۆڕینەوەدا زەمەن تێپەڕ دەکا... بۆ ئەوەی تۆ بتوانی ژنێکی خانەدانی ئۆرستۆکراتی لە لیۆن نێچیرو دەستەمۆ بکەیت، پێویستە لەو بچیت، واتە: دەبێ بەلایەنی کەمەوە ڕۆحێکی خانەدانی ئۆرستۆکراتیت هەبێ... بۆ ئەوەی تۆ بتوانی ژنێکی ئاوا لووت بەرز و ناسك و خانەدان دەستەمۆ بکەیت، دەبێ سیمات لە سیمای ئەو بچێ و دەبێ لەبەری بپاڕێیتەوە و هەموو چرکەساتێ بیری لێ بکەیتەوە و بۆی بگریت و فرمێسکی درشتی بۆ هەڵوەرێنی.

دەبێ بزانین کە شیعر ئەو ژنە خانەدان و بەڕەحمەیە ڕێگا بەهەموو کەسێك دەدات لێی بڕوانێ و تەئەمول بۆ جوانییەکانی دەرەوەی بکا،

جوانییەکانی شیعر بۆ هەموو کەسێکە کە بتوانێ عاشقانە لێی بڕوانێ، بەڵام شیعر ڕێگا نادا هەموو کەسێ شۆڕبێتەوە ناو ڕۆحی، سیحری جوانیی مەمکەکانی نیشانی بێ دەسەڵاتەکان نادا، شیعر ژنێکی بەهێزە و لە هەمان کاتدا بەدەستەڵاتیشە، بۆیە قبوڵی یەکێکی بەهێز و دەستەڵاتدار دەکا، بۆ ئەوەی شیعر ڕاوکەیت و بتوانێ لەناو جێگاکەتدا رایبخەیت بەلایەنی کەمەوە پێویستیت بەدەستەڵاتێکە کە بتوانی وەکو شێتێك بەکۆڵانەکانی مەعریفەدا بسووڕێیتەوە و ئینجا خۆت و ئەو هەموو مەعریفەیە لە بەرامبەر سەری بەرزی شیعردا بچەمێیتەوە و کڕنۆش ببەیت و داوای لێ بکەیت کە خۆشی بوێیت، باوەڕ ناکەم شیعر وا زوو تەسلیمت ببێ و مەمکەکانی خۆیت بۆ دەربێنێ، دەبێ تۆ هێشتا دەسەڵاتی ئەوەت هەبێ، کە بتوانی بەهەموو دنیادا بگەڕێیت و دار و بەرد و خۆڵەمێش و مێروولە و سروشت و بان سروشت و هەموو شتەکانی تری گەردوون بەشیعر تێبگەیت، تاکو شیعر بزەیەکت بۆ بکا و ئامێزی خۆیت بۆ ئاوەڵا بکا... دەبێ زۆرمان لا سەیربێ کە کەسانێ دەڵێن: شیعر بێ دەسەڵاتە و هەموو کەسێ پێی دەوێرێ...

من دەزانم زۆر کەس هەن بوونەتە سێبەر و واز لە شیعر ناهێنن، بەڵام شیعر لەبەریان ڕادەکا و وەکو سەراب هەرگیزاو هەرگیز خۆی تەسلیمیان ناکا... شیعر دەسەڵاتدارێکی گەورەیە، ئەوەی بۆی نەگری و فرمێسکی بۆ هەڵنەوەرێنێ و عاشقی نەبێ لە دنیا جوانەکەی خۆی دەری دەکا و پێی دەڵێ: تۆ ئەی مەیموونی شیعر دۆڕاندت، ئیدی جارێکی دی ڕوو لەو ماڵە جوانە نەکەیتەوە کە مۆبیلی لە کریستاڵ و ژوورەکانی لە یاقووت و مەرجانن.

ڕێز و خۆشەویستیم بۆت و بۆ شیعر

ئاوڕەنگ نامەکەی لوول داو لەسەر مێزەکەی دانا و چووە ناو ناندینەکە بۆ ئەوەی ئەو قاپ و گڵاسانە بشوا کە لە پێرێوە لەسەر مێزەکە بە پیسی دانرابوون...

ئۆلگا لە ناندینەکە هاتە دەرەوە و بە د. کارۆلینی گوت: تەواو... تەواو... ناندینەکەش تەواو... وابزانم هیچی ئاوامان نەماوە؟

د. کارۆلین کە تەواو گوێی بۆ چیرۆکی نێوانی ئۆلگا و کاڵکان و ئاورەنگ ڕادێرابوو لە کاتی بەیەکەوە کارکردنیان، گوتی: باشە هەموو شتەکان تەواو بوون، ئێستا ماڵێکی پاکم هەیە، بەڵام سەبارەت بەهەڵبژاردنەکەی کە باست کرد من لە شوێنی تۆدا بم، کاڵکان هەڵدەبژێرم و لەگەڵی دەژیم... چونکە ئایندەی گەشی تۆ بەکاڵکانەوە نەك ئەو گەنجە جوانەی کە هەموو کاتێ ئامادەی ڕاکردن بێت... بۆیە ئەگەر من بم کاڵکان هەڵدەبژێرم و لەگەڵی دەژیم.

## ٤٦

لە گەرەکی بەهەشتی شین و تەواو لە زناری ئەو چیایەی کە ناویان نابوو (چیای نزای عاشقان) تونێڵێکی لێیە کە چیاکەی کون کردووەو لەناو ئەو تونێلەش سککەیەکی شەمەندەفەری لە کار کەوتووی تێدایە، لەوێ ئۆلگا خوانەکەی ڕاخست و ئاورەنگیش وردە وردە ڤۆدگا و مەززەکانی لەنێو کۆڵەپشتێك دەردەهێنا و دەیدایە دەستی ئۆلگا تا بەرێکوپێکی دایانبنێ...

ئۆلگا هێشتا هەر خەریکی رازاندنەوەی خوانەکە بوو کە ئاورەنگ ئاگرێکی خۆشی داگیرساند و پاشان دەستیان کرد بەخواردنەوەی پێکی یەکەم لەو دوو بتڵە ڤۆدگایەی کە بەنیازبوون هەمووی بخۆنەوە... لە دەرەوە بەفر دەباری، سروشت یەکپارچە سپی دەچۆوە، ئۆلگا کە لە دەرەوەی ڕوانی بە دەنگێکی پڕ لە خۆشییەوە گوتی: ئەوە خۆ بەفر نییە کە دەبارێ، بەڵکو فریشتەن دەیانەوێ بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونی کوڕی ئاسمان بێنە سەرزەمین... ئۆلگا لە ژێر ستیانەکەیدا کتێبێکی بچووکی دەرهێنا کە بەکاغەزی دیاریی داپۆشرابوو، دایە دەستی ئاورەنگ و گوتی: کتێبی پیرۆزە، دیارییەکە لە منەوە بۆ تۆ، با تا هەتایی لەگەڵتدا بێ...

ئاوڕەنگ لەناو گلێنەکانی ئۆلگادا عەکسی درەوشانەوەی ئەو ئاگرەی دیت کە چەند خولەکێك بەر لە ئێستادا هەڵگیرساندبوو، دواتر کتێبی پیرۆزی کردەوە و بەدەنگێکی کەمێك بەسۆزەوە کەوتە خوێندنەوەی ئەو لاپەڕەی کە لە ناکاودا کردیەوە (یەکێ لە فەریسیەکان داوای لە عیسا کرد لە ماڵەکەی نان بخوات، ئەویش چووە ماڵی فەریسیەکە و لەسەر خوان دانیشت، لە شارەکەدا ئافرەتێکی گوناهبار هەبوو، هەر ئەوەندەی زانی عیسا لە ماڵی فەریسیەکە دانیشتووە هات بەشووشەیەك بۆنی خۆشەوە لە دواوە لەبەر پێیدا بەگریانەوە ڕاوەستا، دواتر پێیەکانی بەفرمێسك تەڕکرد و بەقژی بۆی سڕیەوە، پێی ماچ کرد و بەبۆنەکە چەوری کرد)...

زەنگی مۆبایلەکەی کاڵکان لێی دا، سکرتێرە پۆلۆنییەکەی بوو، قاقایێکی پڕ لە ترس و سەرخۆشی کردو گوتی: بۆچی تەنیاییت هەڵبژاردووە لەو شەوەدا کە هەموو دنیا سەما دەکا و شەراب دەنۆشێ؟ وەرە لای ئێمە، وەرە نێو بەهەشتی ژنەکانی پۆلن، پێیەکانت بەڕۆنی بەهەشت چەور دەکەین و لەگەڵت سەما دەکەین و شەراب دەنۆشین و شەمپانیا بەئاسماندا پەرش دەکەین و لە باوەشی ئێمەدا بخەوە.

جگە لە پۆلۆنییەکان کاڵکان دەیتوانی گەورەترین مێز بۆ ئەو شەوە بڕازێنێتەوەو دەیان کەس داوەت بکا و سەفایێکی ناکۆتا بۆ خۆیی و بۆ کەسەکان لە زاکیرەدا تۆمار بکا، بەڵام ئەو تەنیا بەدوای ئۆلگادا دەگەڕا و پێی وابوو ئەو گەردوونە کەشتییێکە و ئۆلگا کاپتنەکەیتی... بۆیە زەنگێکی بۆ ئۆلگا لێدا... ئاوڕەنگ وەڵامی مۆبایلەکەی خۆی دایەوە ئاویار بوو بەهاوارێکی سەرخۆشانەوە گوتی: دەزانی ئەو شەوە چ لە زەمەندا ڕوودەدات؟

– چ ڕوودەدات با ڕوو بدات؟ حەز دەکەی با گەردوون سەرەو ژێر بێت، گرینگ ئەوەیە من بەختەوەرم.

– واز لەو گۆشەگیرییە ناشرینە بێنە، وەرە تەماشای شەو بکە کە چۆن لاپەڕەی ڕۆژێکی نوێ و مانگێکی نوێ و ساڵێکی نوێ و سەدەیەکی نوێ و هەزارەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە؟

– جا چ جیاوازییێك هەیە کە تۆ لە سەدەی شازدە یا بیست و هەشتدا بژیت، گرینگ ئەوەیە ئەو زەمەنەی تۆی تیا دەژیت بەسەفا و جوانییەوە تێیپەڕێنیت.

– بەخوا پیاوێکی کەری، لە قسەکانتەوە دیارە کە نایەیتە دەرێ؟

زەنگی مۆبایلەکەی ئۆلگا بۆ چەندەمین جار لێیدایەوە کەچی ئۆلگا مۆبایلەکەی کوژاندەوە... کاڵکان هێندە بێزار ببوو وەکو ئەوە وابوو کە گرانایی هەموو گەردوون کەوتبێتە سەر دڵ و مێشکی... لەبەر خۆیەوە بەتووڕەییێکەوە گوتی: خودا، بۆچی دەبێ مرۆڤایەتی تەنیا لە پێناوی عەزاب بەرهەم بهێنی؟ بۆچی دەبێ بەختەوەری من لە دەستی تۆ دابێ؟ ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا؟

ئاوڕەنگ تەواو مەست ببوو، بەبزەیەکی گومانناوییەوە لە ئۆلگای پرسی: کێ بوو دەیویست پەیوەندیت پێوە بکا؟

ئەی بۆچی وەڵامیت نەدایەوە؟

– ئە... ئەن... ئا... ئەننای هاوڕێمە، ڕەنگە داوا بکا بچمە لای...

– من تۆم هەرگیز وا بەپەشۆکاوی نەدیتییە؟

– نا هیچ نییە، ڕەنگە هی زۆر خواردنەوە بێت.

– من نازانم چەند باوەڕ بەقسەکانت بکەم؟ بەڵام زووتر گوتوومە تۆ ئازادی لەوەی کێ بەدۆستی خۆت دەزانی، دووبارەی دەکەمەوە، هەرگیزاو هەرگیز قبوڵی ئەوە ناکەم کە لە بێ ئاگایی مندا پەیوەندیت بەکەسانێکەوە هەبێ کە من لێی ئاگادار نەبم.

ئۆلگا خۆی لە ئاوڕەنگ نزیك کردەوە و بە خەمێکی پڕ لە ڕاستگۆیییەوە

گوتی: منیش بۆتی دووباره دەکەمەوە کە لە تۆ زیاتر هیچ کەسێکم خۆشناوێ، سوێند دەخۆم بەکتێبی پیرۆز کە لە تۆ زیاتر هیچ کەسێکی ترم خۆشناوێ.

ئاوڕەنگ گومانی لە قسەکانی ئۆلگا هەبوو، چونکە هەر ئەو جارە نەبوو کە مۆبایلەکەی داخستبێ، ئەگەر لە بیرتان بێ لەکاتی دواکەوتنەکەی ئۆلگا لە تونێلی خەونی مەست، هەمدیس ئاوڕەنگ ئەو گومانەی لا دروست ببوو...

ئاویار و گرووپێك کچی ڕووس لە ماڵەکەی ئاویار بەدەنگی بەرز دەیانقیژاند و سەمایان دەکرد، هەموویان سەرخۆش بوون، تەنیا کەسێك کە تاو نا تاوێ بەئاگا دەهاتەوە ئاویار بوو، چونکە بیری دەکردەوە ئەو شەوە لەگەڵ کامەیان جووت بێ.

کاڵکان دواترەمین پێکی بتڵە شیڤازەکەی هەڵقوڕاند و پڕ بەڤێڵەکەی لە پرمەی گریانی دا و لە خۆی پرسی: ئایا مرۆڤی بەختەوەر بوونی هەیە لەو گەردوونەدا؟ ئۆلگا؟ ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا؟

ئاوڕەنگ و ئۆلگا ماوەیەکی باش بوو لە ئامێزی یەکتری دابوون و بەدزی یەکترییەوە فرمێسکی درشتیان هەڵدەوەراند و نەشیاندەزانی بۆچی؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕەنگ بێ دەنگی پێ باشتر بوو لەو ڕووەدا، بۆیە دواترەمین پێکی هەردوو بتڵە ڤۆدگاکەیان خواردەوە و بۆ تاوێ لەنێو گلێنەکانی یەکتریان ڕوانی، هەردووکیان نەك بەتەنیا ئاگرەکە بەڵکو ژیلەمۆی ئاگرەکەشیان لەنێو بیلبیلەی یەکتریدا دەدیت و لە پڕێکدا لە قاقای پێکەنینێکی سەرخۆشانەیان دا و بەرەو دەرەوەی تونێلەکە بەڕێکەوتن...

هێشتا هەر بەفر دەباری، بەڵام ئەوان گەرمایان بوو... لە چیای نزای عاشقان دابەزین و گەیشتنە سەر شەقامی سەرەکی، ئەوان ترسیان لە هیچ شتێك نەبوو، نە لە غلۆربوونەوە و هەڵخلیسکان بەسەر بەفردا و نە لە

سەرماو نە لە تەڕبوون، پێدەکەنین و گاڵتەیان بەهەموو شتێ دەهات لەو دونیایە، بەلای ژوورەکەی ئۆلگادا تێپەڕین و گەیشتنە وێستگەیەکی ترام لە شەقامی بێتل...

کاڵکان لە ژێر دەرگای ژوورەکەی ئۆلگا لە ژوورەوەی دەڕوانی و دەگریا، کاتێ خەبەری بۆوە لە خۆی پرسی: چی منی گەیاندۆتە ئێرە؟ ئایا من لێرە چی دەکەم؟

ئاوڕەنگ گوتی: ئێمە چی بکەین لەناو ئاپۆرەی ئەو هەموو خەڵکە؟ تەماشای ئەو سەنتەرە قەرەباڵە بکە.

کاتژمێر پێنج خولەکی دەویست بۆ سعات (٢٤)... ئۆلگا دەستی ئاوڕەنگی گرت و بردیە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەی (بەرلینە پلاتچ).. کێ دەوێرا بەو کاتە ڕوو لەو گۆڕەپانە بکا؟ ئاخر چەند خولەکێکی تر ئاسمان دەبێتە یەکپارچە ئاگر و پاشماوەی تەنویر و گەمەی ئاگرین هەموو دەگەڕێتەوە ئەو گۆڕەپانەی کە ناوی (بەرلینە پلاتچ)ە.

هێشتا هەر بەفر بوو، بەڵام بەفرێك کە دەتگوت فریشتەن لە ئاسمانەوە بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونی مەسیحەوە دادەبارن، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە ئۆلگا و ئاوڕەنگ چوونە ئامێزی یەکتری و ئیدی گلێنەکانیان داخست و کەوتنە مژینی لێوەکانی یەکترییەوە.. ئەوەشمان بیر نەچێ کە ئاوڕەنگ لای سەرەوەی خۆی تەواو ڕووت کردبۆوە لە ژێر ئەو بەفرەدا.

کاڵکان زۆربەی گۆڕەپانە قەرەباڵغەکانی شاری بەدوای ئۆلگادا تەی کردبوو، لە (ئادەناوە پلاتچ) کە لەوێش خەڵکێکی زۆری لێ بوو، قۆڵی یەکێکی بەلای خۆیدا بەکێش کردبوو، بەپێکەنینێکەوە هاواری کردبوو: ئۆلگا، ئۆلگا بۆرۆدینۆڤا باش بوو لە کۆتاییدا تۆم دۆزییەوە.

کە ئەوێی جێهێشتبوو، چووبووە سەر (شپارن بورگ)... شپارن بورگ، قەڵاییێکی بەرزەو یەکێك لەسەر ئەو قەڵایە دەتوانێ هەموو شاری لێ دیار

بێ، ئەویش لەو بۆنانەدا پڕ دەبێ لە خەڵك، لە بۆنەکانی لە دایکبوونی مەسیح و لە کاتی فڕینی مەسیح و لە کاتی لە خاچدانی مەسیح و یەکشەممانیش.. لە شپارن بۆرگ یەخەی گەنجێکی گرتبوو، دەستی لێ بەرز کردبۆوە ویستبووی لێی بدا، پێی گوتبوو ئاوڕەنگی بەراز، دەست لە ئۆلگا هەڵنەگری دەتکەمە کەرێك و سوارت دەبم، هەی بەراز...

دواتر پارەی وردەی خستبووە نێو تەلسکۆپەکە و لە شاری ڕوانیبوو، بەڵکو لە شوێنێکدا دەیدۆزیتەوە... ئاخر لە خۆی نەپرسیبوو کە ئەو تەلسکۆپە هی ڕۆژە و لە کیلۆ مەترێکیش زیاتر ناهێنێتە پێش.

ئۆلگا بەقیژەیەکەوە کە زۆربەی کەسەکانی ئەوەێ دەیانتوانی گوێیان لێ بێ گوتی: تەماشا پادشاکەی من تەماشا، لەو کاتژمێرە بڕوانە. کاتژمێر (١,٥)خولەکی تەواو بوو، ئیدی ڕۆژ و مانگ و سەدە و هەزارە هەمووی گۆڕابوون.

بەلای ئاوڕەنگ هێندە گرینگ نەبوو کە بەچاوی خۆی ئەو گۆڕانە ببینێ، چونکە ئاڤژەنی هاتەوە یاد و زانی شتێ هەیە کۆتاییەکەی بریتییە لە هیچ.

ئەوان لە تونێلی خەونی مەست چاوەڕێی ترام بوو کە کاڵکان بەچاوانی بەفرمێسکەوە گەیشتە (بەرلینە پلاتچ)... ئەو گۆڕەپانە لە شاری مردووانی دەکرد، هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، ئەو عەردە یەکپارچە بەپاشماوەی بتڵ و فلتەری جگەرەو گەمەی ئاگرین و کۆندۆم و قوتی کۆلا داپۆشرابوو... کاڵکان بتلێکی تری شیڤازی بەدەستەوە بوو، چارێگێکی لێ خواردبۆوە، هەروا بەسادەیی دەیخواردەوە و خۆی لەسەر پێیەکانی ڕانەدەگرت و جوێنی بەعەرد دەدا کەوا بۆچی هێندە نائارامەو واز لە پێیەکانی ناهێنێ..

سواری ئۆتۆمبێلەکەی بۆوە و سوێندی بەمەسحەفی شەریف خوارد کە ئەو شەوە واز لە ئۆلگا نەهێنێ و هەر دەبێ ئەگەر بۆ تەنیا تاکە

چرکەیەکیش بێت بیدۆزێتەوە و لە گلێنە کەسکەکانی بڕوانێ کە هێندە بێ باکانە دنیایان وێران کردووە...

لە شەقامی بێتل، ئۆلگا و ئاوڕەنگ لە ترامەکە دابەزین، ئۆلگا مووچڕکێکی ترس بەجەستەیدا گوزەری کرد... لە چی دەترسا؟

لەبەر خۆیەوە گوتی: کاڵکان، فاتیح کاڵکان.. دەترسم قسەکانت لەو شەوە بەجێ بێنی.

دەستی ئاوڕەنگی گرت کە لە ناوەڕاستی شەقامە سەرەکییەکەدا هەنگاوی دەنا، هەردووکیان چوونە سەر شۆستەکە و بە لاری پێنگاویان دەنا.

کاڵکان گەیشتە وێستگەکەی شەقامی بێتڵ و دەبووایە پێچ بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە سەر شەقامەی کە بەرەو گەڕەکی بەهەشتی شینی دەبرد.

لە دوورەوە تارمایی دیت کە لارە لار هەنگاو دەنێن لەسەر شۆستەکە، ئۆلگا توند توند دەستی ئاوڕەنگی گرتبوو، ڕێگای نەدەدا یەك هەنگاویش چییە لەسەر شەقامەکە بهاوێژێ، ئاخر بەڵێنەکەی کاڵکانی هاتبۆوە یاد، ئایا کاڵکان چ بەڵێنێکی دابوو؟

کاڵکان هێندە سەرخۆش و نائارام بوو هێشتا بەدەنگی بەرز دەگریا، لە پڕ بیری کەوتەوە کە ئەگەر ئەو شەوە ئاوڕەنگ لەگەڵ ئۆلگادا ببینێ، بەئۆتۆمبێل لێی دەدا و لەگەڵ شەقامەکە جووتی دەکا، لە مێژبوو ئەو بیرۆکەی هاتبووە نێو مێشکی، لە دڵەوە گوتی: بوون و نەبوونی ئەو جۆرە میکرۆبانە لە ژیاندا وەکو یەك وان... نەختێ بیری کردەوە و دواتر لە قاقای پێکەنینی داو بەدەنگێکی بەرز گوتی: چۆن بوون و نەبوونی وەکو یەك وایە؟ بوونی ئەوانە وەکو تۆفانی تووڕە وایە، هەموو بەشەرییەت لەناو دەبەن.

ئاوڕەنگ و ئۆلگا هەر بەسەر پیرۆزبایی و سڵاویان لە دوو کەس کرد کە

خۆیان لە پشت ئۆتۆمبێلێکی سپییەوە شاردبۆوە، کامیرەیەکان چەسپ کردبوو، کە ئەوان تێپەڕین و کاڵکان گەیشت، دوو کەسەکە بە لەوحێك ئاماژەی وەستانیان بۆ کاڵکان کرد... کاڵکان وەستا و سەرخۆشییەکە تەواو بەری دا، بەڵام باری دەروونی لە جاران زیاتر شڵەژا. پۆلیسێکی ژن دوای پیرۆزبایی کردنی جەژنی سەری ساڵ، داوای لە کاڵکان کرد کە فوو لەو ئامێرە بکا کە پێوەرێکە بۆ زانینی ڕێژەی ئەلکحول لەناو جەستەدا، کاڵکان زانی ئەوە کارەساتی گەورەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێگاچارەیەکی نەبوو جگە لە ملدانە ئەو تاقیکردنەوەیە.

کە لە پێوەرەکەیان ڕوانی، پۆلیسە پیاوەکە بزەیەکی دوژمنکارانەی کردو گوتی دابەزە.

* ئاوڕەنگ و ئۆلگا لە ئامێزی یەکتریدا بەڕووتی ڕاکشابوون و لەبەر بیرکردنەوە لە جوانی ژیان خەویان لێ نەدەکەوت.
* دوو پۆلیس کاڵکانیان بردەوە ماڵەکەی خۆی، کاڵکان بەجل و بەرگ و پێڵاوەکانیەوە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا و بەدەم گریانێکی بەدەنگەوە کە هەر لە گریانی منداڵێکی برسی دەکرد، جگەرەی دەکێشا و لەبەر ناشرینی ڕووداوەکانی ناو ژیان خەوی لێ نەدەکەوت.

## ٤٧

ڕۆژی سێی مانگی یەکی ساڵی دوو هەزار بوو، لە کاتژمێر (نۆ)ی سەر لە بەیانی کاڵکان و ئۆلگا لە بەرامبەر بەرپرسی فەرمانبەرەکانی بەشی ڤیزە لە (بورگە براتونگ– پارێزگا) وەستا بوون...

بەرپرسی بەشی ڤیزە گوتی: هەموو شتەکان تەواو بووینە، تەنیا پێویستیمان بەوەلامێك هەیە لە ڕووسیاوە بۆمان بێت، بۆیە دەبێ هەندێکی تریش چاوەڕوان بن.

کە ئەوێیان بەجێهێشت چوونە کافتریای هونەر کە دەکەوێتە بەرامبەر تەلاری پاریزگا.. ئۆلگا و کاڵکان بەرامبەر بەیەکتری دانیشتن و کاڵکان دەستی کرد بەقسە کردن: کە دایك و باوکت دەگەنە لای ئێمە نەك هەر ڕێگا نادەم تۆ بچیتەوە ڕووسیا بەڵکو لێناگەڕێم دایك و باوکیشت بگەڕێنەوە...

– چۆن؟

– یەکێ لە کارگەکانم بەناوی باوکت دەکەم و خۆیشی دەکەمە سەرپەشتیاری ئەو کارگەیە، لەو حاڵەتە حکومەت هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی کە بەشانازییەوە ئیقامەی ئێرەیان پێ بدا، لەوەش زیاتر دەتوانن ئەگەر خۆیان ئارەزوو بکەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانیشیان پێ دەدرێ.

ئۆلگا دوا وتەی د. کارۆلینی هاتەوە یاد و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەو پیاوە فریشتەی خودایە لەسەر زەمین، یاخود لۆتۆیە، بەڵام ئەی ئاوڕەنگ؟

– هەواڵی  ئاوڕەنگ چییە؟ هەست دەکەم ئەو ماوەیە کاتی کەمترت هەیە بۆ من، هەر کاتێ تەلەفۆن دەکەم وەڵامت نییە! ئایا هێشتا هەر دۆستایەتی ئەو ئاوڕەنگ ناوە دەکەیت؟

– ئا... ئەو بابەتەت گۆڕی، گوتت شەوی سەر ساڵ چیت بەسەر هاتبوو؟

– ئیجازەی شوفێرییان لێ سەندمەوە و بەنیازن تاقیکردنەوەی دەروونی و عەقڵیم بکەن، پێیان وایە لەو شەوەدا من عەقڵی خۆمم لە دەست دابوو... بەڵام تۆیش لە پرسیارەکەی من ڕاتکرد...

– باشە باشە، خۆت دەزانی من ئێستا زۆر سەرقاڵی خوێندنم، لەو ماوانەدا گفتوگۆ لەسەر نامەکەم دەکەین...

– کەواتە زۆر باشە، من لەوێم.. من  بەڕۆح و گیانەوە لەو ڕۆژەدا لێت دەڕوانم و دەستت دەگوشم.

ئۆلگا هیچ قسەیەکی بۆ نەمایەوە تا داوای لێ بکات کە لەو گفتوگۆیە

ئامادە نەبێت، دەبووایە ڕاشکاوانە پێی بڵێ کە ئاوڕەنگیش لەوێ ئامادە دەبێت، بیری دەکردەوە کە چۆن خۆی لەو بابەتە ڕزگار بکات، بەدەم بیرکردنەوە ژانە سەرێکی نەختێ گرانی گرت و گوتی: خۆشحاڵ دەبم کە تۆ لەوێ ئامادە دەبیت، بەڵێ زۆر خۆشحاڵ دەبم.

ئاوڕەنگ زۆر خۆشحاڵ بوو کە پێڵووەکانی لێك ترازاند و خۆی لەسەر قەروێڵە یەك کەسییەکەی نێو ژوورە بچووکەکەی ئۆلگادا دیت...

ئۆلگا بەبێ دەنگی، زۆر بەهێمنی کە نەتدەتوانی گوێت لە تەقە تەقی پێڵاوەکانیشی بێت، هاتە ژوورەوە و پۆشاکەکانی بەبێ هیچ خشپە خشپێك داکەناند و بەڕووتی چووە باوەشی ئاوڕەنگ کە لەو کاتەدا بەئانقەست خۆی خەواندبوو.

ئۆلگا هەزار ماچی بێ دەنگی لە لێوەکانی ئاوڕەنگ کرد و هێندە بەقووڵی تەئەمولی بۆ ڕوخساری دەکرد وەکو ئەوە وابوو پیاوێکی لەنێو حیکایەت و ئەفسانەکانەوە دەرهێنابێ و لە باوەشی گرتبێ... ئۆلگا هێشتا هەر لە ڕوخساری ئاوڕەنگدا ڕۆچوو بوو، خەونی هێندە ساحیرانەی بۆ کرد کە کەس گومانی لەوەدا نەبوو ئەو بزەیە دەیتوانی بەرد کەرت کەرت بکا... بۆ چەند خولەکێك لە گلێنەکانی یەکتریان ڕوانی بەبێ دەنگی، ئەوان خۆ لە بنەڕەتدا قسەیان دەکرد، بەڵام قسەکردنێك بەزمانی دڵ. ئۆلگا فرمێسکی هەڵوەراند، بەڵام بۆچی؟ ئایا ئەوە ئەسرینی بەختەوەری و شادمانی بوو؟

– ڕۆحی من هێندەی لێت دەڕوانم زیاتر ترس داگیرم دەکات، ترسێك کە هەرگیز ناتوانم وەسفی بکەم، سەراپای ڕۆحم پڕ دەکا لە مووچڕکە و ئازارم دەدا.

– دەزانم ترسی هیچی دووەمە، لە هیچەوە بەرەو هیچ، دەزانم ترسی تاریکی دووەمە، لە تاریکییەوە بەرەو تاریکی، هیچی دووەم و تاریکی دووەم...

– نا ڕۆحی من نا، من نە لە مەرگ و نە لە تاریکی نێو گۆڕدا ترسم نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ترسم لە ڕووناکی نێوانی ئەو تاریکییەدا هەیە... دەترسم ژیان بەتاریکی ببینم، خۆ ئەگەر تۆ لەنێو ژیاندا لێم ون ببیت ئەوا هەرگیز ئومێدی هیچ ڕووناکی و ترووسکانەوەیەك نابینم لەو ژیانە.

– مەترسە گیانی من مەترسە، ئومێد دەکەین کە زەمەنی نێوانی ئەو دوو تاریکی و ئەو دوو هیچە بەڕووناکی و پڕ ماناییەوە بەسەر ببەین.

– باشە... گریمان تۆ دەچیتە دەرەوە لە ژیانی مندا، ئیدی من و تۆ بۆ هەمیشەیی یەکتری نادۆزینەوە، من ئەو قسانەم تەنیا لەبەر ئەوەیە کە تەنیا دوو مانگێکم لێرە ماوە ئیدی دەبێ بگەڕێمەوە ڕووسیا، باشە باش، ئەوا من و تۆ لە یەکتری دابڕاین، ئەی چی لە بیرەوەرییەکان بکەم، ئایا ئەوانیش وەکو تۆ لیم دادەبڕێن و لە یادەکەمدا نامێنێن یاخود وەکو سێبەرێك هەر بەدوامەوە دەبن؟ من چۆن دەتوانم لە باوەشی پیاوێکی تردا ڕابکشێم و تۆم نەیەتەوە یاد؟ ئەو کاتە خیانەت دەکەم ها؟ من دەبمە ژنێکی خائین، خائینێکی تا هەتایی.. هەرگیز قبوڵی ئەوە ناکەم مرۆڤێکی ناپاك بم، سوێندت بە کتێبی پیرۆز بۆ دەخۆم لەو حاڵەتەدا من لە زەردەخەنەی پیاوێکی تردا تەنیا زەردەخەنەی تۆ دەبینم، لە ڕۆحی ئەودا، لە جەستەی ئەودا تەنیا ڕۆح و جەستەی تۆ دەبینم، بۆچی تاوانی ئەو خیانەتە گەورەم دەدیتە پاڵ؟ دەزانم ژیان بەلێکدابڕانی من و تۆ وێران نابێ و هەر بەردەوامیش دەبێ، منیش دەتوانم بژیم و تۆیش دەتوانی بژیت، بەڵام ژیانی من چ جۆرە ژیانێك دەبێ؟ بێ گومان ژیانێك لەنێو مەرگێکی ناکۆتادا.

ئۆلگا لە پرمەی گریانی دا و وای هەست دەکرد لە جەنگێکی یەکلاکەرەوەدایە و بەردەوام بوو: ئاخر منیش مرۆڤم، مرۆڤێکی پاك و بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێم و لە تۆ دۆزیومەتەوە... تەماشای بکە،

تەماشەی گلێنەکانم، ئاخر تۆ لێرەی لەنێو گلێنەکانم، لێرەی لەناو خوێنم، لەنێو دڵ و رۆحم.

ئاوڕەنگ ماچێکی لە چاوەکانی ئۆلگا کردو بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە شانازی و خەمەوە گوتی: گوڵێ بۆچی تۆ هێندە بەئازار ڕاهاتووی بەم دوا دواییە؟ منیش لە تۆ زیاتر بیر لە چرکەساتی گرانی فیراق دەکەمەوە، پێم وایە چرکەساتێکی یەکجار دڵڕەق و بێ ڕەحم دەبێ...

ئۆلگا لە دڵەوە گوتی: ئەی کەوایە بۆچی بڕیار نادەیت تاهەتایی بەیەکەوە بژین؟ ئەی هەزار جار گوتوومە، ئۆلگا دەنگی خۆی بەرزکردەوە: من لەگەڵت دێم حەز دەکەی بۆ ناو گڕی دۆزەخیش بێت.

کاڵکان لە ماڵەوە جگەرەی بە جگەرە هەڵدەگیرساند و لەبەرە خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە: من ئامادەم بەهەشتێکی ڕاستەقینەت لەو سەرزەمینە بۆ دروست بکەم، کارگەیەك بەناوی باوکت دەکەم و هەموومان بەیەکەوە لە ڤێلەیەکدا ژیان بەخۆشییەوە بەرێ دەکەین.

ئاوڕەنگ تەماشاییێکی کردەوە و گوتی: دەزانم چرکەساتی لێکدابڕانمان کارەساتاوی دەبێت، منیش زۆر جار بیردەکەمەوە کە تۆ تەنیا تاکە ڕێگای دەرباز بوونی منی لە ژیان، من کەسێکی سەرلێشێواوم، نازانم ڕێگای ڕاستەقینەی ژیانی خۆم بەخۆم هەڵبژێرم، لە منداڵییەوە وا ڕاهاتووم خۆم بدەمە دەستی قەدەر و لەنێو شاڵاوی ئازارەکانی چارەنووس ئازار بچێژم و خۆم بەناخۆشییەکانی ژیان لە خاچ بدەم، من کەسێکم ڕێگاکانی قەدەر پێیەکانمی کۆنترۆڵ کردووە، ئەو خۆی ئازاد کردووە لەوەی بەرەو کوێ بیەوێ ڕاپێچم بکات... دەمێ ئەو ڕێگایە بەرەو بیرکردنەوە لە ڕووسیا ڕامدەکێشێ و پێم دەڵێ: (دەستی ئۆلگا بگرەو ئەو بەشەی کە لە ژیانتدا ماوە لە یەرەسلاڤڵی بەسەر ببە)، دەمی بیر لەوە دەکەمەوە بچینە کیشوەری ڕەش و لەوێ لە گۆشەیەکدا زەمەن بەرێ بکەین، تاوێکیش دەڵێم با خۆم بکوژم و

ئیدی ئەو ژیان ئەو هەموو سەر ئێشەیە ناهێنێ و لە کۆتاییشدا پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم: خۆم داوەتە دەستی قەدەر چی دەکا با بیکا... نازانم من دەمەوێ چی بەتۆ بڵێم و نازانم مەبەستی من چییە لە دنیادا، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم نە بۆ هیچ مەبەست و نە بۆ هیچ ئاوات و ئاکام و خەون تێناکۆشم لە ژیاندا، دەزانم ئێستا تۆم دەوێت وەکو ئەوەی زوو یەکێکی ترم دەویست و نەمتوانی چارەنووسی ژیانی بەجۆرێکی تر بگۆڕم... ئۆلگا دەگریا و لە ورێنەکانی ئاوڕەنگ سەری سوڕمابوو، لێوەکانیان لە یەکتری نزیك کردەوە و کەوتنە ماچکردنی یەکتری، ئاوڕەنگ سنووری ماچکردنی تێپەڕاند و ئۆلگا لە پرمەی گریانێکی بەکوڵی دا و ئاوڕەنگ هۆشدار بۆوە و بەنەرمییەوە پرسی: چییتە ڕۆحی خۆم؟

ئاوڕەنگ بەدەم گریانەوە گوتی: ئاخر خودا و ئینسانیش ئەوە قبوڵ ناکا من و تۆ لە یەکتری دابڕێین.. تۆ.. دەزانی تۆ پڕ هەستترین پیاوی لەو گەردوونەدا؟

ئاوڕەنگ کە هێشتا هەر دڵی ئۆلگای دەدایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: بۆچی مرۆڤ هێندە بەدوای شتی پڕوپووچدا وێڵە و خەفەتی بۆ دەخوات؟ خۆ پێشتر یەکترمان نەدەناسی، بۆچی وای دانانێین کە ئەو ماوەیە وەهمێك بوو، جگە لە وەهم هیچ شتێکی تر نەبوو...

## ٤٨

ئۆلگا بۆ چی هێندە باسی لە جیابوونەوە و لێکدابڕان دەکرد لەگەڵ ئاوڕەنگ؟ ڕەنگە لە نائاگایی خۆیدا هەوڵی کەشفکردنی نائاگایی خۆی دابێ... ئایا بڕیاری دابوو واز لە ئاوڕەنگ بێنێ و ئیدی ژیانێکی نوێ لەگەڵ دایك و باوکی و کاڵکان دەست پێ بکا؟ باوەڕ ناکەین هیچ شتێ ڕەهابێ لە مرۆڤ بەتایبەتیش ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەگۆڕانی سۆز و خۆشەویستییەوە هەیە، چونکە خۆشەویستی و سۆز هەمیشە وەکو شەپۆلی

دەریاوان و سیفەتی نیشتنەوەیان تێدایە.

ئاوڕەنگ هەندێ گومانی لە ئۆلگا هەبوو، هەر وا لە خۆڕایش نەبوو کە گومانی بۆ دروست ببوو.. چەند ئاماژەیەك لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی ئەو یەقینەیەی نەمێنێ.. لە ڕاستیدا هەندێ جار قسەی نالێین درۆ بەڵام بەپێچ و پەنای لە ئۆلگاوە بیستبوو...

دوای گوزەراندنی شەوێکی خۆش و مەست و خەوێکی پڕ لە خەونی جوان، ئۆلگا و ئاوڕەنگ لە پلیکانەکانی بالاخانەی قوتابیان دابەزین، ئۆلگا سندوقی پۆستەکەی کردەوە، نەختێ ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، چونکە چاری نەبوو دەبووایە ئەو دیاری و گوڵە شینە لە سندوقەکە دەربێنی کە خۆی زوو هەستی کرد لە کوێوە بۆی هاتبوو، ئاوڕەنگ گومانەکەی تەواو لە جێی خۆی بوو، بۆیە گوڵ و دیارییەکەی لە ئۆلگا سەند و کەوتە خوێندنەوەی ئەو پۆستکارتە کە لەگەڵ گوڵ و دیارییەکە هاتبوو (ئۆلگای خۆشەویست سلاو: شەوی رابرد نەمتوانی هەمووگەردوون لە تۆدا نەبینم، دەمویست پێت بگەم کەچی تۆ وەکو سەراب وابووی، نەمزانی چ شتێ منی گەیاندە ئێرە، کە لە ماڵەوە نەبووی ناچار ئەو دیارییە بچووکەم لەناو سندوقی پۆستەکەت جێهێشت بۆ ئەوەی هەست بە وجوودی من بکەیت، تا دیدار.. کاڵکان)

(کە لە ماڵەوە نەبووی..) تۆ وەرە جوان ئەو دێڕە بخوێنەوە، کەواتە جگە لە من کەسێکی تریش یان چەند کەسێکی تر هەن سەردانی ئەو ژوورەت دەکەن کە من پێم وابوو هێندە پیرۆزە جگە لە من کەس ناتوانێ سنوور ببەزێنێ، جگە لەوەیش بێ ئەوەی من ئاگادار بم، کاڵکان ناوێك دێتە ژوورەکەت، هەزاران جار گوتوومە تۆ ئازادی، بەڵێ تۆ ئازادی لەوەی کێ دەکەیت بەدۆستی خۆت، بەڵام خۆ هەزاران جاریش ئەوەم دووبارە کردۆتەوە کە من بە هیچ شێوەیەك رازی نابم تۆ من وەکو ئەسپی شەترەنج

بەكار بێنی، تێدەگەی من ئەسپ نیم تۆ بەئارەزووی خۆت و بۆ هەوەسی خۆت شەڕی دۆڕان و بردنەوەم پێ بکەیت، کەواتە.. من هەڵە نەبووم کە هەندێ جار بەراوردی نێوانی مەنتالیتێت و عەقڵیەتی خۆم و تۆم دەکرد، بەڵێ تۆ دەکرد، دەتوانی لە یەك کاتدا چەندین دۆست و خۆشەویستت هەبێ، خۆ من زۆرم لێ نەکردووی من هەڵبژێری و منت خۆشبوێ؟ ئێستایش تۆ ئازادی لەوەی یەکێکی تر هەڵبژێری و خۆشت بوێ، نازانم.. نازانم منێکی گەمژە چۆن باوەڕم بەو هەموو فرمێسکە تیمساحاوییەی تۆ کرد...

ئۆلگا هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەوەراند داوای دەکرد تەنیا یەك ڕوونکردنەوە بدات، بەڵام ئاوڕەنگ بەهەڵچوون و تووڕەییێکی ئاوا دەدوا و دەتگوت زریانە و دەیەوێ دنیا وێران بکات: بمبوورە بەڵێ بمبوورە بەڕێز کە منێکی گەمژە ئەوەندەم لە کاتەکانی ژیانی خۆم داوە بەتۆ... ئا تۆ... دەی بڵێ کوا ئەو پیاوەی لەنێو ئەفسانە و حیکایەتەکانەوە دەرت هێنابوو؟ کوا ئەو پیاوەی پێت وابوو سەدان ساڵە دەیناسیت؟ کوا ئەوەی کە لێت دووربێ بۆی دەمریت؟ ئا... ئا ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی باسی لێکدابڕانت دەکرد، دەتزانی ئەو ڕۆژە نزیك کەوتۆتەوە کە هەموو نهێنیەکانت ئاشکرا بکەیت و ئەو ماسکە لەسەر ڕوخسارت لابدەیت کە زەمەنێکە منی پێ فریو دەدەیت... ئێستا تۆ بەڕێگای خۆتدا تێپەڕە و منیش بەڕێگای خۆمدا، چیتر نامەوێ لەگەڵ کەسێکدا دۆست بم کە بەگوڵ و دیاری بەیانی باشی لێ دەکرێ.

ئۆلگا وەکو منداڵێك دەگریا و دەپاڕایەوە و داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە تەنیا چەند خولەکێك دەرفەتی بدا بۆ ئەوەی هەموو شتێکی پێبڵێ، بەڵام ئاوڕەنگ ڕۆیشت، هێندە بە خێرایی و بێئاوڕدانەوە هەنگاوی دەنا، کە دوای چەند چرکەیەك لە سەری کۆڵانەکەدا پێچی کرد و لەبەر چاوی ئۆلگادا نەما..

ئۆلگا لەسەر شۆستەکە دانیشت، پاسی ژمارە ١٢٢ هات، کە زانی ئەو

کچە نایەویٚ سەرکەویٚ تێپەڕی، ئۆلگا پۆست کارتەکەی دڕاندو گوڵە شینەکەشی بەنێو لەپەکانی پووکاندەوە، هەزاران بیرۆکە لە مێشکی دەهاتن و تێدەپەڕین، ئاوڕەنگ تەواو بریندار کردبوو، کەرامەتی شکاندبوو، لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر بە لای ئۆلگا ئەوەبوو کە ئاوڕەنگ هەڵە بووە لەو گومان لێکردنە..

ئاوڕەنگ بە خێرایی هەنگاوی بە ڕووگەی وێستگەکەی بێتل دەنا و جوێنی دەدا و ورێنەی دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ڕاستگۆیی هەموو کێشەکانی دنیا چارەسەر دەکا، لەوەش باشتر ڕاستگۆیی ڕێگا بە درووستبوونی کێشە نادات.. لە ناکاودا ئاڤژەنی هاتەوە یاد و نەشیدەزانی بۆچی بۆ هەمیشەیی لەو چرکەساتانە ئاڤژەنی دێتەوە یاد!.

ڕك و تووڕەیی ئۆلگا گەیشتبووە ئەوپەڕی دوند، نەیدەزانی چ شتیٚ پێویستە بیکات! دەستی لەنێو جانتاکەی ناو مۆبایلەکەی دەرهێناو زەنگێکی بۆ کاڵکان لێدا.. وەکو ئەوەی لە مێژبیٚ کاڵکان چاوەڕێی ئەو تەلەفۆنە بکات پاش نیو زەنگ وەڵامی ئۆلگای دایەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: تازە لای پارێزگار بووم، داوەتکردنی دایك و باوکت تەواوبووە، دوای چەند ڕۆژێکیتر با لە ڕووسیا پلیتی فڕۆکەش وەرگرن، دەزانی چ جۆرە فڕۆکەیەك؟ لەبەر خاتری تۆ شوێنم بۆ لە (لوفتانزە) حجز کردوون.. کە هاتن هەموو شوینە خۆشەکانی وڵاتیان نیشان دەدەین، هەر هەفتەی یەکەم سەفەرێکی پاریس و دواتر نیویۆرك دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کاروباری کارگەکەشم تەواو کردووە بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە ناوی باوکتیەوە بکەم.

ئۆلگا قسەکانی کاڵکانی بڕی و بەدەم هەنسکی گریانەوە گوتی: لە کوێی؟ ئێستا دێمە لات.

## ٤٩

ئـاوڕەنگ لـە کـنـایـپـەیـەك دانـیشتـبـوو ڤـۆدگـای دەخـواردەوە، بـیـری لـە گەمژایەتی خۆی دەکردەوە و بەخۆی دەگوت: چۆن توانیت ئەو هەموو ماوەیە تەحەمولی فریو خواردن بکەیت و هێندە پیاوێکی کاڵعەقڵ بیت؟ دیاری و گوڵی شین و پۆست کارت و... تاد، بێ گومان لە مێژە عاشقی یەکترین.

دوا چەند پێکێك نەختێ هێور بۆوەو بەخۆی گوت: پێویستە لەسەر من هـێور بم، چـونـکـە بـۆ هــەمـیشەیـی بـورکـان وێرانــەیـی بـەدواوەیـە و دامرکانەوەیش ئاوەدانی و ژیان.

ئۆلگا بەتووڕەییێکەوە کە گلێنەکانی تەواو ڕەنگی ئاگریان هەڵێنابوو لە بیرۆیەکەی کاڵکان چووە ژوورێ و داوای لە کاڵکان کرد کە بۆ تاوێ بچنە کافێتریای هونەر.

کە لە کافێتریای هونەر لە بەرامبەر یەکتری دانیشتن، ئۆلگا داوای هیچ خواردنەوەیەکی نەکرد، کاڵکان بیرەی داواکرد، ئۆلگا بێ پێشەکی چووە ناو ئەو بابەتەی کە بۆی هاتبوو: کاڵکان ئەو کارانەی تۆ دەیکەی نەك بـەتـەنـیـا هــەڵـەن بـەڵـکو کـاری هـەرزەکـاران و منداڵانـە، تـۆ بـۆچـی ئـەو دیارییانەت لەنێو سندوقی پۆستەکەی من دانابوو، چی هەیە لە پشت ئەو دیاریانەوە؟ دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟ بەڕێز ئەگەر من ڕێز لە تۆ دەنێم لەبەر خاتری ئەو دیاریانەوە نییە، باش بزانە بەڵێ لەبەر خاتری ئەو دیاریانە نییە، من سوپاست دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بۆ منت ئەنجام داوە، بــەڵام هــەرگـیـز چـاوەڕوانـی ئـەوە نـەکـەیت مـن ڕۆحـی خـۆم بـەچـەنـد کەلوپەلێکی بێ ڕۆح بگۆڕمەوە، ئیتر خاڵی کۆتاییە، من ئیدی ناتوانم

بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم.

کاڵکان لە قاقای پێکەنینی داو بەهێورییەوە گوتی: ترسام لەوەی شتێ ڕووی دابێ، سوپاس بۆ خوا... سوپاس بۆ خوا... بڕوا بکە بۆرۆدینۆڤای بەڕێز من کە ئەو دیاریانەم لەناو سندوقی پۆستەکەت دانا تەنیا لە پێناوی ئەوە بوو کە بەیانی لە خەو ڕادەبیت و لە سندوقی پۆستەکەت دەروانی کەسێك هەبێ بەیانی باشت لێ بکا، هەمدیس لە قاقای پێکەنینی دایەوە و بەردەوام بوو: سوپاس بۆ خوا، ترس هەموو ڕۆحی داگرتم و لە دڵەوە بەخۆمم گوت نەوەك شتێ ڕووی دابێ.

بێ گومان لای تۆ هیچ شتێ ڕووی نەداوە، بەڵام لای من هەموو شتێ بەرەو کۆتایی چووە، بەر لە هەر شتێکیش ژیان، کەواتە ئێستا من دەبێ بانگهێشتی مەرگی خۆم بکەم، ڕاستیت پێ بڵێم، من پرۆژەی ژیانێکی تاهەتاییم بۆ خۆم دانابوو، ناوم بۆ منداڵەکانم هەڵبژاردبوو، پلانم دانابوو کە ئایندە چۆن دەبێ و لە چ سەفاو بەختەوەرییێکدا زەمەن بەڕێ دەکەین، بەڵام تۆ هەموو شتەکانت وێران کرد، هەموو سەرەتایەکان بەرەو کۆتایی بەڕێ کرد...

– نازانم، من هیچ شتێ لە مەبەستی تۆ تێناگەم.

– من چ گوناهێکم دەرهەق بەتۆ ئەنجام داوە؟ من چ تاوانێکم دژ بە تۆ ئەنجام داوە؟ بۆچی هەموو هەوڵێکت لە پێناوی ئەوەیە کە من و ئاوڕەنگ لە یەکتری جیا ببینەوە؟

کاڵکان بەهەموو هێزی مستێکی لە مێزەکەی بەردەمی دا و هەموو شتێ تێگەیشت، تووشی ژانە سەرێك هات کە تاکو ئێستا لە ژیانیدا ژانە سەری ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو، لە پڕ بە هەردوو دەست توند توند سەری خۆی گرت و بەدەنگێکی بەرز کە هەموویان گوێیان لێ بوو، نەڕاندی: چۆن توانیت ئەو هەموو ماوەیە دوورو درێژە درۆ بکەیت و فریوم بدەیت؟ شەرت

بێ پەل پەلی بکەم، ئاخر تۆ چیت داوە لە کەسێکی دواکەوتووی ئاوا کە بڕیاری زیندانێکی ئەبەدیت دابسەپێنێ؟ تۆ چیت داوە لە وەحشێك کە ئەو چۆنی بوێ دەبێ تۆ ئاوا هەڵسوکەوت بکەیت؟

ئاوڕەنگ بە بەر دەرگای کافتریای هونەر بەلارە لار هەنگاوی دەنا، دیواری ئەو کافتریایە هەموو شووشە بوو، بۆیە بەسانایی بەڵام کەمێك لە دوورەوە توانی ئۆلگا ببینێ کە لەگەڵ پیاوێك دانیشتووە و پێدەکەنێ.

ئۆلگا بەدەم هەنسك و گریانەوە پێکەنێ و گوتی: کاڵکان ڕێگات پێ نادەم تەنانەت یەك و شەیش چییە بەئاوڕەنگی بڵێی، نەخێر ڕێگات پێ نادەم من بەشێکم لە ئەو و ئەویش بەشێکی منە... ئاوڕەنگ هەموو خەون و ئومێد و ژیانی منە...

ئاوڕەنگ هەوڵی دا ئۆلگا نەیبینێ. بۆیە گورج گورج کەوتە ڕێ و لە کۆلانەکەدا پێچی کردەوە و ون بوو.

کاڵکان هێشتا هەر ژانە سەرەکەی لە جاران سەختتر و توندتر دەبوو، گوتی: پەیمانت پێ دەدەم دەیکوژم... پەیمانت پێ دەدەم نەهێڵم میکرۆبێکی ئاوا لەسەر زەمیندا بەئارەزووی خۆی بسووڕێتەوە.

– دەبێ سەرەتا من بەمردوویەتی ببینی ئینجا ئەو، خۆ ئەگەر ئەویشت کوشت ئەوا من دەتکوژم... ئۆلگا جانتاکەی هەڵگرت و بەڕێکەوت، لە ڕێگادا دەگریا و دەهاتەوە بیری کە ئەو چی گوتووە، کوشتن و مەرگ و هەموو ئەو شتانە کەی پەیوەندییان بەژیانی ئەوەوە هەیە؟

زەنگێکی بۆ ئاوڕەنگ لێدا، ئاوڕەنگ کە لە شاشەی مۆبایلەکەی ناوی ئۆلگای دیت لە قاقای پێکەنینی دا و دایخست.

ئۆلگا زەنگێکی بۆ کاڵکان لێ داو پێی گوت: با ئەو لاپەڕە ڕەش و ناشرینانە ئاوا بکەین و لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو بێ کۆنستراتسیۆنەش، هێشتا ئۆلگا بەشێوەیەك بەرگری لە تێزەکەی خۆی دەکرد کە هیچ یەك لە مامۆستاکانی لیژنەکە قسەی بۆ نەدەمایەوە، کە گفتۆگۆ لەسەر تێزی دکتۆراکە تەواو بوو، مامۆستاکان بە پلەی نایاب سەرکەوتنی ئۆلگایان ڕاگەیاند، ئیدی سەری بتڵە شەمپانیاکانیان ئاوەڵا کرد و گڵاسەکانیان تژی کرد.

کاڵکان هێشتایش هەر لە پشتەوە بەدەم خەیاڵەوە دانیشتبوو، هەستا و چەپکە گوڵێکی شینی دایە دەستی ئاوڕەنگ و پیرۆزبایی لێ کرد... کاڵکان داوای لە ئۆلگا کرد کە بیگەیەنێتەوە ماڵ، بێ گومان ئیجازەی شوفێریەکەی لێ سەندرابۆوە، ئەی چۆن و بە چی دەیویست ئۆلگا بگەیەنێتەوە ماڵ؟ ترامێکی تایبەتی یاخود تاکسی؟ ئەو دەیتوانی لیمۆزینێکی تایبەت بە بۆنەکان بە شوفێرەوە ئامادە بکا و ئۆلگای پێ بگەیەنێتەوە ماڵ... بەڵام نا کە لەناو هۆڵەکە چوونە دەرەوە قەرەباڵغییەك لە گۆڕەپانی زانکۆ دەبینرا، چەندین قوتابی دەورەی باڵۆنێکیان دابوو، کاڵکان دەستی ئۆلگای گرت و سواری باڵۆنەکەی کردو گوتی: لەسەرکەوتنت گومانم نەبوو، بۆیە بڕیام دا بەئاسمان بتگەیەنمەوە ماڵ، نەك ئەو زەمینەی کە پڕە لە ناشرینی، ویستم پێت بڵێم تۆ هی ئەوە نیت لەسەر زەمیندا بڕۆیت بەڵکو ماڵی هەمیشەیی تۆ پێویست بوو لە ئاسماندا بێت.

فڕین بەرەو ئاسمان هەستێکی ترت پێ دەبەخشێ لە دەستی خۆتدا نییە، دەبێ تووشی مووچڕکەیەك، خەندەیەك، خەیاڵێك بیت، بەڵام ئۆلگا وەکو مردوویێك وابوو، هیچ یەك لە زەردەخەنە و خەیاڵ و مووچڕك بە جەستە و ڕۆحیدا گوزەریان نەدەکرد، هێندەی ڕادەما کەچی تێنەدەگەیشت ئەو بۆچی لەو حاڵەتەی خۆی تێناگا، سەری گێژ ببوو، دەیویست بڕشێتەوە،

ئایا دەیویست بەسەر زەمیندا بڕشێتەوە؟

کە لە گەڕەکی بەهەشتی شین لە باڵۆنەکە دابەزی و دوای دابڕان لە کاڵکان، ئۆلگا دەرگای ژوورە بچووکەکەی خۆی کردەوە و نامە و شەهادەکەی بە بێ باکییەوە فڕیدایە سەر عەرد و لە دەلاقەی سەر پەنجەرەکە سەری بتڵە ڤۆدگاکەی کردەوە و چەند پێکێکی بچووکی بەخێرایی خواردەوە و ژمارەی مۆبایلەکەی ئاوڕەنگی لێدا، کەچی مۆبایلەکە داخرابوو... چەند پێکێکی تری خواردەوە و ئەو نامانەی دەرهێنا کە بەر لە چەند خولەکێك لەناو سندوقی پۆستەکەی دەری هێنابوو...

نامەی یەکەمی لە دایکییەوە بۆ هاتبوو:

(کچە خۆشەویستەکەمان سڵاوی من و باوکتت لێ بێ، هیوادارم کاتێ ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە خوێندنی خۆتت بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێ...

ئازیزم حەز دەکەین بەزووترین کات پێت شاد ببینەوە، یا تۆ بێیتەوە بۆ لامان، یاخود وەکو خۆت کە پەیمانت پێ دابووین بمانبەیت بۆ لای خۆت، بێ گومان باوکت پێشنیارەکەی تۆی زۆر بەدڵ بوو، سەرپەرشتی کردنی یەکێ لە کارگەکانی بەڕێز کاڵکان بەدەرفەتی گەورە و گرینگ لە ژیاندا دەزانێ، خۆ هەر واشە کچی خۆم، ئێمە لێرە شەو و ڕۆژ لەسەر یەك دادەنێین، ڕاکە ڕاکەمانە و ئینجا ئەگەر بتوانین بەخراپترین شێوە بگوزەرێنین... بۆیە کچە خۆشەویستەکەمان تکا دەکەین هەموو هەوڵێك بدەیت بۆ خۆشگوزەرانی باوکت و ژیانی دایك و باوکیشت... سڵاوی ئێمە بگەیەنە بەڕێز کاڵکان و پێی بڵێ ئێمە بەخۆشحاڵیەوە پێشنیارەکەی ئەومان قبوڵە و سوپاسگوزاری ئەبەدی ئەوین.

ئا بەڕاست هەواڵی ئاوڕەنگ چییە؟ لەو وێنەی کە بۆت ڕەوانە کردبووم چەند جوان بوون هەردووکتان، ڕاستە کچی خۆم ڕاستە ئەو گەنجە ئەو

هەموو جوانییەی لە کویێ هێناوە؟ بەڵام هێشتا وەکو تۆ جوان نییە، ئایا ئێستا کە ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە بەیەکەوەن؟ سەرت ناوەتە ئامێزی ئاوڕەنگ و ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە؟ هەروەکو پێشتر بۆت نووسیبووم هێشتا ئاوا بەیەکەوە دەگونجێن و یەکترتان خۆش دەوێ؟ سڵاوی منی پێ ڕابگەینە و بڵێ لەبەر خاتری ئەو چوومەتە کتێبخانەی گشتی (مۆسکۆ) و هەندێ سەرچاوەم سەبارەت بە کورد خوێندۆتەوە، ئاخر بەڕاستی نەمدەزانی کورد چین و کێن و لە کوێ دادەنیشن...

ئۆلگای خۆشەویستم لە کۆتایی ئەو نامەیەدا دیسان سڵاومان بەکاڵکان و ئاوڕەنگ بگەیەنە و بەهیوای دیدار).

ئۆلگا دەگریا، نەیدەتوانی تەنانەت تاکە چرکەیەکیش لەو گریانە داببڕێ...

نامەی دووەمی کردەوە کە لە خوشکیەوە بۆی هاتبوو... ئەو زەرفە تەنیا وێنەیەکی تێدابوو، لە وێنەکەدا خوشکی ئۆلگا لە تەنیشت ڕەسمێکی گەورەدا وەستابوو، وێنە گەورەکە هی ئاوڕەنگ بوو، لە پشتەوەی وێنەکەدا نووسرابوو: هیوادارم لەگەڵ ئاوڕەنگ بەیەکەوەتان ببینم... سڵاو و خۆشەویستیم.

ئۆلگا هێشتا هەر دەگریا، هاتەوە یادی کە کەی و لە کوێ ئەو وێنەی ئاوڕەنگی گرتووە، ڕۆژی شەممە بوو، لە ساڵەی سینەما بوو، ئەو کاتەی چوونە سەیرکردنی فیلمی ئەلێکساندەری گەورە... ئۆلگا حەزی دەکرد ئەلێکساندەر ببینێ لە بابل، حەزی دەکرد شاخ و داخی کوردستان ببینێ کە ئەلێکساندەر بەناویدا تێدەپەڕێ.

شەو درەنگانێ:

* ئۆلگا بەمەستی دەگریاو لە وێنەیەکی ئاوڕەنگی دەڕوانی.

* ئاوڕەنگ هێندە بێزار بوو دەتگوت گۆی زەوییان بەملیەوە هەڵواسیوە،

هەستی بەتاوان دەکرد بەرامبەر ئۆلگا، لە خۆی دەپرسی بۆچی ڕێگام نەدا تەنانەت یەك وشەش چییە فڕێ بدا، ئایا پێویست بوو من هێندە دڵڕەق بم؟

بیرۆکەیەکی بەمێشکدا هات، ویستی زەنگێ بۆ ئۆلگا لێدا... کەچی پەشیمان بۆوە و گوڵە شینەکان و ئەو دیاریانەی هاتەوە یاد کە لە کەسێکەوە پێی گەیشتبوو بەناوی کاڵکان.

* کاڵکان جگەرەی دەکێشا و لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی، تووڕە دەبوو، سەر لەنوێ پێدەکەنیەوە و لە قاقای پێکەنینێکی دا کە تا ئەو کاتە هەرگیز بەو شێوەیە پێنەکەنیبوو... لەبەر خۆیەوە گوتی: ژیان شەڕێکە مرۆڤ پێویستە لەو شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

## ٥١

نە ئۆلگا و نە کاڵکان و نە ئاوڕەنگیش نەیاندەتوانی لەو شەوەدا بخەون... ئۆلگا تەلەفۆنێکی بۆ ئاویار کرد. بەدەم گریانەوە گوتی: ئاویار بەڕێز بمبوورە کە کاتت دەگرم، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، خۆ ئەگەر هانام بۆ تۆ نەهێنابووایە ئەوا بێ گومان دەمردم... ئێستایش لە هەرەسهێنانم ئەگەر ئاوڕەنگم بۆ نەدۆزیتەوە...

– ئەویش وەکو تۆ خەریکە هەرەس دێنێ، پێشتر لای من بوو، هەموو چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە، بەڵام من گومانەکانی ئەوم قبوڵ نەکرد...

– گومان.. گومان.. لە چی گومان دەکا، من گوتوومە هەموو ژیان و خەون و ئومێدم ئەوە، بەڵێ تەنیا ئەو، بڕوا بکە ئاویاری بەڕێز جگە لە ئاوڕەنگ من هیچ پیاوێکی تر نابینم لەو زەمینەدا.

– ئێستا لە ماڵە، حەز بکەی دێمە دوات و دەچمە لای.

– سوپاس بۆ تۆ بەڕێز ئاویار، من خۆم دەچمە لای.

ئۆلگا لەبەر دەرگای ژوورەکەی ئاوڕەنگ وەستا و چەند جارێك لە دەرگاکەی دا، کەچی ئاوڕەنگ لە ژوورەوە هەر بە مەستی لەو تابلۆیەی خوان میرۆی دەڕوانی بەدیواری ژوورەکەیەوە هەڵیواسیبوو... ئۆلگا چەند جارێکی تر لە دەرگاکەی دایەوە، کەچی هیچ چرپەیەکیشی لە ژوورەکەدا نەبیست، ئۆلگا بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە، لە خۆی نە دەپرسی بۆچی بەم نیوەشەوە هاتۆتە ئێرە؟ ئایا ڕاستە کە غەدریشی لێ کرابێ و هەر خۆشی بچێتەوە لای تاوانبارەکە؟ بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەترسا، لەو چرکەیەدا زیاتریش ترسا، ئایا بۆچی ئاوڕەنگ دەرگاکە ناکاتەوە؟ بێ گومان نازانێ کە من بەو نیوەشەوە هاتوومە، دەبێ نا نا نا، دەبێ شتێ ڕووی نەدابێ؟ زوو کلیلەکەی دەرهێنا کە پێشتر ئاوڕەنگ بۆی کۆپی کردبوو، دەرگاکەی کردەوە، ئاوڕەنگی دیت بەچەقبەستی لەو تابلۆیە دەڕوانی، نەختێ حەسایەوە، بەڵام شتێکی تری هاتەوە یاد و لە پڕمەی گریانی دا... بەڕاکردن چووە لای ئاوڕەنگ و باوەشی پیاکرد، نەیدەزانی بۆچی هێندە ماچی دەکا، هەموو شوێنێکی ماچ دەکرد، دەستی، پێیەکانی، لێوەکانی... ئاوڕەنگ وەکو ئەوەی هیچ شتێ ڕووی نەدابێ هێشتایش هەر بەچەقبەستی لە تابلۆکەی دەڕوانی و بەنەرمییەوە دەیگوت: من نەمتوانی چارەنووسی تابلۆکە بەشێوەیەکی تر بگۆڕم، تابلۆکە کۆتایی پێ هات و خۆرەکە ئاوابوو، بۆیە ناتوانم چارەنووسی هیچ تابلۆیەکی تریش بگۆڕم...

ئۆلگا بەدەم گریانەوە: پەیوەندی بەدکتۆرەوە بکەم پادشای من؟ نەخۆشی ڕۆحی من؟

ئاوڕەنگ نیگاکانی لەسەر تابلۆکە لاداو لە ئۆلگای ڕوانی کە هێندە فرمێسك دادەبارێنێتەوە نێو لەپەکانی، دەستێکی بە هێوری بە پرچی ئۆلگادا هێنا و بە نەرمییەوە ماچێکی لەسەری کردو بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە نەتوانم چارەنووسی هیچ تالۆیی بگۆڕم... من

چۆن دەتوانم قبوڵی کەسێك بکەم کە خیانەتی لێ کردووم.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: حەز دەکەی گوێم بۆ بگریت؟ ئێستا هەموو شتێکت پێ دەڵێم، من مەرگی خۆمم لە ئازار پێگەیاندنی تۆ خۆشتر بووە، ئەو دەیگوت دەتکوژم.. بڕیاری داوە بتکوژێ.. من چۆن ڕێگا بدەم کەسێك بیەوێ ئازار بە تۆ بگەیەنێ؟

ئۆلگا هەموو چیرۆکەکەی وەکو ئەوەی کە ڕووی دابوو بۆ گێڕایەوە و لە ڕستەی کۆتاییدا گوتی: چارەنووسی ژیانی من تۆ بەستراوەتەوە، تۆ دەتوانی بەختەوەر یا بەدبەختم بکەیت لە ژیاندا، من لە تۆدا ژیان و عیشق و جوانی دەدۆزمەوە... باوەڕم پێ بکە کە لە دڵمەوە پێت دەڵێم خۆشم دەوێی.

ئاوڕەنگ: من ئامادە نیم هیچ شتێ سەبارەت بەو کاڵکانە بڵێم، لە هەموو ئەو شتانە لێی دەبوورم کە سەبارەت بە من گوتوویەتی، بەڵام لەو شوێنە لێی نابوورم کە شەڕی نێوانی خۆی و منی بۆ شەڕی دوو نەتەوە گواستۆتەوە، ئەگەرچی من بڕوام وایە عەشق نیشتیمانی منە، عەشق نەتەوەی منە، چونکە زمانی عەشق لە هەموو زمانەکانی تری گەردوون جوانترە، عەشق ئەو جوگرافیایەیە کە هەموو مرۆڤایەتی دەتوانێ بە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لەسەری بژییێت، بەڵام من لەوێوە قبوڵی ناکەم کە سووکایەتی بە کورد کردووە، بۆچی؟

بەوە واز ناهێنن کە زیندانێکی گەورەیان بۆ نەتەوەیەك داناوە، بەوە واز ناهێنن کە ناهێڵن بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن، دەیانەوێ لە عەشقیش بێ بەشمان بکەن؟ نا نا من لەوە تێناگەم!

ئۆلگا هەستی کرد ڕق و تووڕەیی ئاوڕەنگ گەیشتۆتە ئەوپەڕی، ئاوڕەنگ داوای کرد کە ئەدرێسی کاڵکانی پێ بدا، ئۆلگا لە جاران زیاتر ترسا، بۆیە پڕی دایە دەستەکانی ئاوڕەنگ و ماچی کردن و بەدەم

گریانەوە گوتی: نا گیانی من نەکەی، حەز ناکەم بیر لە شتێ بکەیتەوە کە پێویست نییە بیری لێ بکەیتەوە، پێویست نییە بیری تۆڵەکردنەوە لە کەسێك بکەیتەوە کە شیاوی ئەوە نییە تۆڵەی لێ بکرێتەوە.

– باشە با واز لەو بابەتە بێنین و بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، من لە تۆ دەپرسم: بۆچی ئەو هەموو دیاریەی پێشکەش بە تۆ کردووە؟ ئەی بۆچی کارگەیەکی خۆی بەناوی باوکت بکات؟ تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە؟ لە دنیادا شتێ هەیە پێی دەوترێ گۆڕینەوەی بەرژەوەندییەکان، خەڵك کە کارێك بۆ مرۆڤی بەرامبەری دەکا و شتێکی دەکا، بۆ هەمیشەیی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە شتێکی لێ وەرگرێ، ئەوەی کە کاڵکانیش بەنیازە لە تۆی وەرگرێ تۆیە، بەڵێ تۆ، وەك ڕۆح و وەك جەستە، ئیدی تۆ ئازادی، من ناتوانم ئەو شتانەت پێشکەش بکەم کە ئەو دەتوانی...

ئاخر من هیچ جارێك قبوڵی دیارییەکانی ئەوم نەکردووە هەر وا بەسانایی، هەموو جارێك گەیشتووینەتە ئاستی زویربوون و هەموو جارێکیش کە دیارییێکی پێشکەشی من کردووە، سووربووە لەسەر ئەوەی کە ئەو دیاریانە بێ بەرامبەرن، ئەو تا ئێستایش لە ڕێز و خۆشەویستییەکی هاوڕێیانە هیچ ئاماژەیەکی تری بۆم نەکردووە، لەوەش زیاتر باوەڕی تەواوی بە من هێناوە کە من و ئەو تەنیا هاوڕێین و هیچی تر نا.

– ئەی مەسەلەی دایك و باوك و هێنانیان بۆ ئێرە؟

– ئاخر ئەو خۆی خاوەنی ئەو بیرۆکەیە و هەر خۆشی وای نیشان داوم کە ئێمە یارمەتی ئەو دەدەین، ڕاستە دان بەوە دادەنێ کە ئەویش یارمەتی ئێمە دەدا، بەڵام لەبەر زۆری کارگەکانی و سەرقاڵی خۆی ناتوانێ هەموو کارەکانی بەڕێکوپێکی ئەنجام بدا، بۆیە پێویستی بەکەسانێك دەبێ کە لێیان بێ گومان بێت.

– من باوەڕم وایە لە پشت هەموو ئەو شتانە مەبەستێك هەیە، ئەو مەبەستەیش کڕینی تۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم ڕێت لێ بگرم، چونکە ئەو کاتە دەمتوانی ڕێگات پێ نەدەم کە من بمتوانیبووایە شتێکی لەو زیاترت پێشکەش بکەم یاخود شتێکی هاو ئاستی ئەو، ئێستایش من ڕێگر نابم لە هەر هەنگاوێك کە تۆ دەیهاوێژیت.

– باشە گیانی من باشە، ئێستا حەز ناکەم مێشکی خۆت بەو شتانە ئازار بدەیت، خۆ ئەگەر ئەو قسانەی تۆ ڕاست بن، ئەوا ئەو کاتە من تۆ نەك بەکاڵکان و پڕۆژەکانی کاڵکان ناگۆڕمەوە، بەڵکو تۆ ناخەمە یەك ئاستیش لەگەڵ دایك و باوکم، چونکە ژیانی من بە تۆ گرێدراوە.

ئاوڕەنگ سەیرێکی تری ئەو تابلۆیەی خوان میرۆی کرد و دەستی دانایە سەر شانەکانی ئۆلگا و سەری ئۆلگای خستە باوەشی خۆی و ماچێکی لەسەری کردو دڵۆپە فرمێسکێکی وردی داباراند و لەبەرە خۆیەوە گوتی: ئایا دەشێ من بتوانم چارەنووسی ئەو تابلۆیە بگۆڕم؟

ئاوڕەنگ ئاڤژەنی هاتەوە یاد و بیری لە تەواو بوونی تابلۆکە و بیری لە ئاوابوونی خۆرەکە کردەوە و کەوتە ماچکردنی ئۆلگا.

٥٢

بەیانی زوو کاڵکان بەخۆشی و پێکەنینەوە لە تەلەفۆن بە ئۆلگای ڕاگەیاند کە کاری داوەتکردنەکەی دایك و باوکی ئۆلگای تەواو کردووە تەنیا لەسەر ئیمزایەکی ئۆلگا ماوە...

ئۆلگا هێشتا هەر لە ئامێزی ئاوڕەنگدا ڕاکشابوو، بە دڵنیاییەکەوە گوتی: بەڕێز کاڵکان من وازم لە بیرۆکەی داوەتکردنەکە هێناوە، تەنیا دوو هەفتەم لێرە ماوە، ئەو دوو هەفتەیە تێدەپەڕێنم و ئیدی دەگەڕێمەوە ڕووسیا...

باوەڕناکەم ئیدی تۆش ببینمەوە، زۆر سوپاست دەکەم بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لەو ماوەیە بۆت ئەنجام دام... ئیدی بەڕێز و خۆشەویست ماڵئاوا...

دەرفەتی قسەکردنی بە کاڵکان نەدا و مۆبایلەکەی داخست.

ئاوڕەنگ ماچێکی لە لێوەکانی ئۆلگا کرد و گوتی: خۆشەویستی دڵەکەم، هەموو شتەکانی دنیا لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن دروست بووینە، ئەو کە شتێکت پێ دەبەخشێ چاوەڕوانە شتێکت لێ بسەنێ، بەڵام ئەو شتەی کە ئەو بە تۆی دەدا شتی بێ بایەخن بەرامبەر ئەو شتەی کە لە تۆی داوایە، تێمدەگەی؟ ئەو داوای ڕۆح لە تۆ دەکا، دەبێ شتێ هەبێ لە ڕۆح بەهادارتر؟

ئۆلگا زەردەخەنەیەکی پڕ لە قەلەقی کرد و گوتی: گیان، من ئامادەم هەموو ژیانی خۆم بە تۆ بدەم لە پێناوی وەرگرتنی تەنانەت یەك زەردەخەنە لە تۆ.

ئاوڕەنگ توند توند لە ئامێزی خۆی گرێی دا و کەوتە ماچکردنی.

کاڵکان لە دەست و پەنجە و سەرو سیمای خۆی دەڕوانی و باوەڕی نەدەکرد و هەستی لە وجودی خۆی نەدەکرد و وای دەزانی ئەو لەنێو خەیاڵدا ئەو شتانە دەبینێ، زۆری پێ سەیر بوو، ڕستەکانی ئۆلگای دەهاتەوە یاد و پێدەکەنی، ئیدی شەوانە باوەشی بە درەختێك یا دیوارێ مەیخانەیەك دەکرد و بە ئۆلگا تێی دەگەیشت، هەموو هەوڵێکی بەخەرج دەدا بۆ ئەوەی جارێکی تر گوێی لە دەنگی ئۆلگا ببێتەوە، کەچی بێ سوود بوو، ئۆلگا ئەو ماوەیە شەو و ڕۆژ لە ماڵەکەی ئاوڕەنگ دەژیا، لای کاڵکان خۆری بەختەوەری تەواو ئاوا ببوو، هەمیشە بە سەرخۆشی بە شەقامەکاندا دەخولایەوە، باوەڕی بە هیچ شتێ نەمابوو لەو دنیایە، سەردانی هەموو ئەو شوێنانەی دەکرد کە چرکەیەك لە چرکەکان ئۆلگای

تـیـا بـیـنـیـبـوو، هـەمـیشە ورێنــەی دەکرد و چـاوەکـانـی سوور سوور هەڵگەڕابوون، لە جیاتی فرمێسك ئیدی دڵۆپی خوێن دادەبارین، زۆری لە خۆی دەکرد و هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی هەوڵ بدا باوەڕ بەو واقیعە نوێیە بێنێ، لە خۆی دەپرسی: کەسێ بە من رازی نەبێ چۆن من قبوڵی ئەوە بکەم هێندە بۆی بە کێوی بێزاری و ئازار و خەفەتدا هەڵزنێم...؟

ئەو پرسیارانە زۆری نەدەخایاند و دەستی دەکردەوە بەگریان، شەڕی بە هەموو شتێ دەفرۆشت، خەڵکی کە لە شەقامەکان دەیاندیت زوو دەیانزانی کە ئەو پیاوە شێتە یا وا خەریکە بەرەو شێتبوون دەچێ، بۆیە خۆیان لە شەڕی ئەو دەپاراست و ڕێگای ڕۆیشتن و لە یەك تێپەڕینیان بە خۆیان و بــە ئــەویش دەدا... کـاڵـکـان چـەند کـاتژمـێرێ جـارێك دەچووە گەڕەکی بەهەشتی شین و بەچاوی پڕ لە گریانەرە لە پەنجەرەی ژوورەکەی ئۆلگای دەڕوانی لە باڵاخانەی قوتابیان، کەچی ئۆلگا هەر دیار نەبوو، هاواری دەکرد، ئـۆلـگـا ئـۆلـگـا بـۆچـی ئـەو هـەمـوو ئـازارەم پـێ دەچێژی، خەڵك بەئاسانی گوێیان لە ورێنە و هات و هاواری ئەو پیاوە دەبوو کە ئێستا هەفتەیەك بوو ڕیشی نەتاشیبوو، خۆی نەشۆریبوو، پۆشاکێکی پیس و چڵکنی لەبەر دابوو، لە خۆی دەپرسی: زەمەن ئاوا بەسەر مرۆڤ دەهێنێ؟ ئایا من گەنج بووام ئاوا تێی هەڵدەدام؟

هــەر دەگـریـا و کڵپـە و ئـاگری دەروونـی دانـەدەمـرکـایـەوە... نـاوە نـاوە بـروسـکـەیـەك بـەخـەیـاڵیدا دەهـات و وێنـەی ئـۆلـگـای دەکـەوتـە بـەرچـاو لـە ئـامـێزی کـوڕێکی گـەنجدایـە، هـەر جـارەو بـەشێوەیـەك لـە خـەیـاڵـی خـۆیدا وێنــەیــەکـی بـۆ سیـمـای ئـاوڕەنگ دروست دەکـرد، ئـەو کـاتـانـە زیـاتـر هەڵدەچوو، بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد: بۆ کوێ دەچیت، تۆ بانگەشتەی مەرگی خۆتت کردووە؟

دوای نیوەڕۆیەك پۆلیسێ گوێی لەو هات و هاوارەی ببوو، بەدزییەوە

ڕەسمێکی گرتبوو، چونکە دەیزانی ئەو پیاوە تاوانکارێکی لە ڕێگادایە... کاڵکان بۆ هەمیشەیی لە دەمانچەکەی دەڕوانی و پڕ بەدەنگی قاقا پێدەکەنی، دواتر دەستی دەکردەوە بە گریان، چەند شەوێك بوو لەناو باخچەکان دادەنیشت و لە یەکە یەکە ڕێبوارانی ئەو شەقامەی تەك باخچەی دەڕوانی... تا چاوانی شل دەبوو دەیخواردەوە و لە خەڵکی دەڕوانی... هەر بەدەم گریان و سەرخۆشییەوە لەو باخچەیە لێی ڕادەکشا و خەو دەیبردەوە، بەیانیان لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە دەستی دەکردەوە بەئەلکحول خواردنەوە و هەندێ جار حەشیشی دەکێشا، ببوورە برادەری هیپییەکان، چیرۆکی عەشقی خۆی بۆ هیپییەکان دەگێڕایەوە و لە کۆتاییشدا دەیگوت: بۆ کوێ دەچێ، هەر دەیکوژم.

هیپییەکان لە قاقای پێکەنینیان دەدا و دەیانگوت: ژیان ئەوە ناهێنێ بخۆوە و مەستبە... تف لە هەموو بەهاکانی ژیان بکە.

## ٥٣

ئۆلگا لە باوەشی ئاوڕەنگ ڕاکشابوو، لەگەڵ دایکی بەتەلەفۆن دەدوا: دایە گیان وازم لە بیرۆکەی داوەتکردنەکەی ئێوە هێناوە، من دێمەوە، ئەو دوو سێ ڕۆژەم لێرە ماوە، ئیدی دەگەڕێمەوە باوەشتان، پارەی ئەوەم کارکردووە، شوقەیەکی جوان بکڕم و دکتۆراکەم تەواو کردووە، هەر لە ئێستاوە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کاریشم دۆزیوەتەوە، ئەوا ئاوڕەنگیش بڕیاری داوە ماوەیەکی تر یان بۆ ئێرەم بگەڕێنێتەوە، یاخود ئەو بێ بۆ لای ئێمە و حەز دەکا ئەدەبی ڕووسی بخوێنێ.

– کچەکەم من لەم دوا دواییە کۆمەڵێ شتی زۆرم لەسەر کورد خوێندۆتەوە، ئا ئا پێی ڕابگەیەنە با بێت چونکە لێرە لە یەرسلاڤڵیش دەیان خانەوادەی کوردی بەڕێز و بەناوبانگ و زەنگین و ملیۆنێری لێیە، بۆیە ئەو دوو جار لەو شارەی ئێمە غەریب نابێ، جارێ ئەوەیە کە ئێمە

دەیکـەیـنـە کـوڕی خـۆمـان و جـارێکیش کۆمـەڵێکی زۆر لـە هـاوخـوێن و هـاوزمـانی ئەوی لێیە...

ئـۆلـگـا کـە تـەلـەفـۆنـەکـەی داخست هـەستـی بـە بـەرجـەستـەکـردنـی خەونەکانی کرد، لە خۆشیدا ڕاچڵەکی و بێ وەستان کەوتە ماچکردنی ئاوڕەنگ...

دوای ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك ئەوە یەکەمین جار بوو کە بگەڕێنەوە ژوورەکـەی ئـۆلگـا، سەر مێزە بچووکـەکـەیـان بـەجـۆرەهـا مـەززە و ڤـۆدگـا رازاندبۆوە، لـەو خـۆشیـیـەدا کـەوتـنـە هـەڵدانـی پێکـەکـانـیـان و کـات نـزیك دەبۆوە لە یازدە، بتڵی ڤۆدگاکەیان خاڵی کردبوو، کەوتنە سەمایەکی هـێور، ئـۆلـگـا دەستـی بـەر شتـێکی ڕەق کـەوت لـەبـەر کـەمـەری پـانـتـۆڵـی ئاوڕەنگ... کە ڕایکێشا دەمانچە بوو...

ئۆلگا بەسەرسوڕمانییەوە پرسی: تۆش... خۆشەویستی دڵەکەم تۆش؟

– نا نا ئازیزی ڕۆحی من، ئەوەیان هەر بۆ خۆ پاراستنە، دەبێ بزانین کە شەڕ بەشێکە لە ژیان، تۆش نەتەوێ هەندێ جار ئەو بانگت دەکا، لە بـەریشی ڕابکـەیت ئـەو دوات دەکـەوێ، ئـەو هـەمـیشە حـەز بـەمـیوانداری هەموو مرۆڤێك دەکا، بەڵام چ جۆرە مێوانێکە، مێوانێکی دڵڕەق و ناوەخت، هەر کاتێ بیەوێ بێ پرس ڕوو لە ماڵی مرۆڤەکان دەکا، ئاه کە مێوانێکی بـێ ژوان و نـاشرینـە، ئـەوەی کـە ئـێستـا بـەدەستـیشتـەوەیـە (مـەبـەستـی دەمانچەکە بوو) خۆراکێکە بۆ ئەو جۆرە مێوانانە...

– گیانی من، من هیچ شتێ لەو جۆرە زمانە تایبەتییە تێناگەم کە ئێستا تۆ قسەی پێ دەکەی، بەڵام تەنیا لەبەر خاتری من ئاگاداری خۆت بە، چونکە ژیانی من بێ تۆ هیچ بەهایەکی نامێنێ.

ئاوڕەنگ داوای لە ئۆلگا کرد کە خۆی جوان داپۆشێ بۆ ئەوەی پیاسەیێ بەنێو ئەو بەفرەدا بکەن کە پێدەچوو دواترەمین بەفربارین بێ لەو ساڵەدا،

سێ هەفتە دەبوو بەفر نەباریبوو، هەردووکیان بەو بیرۆکەیە زۆر خۆشحاڵ بوون، چوونە دەرەوە و بەرەو "شپارن بورگ" ڕێگایان گرتە بەر...

هەردوو لای خیابانەکە بەدرەختی بەرز و سەوز داپۆشرابوون، لە ناوەڕاستی شەقامەکە ئاوڕەنگ ئۆلگای خستە ئامێزی خۆیی و دوای تەئەمول کردن بۆ چاوە کەسکەکانی بە بزەیەکەوە گوتی: تۆ خۆر بووی کە هاتی و تاریکایی ژیانی منت ڕۆشەن کردەوە؟ بەر لە دەرکەوتنی تۆ ژیانی من هەمیشە تاریك بوو، ئاڤژەن بەدوامەوە بوو... بەڵام تۆ هێزت پێ دام، هێزی رزگابوون و ژیان...

بەفر وردە وردە دەباری، ئەو ناوە سپی سپی دەچۆوە، دەتگوت ئەوە بەفر نییە کە دادەبارێ بەڵکو ڕۆحی پیرۆزە لە شێوەی کڵوە بەفر دێتە خوارەوە و زەمین لە گوناحە ڕەشەکان سپی دەکاتەوە...

ئۆلگا دەستی ئاوڕەنگی لەنێو دەستەکانی خۆیدا توند دەکوشی و گوتی: سوێندم بەو بەفرە پاکە، ئامادەم هەموو ژیانی خۆم بەپاکی لەگەڵ تۆ تەواو بکەم... سوێندبێ بەو بەفرە پاکە کە هەر لە ڕۆحی گەردوون دەچێ بۆ هەمیشەیی ژنێکی وەفادارىم بۆ تۆ...

سەر شان و سەر پرچیان تەواو سپی دەچۆوە، کەوتنە ماچکردنی یەکتری، لەو سەرمایەدا ئەوان گەرمایان بوو، بۆ تاوێکی درێژ ئاوا بەبێ دەنگێ بەرامبەر یەکتری وەستان و هیچ قسەیەکیان نەکرد، دەتگوت هەست بە شتێکی نامۆ دەکەن، ئایا لە یەکتر دابڕان و مردن دەترسان؟ تەنیا لە گلێنەکانی یەکتریان دەڕوانی هیچی تر... دواتر فرمێسك لە چاوەکانی هەردووکیان هاتە خوار، هاتنەوە ئامێزی یەکتری و هەندێ جوولەی وەکو سەمایان ئەنجام دا، بەفر هێشتا هەر دەباری، دارستانەکەش چۆڵ بوو، جگە لەوان تەنانەت هیچ باڵندەیەك و هیچ خشۆکێك و هیچ گیانلەبەرێکی تری لێ نەبوو... بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە بزەیەکیان بۆ یەکتری کردو

بەرەو ماڵ گەڕانەوە... ئایا بۆ نەچوونە شپارن بورگ؟ ئەی بۆ درێژەیان بە پیاسەکەیان نەدا؟

کە گەیشتنەوە ژوورەکەی ئۆلگا، ئاوڕەنگ جلەکانی خۆی داکەناند، دەرگای ژوورەکە دەنگی لێوە هات، چەند جارێك لەسەر یەك و بێ پچڕان، ئاوڕەنگ بەرەو دەرگاکە چوو، کەچی دڵی ئۆلگا بەر لەو خەبەری دا، دەرگاکەی کردەوە، لە شوێنی خۆی وەستا و هێز لە لەشیدا نەما و ڕەنگی روخساری تەواو گۆڕا، کە ئاوڕەنگ بەدەستێك ئۆلگای دایە لایەك، پیاوێکی تووڕە و بەژن بڵندی سەرووی چل ساڵانەی بەرامبەر بەخۆی دیت، ئەو پیاوە لەو سەرما و بەفرانبارەدا ئارەقەی کردبوو، کە ئاوڕەنگی بەرامبەر بەخۆی دیت، بەدەنگێکی تووڕە و کینەدارەوە گوتی: تۆ ئاوڕەنگی؟ ئەو ڕۆ دواترەمین ڕۆژی ژیانتە.

ئاوڕەنگ بەهەموو هێزی مستێکی لە نێو دەمی کاڵکان دا و هەر ئەو چرکەیە لووت و دەم و لێوی پڕ بوو لە خوێن، ئۆلگا ئاوڕەنگی گرت، کاڵکان لوولەی دەمانچەکەی دانایە سەر سینگی ئاوڕەنگ و گوتی: دەتکوژم.

## ٥٤

کاڵکان لوولەی دەمانچەکەی هەر لەسەر سینگی ئاوڕەنگ دانابوو، بیرۆکەی خێرا و بروسکە ئاسای بەمێشك دادەهات، ئەگەر کوشتم چی لەو دنیایەدا دەگۆڕێ؟ ئەی چارەنووسی من چی بەسەر دادێ؟ بۆچی بیکوژم کە ئۆلگا منی نەوێ؟ نا بەڵام پێویستە میکرۆبی ئاوا لەناو ببردرێ، ئەو نەبووایە ئۆلگا هی من بوو... بەتووڕەیییەکی زیاترەوە گوتی: تۆ ژیانی منت تێك داوە هەر دەتکوژم.

ئۆلگا نەیتوانی زیاتر تەحەمولی ئەو دۆخە بکا، بەهێوری چووە پێش و لوولەی دەمانچەکەی هاوێشتە سەر مەمکە قیتەکانی خۆیی و گوتی:

کاڵکان من هۆی ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوەیەم. تکا دەکەم من بکوژیت.

ئاوڕەنگ دەرفەت وەردەگرێ و بەخێراییێکەوە دەمانچەکەی بەر کەمەری خۆی دەردەهێنێ و لە نێو دەمی کاڵکانی ڕادەکا و بەخێراییێکی باوەڕپێنەکراویش دەمانچەکەی کاڵکان وەردەگری... قرچە قرچی لوولەی دەمانچەکە دێ کە بەر ددانی خوێن لێهاتووی کاڵکان دەکەوێ... ئاوڕەنگ داوای لە ئۆلگا کرد بچێتە ژوورەوە و واز لەو کێشەیە بێنی، چونکە ئەوە کێشەی نێوانی پیاو و پیاوە، لەوەش زیاتر ئەوە کێشەی نێوانی کوردێك و تورکێکە...

ئاوڕەنگ لوولەی دەمانچەکەی زیاتر پاڵدایە نێو دەمی کاڵکان و بەهەڵچوونێکەوە گوتی: بۆچی نادوێی ئەی ئەو قارەمانەی بەنیاز بووی کەسێك بکوژی کە نە دەتناسێ و نە هیچ خەراپەیەکی بۆ تۆ هەبووە، تۆ چیت لە دەعبایەکی ناشرین و پیس زیاتر بەو لاوە؟

کاڵکان دەلەرزی و لە ناکاودا ڕێچکە ڕێچکە فرمێسك بەچاوانیەوە هاتنە خوار و بەدەنگێکی تەواو بەزیوەوە گوتی: من بڕیاری خۆم دا، ئەو دەمانچەیە لادە، من بڕیاری خۆم دا، ئیدی واز لەو شێتاتییە دەهێنم، بەڵام ڕێگام بدەن بێمە ژوورەوە و هەندێ قسە بکەم.

ئاوڕەنگ لوولەی دەمانچەکەی کە هەمووی لەبەر خوێن سوور هەڵگەڕابوو زیاتر بردە نێو دەمی کاڵکان و گوتی: تۆ درۆزنیشی، یەکێك ڕێز لە مرۆڤی بەرامبەری نەگرێ و بوختانی پێ بکا، درۆشی لەگەڵ دەکا، جا درۆکردن بۆ تۆ چییە؟

کاڵکان: باوەڕم پێ بکە من نە درۆزنم و نە خراپیش، پاکانەش ناکەم بمکوژە، بەڵام بەر لەوە ڕێگام بدە دوو ڕستەت بۆ شی بکەمەوە... ئەوەی منی فێرە درۆ و فێرە فێڵ و فێرە ناشرینی کرد ئۆلگا بوو.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: ئاوڕەنگ ڕێگای بدە با بێتە ژوورێ.

ئاوڕەنگ بەگومانەوە لوولەی دەمانچەکەی لەنێو دەمی کاڵکان دەرهێنا و ڕێگـای دا بـێتـە ژوورەوە... کـاڵـکـان لـەسەر ئـەو کـورسیـە دانـیشت کـە کەوتبووە بەرامبەر قەرویڵە یەك کەسیەکەی ئۆلگا، ئۆلگا و ئاوڕەنگیش لەسەر قەرویڵەکە بەرامبەر بەکاڵکان دانیشتن...

کاڵکان بە کلینسێك دەم و لێوی خۆی سڕیەوە و جگەرەیەکی داگیرساند، ئینجا بەقووڵییەوە لە ئۆلگای ڕوانی و کەوتە قسەکردن: ئۆلگا تۆ خاوەنی چ دڵێکی ڕەقی؟ هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامی دەدەیت دژ بە من پادداشتی کردەوە و ئاکاری دڵی نەرمی منن؟ ئەوەیە پادداشتی هەموو ئەو چاکانەی کە بێ بەرامبەر بۆم ئەنجام داویت؟ خۆ خۆت ئاگاداری من لە پێناوی تۆدا چیم بەسەر هاتووە؟ ئەی ئەو هەموو دیاریانەی پێشکەشم کردی؟

ئۆلگا بەهێوری هەستا و چی دیاری گرانبەها و کەمبەهاکانیش هەیە هـەمـووی دەرهـێـنـا و لـە بـەردەم کـاڵـکـانـی دانـا و گـوتـی: سوپـاس بـۆ دیـاریـیـەکـانت، مـنـیش بـە هـەڵـە تـێگـەیشتـبـووم، یـاخـود بـاشترە بڵێم خەوتبووم، چونکە من نەمزانیوە ئێستا کەسێ مابێ لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمە بەعەقڵیەتی کڕین و فرۆشتن لە ڕۆحی مرۆڤەکان بڕوانێ، دیارە تۆ ویستووتە بە خشڵ و ئەڵماس ڕۆحی من بکڕیت، زۆر زۆریش سەیرە تا ئێستا کەسێك مابێ بیەوێ بەشتێکی ماددیی بێ ڕۆح بەقیمەتترین شتی مرۆڤایەتی بکرێ... بەراستی تۆ پیاوێکی فریودەری...

– حەقی خۆتە کە بوونی مرۆڤێکی وەکو منت پێ سەیر بێ لەسەر زەمیندا، چونکە زەمین هێشتا پڕە لە کەسانی وەکو تۆ، پڕە لە کەسانی دڵڕەق و بەرژەوەندی پەرستی وەکو تۆ... من تێناگەم چۆن زەمین دەتوانێ کەسانی وەکو تۆ لە باوەشی خۆی بگرێ و قووتی نەدا؟ دواتر ئەوەی من بۆ تۆ و لە پێناوی خۆشەویستی بۆ تۆم ئەنجام داوە و ئەوەیش کە ئامادەم بۆ تۆ ئەنجامی بدەم کێ ئەو ئامادەباشی و ئەو ئامەدەگییە هەمیشەیییەی تێدایە؟ ئەو کوڕە چی بۆ تۆ پێ دەکرێ کە من نەتوانم بۆ تۆی بکەم؟

– حەز ناکەم خۆت بەئاوڕەنگ بەراورد بکەی، چونکە ئەو هەموو ژیان و تەمەن و ڕۆحی منە.

کلێنسەکەی دەستی کاڵکان تەواو سوور هەڵگەرابوو بەخوێنی دەم و لووتی، خوێنەکە هێدی هێدی دەوەستا، ئاوڕەنگ ویستی جگەرەیەك داگیرسێنێ، کەچی پاکەتەکەی هیچ جگەرەی تیا نەمابوو، کاڵکان پاکەتەکەی خۆی بۆ هەڵدا و بە نەرمییێکەوە گوتی: هەوڵ دە خۆت لەو شەیتانە بپارێزە چونکە دوور نییە بەو دەردەی منت ببا.

ئاوڕەنگ مژێکی لە جگەرەکەی لالێوی دا و بەهێورییەوە گوتی: با بە سانایی لە کێشەکە تێبگەین، لەوە دەچێ تۆ پیاوێکی بەڕێز و خانەدان بیت، پیاوێکی هۆشیاریش دیاریت، بەڵام زۆر جار وا ڕوودەدات کە عەشق عەقڵ لە سەری مرۆڤدا نەهێڵێت، تۆ زۆر یارمەتی ئۆلگات داوە لە ژیان و خۆشی دان بەوە دەنێ، بەڵام بەو مانایە نییە کە یارمەتی ئەوت داوە پێویستە ئەو شتێکی گرینگت پێ بەخشێ... ئەو ڕێزێکی زۆری بۆ تۆ هەیە، وەکو برادەرێك یا وەکو برایەك لە تۆی ڕوانیوە، دەبێ تۆ قبوڵی ئەوە بکەیت کە هەموو کەسێ ئازادە لە هەڵبژاردن، وەك چۆن تۆ ئازادی بە خۆت دەدەیت کە ئەوت خۆشبوێ، ئەویش ئاوا ئازادی بە خۆی دەدا کە تۆی خۆشنەوێ، کەوابێ وازبێنی باشترە و درەنگیشە خەومان دێت...

کاڵکان بەو ڕستەی دوایی تەواو سوور هەڵگەڕا و بەدەنگێکی بەرز گوتی: کەوابێ لەگەڵیشی دەخەوی؟

ئۆلگا وەکو بروسکە بەوەڵام هات و گوتی: ئەوەیان پەیوەندی بەتۆوە نییە.

کاڵکان لە ئاوڕەنگی ڕوانی و بە تووڕەییێکەوە گوتی: فریوت دەدا.

ئاوڕەنگ گوتی: ئەوەیان پەیوەندی بەتۆوە نییە.

ڕووی لە ئۆلگا کردو بەنەرمییەوە پرسی: هیچ کارێکت لەگەڵ کاڵکان ماوە؟ هیچ شتێکی ئەوت لا ماوە؟

ئۆلگا بە نەخێر وەڵامی دایەوە.

کاڵکان دەلەرزی و خەریك بوو فرمێسك لە چاوانیدا کەڵەکەیان دەکردو ئێستا نا دەمێکی تر سەر ڕوومەتەکانی پڕ دەبن لە دڵۆپە ئەشکی درشت... بەدەم هەڵلەرزینەوە بەدەنگێکی نەختێ بەرز گوتی: کەوابێ تەواو؟ هەموو شتەکان کۆتایی پێ هات؟ من چی لە خۆم بکەم ڕوو لە کوێ بکەم؟ خودا قبوڵ ناکا، خودا ئەو غەدرە قبوڵ ناکا، من ئێستاش ئامادەم هەموو سەروەت و سامانی ژیانی خۆم بدەم بەتۆ، ئامادەم پەیکەرت لە زێڕ بۆ دروست بکەم...

فرمێسکەکانی هەردوو چاوی بە لێشاو هاتنە خوارەوە و چووە دەرەوە... دوای چەند چرکەیەك گەڕایەوە ژوورەوەو داوای لە ئاوڕەنگ کرد کە هەتا خوارەوە لەگەڵی بچێ، ئەوەندەی ئۆلگا هەوڵی دا ئاوڕەنگ لەگەڵی نەچێ کەچی ئاوڕەنگ گوێی پێ نەدا و لەگەڵ کاڵکان چووە خوارێ و لەبەر دەروازەی باڵاخانەی قوتابیان بەرامبەر بەیەکتری وەستان...

کاڵکان بەدەم لەرزینێکی زیاتر و فرمێسك هەڵوەراندنێکی زیاترەوە هاتە دوان: لەگەڵی نووستی ها؟ هەر بۆ سێکس دەتەوێ وا نییە؟ بێ گومان وایە، ژنی ڕووس هەر بۆ زەمەنێك باشن...

– حەز ناکەم قسەی وا بکەیت، یەکەمین جار ئەو شتانە پەیوەندی بەتۆوە نییە و دووەمین جاریش ئەو کچێکە کە من خۆشم دەوێ.

– تۆ خۆشت دەوێ یا من؟ ئەگەر دەمبینی کە وەکو شێت بەنێو شەقامەکانی ئەو شارەدا دەخولێمەوە، وازم لە خواردن و خەو هێناوە، بەڵام نازانم چی بکەم بۆ ئەوەی خۆشیبووێم، دواتر حەز دەکەم شتێکی تر بزانی، من ئێستاش ئەوم قبوڵە، بەڵکو لەوەیش خراپتر، خۆ ئەگەر لە ڕۆژانی بێ نوێژیدا هەر ڕۆژەو لەگەڵ پیاوێکی جیادا بخەوێ هێشتا هەر قبوڵمە بیکەم بە ژنی خۆم... خۆ ئەگەر ئارەزووی ئەوە بکا ببێتە

سۆزانییێکی بەناوبانگیش هێشتا هەر قبوڵمە منداڵێکم لێی هەبێ...

کاڵکان لە پرمەی گریانی دا و نەیتوانی لەسەر قسەکانی بەردەوام بێ... وەکو منداڵێك دەگریا و هەڵدەلەرزی، ئایا ئەوە ترس بوو لە ئاینده؟

ئاوڕەنگ بەسۆزێکەوە گوتی: درەنگە بەڕێز کاڵکان وا باشە بچیتەوە ماڵ... چونکە باری دەروونیشت زۆر لەبار نییە، ئیدی بیر لەو شتانە مەکەوە کە بوون بە ڕابردوو، چونکە ڕەنگە ژیانت لێ تاڵ بکەن.

– جا کوا من ژیانم تا تاڵ یا شیرین بێت؟ بڕوام پێکە لەو شەوەوە پەیمانێك دەدەم، من بۆ هەمیشەیی باوەڕم بەو شتە نامێنێ کە مرۆڤایەتی ناوی ناوە ژیان، ئیدی من ناتوانم بڕوا بەو ژیانە بکەم کە مرۆڤایەتی بەکوێری و نەزانییەوە دوای کەوتوون، من باوەڕم بەهیچ شتێ نامێنێ ئەگەر ئۆلگا بۆ تۆ بێ، یاخود بۆ ئەبەد ژیان لەگەڵ تۆدا بگوزەرێنێ، چونکەً نابێ کەسانێکی بکوژ هەبن و کەسانێکیش نەبن کە بکوژەکە بکوژنەوە، بکوژ دەبێ بکوژرێتەوە، تۆ بکوژی ئەویت و دەبێ بیکوژیت، خۆ ئەگەر ئاوات کرد ئەوا من باوەڕ بە گەورەکەی خۆمان دێنمەوە، من لەبەری دەپاڕێمەوە و کڕۆش بۆ دادپەروەری ئەو دەبەم.

کاڵکان دەستی بۆ ئاوڕەنگ درێژ کردو بەدەم تەوقە کردنەوە گوتی: من پیرۆزبایت لێ دەکەم، تۆ لەو گەمەیە براوەیت، لەو حاڵەتەیش کە پێشبینییەکەی من هەڵە دەرچوو ئەوا لە جیاتی من ئاگاداری ئۆلگا بە، چیت ویست گەر من لە ژیاندا مام ئەوا ئامادەم بۆتانی جێبەجێ بکەم... چونکە تاکو دەمی دوای مردنیش هێشتا هەر خۆشم دەوێت...

ئاوڕەنگ بەهێوری مەخزەنی دەمانچەکەی کاڵکانی دەرهێنا و دەمانچەکەی دایەوە دەستی و بە غەمگینی و هاوسۆزییێکەوە گوتی: لەبەر گیانی تۆ گوللەکانت نادەمەوە، گەر نا ئێستا یەقینم لە باشی و لە پاکی تۆ.

یەکتریان لە ئامێز کرد، کاڵکان ڕۆیشت، کە ئاوڕەنگ سەر پەیژەکە

کەوت، ئۆلگا لەوێ وەستابوو، ئاگاداری هەموو قسەکانیان بوو، فرمێسك لە چاوەکانیدا ڕێچکەیان کردبوو، خۆی هاوێشتە ئامێزی ئاوڕەنگ و لە پرمەی گریانی دا.

## ٥٥

شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە بوو، ئۆلگا هەموو شتەکانی خۆی کۆکردبۆوە خەریکی هەڵبژاردنی هەندێ لە شتە وردەکانی بوو، ئاوڕەنگ لە ئۆلگای ڕوانی و بەدەنگێکی بەرز ئەو ئایەتەی خوێندە: «لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا، زەویش بێ شێوە و هیچی تیا نەبوو، تاریکیش بەسەر ڕووی قووڵاییەکانەوە بوو، ڕۆحی خوداش بەسەر ڕووی ئاوەکاندا دەجووڵایەوە... خودا فەرمووی با ڕووناکی ببێت. ڕووناکی دروست بوو. خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باشە، ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە، خودا ڕووناکییەکەی ناو نا ڕۆژ و تاریکییەکەشی ناو نا شەو. جا ئێوارە بوو بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو».

ئاوڕەنگ هەندێ وەستا و لاپەڕەیەکی کتێبی پەیدابوونی هەڵدایەوە و هاتە سەر ئایەتێکی تر: بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تیایاندایە تەواو کران، جا خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە کارەکەی کە کردی تەواو بوو...»

ئاوڕەنگ لە ئۆلگای ڕوانییەوە و گوتی: ئایا ئێمە لە ڕۆژی حەوتەمدا دەژین؟

ئۆلگا وێنەیەکی ئاوڕەنگی لەسەر سینەی خۆی دانا و دواتر خستیە ناو جانتاکەی و گوتی: تۆ لەگەڵمی، لەناو گیان و لەناو دڵمی.

ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانیانەوە، بێ وچان لە چاوەکانی یەکتریان دەڕوانی، دەتگوت هەست بەوە دەکەن ئیدی ئەو ڕۆمانە بۆ ئەبەد کۆتایی پێ دێ و هیچ کەسێك ناتوانێ تەنانەت یەك وشەشی بۆ زیاد بکا، ئایا ئەوان لەناو هەندێ ڕووداوی واقیعیدا ژیابوون و هەندێ ئەزموونی

ژیانی خۆیانیان لێرەدا تۆمارکردبوو، یاخود ئەو ڕووداو و تابلۆیانەی ژیانی ئەوان تەنیا وەهمێك بوو و هیچی تر نا؟

سەعات چوار و نیوی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە بوو، ئاوڕەنگ پرسی: ئایا ئێمە بەڕاستی هەبووین و ڕۆژێ لە ڕۆژاندا کەسانێ باوەڕ بە وجوودی ئێمە دەهێنێ لەو زەمینەدا؟

– بۆچی هێندە بە ڕەشبینی دەدوێی؟ دەڵێی جاریکی تر یەکتری نابینینەوە؟ ئێستا دنیا بچووك بووە، هەمووی سێ کاتژمێر ڕێ لە نێوانی ئێمەدا نابێ... گومانم نییە کە بەم زووانە بەیەکتری شاد دەبینەوە، ئیدی ئەو جارەیان بۆ ئەبەد لە یەکتری دانابڕێین و هەموو ژیانمان بەیەکەوە بەسەر دەبەین.

ئاوڕەنگ وەکو ئەوەی کەوتبێتە حاڵەتێك لە نا ئاگایی هێندە بە سەیریەوە قسەی دەکرد کە هەندێ جار خۆشی نەیدەزانی چی دەڵێ، لە گلێنە کەسکەکانی ئۆلگای ڕوانی کە لە ژێر برژانگە ڕەش و درێژەکانی دەبریقانەوە و گوتی: کێ ناڵێ ئێمە دوو کارەکتەری نێو ڕۆمانێکین و تەواو؟ ئەوەی کە ڕووی دا تەنیا دەبێتە وشەو هیچی تر .

ئۆلگا دەستی کرد بە هەڵوەراندنی فرمێسکەکانی و کەوتە ماچکردنی لێو و چاوەکانی ئاوڕەنگ... ئاوڕەنگ لە کاتژمێرەکەی ڕوانی و گوتی: ئیدی کاتمان نەما بۆ گریان و بۆ هەڵوەراندنی فرمێسکەکان.

دەستی دایە مۆبایلەکە و تەلەفۆنێکی بۆ تاکسی کردو چوونە بانهۆف و لەوێش بە شەمەندەفەرێك بەرەو فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت...

کە گەیشتنە فڕۆکەخانە و جانتاکانیان دایە فەرمانبەرەکان و هەموو کارەکانیان تەواو کرد، یەکێ لەو کارانە ئەوە بوو کە کۆنتۆکەی ئۆلگا چەند پارەی تیا مابوو هەموویان دەرهێنا، ئێستا ئۆلگا پارەی کڕینی شوقەیەکی جوانی هەبوو لە یەرەسلاڤڵ، کاریشی دۆزیبۆوە کە بەپارەکەی

دەتوانرا دوو کەس بەرێکپۆشی پێیوە بەرێ بچن.

کاتژمێرێك مابوو فڕۆکەکە لە فرانکفۆرتەوە بەرەو مۆسکۆ هەڵبفڕێ، هێشتا کاتی ئەوە مابوو دواترەمین کافێ بەیەکەوە بخۆنەوە، کە لەسەر مێزەکە بەرامبەر بەیەکتری دانیشتن ئیدی هیچ یەکێکیان نەیانتوانی قومێك لە کافێیەکە بدەن... ئۆلگا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە لە پرمەی گریانی دا، پێدەکەنێ و دەگریا، ئاوڕەنگ هەستایەوە هەر بەوەستان لەگەڵ ئۆلگا یەکتریان لە ئامێزکرد، هەردووکیان دەگریان و بزەیان دەکرد، لە بڵندگۆکەوە دەنگێك هات: موسافیرانی فڕۆکەی نێوانی فرانکفۆرت و مۆسکۆ بەرەو کۆنترۆڵ بچن چونکە لە دە دەقیقەی تر فڕۆکەکە دەفڕێ.

ئاوڕەنگ لە ئۆلگای ڕوانی و گوتی: کاتت نەما، دەبێ بڕۆیت.

ئۆلگا بەدەم گریانەوە گوتی: تا مردن چاوەڕێتم.

کاڵکان لە دوورەوە لە پشت جامەکانەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی و دەگریا... کە ئۆلگا ڕۆیشت ئەویش هەستا و ڕۆیشت، بەڵام کەس نەیزانی چی بەسەر هات، ماوەیەك دواتر سەروەت و سامانەکەی هەمووی درایە سۆسیال، ئێستایش کەس تەرمەکەی یا هەواڵێکی ئەوی نەزانی، تەنیا پارچە کاغەزێکی بچووکیان لە ڤێلەکەی دۆزیبۆوە، کە لێی نووسرابوو: بەختەوەری وجوودی نییە، ئەوەی کە ڕوودەدات تەنیا یارییێکە هەموومان تێیدا دۆڕاوین، تکایە هەموو سەروەت و سامانەکانم با بۆ سۆسیال بێت و بەسەر هەژارانی دابەش بکەن... خۆشەویستیم بۆ ئۆلگا بۆڕۆ دینۆڤا لە هەر شوێنێکی ئەو زەمینەدا بێ.

ئاوڕەنگ بە چاوانی سوورهەڵگەڕاوێ پڕ لە فرمێسکەوە سواری شەمەندەفەرێك بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، لەناو یەکێ لە ژوورەکانی فارگۆنێکی چۆڵ دانیشت، بەدەم فرمێسك هەڵوەراندنەوە ئەو شیعرەی لەبەرە خۆیەوە دەخوێندەوە:

خۆرکەوتن بوو... خۆرکەوتن بوو
لە ژێر ئەستێرە سوورەکانی ئاسمانی فرانکفۆرتدا
تابلۆیی کوژایەوە... دوو... با –داگیرسان
خەونێك لە ئۆقیانۆسی خەوندا نقووم بوو
من مانگێکی شین شینم دابەزاند و گوتم:
ها... ئەوەیان ئومێدی دیدارە
هەر کاتێ تەماشات کرد
منت بێتەوە یاد.

خۆرکەوتن بوو... خۆرکەوتن بوو
لە ژێر درەوشانەوەی گڵۆپە شین شینەکانی فرانکفۆرتدا
تۆ ڕوخساری خۆڵەمێشی منت لێ دیار بوو
من ڕوخساری شینی تۆم لێ دیاربوو
باران گۆرانییێکی بێ دەنگی خۆڵەمێشی دەگوت
–با– ڕەنگی هەڵێنا، ڕەنگێکی شین شین
تۆ مانگێکی شینت هێنایە خوار و گوتت:
ها... ئەوەیان وەفایە
هەو کاتێك لێیت ڕوانی
منت بێتەوە یاد...

لەو کاتەدا کچێکی تا بڵێی جوان و بەژن بڵند، ئەسمەر و خوێن شیرین، پێ دەچوو خۆرهەڵاتی بێ، هاتە نێو ژوورەکەی ئاوڕەنگ و پرسی: دەتوانم لێرە دانیشم؟

ئاوڕەنگ بە بەڵێ وەڵامی دایەوە.

تاو نا تاوێ بە تیغی چاوانیانەوە لە یەکیان دەڕوانی، بەڵام بێ دەنگی تەواو باڵی کێشابوو، لە هیکڕا دەنگێك ئەو دنیای بێ دەنگییەی شکاند و

بە کوردی پرسی: تۆ کوڕە شێخیت؟

ئـاوڕەنگ بـە سەرسوڕمـانییەوە گوتـی: نەخێر ئەی تۆ؟

– من کچە شێخی ئێزدیـانم.

– منیش کوڕە شێخی ئیسلامـانم.

هـەردووکیـان لـە قـاقـای پێکەنینیـان دا.

هـەندێ بێ دەنگ بوون، کچەکە هـەمدیسان ئەو بێ دەنگییەی شکاند و گوتی: بۆچی چاوانت ئاوا سوور هەڵگەڕاون؟

– دۆستی کچم هـەبوو، گەڕاوە ڕووسیـا.

بە پێکەنینەوە کچەکە گوتی: درۆ دەکەی حەشیشت کێشاوە... ئەو قسەی تەواو کردو کەوتە هەڵمژینی لێوەکانی ئاوڕەنگ.

کاتێ ئاوڕەنگ چاوەکانی لێك ترازاند، لە شارەکەی خۆی تێپەڕیبوو، لە دڵـەوە گـوتـی: پـێدەچـێ شەو مـاڵـی مـن بـێ، یـان ڕەنگە نـەزانم مـاڵـی مـن دەکەوێتە کوێ! ئۆلگا و ئاڤژەنی هاتەوە یاد و زانی کە ئەوان تەنیا دوو وەهمی جوان بوون، دوو چیرۆکی لێك جیابوون بۆ ئەوەی ئەو ڕۆمـانـەیـان لێ دروست بکا، ئیدی بۆ جاریکی تر نەیتوانی چارەنووسی ئەو تابلۆیە بگۆڕێ کـە گـۆڕینـی بـەو سپێردرابـوو، ئیدی خـۆری نێوانـی ئـاوڕەنگ و ئۆلگاش ئاوابوو... تابلۆکە بەو شێوەیەی بەردەستت تەواو بوو.

تەواو